

# گزنگ 91

گۆڤارێکی ئەدەبییە یەکێتیی نووسەرانی کورد – لقی کەرکوک دەریدەکات

گۆڤاری گزنگ ژمارە - 91 ساڵی 2011

# GIZING






١٩٧٢ سنة الكتاب الدولية

GIZING

Komêle Berhemêki Nûserani Kûrdi Kerkûke

AMADEKIRDINÎ
Reza Siwan
٤

دانەی بە «١٥٠» فلـــس

بەرەزامەندی وەزارەتی رۆشنبیری و راگەیاندن لە چاپ دراوە

١٩٧٢/٣/٥ — ١/١٠٠٠

چاپخانەی شیمال ـ کەرکووک
رقم الايداع في المكتبة الوطنية ببغداد ١٣٤ لسنة ١٩٧٢

یەکێتی نووسەرانی کورد / لقی کەرکوک


تابلۆی بەرگی یەکەم: لەنجە شێخ فەرهاد
چاپ:- چاپخانەی کارۆ

# گزنگ

91 تەمووز-ئاب - 2011

گۆڤارێکی ئەدەبییە یەکێتیی نووسەرانی کورد - لقی کەرکوک دەریدەکات

خاوەنی ئیمتیاز: **یەکێتی نووسەرانی کورد - لقی کەرکوک**



**سەرنووسەر**

د. ئازاد ئەمین باخەوان

**07701385647**

**بەڕێوەبەری نووسین**

عەبدولستار جەباری

07701322588

starjabari@yahoo.com

**دەستەی نووسەران**

معتصم سالەیی

کاردۆ محەمەد

زایر زەنگنە

خالید مەجید

رووزار ئەحمەد

**بەڕێوەبەری هونەری:**

ئەنجام سەعید

**دیزاین**

دلێر ڕەفیق

**سەرپەرشتیاری گشتی:**

بورهان ئەحمەد

Burhanahmad57@yahoo.com

مۆبایل: ٠٧٧٠١٣٤٢٥٢٩

**ڕاوێژکاران**

ئەمین شوان

د. فوئاد ڕەشید محەمەد

د. عادل مەجید گەرمیانی

**ئیمێلی گۆڤاری گزنگ:**

Gizing2010@yahoo.com

ناونیشان:

**کەرکوک-شەقامی کۆماری-تەلاری سەیدەلی فەخری**

**کوردستان / کەرکوک**


تێبینی:

- نووسەر خۆی بەرپرسیارە لە نووسینەکەی.
- هەر نووسینێك لە شوێنێکی تر بڵاو بکرێتەوە فەرامۆش دەکرێت

# لەم ژمارەیەدا 91

## سەکۆی گزنگ:

پرۆسێسی ڕەخنە و پێوەندیی..، **ستاری پیرداود**...............ل٥


## زمانەوانی:

نوام چۆمسکی، **و: بەهار زایر**...............ل٩

بنەماکانی ڕەخنەو وتایبەتمەندییەکانی ڕەخنەگر،بەشی دوو، **د. لەتیف سەعید بەرزنجی**... ل١٧

بەرەو قوتابخانەی بەراوردی کوردی، **د. عادل گەرمیانی**...............ل٢٣


## وتار و لێکۆڵینەوە:

هزری کۆمەڵایەتی لە هۆنراوەی فۆلکلۆری کوردیدا، **د. محەمەد شوانی** ...............ل٤٣

بەشداریکردنی شیعر لە ئامادەکردنی هەقیقەتدا،ب٢ ، **سەباح ڕەنجدەر**...............ل٥١

شیعرێك لە سەدەی بیستەوە...، بەشی سێ، **مەحموود نەجمەدین**...............ل٥٩

نالی و ئسپێس مێنتالیزمی واژە، **موراد ئەعزەمی**...............ل٦٩

نێوان دەقی، **ئەحمەد چاك**...............ل٨١

لە تاکایەتییەوە هەتا ڕزگاریی، **ڕەهبەر مەحموودزادە**...............ل٨٩

ئاستی تەکنیك لە ڕۆمانی دانای کوێخا شەوکەتدا ، **سالار ئیسماعیل سەمین**...............ل٩٧

پەیوەندی نێوان سینتاکس و سیمانتیك و پراگماتیك، **د. عەبدولواحێد مشیر**...............ل١٠٣

ئیستاتیکا لای کانت، **شاهۆ عەبدولقادر**...............ل١٠٧

کورتەیەکی مێژووی ڕەخنەی ئەدەبی، **د. فوئاد ڕەشید**...............ل١١١


## وەرگێران

کارگەی چیرۆکنووسی، **و: سلێمان دڵسۆز**...............ل١١٧

نامەیەکی چارلی چاپلن بۆ کچەکەی.. ، **و: حامد موحەمەد**...............ل١٢٣

ئەو ڕۆماننووسەی کە سێبەری خۆی وون کرد ، **و: عەباس مەجید**...............ل١٢٩

سارتەر و پێشکەوتنی بیری سیاسی، **و: ئازاد عەلی**...............ل١٣٥


## چیرۆك

سۆئاپی و پاسەوانەکان، **و: ئازاد نەجم**،...............ل١٤٥

بەیان، **ئەحمەد عارف**،...............ل١٥٣

دۆسێکان بەسەر ڕووبارەوەن، **سەلمان شێخ بزێنی**...............ل١٥٥


## شیعر:

چەند فۆتۆیەکی مانگ، **ڕزگار جەباری**...............ل١٦١

چرایەك لەزام هەڵدەکەم و ماتەمێك بۆ فیراق دەگێڕم، **عبدالرحیم سەرەڕۆ**...............ل١٦٣

گۆرانی خۆم، **و: تەیب جەبار**...............ل١٦٧

درەختی دڵ، **سەڵاح جەلال**...............ل١٧١


## یادەوەری:

چۆن یەکەمین ژمارەی گۆڤـاری « گزنـگ »مان دەرکرد، **ڕەزا شوان**...............ل١٧٣


## هونەر:

مۆزەخانەی لۆڤەر و دەقە شانۆییەکانی مۆلیێر، **شێرکۆ جەلال**...............ل١٧٩


## گفتوگۆ:

هێرۆ مەولوودی، **سازدانی: هەورین نەجات**...............ل١٨٣

کاروچالاکییەکانی یەکێتی نووسەرانی کورد، **سابان ستار**...............ل١٨٧

# پرۆسێسی ڕەخنە و پێوەندیی (نووسەر/ وەرگر)

ستاری پیرداود

پێوەندیی (نووسەر/ وەرگر)
بۆ کەشفکردنی ڕەهەندەکانی هەردوو جومگەی (نووسەر/ وەرگر)، پێویستمان بە جۆرە ڕوانین و ئارکیۆلۆژیایەکی مەعریفییانە، بە لەونە فۆکۆییەکەی- لە جەستەی مێژوودا هەیە، بۆ ئەوەی ئاگابییانە کەشفی ئەو چەمك و ڕایەڵانە بکەین، کە دەبن بە پردی پێوەندیی (نووسەر/ وەرگر). بۆ زێتر ڕوونکردنەوەی پێوەندیی ئەم جومگانە، پێویستە لە نێوان هەردوو جومگەکەدا، پانتایی و فەزایەکی لە بار هەبن، تا نووسەری بە ئاگا و دیدکراوە، ئەو ڕایەڵە هزری و مەعریفییانەی بە نیازە بیانبزوێنێ، بدۆزێتەوە. ئەو نووسەرە، سەرەتا پێویستی بە جەستە و کەناڵێك هەیە، ئەوانیش لە وێنای دەقێکدا خۆیان نمایان دەکەن، بۆیە، دەشێ دەق لەو چرکەساتەدا وەك زەوییەکی لە بار و ئامادە، جەستەی خۆی ئامادەباش بکا، لە پێناو ڕوواندنی تۆوی مەعریفە و ئێستێتیکا بە هەموو ڕەهەندەکانیانەوە، بۆ ئەوەی





تاکی وەرگر، یان جیهانبینیی خوێنەر، بە پێی ئارەزوو و سەلیقە و توانای خۆی، لە هەر ڕەهەندێکی مەعریفی، یان جەماڵیدا، دەروونی کایەکان کەشف بکا و چێژ و مانا هەڵبکرێنێ.

لێرەوە بە پێویستی دەزانم، ئاماژەیەکی خێرا بەو سێ چەمك و جومگە ڕەخنەییە بکەم، کە بریتییە لە: (نووسەر/ دەق/ وەرگر).

ئەگەر ئاوڕ لە باکگراوەندی زەمەنی و مەعریفیی ڕەوتە تازەکانی ڕەخنە بدەینەوە، کە لە تەك موفرەدات و چەمکەکانی تری ڕەخنەدا، چەمکی (وەرگر)، یان (خوێنەر)یان هێنایە پێشەوە، ئەوا تێدەگەین: ئەو ڕەوتە ڕەخنەییانە، بایەخیان ئێجگار زۆرە. ئەڵبەت، تیۆریزە و ڕایەڵە تازەکانی ڕەخنە، لەسەر دەستی کەسانی وەك: یاوس و ئایزەر و فرجینیا وۆلف و ریکۆر و ئیکۆ و... نەشونمای زێتر وەردەگرێت و ئاراستە و سەنگی خۆی پیشان دەدا، هەریەك لەم بیرمەندانەیش، لە گۆشەیەکەوە دەڕواننە چەمکی (خوێنەر).

بایەخدان بەو سێ جومگە، لای تیۆری خوێندنەوە، پتر ئێستی لە بەرامبەردا کراوە، دواتریش میتۆدی هێرمنیۆتیکا، بایەخی بەم جومگە سەرەکییەی پرۆسێسی ڕەخنە و ڕاڤەی دەقی ئەدەبی داوە، کە توانیی پێوەندیی نوێتر و تۆکمەتر لە نێوان ئەم سێ جومگەدا بدۆزێتەوە، چونکە دەقی کراوە، دەقێکە لەسەر بنەمای ئاماژە و مانا و کۆد و لەون و چێژی فرەدەلالەت خۆی هەڵدەگرێتەوە و جەستەی خۆی بە زۆرترین شێوە ڕەنگرێژ دەکا، بایەخپێدانی تاکی وەرگر، یان خوێنەریش، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە تاکی وەرگر بە جۆرە هارمۆنیەنێکی مەعریفی بارگاوی دەکا، کە لە توانایدا هەیە بۆ قووڵاییی کایە شاراوەکانی دەق شۆڕ ببێتەوە و ڕایەڵە تێکچڕژاو و ئاڵۆزە مەعریفییەکان واڵا بکا.

وەرگر، دەتوانێ دەست بکا بە پرۆسێسی هەڵکۆڵینی مەعریفییانەی دەق و بوقعە نمادهەڵگرەکان بکاتەوە و دالەکان کەشف بکا، لە پێناو بەرجەستەکردنی هەموو ئەو مەدلولانەی، لە سەرەوە ئاماژەم بۆ کردن،

هەر بۆیە تیۆری هێرمنیۆتیکا زیاتر جەخت لەسەر پێوەندیی دیالێکتیکانەی نێوان هەر سێ جومگە ڕەخنەییەکە دەکاتەوە، چونکە: دەقی مۆدێرن و کراوە، بە دوو جومگەی ڕەخنەیی، تەواو ڕۆشن نابێتەوە، تەنانەت لای (ڕۆلان بارت)یش ئەم بایەخەی وەرگر دووبارە دەبێتەوە، کە دواتر بایەخەکە لە نێوان (دەق/ خوێنەر)دا دەهێڵێتەوە، هەر لێرەوەیشە، کە بارت، مەرگی نووسەر ڕادەگەیەنێ.

بایەخی تاکی وەرگر، یان خوێنەر، لە دیدی ڕۆلان بارتەوە، زێتر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە: خوێنەر، لەو ساتەدا کە پێوەندیی دیالێکتیکانە لەگەڵ دەقدا دروست دەکا، دەبێتە خولقێنەری مانا لە دەروونی دەقدا، بۆیە دەشێ شێوەی باسەکە لە پێوەندیی نێوان (نووسەر/ وەرگر)ەوە، بۆ پێوەندیی نێوان (دەق/ خوێنەر) بگوازینەوە، چونکە ئەوەی دەپەیڤێ و مانا دەبەخشێ، نووسەر نییە، بەڵکوو خوێنەرە، کە ماناکان لە دەروونی زماندا هەڵدەگرێتەوە و دەیاننووسێتەوە. لێرەوە، بەو ئەنجامە دەگەین: ئەم تیۆر و ڕوانینە ڕەخنەییانە، توانیویانە ئاشنایەتیمان لەگەڵ ڕەخنەی ئەپستمۆلۆجیدا بۆ بەرهەم بێنن.

پێوەندیی نێوان (نووسەر/ دەق)

دەقی مۆدێرن، دەقێکە پڕە لە مانا و کرانەوە، فرەڕەهەندە و زۆر ئەستەمیشە لە تاکە پەنجەرەیەکەوە خوێندنەوەی بۆ بەرهەم بێنین. دەقی مۆدێرن، هەمیشە ئەو فەزا و پانتاییەیە، کە یەکپارچە ڕەنگڕێژە بە مانا و ڕەنگ و کۆد و مەغزا و چنینی زمانی، ئەوە جیهانبینییەکانی خوێنەرن، کە هەموو ئەم تەلوینیاتانە بە پەیڤەکان دەبەخشن و دەروونی دەق پڕ دەکەن لە مانای جۆربەجۆر. واتە: هەر وەرگرە مانا دەسازێنێ و لە نێو ڕایەڵەکانی دەقدا، خەریکی نووسینەوەیە لە فۆرمێکی جیاوازدا.

نووسینەوەی مانا، لە دید و ستراتیژیەتی خوێنەردا، بەو شێوەیە نییە، کە نووسەر بیری لێ دەکاتەوە، بەڵکوو، خوێنەری زیتەڵە و مەعریفەهەڵگر و خەیاڵکراوە، هەمیشە لە ساتی چاندنی ماناکاندا، بە هەمان چەشنی کردەی چاندنەکانی مانا لە






لایەن دەقنووسەوە، کار ناکا، چونکە: خوێنەر، هەمیشە ماناکان لە دیوی ئەودیوی فۆرمەکاندا دەچێنێ و خەریکی نووسینەوەیان دەبێ. سازدانی ئەم فرەماناییەیش لە لایەن خوێنەرەوە، بە جۆرێک لە جۆرەکان جیاوازیی ڕوانینی نووسەر و وەرگر بەرهەمان دێنێ، کردەکەیش لە دواجاردا، ڕووەو دەقی کراوە ئاراستەمان دەگۆڕێ. بەو مانایە: خوێنەر، لە ساتەوەختی پێوەندییە دیالێکتیکەکاندا، تێکەڵی لایەنە شاراوەکانی دەق دەبێ.

پێوەندیی (نووسەر/ دەق)، جۆرە پێوەندییەکە، پێوەستە بە ڕوانینە ڕەخنەییەکانەوە و هەر کام لە تیۆرەکانیش، بە جۆرێک باسی لێوە دەکەن. ساڵانێك لەمەوبەر زیاد لە پێویست بایەخ بە چەمکی (نووسەر) دراوە، بەڵام ئەوەی ئێستا لە پرۆسێسی ڕاڤەکردنی دەقدا ئامادەیی هەیە، بە پێچەوانەی تەوژمەکانی پێشووە، کە لە جێی نووسەر (کردەی زمان) بەم ئەرکە هەڵدەستێ. واتا: جومگە ڕەخنەییەکان دەبن بە (زمان/ دەق، وەرگر)، ئەوەی وێنە و وێنای بوونیش دەکێشێ، زمانە، کە بە دیوێك لە دیوەکان، جیهانێکی دوور لە جیهانی نووسەر، بۆ خوێنەر بۆ دەخولقێنێ.

بایەخی نووسەر، وەك ڕەهەندێکی مێژوویی، لە ڕەوتی ڕەخنەدا بۆ سەدەی نۆزدە دەگەڕێتەوە، کە ڕەخنەگرەکان پێیان وا بوو: بۆ تێگەیشتن لە دەق و لێکدانەوەی ڕەهەندە شاراوەکانی، پێویستە لە سەرەتادا تۆبۆگرافیا و خودی نووسەر هەڵبکۆڵین و لە جەستە و تۆبۆگرافیای دەقدا شۆڕ ببینەوە، کە ئەم تیۆرە، لە لایەن کەسانی وەك: تین و بۆفەوە، بایەخی ئەوتۆی پێ دراوە.



# نوام چۆمسکی:

## پێم وایە ڕوە گرنگەکەی زمان پەیوەندی بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و کارلێکە کۆمەڵایەتیەکانەوە هەیە

و: بەهار زایر

**پ: تۆ لە زمانەوانیدا ڕێگای ئەنترۆپۆلۆژیت گرتۆتە بەر، پێت وایە زمانەوانی دەتوانێت بەشدار بێت لە تێگەیشتن لە کێشە فەلسەفییەکانی سروشتی مرۆڤایەتی و کەلتوور؟**

**چۆمسکی:** پێم وایە بونەوەرێکی وەك مرۆڤ یان هەر بونەوەرێکی تری زیندووی ئاڵۆز سیستمێکی پێکهاتەیی مەعریفی هەیە لەگەڵ پەرەسەندنی ئەندامەکانی لەشی پەرەدەستێنێت، واتا لە بنەڕەتدا خۆرسکییە و پێکهاتەی بۆماوەیی بونەوەرە زیندووەکە شێوەکەی دیاری دەکات . بێگومان لە ژینگەی دیاریکراودا گەشەدەکات و شێوەیەکی دیاری کراو





وەردەگرێت و جۆراو جۆریان پێ دەبەخشێت، ئەوەی زۆر جیاوازە لە بونەوەرێکی وەك مرۆڤدا ئەو ڕێگا دیاریکراوەیە کە فۆرمبەندییە جۆراوجۆرەکانی پێکهاتەکانی مەعریفەیان وەکو یەکە.

ڕەنگە زمان لە هەموو پێکهاتەکان ئاڵۆزتربێت . لە لێکۆڵینەوەی زمانیدا دەتوانین چەندین تایبەتمەندی بنەڕەتی ئەم پێکهاتە مەعریفییانە دەربخەین وەك چۆن سیستمەکەی ومەیلە بۆماوەییەکەی کە بنچینەی پەرەسەندنی بۆ دەڕەخسێنێت، بۆیە زمانەوانی لەپێش هەموو شتێکەوە دەیەوێت سیفەتی بنەڕەتی سیستمی ئیدراکی مرۆیی جیا بکاتەوە.

**پ: کەواتە زمان کلیلی سروشتی مرۆڤایەتییە؟**

**چۆمسکی:** لە چاخەکانی ئەم دواییەی بیری زانستی ڕۆژئاواییدا ڕەوتێك هەبوو پێی وابوو سروشتی مرۆڤایەتی بەتەواوی بەستراوەتەوە بە بونیادی ماددی بونەوەری زیندووەوە، هەرچی لایەنە سروشتییەکانی تریەتی وەك ڕەوشت بۆنموونە بونیادێکی بۆماوەیی ئاڵۆزی نییە کە وەك سیستمە فیسیۆلۆژییەکەی جەستە ئاڵۆزبێت، بۆیە لێکۆڵینەوە لە فیسیۆلۆژییەت و پێکهاتە کەلتوورییەکانی مرۆڤ بە ڕێگای جیاواز لەیەکتری دەکرێت، لەبەر ئەوەی فیسیۆلۆژیەت لە ڕێگای بۆماوەییەوە دەگوازرێتەوە هەرچی ڕەوشتە لە ڕێگای فێربوونەوە دەگوازرێتەوە.

پێم وایە ئەم بۆچوونە هەڵەیە بونیادی هیچ یەکێك لەم پێکهاتانە لە ڕێگای فێربوونەوە ناگوازرێتەوە بەڵکو هەموویان وەك یەك گەشەدەکەن و بەشێوەیەکی گشتی پشت بە توانا بۆماوەییەکان دەبەستن ئەگەر لە بنچینە فیسیۆلۆژیەکانی ئەم پێکهاتانە گەیشتین ئەوا گومانم هەیە کە لە مێشکی مرۆڤدا پێکهاتەی وا دەستخەین کە بۆ پەیوەندی کۆمەڵایەتی یان شیکردنەوەی دەروونی هەبێت — ئەوانە هەمووی کۆمەڵە سیستمێکی تەواون لەسەر بنەمای بایەلۆژی پەرەیان سەندووە.

**پ: ئەتەوێ بڵێیت ڕەوشتی خۆرسکی ئێمە بۆماوەییە؟**

**چۆمسکی:** نا، بەڵام پێکهاتەی بنچینەیی ڕەوشتمان بۆماوەییە هەرچی وردەکارییەکانییەتی پشت بە چۆنییەتی

گەشەسەندنی دەبەستێت لە کارلێک کردنەکانی لەگەڵ ژینگەدا.

**پ: پێم وایە زمانەوانەکان توانیویانە وەسفی ئەم پێکهاتانە بکەن، دەکرێت ئەنجامەکانی لەسەر هەموو چالاکییە کەلتوورییەکانمان پراکتیک کرێت ؟ ئایا ئێمە تەنها لە ڕێگای زمانەوە بیردەکەینەوە ؟ یان لە بیرکردنەوەماندا شکڵی نازمانی هەیە؟**

***چۆمسکی:*** شیکردنەوەی پێکهاتە زمانییەکان یارمەتی تێگەیشتنی پێکهاتە کەلتوورییەکانی تر دەدات، ئێستا هیچ بەڵگەیەکی زانستیم لەبەر دەستدا نییە کە پێت بڵێم لە ڕێگای زمانەوە بیر دەکەینەوە یان نا بەڵام ئەگەر بە بیرتیژییەوە لێی بڕوانین ئەوە دەردەکەوێت کە مەرج نییە تەنها لەڕێگای زمانەوە بیر بکەینەوە دەتوانین لە ڕێگای چەند وێنەیەکیشەوە بیر بکەینەوە، ئێمە لەژێر ڕۆشنایی بارو دۆخ و ڕوداوەکانەوە بیردەکەینەوە، زۆر جار ناتوانین بیرکردنەوەمان بە ڕێگای وشە دەربڕین، زۆر جار شتێك دەڵێین کەچی ئەوەی بیر کردنەوەمان دەرناچێت. ئەمەچییە؟ هەندێ بیرکردنەوەی نازمانی ڕوو دەدات کاتێك دەمانەوێت بە زمان دەری بڕین کەچی سەرکەوتوو نابین لەوەدا.

**پ: زۆرجار ئەوەم خوێندۆتەوە کە ئێمە لە ڕێگای زمانەوە بیردەکەینەوە بەڵام بە ڕێگایەکی نازمانی هەست دەکەین.**

***چۆمسکی:*** دەزانم ئەمە هەڵەی منە، لایەنی کەم وشەی(زمان) لە ئینگلیزیدا ئەم هەڵەی لای زۆرکەس دروستکردووە، پێم وایە تۆ توشی هیچ کێشەیەك نابیت کاتێك بڕیار دەدەیت بیر لە شتێك بکەیتەوە تەسەور دەکەیت ڕوو بدات و شیکردنەوەیەکی عەقڵانی بۆ دەکەیت بێ ئەوەی بتوانین بە وشە دەری بڕیت بەشێوەیەکی تەواو .

**پ: شیکردنەوەی لۆژیکیت بەکار هێنا پێت وایە هەموو بیرکردنەوەکانمان عقڵانی و ڕاستەهێڵییە؟**

چۆمسکی: پێم وانییە هەموو بیرکردنەوەکانمان بە شێوەیەکی عەقڵانییە بڕوام بەوەش نییە عەقڵانی بوون و ناعەقڵانی بوون بە زمانی و نازمانی بشوبهێنین.

**پ: دەکرێت زمان نالۆژیکی بێت؟**

**چۆمسکی:** بەڵی بۆیە ئەم دوو دوورییە یەك ناگرنەوە لەگەڵ یەك ڕاستە زمان بە شێوەی ڕاستەهێڵی دەڕوات بە شێوەیەك لە شێوەکان، بەڵام وەك ئەوە وایە بڵێی





بۆشایی هەستپێکراو سێ دووری هەیە.

**پ: کەواتە زمان بنچینەیەکی خۆرسکی بایەلۆژی هەیە بەڵام بەکارهێنانەکەی کۆمەڵایەتییە . ڕات لەسەر ئەرکە کۆمەڵایەتییەکانی زمان چییە؟ ئایا زمان هۆکاری پەیوەندی کردنە؟**

***چۆمسکی:*** پێم وایە ڕووە گرنگەکەی زمان پەیوەندی بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و کارلێکە کۆمەڵایەتیەکانەوە هەیە، ئەمە زۆرجار پێی دەوترێت گەیاندن، بەڵام ئەمە زۆر شاراوەیە کاتێك تەنها زمان بە هۆکاری گەیاندن دەشوبهێنیت ئەوا زمان بەرتەسك دەکەیتەوە، گەیاندن واتا تۆ دەتەوێت خەڵك لە شتێك تێبگەیەنیت ڕاستە ئەمە یەکێکە لە بەکارهێنانەکانی زمان، بەکارهێنانی کۆمەڵایەتی، بەڵام پێم وانییە ئەمە تاکە بەکارهێنان بێت دەکرێت زمان بەکار بێنیت بۆ ڕونکردنەوەی هەندێك بیرکردنەوە کە هیچ پەیوەندییەکی بە سیاقی کۆمەڵایەتییەوە نییە.

پێم وایە بەکارهێنانی زمان زۆر گرنگە هەر بە هۆی ئەمەشەوە جنسی مرۆیی ئەم کەشە کۆمەڵایەتییەی بۆخۆی دروست کردووە بۆ ئەوەی بتوانێت لەگەڵ خەڵکی دەوروبەری کارلێك بکات، ئەمە بەو واتاتەسکەی گەیاندن نایەت واتا تەنها مەبەستی گەیاندنی زانیاری نایەت زۆر زانیاری دەگوازرێتەوەو ناچێتە ناو قسەکردنمانەوە، زۆر بەکارهێنانی زمانی هەیە وەك گەیاندن و شتەکانی تر بەڵام زمانەوانە کۆمەڵایەتییەکان زۆر تیۆریان بەدەستەوە نییە بۆ ئەم بابەتە ئەوەی من ئاگادارابم.

**پ: کەواتە باشترین داهێنان لە بواری زمانەوانیدا چییە؟**

***چۆمسکی:*** پێویستە ئێمە کار لەسەر تایبەتمەندییە موجەرەدەگشتییەکان بکەین کە پێی دەوترێت سینتاکسی گشتی، سیفەتەگشتییەکانی زمان کە جۆرێك لە پێویستیە بایەلۆژییەکان دەردەخات لە جێی پێویستییە لۆژیکییەکان واتا ئەو سیفەتانەی زمان کە پێویستی لۆژیکینین بۆ ئەم سیستمەی زمان .کۆمەڵە سیفەتێکی جەوهەری چەسپاون لەزمانی مرۆڤدا کە بەبێ فێرکردن دەزانرێت، ئێمە ئەو سیفەتانە دەزانین کەچی فێریش ناکرێین ئەم مەعریفەیە وەك بنچینەیەك بۆ فێربوون بەکاردەهێنین.

**پ: ئەم سیفەتانە بە شێوەیەکی بۆماوەیی بۆمان دەگوازرێتەوە؟**

***چۆمسکی:*** بەڵی دەگوازرێتەوە، لە ڕاستیدا

مەبەستم لە سینتاکسی گشتی سیستمی بنچینەیی پێکهاتەیی گشتییە پێویستەکانە بۆ وەرگرتنی زمان کە هەموو زمانێك خۆی لەگەڵیدا دەگونجێنێت.

**پ: مەبەستت ئەوەیە ئەم سیفەتە جنسییەی زمان گەردوونی و گشتییە؟**

چۆمسکی: بەڵێ، ئەوە ڕاستە، بەڵام ئێمە تەنها یەك جۆر جنسین ئەتوانی تەسەوری جیهانێك بکەیت کە چەندین جنس تێیدا پەرەی سەندووە کە هەریەکەیان سیستمی زمانی خۆیان هەبێت، لە ڕاستیدا وای ڕوداوە کەیەکێك لەو جنسانە پەرەی سەندووە بە ڕێکەوت لەسەر چەند بنەمایەکی موجەرەدی خۆڕسکی لە ڕووی ڕێکخستنی زمانییەوە کە هەموو زمانێك دەگرێتەوە، ئەمە دەبێتە بنچینە بۆ فێربوونی زمان لە ڕێگای ڕێکخستنی ئەزموونەوە لەجیاتی دروستکردنی پێکهێنانی ئەو شتەی کە لە ئەزموونەوە فێری بووینە.

**پ:ئەم مەعریفەیە یارمەتیمان دەدات بۆ ئەوەی لە سروشتی مرۆڤ بگەین؟**

چۆمسکی:لە دوو ڕووەوە ئەمە دەکات، یەکەم ئەمە بەشێکە لە لێکۆڵینەوە لە زیرەکی مرۆڤ کە بە سەنتەری سروشتی مرۆڤایەتی دادەنرێت، دووەم پێم وایە دەبێت بکرێت بە نموونە بۆ لێکۆڵینەوە لە سیفەتە مرۆییەکانی تر، کە پێویستە بە هەمان شێوە دەروونناسی لێکۆڵینەوەی لەسەر بکات .

**پ: دەکرێت دەروونناسی سود لە زمانەوانی وەرگرێت؟ئەمەمان بۆ شیبکەوە**

**چۆمسکی :** ئەوەی من و تۆ دەیزانین زمانە، ئەوەی تر کە دەیزانین ئەوەیە کە چۆن شتەکان لە بۆشایەکی هەستپێکراو دا دەجوڵێنەوە، ڕێگای زۆرئاڵۆزمان هەیە بۆ تێگەیشتن لە بۆشاییەکان، بە شێکی زۆری دەروونناسی دەبێت لەم دواییەشدا وایکردووە توانیویەتی بنەمای بۆشاییەکانی مرۆڤ بدۆزێتەوە، مەبەستم ئەو دەروونناسییەیە کە پەیوەندی بە لێکۆڵینەوە مرۆییەکانەوەهەیە، بۆ ئەوەی تێبگەین بۆ نموونە چۆن مرۆڤ سیستمە کۆمەڵایەتییەکەی ڕێك خستووە، دەبێت هەندێ بنەما کەشفکەین کە دروستمان کردووە بۆ تێگەیشتن لە کۆمەڵگاکان.

**پ: دەکرێت سینتاکسێکی گشتیمان هەبێت بۆ شێوە نازمانییەکانی تری وەك ڕەوشتی مرۆڤ بۆ نموونە، بەڵام کاتێ هەروەکو وتت کاتێك زمان و ڕەوشتمان لە چەند بنەمایەکی گشتگیر پێکهاتبوو، بۆچی ئەم هەموو کۆمەڵگا جیاوازە بوونی هەیە؟**

چۆمسکی: پێم وایە زۆرجیاواز نین، وادەزانم ئێمە وەك بوونەوەری مرۆیی زۆربەی شتەکانمان لەیەك دەچێت کاتێك ئێمە هەست بە مرۆڤ بوونی خۆمان دەکەین ئەوە لە شتەکانی تر جیامان دەکاتەوە. چونکە بۆق گرنگی بە بوونی خۆی نادات وەك بۆق، ئەمە شتێکی ئاساییە لای ئەو، ئەوەی بۆ بۆق گرنگە کە بۆقە، کاتێك ئێمە سەیریان دەکەین وەك یەك دەیانبینین کەچی ئەوان خۆیان جیاوازی خۆیان دەبینن.

بە هەمان شێوە ئێمە جیاوازین زمانمان جیاوازە کۆمەڵگاکانیش جیاوازن بەڵام ئەگەر خۆمان لەو بۆچوونانە داماڵین و هەروەکو زانایەکی بایەلۆژی سەیری بونەوەرەکانمان کرد پێم وایە ئەوکاتە بۆچوونەکان جیاواز دەبن، خەیاڵ بکە چاودێرێکی غەیری مرۆڤ سەیرمان بکات ئەوکاتە لێکچوونەکانمان توشی شۆکی دەکات، بەهەمان شێوە بۆ زمانیش هەر وایە لەگەڵ هەندێ جیاوازی کەم لە نێوان زمانەکاندا، ئەو کاتە بۆی دەردەکەوێت کە ئێمە گرنگی بەوە نادەین چونکە ئەوە شتێکی سروشتییە لە مرۆڤدا کە شتە لێکچووەکانی لا ئاساییە و خۆمانی پێ خەریك ناکەین بەڵکو مرۆڤ هەمیشە خەریکی جیاوازییەکانە.

**پ: ئەم چاودێرە بە هێما و پێویستی و کەلتووری ئێمە بیردەکاتەوە ؟**

چۆمسکی: بەڵی بێگومان، ئەوکاتە شۆك دەبێت بە لێکچوونی کۆمەڵگامان، وەرە با دیسان تەسەوری شتێك بکەین چاودێریمان بکات بێ ئەوەی شتمان لەبارەوە بزانێت، ئەوکاتە دیسان بۆی دەردەکەوێت کە مرۆڤ هەمان توانای پەرەسەندنی مەعریفی زانستییان هەیە کە توانایەکی زۆر دیاری کراوە و لە هەندێ بواری زۆردیاری کراوەوەیە کە زۆر شوێن هەیە لە عەقڵی مرۆڤدا توانای پێکهێنانی زانستی تێدا نییە لایەنی کەم وەك ئەو شوێنانە نییە کە تێیدا دروست بووە.

**پ: فیزیا**

چۆمسکی: فیزیاو بوارە جۆراوجۆرەکانی — کیمیا و شتەکانی تر — زۆر پێشکەوتنیان بە خۆیانەوە بینیوە بەڵام لە زۆربەی بوارەکانی تر پەرەسەندنێکی کەم ڕووی داوە لە پەرەسەندنی تێگەیشتنێکی زانستی ڕاستەقینە.

**پ: لەبەر ئەوەی مرۆڤ دەیەوێت دەست بەسەر جیهانی ماددیدا بگرێت؟**

چۆمسکی: پێموانییە، پێم وایە ڕەنگدانەوەی شتێکی تایبەتییە بەسروشتی عەقڵی مرۆڤ ناکرێت بەهۆی فشاری پەرەسەندنییەوە عەقڵی وا بەرهەم بێنێت بۆ دامەزراندنی زانست. فشاری پەرەسەندنی نەیتوانی ژمارەی ئەو مرۆڤانە زیاد بکات کە کێشە زانستییەکان چارەسەر بکات و داهێنانی زانستی بە موعەدەلی بەرز زیاد بکات، جالەبەر ئەوەی تواناکانی پەرەسەندنی زانستی لە پێناو ئامانجی دیکەدا پەرە بستێنن ئەوکات شتێکی سەیر نابێت کە ئەوە بسەلمێنرێت ئەو پێکهاتە دیاریکراوانە بەشێوەیەکی ناسروشتی پەرەی سەندووە.

**پ: پێت وایە بە هۆی ئەم سەرچاوە عەرزییەی زانستەوە دەتوانین هەندێ بنەما پەرە پێ بدەین و نەتوانین هەندێکی تر پەرە پێ بدەین بێ ئەوەی هەستی پێ بکەین؟**

چۆمسکی: بەڵێ وەك بونەوەری مرۆیی ئێمە هەست بەو شتە ناکەین چونکە پێمان وایە بونیادی عەقڵمان تەواوە بەڵام ئەگەر زانایەکی بایەلۆژی دەرەکی چاودێریمان بکات شتێکی تر دەبینێت بۆی دەردەکەوێت کە ئێمە چوارچێوەیەکی تەسکی دیاریکراومان هەیە، ئەو داهێنانەش کەکردومانە لەو چوارچێوەیەدا کردوومانە لەسەر حیسابی کەموکوڕییە لە لایەنەکانی تر.

ناتوانین تیۆرێکی زانستی وا دابهێنین کە مەعقول بێت و هەموو بنەما زانستییەکانی تێدا بێت ئەوا تەنها لەیەك ئاڕاستەوە دەتوانین ئەمە بکەین جیا لەوە ئەمەی هەمانە بە هیچ شێوەیەك زانست نییە بەڵکو کۆمەڵێك گریمانەی شێواوە، ڕەنگە فرسەتی پێگەیشتن لە پەرەسەندنی یەك لایەن زۆربێت، بەڵام ئەم پێگەیشتنە لە لایەنەکانی تر ڕوو نادات ئەم دوو لایەنەش پێکەوە بەستراوە . چونکە هەندێ جار پێگەیشتن لە لایەنێك دەبێتە ڕێگر لەبەردەم پێگەیشتن لە لایەنەکانی تر بۆ نموونە وەرگرتنی زمان لای منداڵ زۆر سیستماتیکی و ئاڵۆزە کەچی دەبێتە ڕێگر لە پێش وەرگرتنی سیستمە زمانییەکانی تر کە دەتوانیت تەسەوری بکەیت.

**پ: ئەو بوارانە کامانەن کە پێت وایە پشتگوێ خراون و دواکەوتوون؟**







چۆمسکی: لە بارەی ڕەوشتی مرۆییەوە پێم وایە هیچمان نییە . ئەوەی هەیە نەزانییەکی کاتییە چونکە عەقڵی خۆمان بۆ تیۆرێکی وا ئامادە نەکردووە.

**پ: پێت وایە ئادەتی پێویستمان لەبەر دەستدا نییە بۆ پەرەپێدانی ئەم جۆرە تیۆرە یان ناتوانین ئادەتی پێویست بەرهەم بێنین؟**

چۆمسکی: بەڵێ، ئەداتی فیکری عەقڵمان تەنها توانای بەرهەم هێنانی هەندێ تیۆری هەیە ئەو کاتە زانستمان دەبێت کە تیۆرەکانمان لە حەقیقەت نزیك بێتەوە پاشان هیچ هۆیەك نییە وامان لێ بکات وا دابنێین کە ئەو تیۆرانەی لە عەقڵدا هەن زۆر فراوانن .

**پ: هیچ نەبێت دەتوانین قەبارەکەی بزانین؟**

چۆمسکی: ئەوە پرسێکی بایەلۆژییە،مرۆڤیش وەك بونەوەرەکانی تر ئەبێت تەوەقوعی ئەوەی لێ بکەین کە لە هەندێلایەنی زانستی پێشبکەوێت و لە هەندێ لایەنی تر ناتوانێت ئەمە بکات.

**ژێدەر: نوام جومسكي، اشياء لن تسمع عنها ابدا، لقائات ومقالات، ت:اسعد محمد حسين، دمشق**



د. لەتیف سەعید بەرزنجی

# بنەماکانی ڕەخنە و تایبەتمەندییەکانی ڕەخنەگر

٧ ٧

## بەشی دووەم

### بنەماکانی ڕەخنە

دەشـێت بپرسـین چـۆن ڕەخنـە ئـەرك وەزیفـەی خـۆی بـەدی دێنـی وچ جـۆرە سـتانداردێکی بڕیـاردان، بەرچـاو دەگرێـت وچـین تایبەتمەندیـەکانی ڕەخنـەگر وچ جۆرە میکانزمێك بەکار دێنی؟ هەر کارێکی ئەدەبی لەسێ ڕەگەزی سەرەکی پێکدێت ، کـە بـریتین لـە نـاوەڕۆك وشـێواز وتوانـای دڵـشادکردن وگەیانـدنی چـێژە جوانکاریـە ئەدەبیەکان، لەڕێگەی کاریگەری لـە سـەر خەیاڵ و هزری خوێنەر .

ڕەخنـەگریش دەبـێ هەڵسەنگاندنی ئـەم سێ ڕەگـەزە بکـات وبڕیـار لەسـەر لایەنـە باشـەکانیان بـدات . لـە سـەدەکانی ڕابـوردوودا ،ڕەخنـەگر خـۆی بەدۆزینـەوە ودانـانی چـەندەها پرەنـسیپی تایبـەت خـەریك دەکـرد ، تـا بـە گـوێرەی ڕەچاوکردنی ئەوپرەنسیپانە بڕیاری خـۆی لەبارەی تەکنیکی کارەکەوە بـدات –وەکـو گرێـچن ( plot ) شـێواز وکێـشی شـیعری وبـژاردەی شـیعری (diction) وزمـان ولایەنـەکانی تـری کـارە هونەریەکـە . ئـەم ڕەخنەگرانـە وەهایـان – دەردەخـست گوایە ئەوجۆرە پرەنسیپیانە (شەنگستانە) لە (ئەرەسـتۆ) وە وەرگـیراون کـە دەبوایـە بـۆ دەربڕینـی هـەر حـوکمێکی ڕەخنـەیی لەسـەر باشـی هـەر کـارێکی ئـەدەبی لـە ماوەکانی سۆیدوکلاسیزیکیدا( pueudo-classical ) رەچـاوبکرێن .بـەڵام دەبـێ ئەوە بزانین کە تایبەتمەندییەکانی ئـەدەبی تـەنها لەسـەر تـەکنیکی کـارە ئەدەبیەکـە بنیـات نـانرێ ،بـەڵکو ڕادەوەسـتێتە سـەر کارتێکردنی ئـەوکارە بۆسـەر خـەیاڵ ، کـە دەکرێ بەپشت بەستن بەچەند پرەنسیپێك شیبکرێتەوە .

ئـەم جـۆرە پرنـسیپانەش لـەقۆناغێکی ئەدەبیـەوە بـۆ قۆنـاغێکی دی ولەسەدەیەکەوە بۆ ئەویتر دەگۆڕێ .بـەڵام پرەنـسیپە سـەرەکییەکان گـشتین ( universal ) ونـەگۆرن (permanent )چونکە ئەم پرەنسیپانە هـەڵقولاوی نـاخی مـرۆڤن واتـە (بەنـدە بـە ڕەگـەزە بنەرەتییـەکانی سروشـتی مرۆڤەوە).

ڕەخنەش ڕەگـی خـۆی لەسـەر ئـەم جـۆرە پرەنـسیپانە داڕشـتووە وتادێـت زیـاتر پشتی پێ دەبەستێ، بۆ بڕیـار لەسـەردان وهەڵـسەنگاندن وهـەڵمالینی کاریگـەری نەگۆڕی ئەدەب لە ناخی خوێنەردا .

دەکـرێ ئـەم پرەنـسیپە بنەرەتیانـە لـەم سێ خاڵە دا کۆبکرێنەوە :

– **یەکـەمیان** : پرەنـسیپی ڕاسـتیە ( Truth ) وڕاسـتیش دووایـن تاقیکردنەوەی بەهایە لە ئەدەبدا ، چونکە هەر کارێکی ئەدەبی کەڕاستیەکانی ژیـان وبۆچـون وبـاوەڕە بنەرەتیـەکانی مرۆڤایەتی نەگەیەنێ ولەگەڵیـدا نـەگونجێ نـاکرێ بـەکارێکی گـەورە وشـاکار ئـەژمار بکرێـت ، هەرچـەندە ئـەو کـارە ئەدەبیـە لەلایەن تەکنیکەوە ڕێك وپێك وباشبێت .

بەڵام دەبێ ئەوەش بـزانین کـە حەقیقـەت لەئەدبـدا جیـاوازە لـە ڕاسـتییە زانـستی ولۆژییکیـەکان . حەقیقـەتی شـیعری ( poetic truth) حەقیقەتی بیرۆکـە یـە (فکـرە) و شـارەزایی (خـبرە) گـشتییە کـەناوەڕۆکی کـاری ئـەدەبی پێـك دێنـێ ودەبێت لەگەڵ شارەزایی گشتی ڕەگـەزی ئادەمیزادا بگونجێت .

ئەرسـتۆ دەڵـێ " شـیعر خـاوەنی حەقیقـەتێکی فـرەوانترە وئامـانجێکی بـەرزتری هەیـە لەمێـژوو، چـونکە شـیعر پەیوەستە بە شتە گشتیەکانەوە ، بـەڵام

مێژوو پەیوەستە بە شتی تایبەتەوە " یان وەکو ( wordsworth ) (١٨٥٠- ١٧٧٠) وردزورپی شاعیر دەڵێ : "شیعر هەناسە وناسکترین ڕۆحی هەمو زانستەکانە " .

لەبەر ئەوەی کەهەستی ئادەمیزاد دەربارەی ئەو شتانەی کە لە بەرزترین ئاستی گرنگیدان بەرجەستە کراون لە کۆدی ( code ) یاسا کۆمەلایەتیەکاندا ، تێبینی دەکرێت وەکو ڕەوشتی ( اخلاق ) بەرز " ئەوە دەگەیەنێ کە پەیوەندی نێوان بەرزترین ونایابترین کاری داهێنەری وڕەوشت بەهیچ شێوەیەك پەیوەندییەکی دەستکرد نییە. ڕەوشتی ولاتێك یاخود کۆمەڵگەیەك لە چەند لایەنێکی دیاریکراوەوە جیاوازە لە هی ولاتێك یان کۆمەڵگایەکی تر .ڕەوشتی ڕۆژئاوا بەشێوەیەکی زەق جیاوازە لەهی ڕۆژهەلات ، بەلاّم لەگەڵ بوونی ئەم جیاوازیانەشدا چەند پرەنسیپێك هەیە -وەکو پرەنسیپ -بەشێوەیەکی گشتی لەلایەن هەمو کۆمەڵگا شارستانیەکاندا قبول کراون " (Worsfold )-. بۆ نمونە کاتێ ڕۆمانێك یاخود هۆنراوەیەك ئەوە دەگەیەنێ کە گوایە مرۆڤێکی بەد ڕەوشت شادترە لە یەکێکی بە ڕەوشت ، ئەو کارە ئەدەبیە بیرۆکەی ڕاستەقینەی ڕەوای کاری ئەدەبی داهێنەری تێدا بە دیناکرێ ، چونکە ئەو شارەزاییەی کە نووسەر بەرجەستەی کردووە لە کارە داهێنەرەکەیدا ناگونجێ لەگەڵ شارەزاییە گشتیەکەی ئادەمیزادا کە لە یاساکانی ڕەوشتدا نمایشی لێ کراون .

هەر لەبەر ئەم هۆیەیە کە ئەم جۆرە کارانە ، بە گوێرەی بنەمای حەقیقەت نەفرەت لێکراو دەبن ، لەبەر ئەوەی کە ڕەوشت بریتیە لەکۆی شارەزایی وحیکمەتی کۆمەڵگایەکی دیاریکراو ، یاخود کۆمەڵگا بە شێوەیەکی گشتی " ناوەڕۆکی ئەو کتێبانەی کە ناکۆکن لەگەڵ ڕەوشت دەکەونە دەرەوەی تیۆرییەوە و ( ex hypothesi ) نەفرەت لێکراون بە پێوەری تاقیکردنەوە بالاّکانی حەقیقەت " .

– **دووەم** : پرەنسیپی سەرەکی کە وەکو بنەمایەك بەکاردەهێنرێت بۆ هەڵسەنگاندنی ( القیمةالثابتة ) بەهاو پایەی نەگۆری نوسەر بریتیە لە پرنسیپی ڕێك وپێکی (symmetry ) کارەکە . ئەم پرەنسیپەش هەڵبژادن وڕێکخستنی دروستی بابەتەکە دەگەیەنێ . واتە "نووسەر دەبێ چەند چەمکێکی دیاریکراو لە واقیع هەڵبژێرێ ، نەوەك هەموو واقع وپاشان ئەم بابەتە بە شێوەیەك داڕێژێ کە ئەو چەمکانەی ئەو واقیعەی کە هەڵبژێردراوە بە زەقی ئارامی وخۆشی بگەیەنێ " . ئەرستۆ گرنگییەکی گەورەی بە پرەنسیپی ڕێك وپێکی (symmetry ) داوە ، چونکە زۆر بەبەشێکی بنەرەتی دەژمێردرێت بۆ جوانکاری هونەری کە کاریگەری خەیاڵی ئەدەب پشتی پێدەبەستی . ڕەخنەگر دەبێ ئەوە ڕەچاو بکات ئایا لایەنە جۆربەجۆرەکانی ئەو داڕشتنە بە شێوەیەکی ئورگانیکی پێکەوە بەستراون یان نا ؟ وە ئایا قەوارەیان لەیەك دەچێ ولەگەڵ داڕشتنەکەدا گونجاوە یان نا ؟

– **سێهەم** : پرەنسیپی بە نموونەپێکردن ( idealization ) کە ئەم پرەنسیپەش تەنها ئەوە ناگەیەنێ کە چەند چەمکێکی دیاریکراوی واقع دەبێ هەڵبژێردرێت بۆ دەرخستن وچەسپاندنی هونەری کارە ئەدەبیەکە ،بەڵکو ئەو شێوە هەڵبژاردنە دەبێ ئەو شتانە وەلانێ کە بە شێوەیەکی ناخۆش کار دەکاتە سەر چێژی هۆشمەندی ئیستاتیکی خوێنەر وەدەیشێوێنی " .

## تایبەتمەندییەکانی ڕەخنەگر

ئەرکی ڕەخنە ئەرکێکی سەختە وهەوڵێکی زۆری دەوێ تاکو بتوانێ کارەکە بەشێوەیەکی پوخت وپەسەند ئەنجام بدات . ڕەخنەگر دەبێت تاکێکی لە ڕادە بەدەر بەهرەدار وبەتوانابێت وئەم مەرجانەی خوارەوەی تێدا هەبێت ، **یەکەم** : ڕەخنەگر دەبێ مرۆڤێك بێت خاوەن هەستیارییەکی زۆر دەگمەن وبۆچونی زانستی وتێگەیشتنی قووڵ وئایدیای روونی هەبێت . **دووەم** : کەخاڵێکی ئێجگار گرنگە ئەویش ئەوەیە کە ڕەخنەگر دەبێت شارەزاییەکی بەسەلیقەی هەبێت لەئەدەب وزمانی خۆی وزمانانی تر .هەر وەك (ئیلوت ١٩٦٥- ١٨٨٨)شاعیروڕەخنەگری ئینگلیزی پێی وایە لەکاتی ڕەخنەگرتن دەبێت سوودلە هەموئەدەبیاتی ئەوروپی وەرگیرێت هەر لە هۆمیروسی ( Home) شاعیری کلاسیکی تا دەگاتە ئەدەبی هاوچەرخ ، چونکە هەموو لەیەك (tradition) کەلتوورێکەوە سەرچاوە دەگرن ، ئەویش ئەوجۆرە مەعریفەییە، کە توانایەکی وا بەڕەخنەگر دەبەخشێ تابتوانێ هەڵسەنگاندێك وشرۆڤەیەکی زانستی وگونجاوبۆهەردەقێکی ئەدەبی بکات .

**سێیەم** : پێویستە ڕەخنەگر شارەزاییەکی باشی هەبێ لەتەکنیك وئەزمونی شیاوی هەبێ لە سەرجەم ژانەرە ئەدەبیەکاندا وئەم شارەزاییەش لە میانەی کارکردن

وخۆیندنەوەی قووڵ ودرێژخایەن بەدەست دەهێنرێت .

**چوارەم :** کەسی ڕەخنەگر دەبێ مرۆڤێك بێت بتوانێ زاڵ بێ بەسەر حەزو وئارەزووی خودییدا ، دوور بێ لەلایەنە ئایینی ونیشتمانی وسیاسییەکان ، چونکە لەکاتی ڕەخنەگرتن ئەگەر خود کۆنترۆڵ نەکرا ئەوا ڕەخنەگر اوپجێکتیڤی کارەکەی لەدەست دەدات د.جۆنسن " Johnson. Dr" ( ١٧٨٤– ١٧٠٩ ) کە ڕەخنەگرێکی بەناوبانگی سەردەمی کلاسیزم بوو و کارەکانی دەنگی دابووەوە ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا جاربەجار لایەنگیری بەرەو جیهانی ناوەوەی پەلکێشی دەکرد ، "کەچی لای خۆمان پێش هەمووشت زۆر جار ڕەخنەگرتنمان هەڵچوونی دەروونی و ڕق وکینەیە ودەیخەینە سەر کاغەز ، ئێمە ،من ،تۆ ، ئەگەر جارێك لەکاتی ڕەخنەگرتندا بابەتەکە بخوێنینەوە ، ئەوا دەجار بەناوی سیانی ڕەخنەلێگیراو دەچینەوە وپاشان هەر ئەو ناوە سروشتی ڕەخنەگرتنمان پێ دەبەخشێ ، هەموو شتێکیش ڕێژەییە " .

**پێنجەم :** ڕەخنەگر دەبێت خاوەنی فەنتازیاییەکی فراوان بێت وئەو توانایەی هەبێت خۆی بخاتە جێگەی ئەو نووسەرەی کارەکەی هەڵدەسەنگێنێ ، لەوێوە تێکەڵبوون وبینینی شتەکان وژیان لە ڕوانگەی نووسەرەوە دەست پێدەکات ، لەم ڕێگە بیرکردنەوە فەنتازییاییەوە دەشێت واتا ومەبەستی تەواوی نووسەر بپێکرێت وتیێ بگەین وگرنگی ڕاستەقینەی کارە ئەدەبیەکە دەستنیشان بکەین.

**شەشەم :** دەبێت هەڵگری مەعریفەیەکی قووڵ ودروست بێت لەبارەی دەروونی مرۆڤە وزانیارییەکی تەواوی سەبارەت بە ژیان وسروشتی ئادەمیزاد هەبێت ، کە ڕاستەوخۆ بە دەستی هێنابێت . ئەدەب ئاوێنەی ژیانە وزانیاری دەربارەی ژیان پێویستیەکی هەرە گرنگە بۆ تێگەیەشتن و هەڵسەنگاندنێکی شیاو ودروست لەئەدەبدا .

ئۆسکار وایلد ( ١٩٠٠–١٨٥٤ ) کە نووسەر وشاعیرێکی بەناوبانگی ئێرلەندییە تایبەتمەندیەکانی ڕەخنەگر بەم شێوەیە دەخاتە ڕوو، دەڵێ : ئەو کەسە ڕەخنەگری ڕاستەقینەیە کە هەڵگری هەمان خەون وبیرو هەستی نەوەیەکی بێ شومارە وبەم شێوەیە نەهیچ شێوە بیرێکی نامۆی دەبێ ونەهیچ پاڵنەرێکی سۆزدار و ئاڵۆز دەبینێ ؟

ئەو ، کەکەسێکی ڕاستەقینەی کەلتوورە ، وئەگەر لەڕێگەی توێژینەوەی زانستی





ڕەتکردنەوەی ورد وژیرانە وای لێ کردبێت کە غەریزەی ووشیاربوون وزیرەکی زۆر زیندوو بێت ، ئەو توانایەی پێ دەبەخشێ تا کارە جیاوازەکان بەدی بکات لەوەی کە جیاواز نییە وبەم شێوەیە لەڕێگەی کۆنتاکت وبەراودکردن دەتوانێ دەسەڵاتی تەواو بە دەست بهێنێ سەبارەت بە نهێنیەکانی شێوازی نوسین وقوتابخانە ئەدەبیەکان ، دەتوانی لەواتاکانیشیان بگاو گوێبیستی دەنگەکانیان بێت ولەناخیدا ڕوحێکی بێلایەن دروست بکات ، کە دەبێتە ڕەگی ڕاستەقینە، کەگوڵی ڕاستەقینەی ژیانی هزریە .

بەم شێوەیەش دەتوانێت ڕوونییەکی هزری بەدەست بهێنێ ، بەوەی کە باشترین ئەو شتانەی زانراون وبیریان لێکراوەتەوە لەدونیادا فیربووە ، هەروەها دەژێت لەگەڵ ئەوانەی کە نەمرن " جاویدانن" " immortals " .

**سەرچاوە :**

ئەم بابەتە لەم سەرچاوەوە بەدەستکاریەوە وەرگێڕدراوە :

Tilak , Raghukul. (1999) Literary Criticism (19th ed) : New Delhi : Educational Publishers .



د. عادل گەرمیانی
کۆلێژی زمان – بەشی کوردی

# بەرەو قوتابخانەی بەراوردی کوردی

## پێشەکی

بەراوردی ئەدەبی لقێکی گرنگی زانستی ئەدەبەو ، پێوەندی کاریگەری خۆی هەیە بە لقەکانی دیکەی زانستی ئەدەبەوە ، کەوا بریتییە لەم پێنج لقە گرنگە : ڕەخنەی ئەدەبیو ئیستاتیکای ئەدەب و بەراوردی ئەدەبی و تیۆری ئەدەب و مێژووی ئەدەب ٠

مەبەست لە بەراوردی ئەدەبی ئەو پرۆسە شیکاری و ڕەخنەییە بەسەر جەستەی دەقە زمان جیاوازە ئەدەبییە بەراوردکراوەکان دەکرێت بە مەبەستی خستنە ڕووی ئاستی لێکچوون و لێکنەچوونی نێوان دەقە بەراوردکراوەکان ٠ خودی چەمکی بەراورد لە ژیانی ڕۆژانەماندا لەنێوان شت و لایەنە جیاوزەکان دەکرێت بە مەبەستی خستنە ڕووی لایەنی باشیی لایەنێك لەچاو لایەنەکەی دیکەدا ، بەڵام لە بەراوردی ئەدەبیدا زیاتر بۆ خستنە ڕووی کاریگەری نووسەرێك بەسەر نووسەرێکی دیکە دەکرێت وەك لە بەراوردی ئەستوونی بەدی دەکرێت ، یا بە مەبەستی خستنە ڕووی هاوتەریبی دوو نووسەر لەڕووی





داهێنانەوە وەك لە بەراوردی ئاسۆیی بەدی دەکرێت ٠

لە ڕاستیدا پرۆسەی بەراورد تەنیا لە بواری ئەدەبدا ناکرێت ، بەڵکو لە چەندین بواری مەعریفی دەکرێت ، تەنانەت پرۆسەی بەراورد سەرەتا لە بوارەکانی وەك یاساو ئایین کراوە لە سەدەی شازدەی زایینیدا پاشان لە سەدەی نۆزدەهەمدا لە بواری ئەدەب و هونەر کراوە ٠ بایەخدان بە بەراوردی ئەدەبی لە ئەدەبی کوردیدا بۆ ساڵەکانی پاش شەستەکانی سەدەی ڕابوردوو دەگەڕێتەوە ، چونکە لەو ساڵانەدا ڕۆژنامەنووسی کوردی زیاتر گەشایەوە پاش دەرچوونی بەردەوامیی ڕێکوپێکی ڕۆژنامەی هاوکاریو گۆڤارەکانی بەیان و ڕۆشەنبیری نوێو ڕۆژی کوردستان لە بەغداو دەرچوونی گۆڤاری کاروان لە هەولێرو پەرەسەندنی ڕەوتی ڕۆژنامەنووسیی کوردی پاش ڕاپەرینی ١٩٩١و ڕزگاربوونی شارەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق ٠ هەروەها زیاد بوونی ژمارەی بەشەکانی زمانی کوردی لە کۆلێژەکانی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان و ، گەشەسەندنی وانەی بەراوردی ئەدەبی لە بەشەکانی زمانەکانی کوردیو عەرەبیو ئینگلیزی لەو کۆلێژانە لە قۆناغەکانی خوێندنی بەکالۆریۆس و ماستەرو دکتۆرا ٠

## مەبەست وئامانجی پرۆژەکە

مەبەستی سەرەکیی ئەم پرۆژەیە زیاتر خستنە ڕووی بایەخی بەراوردی ئەدەبییە لەم ڕۆژگارەدا بە گشتی و ، لە ئەدەبی کوردیی بە تایبەتی ، چونکە بەراوردی ئەدەبی بە ئەلقەیەکی گرنگی بەستنەوەی ئەلقەکانی زنجیرەی ڕۆشنبیریی جیهانی و شارستانیەتیو ژیاریی گەلان دادەنرێت ، تەنانەت هەندێ جار پرۆسەی بەراوردی ئەدەبی دەبێتە جۆرە زەمین خۆشکردنێك بۆ بەجیهانبوونی ئەدەبی نەتەوەیی میللەتێك ، بۆیە گرنگی ئەم جۆرە پرۆژەیە ئەگەر بێتە دی واڵاکردنێکی دەروازەو پەنجەری جیهانییە لە بەردەم ئەدەبی کوردییە ٠

هەروەها ئامانجی سەرەکیی ئەم پرۆژەیە هەوڵدانە بۆ سەرهەڵدان و هاتنە کایەی قوتابخانەیەکی بەروردی تایبەت بە ئەدەبی کوردییە لەسەر هەندێ شەنگستەی ئەدەبی دروست و گونجاو تا بتوانێ ببێتە خاوەن هەندێ خەسڵەتی گشتیو تایبەتی خۆی لەنێو قوتابخانەکانی بەراوردی ئەدەبیی ئەم ڕۆژگارە ، کەوا مافی ڕەوای گەلانە بۆ خۆیان هەوڵبدەن بۆ سەلماندنی

کەسایەتیی ئەدەبیی خۆیان لەنێو ڕەوتی ئەدەبیی هاوچەرخی جیهاندا ٠

<u>کورتە باسێکی هەندێ لە خەسڵەتەکانی قوتابخانەکانی بەراوردی جیهانی</u>

سەدەی نۆزدەهەم بە یەکێك لە سەدە گەشاوەکانی مێژووی ئەدەبی ئەورووپایی دادەنرێت، چونکە لەم سەدەیە چەندین ڕێبازی ئەدەبی هاتنە کایەوە وەکو: ڕۆمانتیکییەت ( ROMANTICISM ) و کەتوارییەت ( REALISM) و سروشتییەت ( NATURLI;M ) و جەڤەنگییەت ( SYMBOLISM )و داهاتووییەت ( FUTERISM )٠ هەروەها لەم سەدەیە ڕۆمان ( NOVEL ) و چیرۆکی هونەری ( SHORT STORY ) و ئەدەبی بەراوردیش ( COMPARATIVE LITERATUR ) لە نێو گەشەسەندنی ئەدەبی ئەورووپایی هاتنە کایەوە ٠ لێرەدا پێویستە بڵێین هەموو ئەو دیاردە ئەدەبییانە زیاتر لە نێو مناڵدانی ئەدەبی فەرەنسایی سەری هەڵداو، فەرەنساش لە هەردوو سەدەی نۆزدەهەم و بیستەهەمدا بە گەشاوەترو پێشکەوتووترین مەڵبەندی ڕۆشنبیری لە جیهاندا دادەنرێت٠ سەرەتای سەرهەڵدان و دامەزراندنی قوتابخانەی بەراوردی ئەدەبیی فەرەنسایی بۆ ساڵی ١٨٢٨ دەگەڕێتەوە ، چونکە ڕابەری بەراوردی ئەدەبیی فەرەنسایی ( ئێبیل فرانسوا ڤیلمان – VELLMAN ) لەو ساڵەوە تا ساڵی ١٨٣٠ وانەی لە زانکۆی سۆربۆن دەوتەوە دەربارەی کاریگەری ئەدەبی فەرەنسایی بە سەر ئەدەبی ئیتاڵی لە سەدەی هەژدەهەمدا٠

دەتوانین بڵێین سەرهەڵدانی ئەدەبی بەراورد – وەیا ڕاستترە بڵێین بەراوردی ئەدەبی – وەك ڕێبازی ڕۆمانتیکییەت ڕەنگدانەوەی پەرەسەندنی هەستی نەتەوەیی بوو لە فەرەنسابە تایبەتی پاش هەرەسهێنانی ئیمپراتۆریەتی نابلیۆن ، کەوا ئومێدێکی گەورەی لە ناخەوەی دەروونی فەرەنساییەکانی چاند بەو خەونەی ببنە خاون دەسەلاَت بەسەر هەموو جیهانداو، هەر ئەم هەستە لایەنی کەسایەتی ئەدەبیی لای فەرەنساییەکانی بەهێز کردو، بەوردی لە نێو قوتابخانەی بەراوردی فەرەنسایی لە یەکەم هەنگاوی سەرهەڵدانی ڕەنگیدایەوە لە ڕێی بایەخدان بە ئەدەبی فەرەنسایی لە گشت بەراوردێکی ئەدەبی وەك جەمسەرێکی کاریگەر وەیا کارتێکراوو، ئەم دیاردەیە تا ئەم ڕۆژگارە یەکێکە لە شەنگست و





مەرجەکانی ئەم قوتابخانە سەرەکییەی بەراوردی ئەدەبییە ، کەوا بەلای ڕابەرانی ئەم قوتابخانەیە نابێ پرۆسەی بەراوردە ئەدەبییەکە لە سنووری مەڵبەندێتی ئەورووپایی دەربچێ و، هەر ئەم لایەنە یەکێکە لە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی قوتابخانەی ئەمەریکایی لە سەدەی بیستەهەمدا ، کەوا ڕێ بە بەراوردی هەموو دەقێکی ئەدەبی دەدات بە مەرجێ خاوەن ئاستێکی بەرزی شێوازی ئەدەبی بن و جۆرە داهێنانێکی ئەدەبی لە دەقە بەراورد کراوەکاندا هەبێ بێ ئەوەی ولاَتی نووسەری دەقەکان بکرێتە کۆسپێك لە بەردەم پرۆسەی بەراوردە ئەدەبییەکە٠

جگە لەم دوو قوتابخانە سەرەکییەی نێو بەراوردی ئەدەبی قوتابخانەی بەراوردی ئەدەبیی سۆشیالیستیش هەیە ، کەوا بە چەند ساڵێك پاش شۆرشی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩١٧ لە ڕووسیا سەری هەڵدا ٠ سەرەتا هەندێ لە ڕابەرانی ئەم قوتابخانەیە لە ژێر کاریگەری شەنگستەکانی قوتابخانەی بەراوردی ئەدەبیی فەرەنسایی بوون ، بەلاَم سەقامگیربوونی شەنگستەکانی مارکسییەت – لینینییەت لە سەرانسەری یەکێتی سۆڤیەتی جاران و، قەدەغەکردنی هەر جۆرە بەراورد کردنێکی ئەەبیی بە پێی شەنگستەکانی قوتابخانەی بەراوردی ئەدەبیی فەرەنسایی لە سەردەمی حوکمڕانی جۆزیف ستالین، چونکە بە لایەوە دەبێتە مایەی کلکایەتی ئەدەبی میللەت و نەتەوەیەك بەرانبەر ئەدەبی میللەت و نەتەوەیەکی دیکەو، ئەم لایەنەش لەگەڵ بیری یەکسانی میللەت و نەتەوەکانی نێو شەنگستەکانی مارکسییەت – لینینییەت نەدەکونجا٠ گشت ئەم لایەنانە بوونە هاندەرێکی باش بۆ سەرهەڵدان و زیاتر سەقامگیربوونی قوتابخانەی بەراوردی ئەدەبیی سۆشیالیستیش ، کەوا پاش کۆتایی هاتنی جەنگی دووەمی جیهانی لە ولاَتانی سەر بە کەرتی سۆشیالستی تەشەنەی کردو ، بایەخدان بە بیری پێشکەوتنخوازی نێو دەقە ئەدەبییە بەراورد کراوەکان و ڕێگادان بە بەراوردی دەقە ئەدەبییە فۆلکلۆریەکانی خاوەن بیری خێرخوازی لایەنێکە لە لایەنەکانی جیاوازی ئەم قوتابخانەیە لەگەڵ هەردوو قوتابخانەی بەراوردی فەرەنسایی و ئەمەریکایی٠ هەرچەندە هەندێ لە شەنگستەکانی ( پرەنسیب ) قوتابخانەی بەراوردی سۆشیالستی هاوچەشن یا نزیکە لە شەنگستەکانی قوتابخانەی بەراوردی فەرەنسایی لە بوارەکانی جیاوازی زمانی

دەقە بەراورد کراوەکان و هاوڕەگەزیی دەقە بەراورد کراوەکان و گەڕان بەدوای چۆنێتی ڕوودانی کاریگەری نێوان دەقە بەراورد کراوەکان ٠

جگە لەو سێ قوتابخانە سەرەکییەی بەراوردی ئەدەبی لە جیهاندا سێ قوتابخانەی بەراوردی ئەدەبی دیکە لە کۆشش و هەوڵدان و هەنگاونان بۆ لەدایکبوون و بوون بە خاوەنی هەندی خەسڵەت و ئەدگاری ئەدەبیی تایبەت وەکو: قوتابخانەکانی بەراوردی ئەدەبیی بەرازیلی و هیندی و عەرەبی٠ لێرەدا بە مافێکی نەتەوەیی و ئەدەبیی ڕەوای خومان دەزانین ئەگەر لە ئێستاوە هەوڵبدەین بۆ سەرهەڵدان و دامەزراندنی قوتابخانەی بەراوردی ئەدەبیی کوردی ، چونکە ئێمەی کوردیش لەم ڕۆژگارەدا وەك ئەو میللەتانە خاوەن ئاستێکی ژیاری و ڕۆشنبیرین دەتوانین بناغەی جۆرە قوتابخانەیەکی بەراوردی دابنەین٠٠بۆیە بە پێویستم زانی خاڵەکانی ئەم پرۆژە ئەدەبییە بخەمە بەر دیدە و بۆچوون و تێبینییەکانی سەرجەم نووسەرو ڕۆشنبیران و خوێنەرانی کوردی بەرێز بەو مەبەستەی پرۆژەکەمان زیاتر ڕێکوپێکتر ببێ تا لە ئەنجامدا قوتابخانەی بەراوردی کوردی ببێتە خاوەن خەسڵەت و ئەدگارو شەنگەستە تایبەتییەکانی خۆی ٠

ئەگەر سەرهەڵدان و هاتنەکایەی هەر ڕێبازێکی ئەدەبی و هەر قوتابخانەیەکی بەراوردی ئەدەبیی پابەند بێ بە هاتنەکایەی بارودۆخێکی ئەدەبیی و ڕۆشنبیری لەبارو باش ، ئەوا ئێمەی کوردیش لە ساڵانی سەدەی بیستەمەوە تا ئەم ڕۆژگارە هەندێ پەرەسەندن و گەشەسەندنی ئەدەبیی و ڕۆشنبیریمان بە خۆوە بینیوەوە دەتوانن ڕێخۆشکەن بۆ سەرهەڵدانی قوتابخانەی بەراوردی کوردی وەك:

١- بەرزبوونی ئاستی داهێنانی چەندین نووسەرو ئەدیبی کورد لە بوارەکانی مەعریفتداو، بە لامانەوە بەرهەمی هەندێکیان دەشێن بۆ پرۆسەی بەراوردکردنیان لە گەڵ هەندێ بەرهەمی ئەدەبی بێگانەدا٠

٢-بایەخدان بە گرنگیی بەراوردی ئەدەبی لە بەشەکانی هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی لە هەر چوار زانکۆی سلێمانی و سەلاحەددین و دهۆك و کۆیە لە کوردستانی عیراقدا(کوردستانی خواروو ) جگە لەو بایەخەی بەشی زمانی کوردیی کۆلێجی پەروەردەی ئیبن ڕوشدی زانکۆی بەغدا بە وانەو لێکۆڵینەوەی بابەتی بەراوردی کوردی دەدات٠ بۆ نموونە تا





ئێستا لە لایەن چەند خوێندکارێکی کوردەوە ئەم نامانەی خوارەوەی خوێندنی باڵا دەربارەی بەراوردی ئەدەبی پێشکەشکراوەو ، بابەتێکی ئەدەبی کوردی کراوە بە جەمسەرێکی نێو پرۆژەی بەراوردی ئەو نامانە:

<u>( ١ ) – نامەی ماستەر دەربارەی بەراوردی ئەدەبیی بە زمانی کوردی</u>

١- خانزاد عەلی قادر – <u>ڕەنگدانەوەی لەیلاو مەجنوون لە ئەدەبی کوردیدا</u> ، ساڵی١٩٩٢ پێشکەشی بەشی زمانی کوردیی کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەددینی کردووە ، بە سەرپەرشتی: پ٠د٠ مارف خەزنەدار ٠

٢- عەزیز عەبدوللا ئەحمەد گەردی – <u>*کێشی شیعری کلاسیکیی کوردیو بەراورد کردنی لەگەڵ عەرووزی عەرەبی و کێشی شیعری فارسی*</u> ، ساڵی ١٩٩٤ پێشکەشی بەشی زمانی کوردیی کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەددینی کردووە ، بە سەرپەرشتی : پ٠د٠ محمد نوری عارف ٠

٣- –سالار عزیز محمود –<u>*کاریگەریی سەعدی لە شیعرەکانی مەلای جەزیری دا*</u> ، ساڵی ١٩٩٩ پێشکەشی بەشی زمانی کوردیی کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەددینی کردووە ، بە سەرپەرشتی : پ٠د٠ محمد نوری عارف ٠

٤- مەولود ئیبراهیم حەسەن– <u>*گەڕان بە دوای نەمریدا*</u> / لێکۆڵینەوەیەکی تیۆریی مێژوویی بەراوردکارییە لە نێوان ئەفسانەی کوردیو فارسیدا ، ساڵی ٢٠٠٢ پێشکەشی بەشی زمانی کوردیی کۆلێژی زمانی زانکۆی سلێمانیی کردووە ، بە سەرپەرشتی: پ٠ی٠د٠ دڵشاد علی ٠

٥- محمد عبد الرحمن ابراهیم رواندی – <u>عیشق لە لای مەلای جزیریو حافزی شیرازی</u> / بەراوردو لێکۆڵینەوە ، ساڵی ٢٠٠٤ ، پێشکەشی بەشی زمانی کوردیی کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەددینی کردووە ، بە سەرپەرشتی : پ٠د٠ محمد نوری عارف ٠

<u>( ٢ ) – نامەی دوکتۆرا دەربارەی بەراوردی ئەدەبیی بە زمانی کوردی</u>

١- عەزیز عەبدوللا ئەحمەد گەردی – <u>*سەروا*</u> / لێکۆڵینەوەیەکی شیکاری بەراوردە لە شیعری کوردیدا ، ساڵی ١٩٩٨ پێشکەشی کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەددینی کردووە ، بە سەرپەرشتی : پ٠د٠ مارف خەزنەدار ٠

٢- عادل مەجید گەرمیانی– <u>*وێنەی بابەتی لە هۆنراوەکانی گۆران وسەبیدا*</u> / لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردە ، ساڵی ٢٠٠٠ پێشکەشی بەشی زمانی کوردیی کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشدی زانکۆی بەغدای

کـردووه ، بـه سەرپەرشـتی : پ٠ وریـا عومەر ئەمین ٠

( ٣ ) – نامەی ماستەری زمان دەربارەی بەراوردی زمانەوانی بە زمانی کوردی

١– ئـەکرەم حەمەسـاڵح دەروێـش عـەلی عەنـەبی – زاری هـەورامیو فارسی ستاندەرد – لێکۆڵینەوەیەکی فۆنۆلۆژی بـەراوردکاری – سـاڵی ٢٠٠٠ پێشکەشی بەشی زمانی کوردیی کۆلێژی ئادابی زانکـۆی سـەلاحەددینی کـردووه بـه سەرپەرشـتی : پ٠ی٠د٠ یوسف شریف سعید ٠

( ٤ ) – نامەی دوکتۆرای زمان دەربارەی بەراوردی زمانەوانی بە زمانی کوردی

١– یوسف شریف سعید – کاری لێکدراو له کوردیو فارسی دا ، لێکۆڵینەوەیەکی بـەراوردکاری ، سـاڵی ١٩٩٨ پێشکەشی بەشـی زمـانی کـوردیی کۆلێژی ئـادابی زانکـۆی سـەلاحەددینی کـردووه ، بـه سەرپەرشتی : پ٠د٠ محمد نوری عارف ٠

( ٥ ) – نامـەی ماسـتەری ئـەدەب دەربارەی بـەراوردی ئـەدەبیی بـە زمـانی عەرەبی

١– نیـان نوشـیروان فـؤاد – التكنيكـات والموجوعات الداله بين القصه الانكليزيه والعربيه والكرديه القصيره ، بأشراف د٠ ڤاهر لگيف كريم ، ،قسم اللغه العربيه / كليه اللغات / جامعه السليمانيه ،١٩٩٥

٢– مژده حسن محمد البرزنجي – صوره المراه بين نزار قباني وفريدون عبدول البرزنجي / دراسه نقديه مقارنه، بأشراف د٠ لگيف محمد حسن ، رساله ماجستير ، قسم اللغه العربيه / كليه الاداب / جامعه صلاح الدين ، ١٩٩٩

٣ – شـاهو سـعيد فـتح الله – دلالات البنـاو الايقـاعى فى الـشعر / دراسـه مقارنـه فى الادب العربي والفارسي والكردي،رساله ماجستير،قسم اللغه العربيه / كليه اللغات / جامعه السليمانيه ، ٢٠٠٣

٤– بندر على اكبر شاكر – صوره الگبيعه ودلالاتها فى الشعر الجاهلي والشعر الكردي الكلاسيكي ، بأشراف الاستاڎ د٠ عزالدين مصگفى رسول ، رساله ماجستير ، قسم اللغه العربيه / كليه اللغات / جامعه السليمانيه ، ٢٠٠٣

٥– گولالـه كـاڤم عبـد الفتـاح – الـصوره الـشعريه بـين أدونـيس ولگيـف هلمـت ، بأشراف د٠ لگيف محمد حسن ، رساله ماجستير ، قسم اللغه العربيه / كليه الاداب / جامعه صلاح الدين ، ٢٠٠٣

٥– شازاد كريم عيمان – الرؤيه السياسيه والاجتماعيه فى روايات غائب گعمه فرمان وابراهيم أحمد / دراسه فنيه مقارنه ،





رساله ماجستير ، قسم اللغه العربيه / كليه التربيه للبنات / جامعه بغداد

( ٦ ) – نامـەی دوکتـۆرای ئـەدەب دەربارەی بـەراوردی ئـەدەبیی بـە زمـانی عەرەبی

١– مژده حسن محمد البرزنجي – الشعر الحر بين الادبين العربي والكردي / دراسه نقديه مقارنه، بأشراف د٠ لگيف محمد حسن ، رساله ماجستير ، قسم اللغه العربيه / كليه الاداب / جامعه صلاح الدين ، ٢٠٠٥

( ٧ ) – نامەی ماستەری زمان دەربارەی بەراوردی زمانەوانی بە زمانی ئینگلیزی

1- Suhayla Hamid Majid – 1987 – The role of intonation in grammer with reference to English and Kurdish – Supervised By Dr. Ameen H . A . AL- Bamerni – Athesis submitted to the council of the college of arts – Mosul University – In partial fulfilment of the reguirements of the degree of master .

2- Hussein Ali Wali -1994 – Asemantic analysis of normal compound in English and Kurdish – Supervised By Muhammad Maruf Fattah – college of arts – Salahaddin University – Arbil – degree of master .

3-- Salam Nawkhosh Bakir – 1995 – Acontrastive study of djectival sequence in English and Kurdish – Supervised By Abdul Hameed Yaqub Jubrail - college of arts – Salahaddin University – Arbil – degree of master .

4- Widad Jabir Shakir – 1996 – The imperative in English and Kurdish ( Acontenstive study ) – Supervised By Abdul Hameed Yaqub Jubrail - college of arts – Salahaddin University – Arbil – degree of master .

5- Ali Mahmood Jukil – 1996 - Asemantic analysis of verb particale combinations in English and Kurdish – Supervised By Abdul Hameed Yaqub Jubrail - college of arts – Salahaddin University – Arbil – degree of master .

6- Hamza Othman Mohugoran – 1997 - Acontrastive study of manner adverbials in standard english and standard kurdish – Supervised By Muhammad Maruf Fattah – college of arts – Salahaddin University – Arbil – degree of master .

7- Himdad Abdul Qahar Muhammad – 1999– Assimilation and elision of consonants in English and Kurdish ( Acontenstive analysis ) – Supervised By Muhammad Maruf Fattah – college of arts – Salahaddin University – Arbil – degree of

master .

8- Nazaleen Jamil Nouri – 2000–Terms of address – Acomparative study of American english and Bahdinani kurdish – Supervised By professor Dr. Abdul Hameed Yaqub Jubrail - college of arts – Salahaddin University – Arbil – degree of master .

9- Saza Ahmed Fakhry Boskany -2001 - Acontenstive analysis of agreement in standard english and standard kurdish – Supervised By professer Dr. Muhammad Maruf Fattah – college of arts – Salahaddin University – Arbil – degree of master .

10- aRawshan Ibrahim Tahir Dizayee - Acontenstive analysis of definiteness and in definiteness in standard english and standard kurdish – Supervised By professer Dr. Muhammad Maruf Fattah – college of arts – Salahaddin University – Arbil – degree of master .

11- Dlakhshan Yousif Othman –2002–Number system in standard english and standard kurdish ( Acontenstive study )– Supervised By Assist professer Irfan Saeed Abdul Qadir – college of arts – Salahaddin University – Arbil – degree of master .

12- Asma Ismail Zeydan – 2002 –Asyntactic study of prepositional phrasis in standard english and Bahdinan kurdish – Supervised By professer Waria Omer Amen – college of arts – Salahaddin University – Arbil – degree of master .

**(٨) – نامەی دکتۆرای زمان دەربارەی بەراوردی زمانەوانی بە زمانی ئینگلیزی**

1- Abdul Hameed Yaqub Jubrail - 1997 – An Applied acontenstive study English and Kurdish segmental systems and structures – Supervised By Waria Omer Amen – Athesis submitted to the council of the college of arts – Salahaddin University – Arbil – In partial fulfilment of the reguirements of the degree of doctor of philosophy .

2- Ali Mahmood Jukil –2004- The process of standarization with reference to English and Kurdish languages – Supervised By professer Dr. Muhammad Maruf Fattah – college of arts – Salahaddin University – Arbil – degree of doctor of philosophy .

3- Waria Azzaddin Ali – 2004- Translation problems of discourse with reference to English and Kurdish – Supervised By professer Dr. Muhammad Maruf Fattah –





college of arts – Salahaddin University – Arbil – degree of doctor of philosophy .

4- Hamza Othman Mohugoran – 2004- Acomporative studay of phonological morkness in English and centeral Kurdish – Supervised By professer Dr. Muhammad Maruf Fattah – college of arts – Salahaddin University – Arbil – degree of doctor of philosophy .

5- Hussein Ali Wali – 2004- Syntactic – semantic level of language and Translation with reference to English and Kurdish – Supervised By professer Dr. Muhammad Maruf Fattah – college of arts – Salahaddin University – Arbil – degree of doctor of philosophy .

6- Muhammad Salih Abdullah Barwari – 2004- Topic in government and binding theory with reference to English and Kurdish – Supervised By professer Dr. Muhammad Maruf Fattah – college of arts – Salahaddin University – Arbil – degree of doctor of philosophy .

**(٩) – نامەی دوکتۆرای ئەدەب دەربارەی بەراوردی ئەدەبیی بە زمانی ئینگلیزی**

1- Dahir Latif Karim – Acomparative study of free verse KURDISH : THE in Arabic and LITERARY CAREERS OF AL_ SAYYAB AND GORAN _ DEPARTMENT OF ARABIC _ UNIVERSITY OF GLASGOM ( PH- D- THESIS )- 1985

*زاهیر لەتیف کەریم – لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکاری شیعری ئازاد لە عەرەبی و کوردی : بەرهەمە ئەدەبییەکانی سەییاب وگۆران ، تێزی دوکتۆرا ، زانکۆی کلاسکۆ ، ١٩٨٥*

٣- زیاد بوونی ژمارەی کتێبە وەرگێراوەکان بۆ سەر زمانی کوردی بە تایبەتی دەقی بەرهەمە ئەدەبییەکانی وەکو ڕۆمان و چیرۆك و هۆنراوە و شانۆنامە و لێکۆڵینەوە ڕەخنەییەکان دەربارەی هەندێ لە بەرهەمە ئەدەبییە بیانییەکان ، هەروەها پەرەسەندنی ژمارەی دەقە ئەدەبییە بیانییە وەرگێراوەکان بۆ سەر زمانی کوردی لە نێو ڕۆژنامەو گۆڤارە کوردییەکان کەوا لە ساڵانی نەوەدەکانی سەدەی ڕابوردوو ژمارەیان لە کوردستانی عیراقدا( کوردستانی خواروو ) ئەوەندە زۆر بووە هەر وەك لافاوێکی ڕۆشنبیریی لێهاتووەو، لە توانای خوێنەری کوردی هاوچەرخدا نییە هەموویان بخوێنێتەوە، تەنانەت هەندێ لەو گۆڤارانە سەرجەمی بۆ بابەتی وەرگێراو تەرخانکراوە· ئەم جۆرە دیاردەیە بە لامانەوە باشترین بوارە بۆ زەمینە خۆشکردن لە بەردەم لێکۆڵەرە بەراوردەکانمان بۆ هەڵبژاردنی دەقە

ئەدەبییە کوردییەکانی هاوشان وەیا لێکچووی هەندێ لەو دەقە ئەدەبییە وەرگێڕاوانە٠

٤- زۆربوونی ژمارەی وەرگێڕە کوردەکان ، کەوا زۆربەیان دەرچووی بەشەکانی زمانی بیانین وەیا بە حوکمی ئەوەی لە وڵاتانی تردا دەژێن شارەزایی باشیان لەمەڕ زمان و ئەدەبی ئەو وڵاتانە هەیە، تەنانەت هەندێکیان بە کاری وەرگێڕانی هەندێ لە دەقە ئەدەبییە کوردییەکان بۆ سەر زمانی ئەو وڵاتانە هەڵساون تا خوێنەری ئەو جۆرە زمانانە هەندێ شارەزایی پەیدا بکەن دەربارەی ئاستی زمان و ئەدەبی کوردی٠

٥- بەشداربوونی چەند لێکۆڵەرێکی کورد بە چەند لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردی بە پێزو سەرکەوتوو لەو کۆنگرەیەی ساڵی ١٩٨٥ لە شاری هەولێر لە لایەن دەستەی ئەدەبی بەراورد لە عیراقدا سازدرا ٠

بەگشتی پرۆژەکەمان بۆ سەرهەڵدانی قوتابخانەی بەراوردی کوردی بریتییە لەم خاڵانەی خوارەوە :-

( ١ )- لە ڕووی زاراوەوە :-

ئەگەر بەوردی وردبینەوە لە واتای زاراوەی ئەدەبی بەراورد ( الادب المقارَن - COMPARATIVE LITERATURE ) وەیا بەراوردی ئەدەبی وەیا ڕەخنەی بەراورد وەیا زانستی ئەدەبی بەراوردکاری ، کەوا هەر یەکێکیان لە نێو قوتابخانەیەك لە قوتابخانە سەرکییەکانی بەراوردی ئەدەبی لەبەر بەڵگەو هۆی خۆی بەکار دەهێنرێ ، ئەوا لە نێویاندا هەندێ جیاوازیمان بۆ دەردەکەوێ ٠ بۆ نموونە مەبەست لە زاراوەی ئەدەبی بەراورد لە قوتابخانەی بەراوردی فەرەنساییدا ئەو جۆرە نووسینەیە بۆ کاری بەراورد تەرخانکرابێ و لایەنی پێوەندی مێژوویی نێوان دەقە ئەدەبییە بەراوردکراوەکان بخاتە ڕوو لە ڕێی دەسنیشانکردنی جۆری ناوەندێتی گواستنەوەی لایەنی کاریگەریی نێوان نووسەری دەقی کارتێکەرو نووسەری دەقی کارتێکراو ٠ ئەم جۆرە کردەوە ئەدەبییە بە لامانەوە دەکرێ وەك کردەوەیەکی ئەدەبیی شیکاری سەیر بکرێ ، بەڵام ناکرێ وەك جۆرە ئەدەبێکی سەربەخۆ دابنرێ ، چونکە نەبوەتە خاوەن سەرفرازی خۆی لە نێو ڕەگەزەکانی ئەدەبدا ٠ هەرچەندە دەکرێ وەك چەشنە ئەدەبێك سەیر بکرێ هەر وەك چۆن دەڵێین ئەدەبی منالآن وەیا ئەدەبی دەروونی وەیا ئەدەبی سۆشیالیستی وەیا ٠٠٠هتد ٠

مەبەست لە زاراوەی بەراوردی ئەدەبی





( المقارنە الادبیە ) ئەو جۆرە کارەیە زیاتر بە ئەرکی خستنە ڕووی جۆری بەراوردکردنەکە هەڵدەستێ ، کەوا لە بواری ئەدەبدا دەکرێ ٠ ئەم جۆرە زاراوەیە سەرەتا لە لایەن ئیبیل فرانسوا ڤیلمانەوە وەك یەکەم مامۆستای زانکۆو داهێنەری ئەم جۆرە زاراوەیە کەوا لە ساڵانی ( ١٨٢٨-١٨٣٠ ) بەکاری دەهێنا ، بەڵام ئەم زاراوەیە پاشتر لە لایەن ڕابەرانی قوتابخانەی بەراوردی فەرەنساییەوە هەندێ دەستکاریکرا ٠ بۆ نموونە زاراوەکە لە سەدەی نۆزدەهەمدا بەلای جان جاك ئەمپێرەوە دەبێتە مێژووی ئەدەبیاتی بەراورد ( تاریخ الاداب المقارن ) و ، زاراوەکە بەلای بالدنسپێرکەوە دەبێتە مێژووی ئەدەبیی بەراورد کراو ( التاریخ الادبی المقارن )و ، زاراوەکە لە سەدەی بیستەهەمدا بەلای پۆڵ ڤان تیگیم و جان ماریە کاریە و فرانسوا گۆیارو هەزارو پێشوا دەبێتە ئەدەبی بەراورد ( الادب المقارن ) ٠

لێکۆڵەرانی بەراورد لە قوتابخانەی بەراوردی ئەمەریکایی حەز لە بەکارهێنانی زاراوەی ڕەخنەی بەراورد ( النقد المقارن ) دەکەن ، چونکە بەلایانەوە لێکۆڵەری بەراورد لە کارە ئەدەبییەکەیدا دەبێ بە جۆرە شیکردنەوەیەکی ڕەخنەیی هەڵبستێ لە کاتی دەسنیشانکردنی لایەنە باش وخراب و جیاوازیو لێکچووی نێوان دەقە ئەدەبییە بەراوردکراوەکان ٠ هەروەها لایەنی خستنە ڕووی ئاستی ئیستاتیکای دەقە بەراوردکراوەکان و ئاستی داهێنانی نێو دەقە بەراوردکراوەکان لە ئامانجە سەرەکییەکانی قوتابخانەی بەراوردی ئەمەریکاییە ٠

سرووشتی زاراوەی ڕەخنەی بەراورد بەلامانەوە جێی پەسەندە ، بەڵام لە بەکارهێنانی توشی کێشەی چۆنێتی ڕەفتارکردن لەگەڵ کاری شیکردنەوەو ڕەخنەی هاوسەنگی ( النقد الموازن ) دەبین ، چونکە هاوسەنگی و بەراورد دوو ڕووی یەك دراوی ئەدەبییە٠

زاراوەی زانستی ئەدەبی بەراورد ( علم الادب المقارن ) زیاتر لە نێو قوتابخانەی بەراوردی سۆشیالیستی چەسپاوەو ، وەك هەوڵدانێکە بۆ بەخشینی مۆرکێکی تایبەتی بە سرووشتی ڕێبازی بەراوردکردنی نێو ئەم قوتابخانەیە ٠ ئەم جۆرە کارە ئەدەبییە ناکرێ بە زانست دابنرێ ، چونکە خودی ئەدەبی بەراورد بە لقێك لە لقەکانی زانستی ئەدەب دادەنرێت ، کەوا بریتییە لە : مێژووی

ئەدەبی و تیۆری ئەدەبی و ڕەخنەی ئەدەبی و ئەدەبی بەراوردکراوو ئیستاتیکای ( جوانی ) ئەدەبی.

زاراوەی ئەدەبی بەراوردکراو ( الادب المقارَن ) لە نێو ئەدەبی عەرەبیدا زیاتر لە زاراوەی رەخنەی بەراورد بەکاردەهێنرێ ، بەڵام ئەم جۆرە ئەدەبە بەلامانەوە بناغەی لۆجیکی نییە ، چونکە خودی زاراوەکە باس لە ڕەگەزە ئەدەبییە بەراوردکراوەکان دەکات نەك لە جۆرە ئەدەبێکی تازە، بۆیە بەلامانەوە وەها باشترە بووترێ ئەدەبی بەراوردکەر ( الادب المقارِن ) کەوا باس لە چەشنە نووسینێك دەکات بە کردەوەی بەراوردکردنی دەقە ئەدەبییەکان هەڵدەستی.

ئێمە لە هەڵبژاردنی زاراوە بۆ ناوی قوتابخانەی بەراوردی کوردیمان زاراوەی بەراوردی ئەدەبیی هەڵدەبژێرین ، چونکە مەبەستی زاراوەکە لە ڕاستیدا جۆری پرۆسەکەیە نەك جۆرە ئەدەبیەکەیە .

( ٢ ) لایەنی زمان :-

ماکی ( توخمی ) زمان بە نیسبەت دەقە ئەدەبییەکانەوە وەك جلوبەرگە بۆ ڕازاندنەوەیان. هەروەها کەرەسەیەکە نووسەری دەق بەکاری دەهێنێ بۆ دەربرینی هەست و نەستی لە ڕێی دەقەکەیەوە ، کەوا وەك پەیامێکە لە نێوان نووسەری دەق وەك پەیامنێرێك و خوێنەری دەق وەك پەیاموەرگرێك. هەروەها زمانی دەق لایەنێکە لە لایەنەکانی شوناسنامەی نەتەوەیی دەقە ئەدەبییەکان و ، بە لامانەوە ڕەچەڵەکی نووسەری دەق و کەشوهەوای دەق و ناوی پاڵەوان و کەسانی نێو دەقەکە لە گەڵ جۆری زمانی دەقەکە دەبنە هۆی دیاریکردنی
شوناسنامەی نەتەوەیی دەقە ئەدەبییەکان .

هەندێ نووسەرو ئەدیب لە ئەدەبی ڕۆژهەلأتدا هەن بە ڕەچەڵەك کوردن و ، ئەم نووسەرانە بە لامانەوە دەکرێ دابەشیان بکەین بەسەر سێ گروپ :

– بەرهەمی ئەدەبیی گروپی یەکەم وەك نووسەرو ئەدیبە کوردەکانی چوار پارچەکانی کوردستان بە گشتی دەچێتە نێو گەنجینەی ئەدەبی کوردییەوەو بۆ بەراوردکردنی لەگەڵ بەرهەمی ئەدەبیی بێگانە دەشێت ، چونکە هەر چوار مەرجەکانی شوناسنامەی نەتەوەیی دەقیان تێدایە.

– بەرهەمی ئەدەبیی گروپی دووەم وەك: یەشار کەماڵ لە تورکیاو عەلی ئەشرەف دەرویشانی لە ئیران و سەلیم بەرەکات لە





سووریاو محی الدین زەنگنە لە عیراقداو...هتد، کەوا بە غەیری زمانی کوردی دەنووسن و، سێ مەرجەکانی تری شوناسنامەی نەتەوەیی دەق لە زۆربەی بەرهەمەکانیان بەدی دەکرێ. ئەم جۆرە بەرهەمە ئەدەبییانە لە قوتابخانەی بەراوردی کوردیدا زیاتر بۆ کارو پرۆسەی هاوسەنگی دەشێن نەك بۆ کارو پرۆسەی بەراورد، چونکە بەلامانەوە بە یەکجاری بە ئەدەبی بێگانە دانانرێن و ، لە ڕەوتی مێژوویی ئەدەبیی ئەو ولأتانە بە زەقی و شانازی باسی بەرهەمەکانیان ناکرێ ، چونکە ئەم نووسەرانە نکۆڵی لە ڕەچەڵەك و هەستی کوردایەتی خۆیان ناکەن بە پێچەوانەی گرۆپی سێیەمی نووسەرانی کورد.

– بەرهەمی ئەدەبیی گرۆپی سێیەمی نووسەرانی کورد وەك : ئەحمەد تەیمورو مەحمەد تەیمورو عائشە تەیمورو عەباس عەقاد لە میسرو جەمیل صدقی زەهاوی و بلّند حەیدەری و عەبدول مەجید لوتفی و یوسف حەیدەری و ..هتد لە عیراقدا کەوا بەرهەمەکانیان بۆ هەردوو بواری بەراوردو هاوسەنگی کوردیی ناشێن، چونکە هەموو مەرجەکانی شوناسنامەی کوردبوونی دەق لە بەرهەمەکانیان بەدی ناکرێ و ، لەم بواردا هەردوو هۆنیار ( شاعیر ) جەمیل صدقی زەهاوی و بلّند حەیدەری لە سەرانسەری سالأنی ژیانیان هەستی کوردایەتییان لە نێو بەرهەمە ئەدەبییەکانیان نە خستوەتە ڕوو، بەلأم هەردوو چیرۆکنووس عەبدول مەجید لوتفی و یوسف حەیدەری لە دوا سالأنی تەمەنیان هەوڵیانداوە خۆیان لە ئەدەبی کوردیی نزێك بخەنەوە.

( ٣ ) لایەنی هاوسەنگی :-

هاوسەنگیی ئەدەبیی جۆرە ڕەخنەو شیکردنەوەیەکی ئەدەبییە دەربارەی ئەو جۆرە دەقە ئەدەبییانە دەکرێ ، کەوا لە ڕووی زمانی دەقەوە هاو چەشنن و ، خاوەن چەندین لایەنی لێکچوونن. هەردوو پرۆسەی هاوسەنگی و بەراورد بەلای هەندێ لێکۆڵەرەوە وەك دوو ڕووی یەك دراوی ئەدەبییە ، هەرچەندە لە ڕووی مێژووییەوە هاوسەنگیی ئەدەبیی کۆنترە لە بەراوردی ئەدەبی .

یەکەمین کارو پرۆسەی هاوسەنگیی ئەدەبیی لە نێو شانۆنامەی ( بۆقەکان ) ی ئەرستۆفانس بەدی دەکرێ ، کەوا ساڵی ٤٠٥ ی – پ . ز – بە بۆنەی جەژنی وەرزی شانۆ لە شاری ئەسینا نمایشکرا. ئەرستۆفانس لەم شانۆ نامەدا جۆرە هاوسەنگییەکی ئەدەبیی

سەرنجڕاکێش و سەرکوتووی لە نێوان یۆربیدۆس وەك شانۆنامە نووسێکی مەرگەسات ( تراژیدیا ) و ئەسخیلۆس وەك شانۆنامە نووسێکی بەزمەسات ( کۆمیدیا ) کردووەو، لە ئەنجامیدا ئەرستۆفانس لایەنگری خۆی بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ بۆ ئەسخیلۆس دەخاتە ڕوو. هەروەها هاوسەنگییە ئەدەبییەکەی ابو القاسم محمد الامدی– کەوا بە ڕەچەڵەك کوردە– لە نێوان هەردوو هۆنیاری عەرەبی کۆنی بەناوبانگ ابو تمام والبحتری کارێکی ئەدەبیی بەناوبانگە لە ئەدەبی عەرەبیی کۆنداو ، الامدی تێیدا لایەنگری خۆی بە شێوەیەکی ناڕاستەو خۆ بۆ بوحتری دەخاتە ڕوو. کەواتە هاوسەنگی خاوەن بەهای تایبەتی خۆیەتی و، هەر سێ قوتابخانەی سەرەکیی بەراوردی جیهانی خاوەن بۆچوون و تێڕوانینی تایبەتی خۆیانن دەربارەی کارو پرۆسەی هاوسەنگیی ئەدەبیی . بۆ نموونە کاری هاوسەنگیی ئەدەبیی لە نێو قوتابخانەی بەراوردی فەرەنسایی ئەوەندە پەسەند نییەو، بە لایانەوە ئەم جۆرە کارە هەر وەك دەرهێنانی شتێکە لە گیرفانی ڕاست و دانانی لە نێو گیرفانی چەپدایە، بەلاّم لە نێو قوتابخانەی بەراوردی ئەمەریکاییدا بەهای تایبەتی خۆی هەیە ئەگەر دەقە ئەدەبییە هەڵبژێراوەکان خاوەن جۆرە داهێنان وئاستێکی ئەدەبیی باش بوون و ، ڕەچاوکردنی ئەم لایەنە لە بواری کارو پرۆسەی هاوسەنگیی ئەدەبیی کوردی کارێکی پێویست و سوود بەخشە بۆ ڕازاندنەوەی قوتابخانەی بەراوردی کوردی و دەوڵەمەندکردنی گەنجێنەی ئەدەبی کوردیی هاوچەرخمان .

بە لامانەوە وەرگرتنی بەرهەمی ئەدەبیی گروپی دووەمی نووسەرانی کورد بۆ کارو پرۆسەی هاوسەنگیی کوردی دەبێتە مایەی دەوڵەمەندی گەنجێنەی ئەدەبی کوردیی هاوچەرخمان. هەروەها بەلامانەوە هەڵبژاردنی ئەو بەرهەمە ئەدەبییە کوردانە کەوا بەتیپ و ڕێنووسی لاتینی و سلاڤی نووسراونە بۆ کارو پرۆسەی هاوسەنگیی نێو پرۆژی قوتابخانەی بەراوردی کوردیمان دەبێتە مایەی دەوڵەمەندی ئەدەبی کوردیی هاوچەرخەمان و، ڕێگا نادات لایەنی جیاوازی ڕێنووس ببێتە پەرژێنێك لە نێو بەرهەمە ئەدەبییە کوردییەکان ، چونکە خاوەنی ئەو جۆرە ڕێنووسە بەکارهاتووە لە نێو بەرهەمەکانیان گوناحی خۆیان نییە و، باجی بارودۆخ و چەوسانەوەی نێو دەوڵەتییکورد دەدەن، کەوا پاش لەتکردنی کوردستان لە ئەنجامی پەیمانی لۆزان بەسەر میللەتی کوردو ئەدەبەکەیدا هاتووە.

( ٤ ) لایەنی ڕەگەزی ئەدەبی :–

لێکۆڵینەوە لە سروشتی ڕەگەزە ئەدەبییەکان دەچێتە نێو خانەی تێوری ئەدەبی لە زانستی ئەدەبدا ، بەلاّم جۆری ڕەگەزە ئەدەبییە بەراوردکراوەکان گرنگی خۆی هەیە لە نێو شەنگستەی قوتابخانەکانی بەراوردی ئەدەبیدا. بۆ نموونە هەردوو قوتابخانەی بەراوردی فەرەنسایی و سۆشیالیستی ڕێگا نادەن بە بەراورد کردنی ڕەگەزە ئەدەبییەکان، وەك بەراوردکردنی دەقێکی هۆنراوەیی لەگەڵ دەقی چیرۆکێك ، بەلاّم قوتابخانەی بەراوردی ئەمەریکایی ڕێگا بەو جۆرە بەراوردە دەدات بەمەرجێك خاوەن داهێنان و ئاستێکی هونەری بەرز بن.

ئێمە لێرەداو لە پێناوی پێکهاتن و سەرکەوتنی قوتابخانەی بەراوردی کوردیمان وەهای بە باش دەزانین سوود لەلایەنی ئاسانکاری قوتابخانەی بەراوردی ئەمەریکایی وەربگرین بۆ بەراوردکردنی دەقێکی ئەدەبیی کوردی لەگەڵ دەقێکی ئەدەبیی بێگانەی ڕەگەز جیاواز ئەگەر هات و لایەنی لێکچوون وەیا هاوشانی و هاوتەریبی لە نێوان هەردوو دەقە بەراوردکراوەکە، وەبا شێوازی هەردوو نووسەری دەق هەبوو ، وەیا هاوچەشنی لە نێوان ئاستی داهێنان و بینای هونەریی هەردوو دەقەکە هەبوو.

هەروەها پێویستە سوود لە مەرجی هاوڕەگەزی دەقە ئەدەبییە بەراوردکراوەکانی نێو هەردوو قوتابخانەی بەراوردی فەرەنسایی و سۆشیالیستی وەربگرین بۆ بەراردکردنی جۆرە ڕەگەزێکی ئەدەبی کوردی لەگەڵ هەمان جۆرە ڕەگەزێکی ئەدەبی بێگانە ئەگەر هات و هەندێ لایەنی لێکچوون لە نێوانیادا هەبوو بە حوکمی سەرهەڵدانی جۆرە کارتێکردنێك لە نێوان هەردوو نووسەری دەق.

( ٥ ) لایەنی کیشوەری :–

قوتابخانەی بەراوردی فەرەنسایی زیاتر جەخت دەکاتە سەر تەنیا هەڵبژاردنی دەقە ئەدەبییە ئەوروپاییەکان بۆ بەراوردی ئەدەبی ، چونکە بە لایانەوە ئەدەبی گەلانی تر لە ئاستی پلەی گەشەسەندنی ئەدەبی ئەوروپایی نین و ، هەر ئەم جۆرە بۆچوون و لایەنە یەکێك بوو لە هۆکارەکانی بەرپەرچدانەوەو سەرهەڵدانی قوتابخانەی بەراوردی ئەمەریکایی ، کەوا ڕێگا بە وەرگرتنی دەقە ئەدەبییەکانی دەرەوەی کیشوەری ئەوروپا بۆ کاری بەراوردی ئەدەبی دەدات و، ئەم جۆرە دەرگا

والاکردنە سوودی خۆی هەیە بۆ قوتابخانەی بەراوردی کوردیمان ، چونکە وەك مافێکی ڕەوای خۆمان بۆمان هەیە دەقێکی ئەدەبیمان لەگەڵ دەقێکی ئەدەبیی ئەوروپایی وەیا غەیری ئەوروپایی بەراورد بکەین. هەروەها نابێ خۆمان ببەستینەوە بە شەنگستەی قوتابخانەی بەراوردی فەرەنسایی کەوا ڕێگا نادات بە بەراوردی دەقە ئەدەبییە هاو زمانەکانی سەر بە هەندێ وڵاتی جیاواز ، چونکە کۆمەڵی کوردەوارییمان لە یەکتری جیا ناکرێتەوە هەتا ئەگەر بە زۆرە ملێ خاکەکەی لەت لەتکرابێ و بە سەر هەندێ وڵاتدا دابەشکرابێ و، بەم شێوەیە جۆری قوتابخانەی بەراوردی کوردیمان لەگەڵ قوتابخانەی بەراوردی ئەمەریکایی جیا دەبێتەوە، ڕێگا بە بەراوردی دەقە ئەدەبییە هاو زمانەکان دەدات بە مەرجێك سەر بە وڵات و کۆمەڵی جیاواز بن.

( ٦ ) لایەنی بابەتی فۆلکلۆری :-

ئەدەبی گەلانی جیهان کەم و زۆر خاوەن گەنجینەی خۆیان لە بواری بابەتی فۆلکلۆریدا، کەوا خاوەنیان نادیارەو سادەو ساکارن و مۆرکی کۆمەکییان پێوە دیارە .یەکێك لە خەسڵەتەکانی ئەدەبی کوردیمان دەوڵەمەندبوونی گەنجینەکەیەتی لە ئەدەبی فۆلکلۆری ، کەوا زیاتر بریتییە لە سەرگوزەشتەو مەتەڵ و پەندی پێشینان و قسەی نەستەق...هتد.

*هەردوو* قوتابخانەی بەراوردی ئەمەریکایی و فەرەنسایی ڕێگا نادەن بە وەرگرتنی بابەتی فۆلکلۆری بۆ بەراوردی ئەدەبی لە بەر دیار نەبوونی خاوەنی و لاوازی بینای هونەریی دەقەکانی ، بەلام قوتابخانەی بەراوردی سۆشیالیستی ڕێگا دەدات بە وەرگرتنی بابەتی فۆلکلۆری بۆ بەراوردی ئەدەبی بە مەرجێ بیری خێرخوازی تیایاندا هەبێ ، چونکە لایەنی بیری پێشکەوتنخوازیو بیری خێرخوازی بەهای تایبەتی خۆی هەیە لە قوتابخانەی بەراوردی سۆشیالیستیدا، کەوا پشت بە شەنگستەکانی فەلسەفەی مارکسییەت - لینینییەت دەبەستێ.

ئەم جۆرە ڕێگا دانە بە وەرگرتنی بابەتی فۆلکلۆری بۆ بەراوردی ئەدەبی لایەنێکی سوود بەخشەو پێویستە لە قوتابخانەی بەراوردی ئەدەبیی کوردیمان کەڵکی لێوەربگرین ، چونکە زۆر جار بە ئاسانی هەندێ لایەنی لێکچوو لە نێوان دەقی فۆلکلۆریی گەلان بەدی دەکرێ و ، لە ئەنجامدا بابەتی فۆلکلۆریی کوردی دەبێتە کەرەسەیەکی باش و لەبار لە ژێر





دەستی لێکۆڵەری بەراوردی کورد.

( ٧ ) لایەنی ئەکادیمی :-

وەك دابونەریتێکی ئەکادیمی زۆربەی زانکۆکانی جیهان کورسی تایبەتییان بۆ وانەی بەراوردی ئەدەبی تەرخانکردووەو ، لەم بوارەدا مامۆستای پسپۆری تایبەت دادەنرێ بۆ وتنی وانەی بەراوردی ئەدەبی و، جۆزیف تێکست بە یەکەم مامۆستای خاوەن کورسی تایبەتی وانەی بەراوردی ئەدەبیی لە زانکۆی سۆربۆنی فەرەنسایی لە سەدەی نۆزدەهەمدا دادەنرێت و ئەم جۆرە دابونەریتە ئەکادیمییە تا ئەم ڕۆژگارە لە زۆربەی زانکۆکانی جیهاندا هەیە. ئێمەی کوردیش پێویستیمان بەم جۆرە دابونەریتە ئەکادیمییە هەیە لە زانکۆکانی کوردستاندا لە پێناو زیاتر گەشەسەندنی وانەی بەراوردی ئەدەبی لەم زانکۆیانە تا ئاستی لێکۆڵەری بەراوردی کوردی زیاتر پەرە بسێنێ لە ڕووی ئەکادیمییەوە.

( ٨ ) لایەنی کارگێری :-

پاش پەرەسەندنی بەهای بەراوردی ئەدەبی و، بەستنی یەکەم کۆنگرەی جیهانی لە ساڵی ١٩٥٦دا ، تا ئێستا هەژدە کۆنگرەی جیهانی بۆ بەراوردی ئەدەبیی لە وڵاتانی جیهاندا بەستراوە. هەروەها دەستە وەیا کۆمەڵەی بەراوردی ئەدەبیی تایبەت لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا هەیەو، لە عیراقدا دەستەی بەراوردی ئەدەبی هەیە ساڵی ١٩٨٥ کۆنگرەی خۆی لە شاری هەولێر بەست و تێیدا چەندین بابەتی ئەدەبیی بەراورد بە هەردوو زمانی عەرەبی و کوردی پێشکەشکرا. لێرەدا پێویستە ئێمەی کورد وەك میللەت و نەتەوەیەك خاوەن دەستەیەك وەیا کۆمەڵەیەکی بەراوردی ئەدەبی بین بۆ زیاتر ڕێکخستنی کاروباری بەراوردی ئەدەبیی کوردیمان تا بەهۆیەوە بتوانین لە کۆنگرەکانی داهاتووی دەستەی بەراوردی ئەدەبیی جیهانیدا بەشداری بکەین .

( ٩ ) لایەنی ڕۆشنبیری :-

زۆربەی وڵاتانی جیهان خاوەن گۆڤاری تایبەتن بە بەراوردی ئەدەبی، بۆیە جەخت لە سەر ئەوە دەکەین کەوا وەختی ئەوە هاتووە ئێمەی کوردیش بیرێکی دڵسۆزانە لە دەرچوونی گۆڤارێکی تایبەت بە بەراوردی ئەدەبی بکەین ، چونکە ئەم جۆرە گۆڤارە دەبێتە هاندرێکی باش بۆ نووسین و بڵاوکردنی چەندین لێکۆڵینەوەی بەراورد لەمەڕ ئەدەبی کوردیمان.

لە کۆتایی پێشکەشکردنی ئەم پرۆژەیە بە سەرجەم نووسەران و

رۆشنبیرانی کورد ئومێدەوارین بۆچوونی خۆیان دەربارەی خاڵەکانی ئەم پرۆژەیە بخەنە ڕوو بۆ زیاتر دەوڵەمەندکردنی پرۆژەی سەرهەڵدانی قوتابخانەی بەراوردی ئەدەبیی کوردی و ، جگە لە دڵسۆزیو دڵپاکیو نیازپاکیو خەمخواردنی گەشەسەندن و پەرەسەندنی ئەدەبی کوردیی هاوچەرخمان و دروستبوونی کەسایەتیی بەراوردی ئەدەبیی کوردیی تایبەت لە جیهانی بەراوردی ئەدەبیی هاوچەرخ هیچ مەبەستێکی تایبەتمان نییە لەم جۆرە پرۆژەیەو، هیمەت لە هەمووان و سەرکەوتنیش لە خوای مەزنەوە بۆ سەرهەڵدانی قوتابخانەی بەراوردی ئەدەبیی کوردی.

*ملخص للبحث الموسوم بـ*

( نحو مدرسة كردية للمقارنة الأدبية )

تُعَد المقارنة الأدبية من إحدى فروع علم الأدب المهمة ، لكونها ذات صلة حية وفاعلة ببقية فروع علم الأدب من حيث التأثير والتأثر ، والذي يتكون من تأريخ الأدب والنقد الأدبي ونظرية الأدب والمقارنة الأدبية وجمالية الأدب ۰

وللمقارنة الأدبية دورها المشهود في تعزيز الصلة الحضارية بين ثقافة وأدب شعوب العالم في ماضيها وحاضرها ، حيث تقوم المقارنة الأدبية بدراسة تلك النصوص الأدبية المكتوبة بلغات مختلفة ، والتي تمتاز بروعة الأفكار وجودة الأسلوب لأصحاب النصوص الأدبية المقارنة ۰ ولذا شهد تأريخ الأدب العالمي ظهور عدة مدارس للمقارنة الأدبية خلال القرنين المنصرمين ، وكانت المدرسة الفرنسية للمقارنة الأدبية دورها الريادي من حيث الظهور والفاعلية والأستمرار حتى يومنا هذا ، بالأضافة الى مدرستَي المقارنة الأدبية الأمريكية والأشتراكية اللتان تُعدان أيَضاً من المدارس الرئيسة في مجال المقارنة الأدبية خلال القرن الماضي وحتى يومنا هذا ۰ وهناك أيضاً مدارس أُخرى للمقارنة الأدبية ظهرت خلال القرن الماضي مثل مدارس المقارنة الأدبية الهندية والبرازيلية والعربية اللواتى لازلن لحد الأن تبذلن جهوداً حثيثة لأجل أثبات هويتها القومية وحضورها الفاعل في مجال المقارنة الأدبية ، واللواتي أستفدن من بعض مبادىء مدارس المقارنة الأدبية الفرنسية والأمريكية والأشتراكية في صياغة بعض مبادئها ۰

ولكون الأدب الكردي الحديث والمعاصر يمتاز ببعض السمات الأبداعية والقيّم المؤثرة في مضامينها وجمالية الأساليب الأدبية لدى بعض الأدباء الكرد في أرجاء





كردستان بشكل عام ۰ ولأجل أثبات الهوية القومية الكردية للثقافة الكردية المعاصرة في مجال المقارنة الأدبية ، لذا يقدم الباحث مشروعه الأدبي هذا والموسوم بـ ( نحو مدرسة كردية للمقارنة الأدبية ) ، والذي يتكون من تسعة أقتراحات يجدها ملائمة حالياً لميلاد مثل هذه المدرسة ۰ ويراوده الأمل بأن ينال هذا المشروع الأدبي ثقة المثقفين والأدباء الكرد أينما كانوا ، وكذلك يراوده الأمل في مناقشة أفكاره وأقتراحاته ضمن مشروعه المقترح لأجل تطوير وتعزيز الخطوات البناءة لميلاد مثل هذه المدرسة الأدبية الكردية في عصر مناداة وتمتع أُمم العالم بأستقلالها الفكري والحضاري " خاصة وأن نفوس الكرد يصل حالياً لما يقارب الأربعين مليون نسمة في أرجاء كردستان المعمورة ۰والله من وراء القصد ۰۰

*الباحث في سطور :*

ولد عام ١٩٥٥ في بغداد / محلة باب الشيخ ۰أكمل مراحل دراسته الثلاث ( الأبتدائية والمتوسطة والأعدادية ) في بغداد۰حصل على الدبلوم العالي في عام ١٩٧٦ من معهد المهن الصحية العالي في بغداد ۰حصل على الماجستير في عام ١٩٩٣ من قسم اللغة الكردية في كلية التربية / أبن رشد — جامعة بغداد ، وكانت رسالته للماجستير موسومه بـ ( الواقعية في الرواية الكردية المعاصرة )۰حصل على الدكتوراه في عام ٢٠٠٠ من قسم اللغة الكردية في كلية التربية / أبن رشد — جامعة بغداد ، وكانت أطروحته للدكتوراه موسومة بـ ( الصورة الثيمية في قصائد طوّران والسياب — دراسة مقارنة )۰له أكثر من ثلثمئة مقالة ودراسة أدبية منشورة باللغتين الكردية والعربية في المجلات الصادرة في العراق۰ صدرت له عام ١٩٨٩ ترجمته العربية لنص الرواية الكردية القصيره المشهوره والموسومه بـ ( مسأله الضمير ) للكاتب والشاعر الكردي المعروف أحمد مختار الجاف۰له حالياً مسودات خمسة كتب أدبية كردية بأنتظار الطبع۰عضو في الأتحاد العام للأدباء والكتاب ، وعضو في جمعية المترجمين العراقية۰يعمل حالياً كأستاذ جامعي مختص بالمقارنات الأدبية الشرقية والنقد الأدبي المعاصر۰



د. محمد شوانی

# هزری کۆمەلایەتی لە هۆنراوەی فۆلکلۆری کوردیدا

فۆلکلۆر بە گشتی و لە ناو فۆلکلۆریشدا گۆرانی میللی بە تایبەت پەیوەندیەکی راستەخۆی بە ژیانی کۆمەلآیەتی کۆمەڵگاوە هەیە ،رەنگدانەوەی رەوشی ژیان و پەیوەندیە خێزانیەکان و باری چینایەتی و قۆناغەکانی پەرەسەندنی کۆمەڵگاکەیە ، فۆلکلۆر هەموو شت دەگرێتەوە(١) ،بە لایەنی مادی و مەعنەوی بەرهەمەکانی کۆمەڵگاوە ،یەکێك لەوانە گۆرانیە .

گۆرانی جگە لەوەی گوزارشت لە خۆشی و ناخۆشیەکانی کۆمەڵگا دەکات بە شێوەی هۆنراوە رێکخراوەو ئاوازێکی تایبەتی هەیە، ئەمەش وای کردووە ئاسان لەبەردەکرێ و دەماودەم بۆ نەوەکانی تر ئاسانتر دەگوازرێتەوەو لەهەموو





بەشەکانی تری فۆلکلۆر زیاتر بەرگە دەگرێ و توانای خۆپارێزی هەیە ولەبیر ناچێتەوە ،بۆیە دەکرێ لە رێگای توێژینەوە لە گۆرانی فۆلکلۆری کوردیەوە ،وردەکاریەکانی ژیانی کۆمەلآیەتی کورد لە قۆناغێك لە قۆناغەکانی گەشەکردنیدا روون بکرێتەوە ،کەرت وبەش و توخم ورەگەزە پێکهێنەرەکانی ژیانی ئەو قۆناغە لێکبدرێتەوەو تا رادەیەك وەکو خۆی درووست بکرێتەوە ،نەوەی ئێستامان شارەزاو ئاشنا بێت بە چۆنیەتی ژیانی کۆمەڵگای کوردی لە رابردوویدا ،بۆ نموونە هزری کۆمەلآیەتی کوردی لەمەڕ بابەتەکانی پەیوەست بە ئافرەت و خۆشەویستی و ئازادی تاك و سنوورەکانی دەسەلآتی باوك لە خێزاندا چۆن بووە، یان مەڵبەندی ئابووری و کالآو شمەکی باش وبازاڕە گرنگەکانی کوردستان کوێ بوون و کارگەو کارخانەی بەناوبانگی ئەو قۆناغە لەکام شاری کوردستاندا بووە یان پەیوەندیە بازرگانیەکانی کورد لە ناوچەکەدا لەگەڵ کوێ و لەگەڵ کێ بەهێزبووە، شوێنە پیرۆزەکانی کورد کوێ بوون و بۆ نزاو پاڕانەوە وبەدیهاتنی حەزو خۆزگەو مورادی دڵدارانی کورد روو لە کوێ کراوەو عاشقانی کورد لە کێ پاراونەتەوە ،چونکە لەبەستەو مەقام و حەیران ولاوکی کوردیدا باسی هەموو ئەو رووداوانە کراوە(٢) بە هۆنراوەی زۆر جوان و پڕ ماناو رێك لە رووی کێش و سەرواوە،یان بە هۆی لاوك و پەخشانە حەیرانەوە وێنەی ئەو ژیانە کێشراوە کە کوردی تێدا ژیاوە ، هەروەها لە میانەی گۆرانی فۆلکلۆری کوردیەوە دەکرێ ئاستی پەیوەندیەکانی زمانی کوردی بە زمانی گەلانی دراوسێیەوە بزانین و چۆنیەتی وەرگرتن و سوودبینینی کورد لە وشەو زاراوە بیانیەکان چۆن بووەو وشە رەسەنەکانی کورد لەم بوارەدا بناسینەوە ،بۆیە من پێموایە گۆرانی فۆلکلۆری کوردی تەنیا پەیوەندی بە ئەدەب و هونەرو وێژەوە نیە بەڵکو کەرەستەو سەرچاوەیەکی زۆر بە پیتە بۆ توێژینەوە مرۆڤناسی و کۆمەڵناسی و ئابووری و دەروونیەکان بە گشتی ،لەبەرئەوەی ژیانی کۆمەلآیەتی چەمکێکی زۆر فراوانە ،بەزەحمەت سنوورو رەهەندەکانی دیاری دەکرێت ، ئەگەر دیاریش بکرێت ئەستەمە تەواوی بابەت و توخم و رەگەزەکانی چوارچێوەی ئەم ژیانە کۆمەلآیەتیە پۆلێن وریزبەندی بکەین ،ئەگەر بە پێی پێویستیە سەرەکی و لاوەکیەکانیش ژیانی کۆمەلآیەتی پۆلێن بکەین و لە ناو پێویستیەکانیشدا دیسان چەندین

ریزبەندی جیاواز هەیە،لە ناو ئەمانیشدا بە پێی قۆناغە مێژووییەکان و ئاستی پێشکەوتن و پەرەسەندنی خودی ئەم ژیانە کۆمەڵایەتیە پێویستیەکانیش دەگۆڕێن ،بۆیە ئەو پۆلێنکردنانەی بۆ بابەتەکانی پەیوەست بە ژیانی کۆمەڵایەتیەوە دەکرێن ،نەگۆڕ نین و ناتوانین ئەدەب بە گشتی بە پێویستیەکی لاوەکی بدەینە قەڵەم و تا هەتایە گۆرانی بۆ نموونە بە پێویستیەکی لاوەکی بمێنێتەوە ،ئەگەر جاران پەیوەندی بە خۆشی وناخۆشی ژیانەوە هەبووبێت ،ئەوا ئەمرۆ توێژینەوە لەو بابەتە بووە بە پێویستیەکی سەرەکی و بنچینەیی چونکە پەیوەستە بە مێژووی نەتەوەیی و ساغکردنەوەی بەشێکی گرنگی مێژووی زمان و ژیانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگاکە .

نەك هەر ئەمە بەڵکو ئاستی گرنگی پێدانی ،واتە گرنگیدان بە فۆلکلۆر و پێکهاتەکانی ،رەنگدانەوەی پێشکەوتنی هزری کوردی و هۆشیاربوونەوەی نەتەوەیی دەردەخات ،وردبوونەوەیە لە بابەتی خۆناسین و زیندوو کردنەوەی لایەنە پرشنگدارەکانی مێژووی نەتەوەیی ،ئەم خۆناسینەش یان ئەم هەوڵدانە بۆ خۆناسین لە ناو گەلانی جیهاندا بوونی هەیەو لە قۆناغێك لە قۆناغەکانی پەرەسەندنیاندا بەدەر دەکەوێت ،واتە ئاوڕدانەوەمان لە فۆلکلۆرو کەلەپووری نەتەوەیی هێماو ئاماژەیە بۆ ئاستێکی پێگەیشتنی ئەقڵی و هۆشیاری .

ئەگەر هۆنراوەو گۆرانی فۆلکلۆری ئەو رەهەندە فراوزانە بگرێتەوە کەلەسەرەوە ئاماژەمان پێدا ،لە توانای کورتە باسێکی وەك ئەم نوسینەدا نابێ شیکردنەوەیەکی قوڵ بۆ چەندین پارچە هۆنراوەی فۆلکلۆری کوردی بکات و بە نمونە چەندین کێش و ئاوازی جیاواز بێنێتەوە ،بۆیە لەم بابەتەدا هەوڵ دەدەین چوارینەیەك  بە نموونە بێنینەوەو ئاماژە بەچوارچێوەی هزری کۆمەڵایەتی لە میانەی رەهەندە کۆمەڵایەتی و ئابووری و هزری و زمانەوانیەکانیەوە بکەین ،واتە ئەم دێڕانە لەرووی کۆمەڵایەتیەوە چۆن گوزارشتیان لە پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان و دەسەلاّتی رەگەزی واتە دایك یان باوکسالاری کردووەو لەرووی پیشە و دەستکارو نەخشی ئابووری باس لە کوێ کراوەو تێبینیمان لەسەر زمانی ئەو قۆناغەو تێکەڵاوی بەزمانانی تر چۆنەو بە گشتی ئاستی بیرکردنەوەی تاکی کورد بە پێی ناوەڕۆکی چوارینەکە چۆن بووە .دوواتر ئەگەر پێویستی کرد بە هەمان بیروبۆچوون بە هۆنراوەی تر فۆلکلۆری





یان هۆنراوەی شاعیران دەوڵەمەندو بەهێز بکرێت ،ئەوەی شایانی باسە ئەم هۆنراوانەم لەسەرچاوەو نوسینی سەربابەتەکانی فۆلکلۆرەوە وەرنەگرتووە ،بەڵکو بۆ خۆم لە شایی و هەڵپەرکێی کوردیدا یان لە (گەڕەلاوژە)( ) ی کۆڕی شەوانەی لادێ نشینەکاندا بیستووە ، ئیتر نازانم ئەگەر لەسەرچاوەیەکیشدا هەبن ،یان نوسەرو دڵسۆزێکی ئەم گەلە پێشتر ئەمانەی کۆ کردبێتەوە و بڵاوبووبێتەوە من نەمبینیوە .

یەکێك لەو هۆنراوە فۆلکلۆریانەی بە ئاوازێکی زۆر خۆش گۆرانیبێژانی لادێی لە شاییەکاندا دەیانگوت ،هەرگیز لە بیرم ناچێتەوە ،بریتی بوو لەو چوارینەیەی خوارەوە :

هەروا دەڕوا بەناو (دێ)دا
کەوشی (سابلاّخ)یی لە (پێ)دا
(سۆلی) زەردەو (مەحس)ی تێدا
(دایك)ت کوێربێ تۆی بە (کێ)دا

ئەگەر هەر دێرێك لەو چوارینەیە شی بکەینەوە ،لێکدانەوەی زۆر هەڵدەگرێت ، جگە لە لایەنە هونەریەکەی، لە رووی (کێش و سەروا) لە چ ئاستێکی هونەری بەرزدایە ، هۆنەرەکەی یان شاعیرەکەی چ توانایەکی زمانەوانی و هەڵبەست دانانی هەبووە ، مرۆڤ سەرسام دەبێت لادێییەکی نەخوێندەوار چۆن توانیویەتی هەستی پەنگ خواردووی دەروونی بەرامبەر دڵبەرەکەی بەم شێوەیە دەربڕێت ،ناچار وەکو

(خەجاتۆر ئاپۆڤیان ) بڵێین لە هەر کوردێکدا هەست وبەهرەی شاعیری بەدی دەکرێت(٣) ، کورد هەموویان هەر بە سکماك شاعیرن و زمانی کوردی کێش و سەرواو ئاوازێکی شیعریی تایبەتی هەیە ، وەکو ئاماژەمان پێکرد جگە لەم لایەنە هونەریە بەرزەی هەردێرێکی شایەنی لەسەر وەستان و هەڵوەستە کردنە ،چونکە هەر یەکێکیان پرسیاری گرنگ دەوروژێنن و توێژەری زانستی خۆی دەوێت زانستیانە وەلاّمیان بداتەوە ،بۆ نمونە ،بۆچی دەڵی (هەروا دەڕوا بە ناو (دێ)دا؟ ئەوە کچی کێیە ئازادو سەربەستەو هەروا بێ لەمپەرو بەربەستێك بە ناو دێدا دەروات؟ ئایا کۆمەڵگای لادێ نشینی کوردی بۆ  تێکەلاّوی نێرو مێ و گەڕان و سوڕانەوە و دەرچوونی ئازادانەی ئافرەت بەربەستێکی چینایەتی و ئاینی و کۆمەڵایەتی نەبووە؟ یان ئەم دەرچوونە تایبەت بووە بە چینێکی دیاریکراوو هەر بە دەرچوونەکەیدا بیناسینەوە ئەم ئافرەتە لە کام چینی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگای کوردی بووە؟ لە لایەکی ترەوە

ئەگەر هۆنراوەی فۆلکلۆری کوردی لەم ئاستە هونەریە بەرزەدا گوزارشت لە ئاستێکی دیاریکراوی سەربەستی ئافرەت و دەرچوونی بکات لە لادێدا ئایا ئەم دەربڕینە لەگەڵ هۆنراوەی شاعیرانی کورددا تەبا و گونجاوەو ئەوانیش بە هەمان شێوە گوزارشتیان لە ئازادی ئافرەت کردووەو لەمپەرێکیان نەدیوە لە دەرچوونیدا؟یان بە پێچەوانەوە هۆنراوەی فۆلکلۆری باس لە ئازادی دەکات و شاعیرانیش باس لە دیلی و دەست بەسەری و دەرنەچوون و هەبوونی دەرکەوان دەکەن ؟ ئەمە بابەتێکی ترە ، هەوڵدان بۆ وەڵامدانەوەی زانستیانەی ئەو پرسیارانە دەمانباتەوە ناو شیکردنەوەی چینایەتی کۆمەڵگای کوردی و بەراوردکردنی هۆنراوەی فۆلکلۆری و شیعری شاعیرانی کوردی ،ئەمەش توێژینەوەیەکی تایبەت هەڵدەگرێ .

لە دێڕی دووەمدا دەڵێت (کەوشی سابڵاخی لە پێدا) ،ئەمە ریکلامێکی بازرگانی گرنگە ،لەسەردەمێکدا رۆژنامەو گۆڤارو تەلەفزیۆن و کەناڵەکانی راگەیاندن نەبوون ،بۆ ریکلامی بازرگانی و فرۆشتنی کاڵاکان ،رەنگە هۆنراوەو گۆرانی و پەبندو قسەی نەستەق کە لە شوێنە گشتیەکاندا گوتراونەتەوە باشترین ریکلام بووبێت بۆ بە دەرخستنی بایەخ و گرنگی هەر کاڵایەك ،(کەوشی سابڵاخ)ی دەبێ جۆرێکی تایبەتی پێڵاو بووبێت و خەڵکانێکی دیاریکراو لە پێیان کردبێت ،ئەمەش بەرەو ئەوەمان رادەکێشێت ئەو پرسیارە بکەین ئایا ئەم جۆرە کەوشە هەروەکو مۆدێلێك بە (سابلاخی) ناوی دەرکردووە، ئیتر مەرج نیە لە کوێ دروستکراوەو دەسکاری هەر جێگەیەکی تر بووبێت ، یان نەخێر ،ئەم جۆرە پێڵاوە لە مەهاباد دروستکراوەو ناوبانگی باشی هەبووەو بە کوردستاندا بڵاو بووەتەوە؟ لێرەوە دەکرێ ئەو قۆناغە مێژووییە ،تا رادەیەك ، دەست نیشان بکەین کە ئەم هۆنراوەیەی تێدا درووست بووە ،ئەگەر مێژووی گەشەکردنی ئابووری و بازرگانی لە کوردستاندا بخوێنینەوە وبە سەرتاکانی وەرچەرخانی چینایەتی و پەیدابوونی پیشە دەستیەکاندا شۆڕ بینەوە .

بۆمان دەردەکەوێت لە چ سەردەمێکدا کاڵای درووستکراوی شارە کوردیەکان ،لە ناویاندا درووستکردنی پێڵاو بە تایبەتی لە مەهاباد دا کەی ئەو ناوبانگەی هەبووەو بازاڕی شارەکانی تری کوردستانی پڕ کردووە ،دوواتر کەی پاشەکشەی کردووە لەبەردەم کاڵای بیانی و لە جێگەیدا پێڵاوی ئیتالی و ئەڵمانی و..هتد ناوبانگیان پەیدا کردووە ،هۆکارەکانی ئەم گۆڕانکاریانە چی بوون .

جگە لەم ئاماژە کۆمەڵایەتی و ئابووریانەی لە میانەی هۆنراوەکەوە دەتوانین سەرنجیان بدەین ،لە رووی زمان و وشەی هاوبەشی نێوان زمانی کوردی و زمانانی تر ،دەبینین لە دێڕی سێیەم و لو درێژەی وەسف کردنی کەوشەکەدا دەڵێت:

(سۆلی) زەردە و (مەحس)ی تێدا

سەرەڕای ئەو خوێندەواری و تێکەڵاوی و کرانەوەیەی لە کۆمەڵگاکەماندا هاتووتە کایەوە ، رەنگە هێشتا زۆربەی کورد ئەمرۆ نەزانن (سۆلی)چیە و لە ئاخاوتندا هەر بەکاری نەهێنن ،کەچی باوباپیرانمان سەرەڕای نەخوێندەواریان لە هۆنراوەو گۆرانی هەڵپەڕکێدا بەکاریان هێناوە ،سەیر نیە ئەگەر ئەمڕۆ لە بواری راگەیاندن وتەکنۆلۆژی وبازاڕو ناوی کەرەسەو ئامێرە نوێیەکاندا سەدان ووشەی زمانی بیانی بەکاربێنین وسەدان ووشەی زمانە بیانیەکانیش هاتبنە ناو زمانی کوردیەوە بەڵام ئەوەی جێگەی سەنج ولێڕامانە هەبوونی سەدان ووشەی زمانێکی وەکو ئینگلیزیە لە گۆرانی فۆلکلۆری کوردیدا هەروەکو دەزانین لە رووی جوگریافیەوە کورد وئینگلیز هەر یەکە لە لایەکی گۆی زەوی دەژین و هەزاران کیلۆمەتری رێگایان لە نێواندایە بۆیە ئەمە جۆرە راڤەکردنێکی تر هەڵدەگرێت تا هۆکارەکانی ئەم هاوبەشیە بزانین ، هیوادارم بتوانم لە بەشێکی تری ئەم نوسینەدا بێمە سەر ئەو باسە .

لێرەدا ووشەی (سۆلی)بۆ جۆرە پێڵاوێکی تایبەت وەکو نەعل یان هەر ژێر کەوشێك بەشی سەرەوەی تەواو نەکرابێت ،بەکاردێت ،لە زمانی ئینگلیزیشدا (Sole) هەمان مانای هەیەو جۆرە پێڵاوێکە لای دوواوەی یان سەرەوەی پاژنەی تەواو نەکراوە و کراوەیە. دەبێ کەوشی سابڵاخی وەکو سۆلی بە پێستەیەکی خۆشەکراوی رەنگ کراوی زەرد پێشەکەی درووستکرابێت و بە (مەحس)، ئەمیش پێستەیەکی خۆشەکراوی بۆیە نەکراوە ،لای دوواوەی گیرابێت ،یان وەکو نەخش ونیگار و بۆ پاراستنی لە تەڕبوون لەسەر ژێرکەوشەکە بە مەحس ریزێك چنرابێت ،خۆزگە جگە لەوەی کورد مۆزەخانەی کەلەپوورو جل و بەرگ و کەرەستەو ئامێرەکانی دەبوو ،لە هەر زانکۆیەکیشدا لە ناو زانستە کۆمەڵایەتی ومرۆییەکان وەکو تاقیگە ،مۆزەخانەیەك دەبوو بۆ قوتابیان وخوێندکارانی ئەو بەشە تا توێژینەوەیان

لەسەر بکەن .

لە دێڕی کۆتایی چوارینەکەدا لە دەرگای بابەتێکی کۆمەڵایەتی زۆر گرنگی داوەو ئاماژە بە سیستەمێکی کۆمەڵایەتی تایبەت دەکات ،لە دێری کۆتایی هۆنراوەکەدا هاتووە دەڵێت :

(دایك)ت کوێربیٚ تۆی بە (کێ)دا

ئەم دێڕە هۆنراوەیە شایانی توێژینەوەی زانستی زۆر قووڵە ،پەیوەندی بە دایکسالاری و باوکسالاریەوە هەیە ،دەبێ دایك لە بەشوودانی کچدا رۆڵی زۆر گرنگی هەبووبێت ،هەروەکو لەپەروەردەکردنیشدا رۆڵی هەبووەو لە پەندی پێشینان و قسەی نەستەقیشدا ئەم رۆڵە رەنگی داوەتەوەو چەندین نموونە هەیە گوزارشت لە کاریگەری دایك دەکەن لەسەر کچ ،وەکو ئەو پەندە گەرمیانیەی خۆمان (دایکە بدوینەو دوێتە بخوازە) واتە کچ هەمان شێوەی دایکەو ئەگەر لە بینینی دایکیدا هەموو رەفتارو هەڵسوکەوتیت بە دڵ بوو بێ سێ و دوو کچەکەی بخوازە و دوودڵ مەبە لە هاوسەرگیری ،هەروەها (گیا لەسەر بنجی خۆی دەڕوێتەوە) یان (ئەوەی بیخۆی بەشیری تەرکی ناکەی بە پیری) هەموو ئەمانە جەخت لەسەر رۆڵی دایك دەکەن ،بۆیە لە هۆنراوەو گۆرانی فۆلکلۆریشدا ناڵێ باوکت کوێر بێ یان براکەت کوێربێ تۆی بە کێ دا ،بەڵکو دایك خاوەن بڕیاری کۆتایی بووە ،ئەم بابەتە لە زانستەکانی کۆمەڵناسی و مرۆڤناسیدا جێگایەکی تایبەتی هەیە و جێی مشتومڕو دەماقاڵەی نێوان زاناکان بووە ،چونکە پەیوەندی بە جۆرەکانی هاوسەرگیری و ژن ومێردایەتی و دەسەڵاتی خێزانیەوە هەیە ،بۆ نموونە زانایەکی مرۆڤناسی وەکو (مەردۆك )توێژینەوەی لەسەر بەراوردکردنی (٢٥٠)کۆمەڵگا کردووە لە رووی جۆری خێزانیەوە(٤) ئێمەش لە کۆمەڵگای کوردیدا کەلەپورێکی فراوانمان لەم بوارەدا هەیە و پێویستیان بە توێژینەوەیە .





**پەراوێزو سەرچاوەکان :**

١–نەقابەی ماموٚستایان ،لقی هەولێر ، سەرنجێك لە دەروازەی فۆلکلۆری کوردەوە ، چاپخانەی ئیرشاد ، بەغدا ، ١٩٦٩، ل: ٨–١٣.

٢–ئەسعەد عەدۆ ، لاوك –حەیران – هۆنراوەی میلی لە فۆلکلۆری کوردیدا ، لە بڵاوکراوەکانی نواڵەی نوێ ،هەولێر ، ٢٠٠٦، ل: ٢٠–٢٩

• – گەڕەلاوژە واتە گۆرانی گوتنی دەستەجەمعی یان گۆرانی گوتنی بە نۆرەو یەك لە دووای یەك ،ئەمە وەکو گەمەو یاریەکی کوردەواری بوو بە تایبەتی شەوانی زستان کۆمەڵە پیاوێك لە ماڵی یەکێك لە گوند نشینەکان ، دراوسێکان کۆ دەبوونەوە یان لە سەردانی نەخۆش وبەهۆی نەساغی کەسێکەوە دادەنیشتن و دەستیان دەکرد بە گۆرانی گوتن ،بەریز پێدا دەهاتن ئەوەی لەوماڵە دانیشتبایە دەبوو گۆرانیەك بڵێ ، ئیتر هەر یەکەو گۆرانیەکی دەگوت ،هەریەکەو لە ئاوازێکی دەخوێند ،من بۆ خۆم کە هەرزەکار بووم لە گوند بووین لە سەرەتای هەشتاکان بە هۆی پەروەردەی خێزانیەوە زۆرجار لە شەرمان رەنگم سوور هەڵدەگەڕا و پڕ چاوم فرمێسك دەبوون و زۆر بەزەحمەت توانیومە لەو گەڕلاوژانەدا گۆرانیەك بڵێم .

٣–دکتور شکریە رەسول ئیبراهیم ، ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی ،بەشی دووەم ، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین ،هەولێر ،١٩٨٤، ل: ٨٧

٤–الدکتور عاطف وصفي ، الانثروبولوجیا الثقافیة ، دار النهضة العربیة ،بیروت ، لبنان ، ١٩٧١، ص ١٦٥.



سەباح ڕەنجدەر

# بەشداریکردنی شیعر لە ئامادەکردنی هەقیقەتدا

## بەشی دووەم و کۆتایی

ڕەخنە

نووسین لەبارەی دەقەکانم ڕێک خراون، ئایا بوونەتە هۆیەک لەدید و دیدگایانەوە بە خۆمدا بچمەوە، ڕەخنە ئامرازێکە بۆ باش تێگەیشتن لە ئەدەب، جۆرە سەرلێشوانێک بۆ خوێنەر بەدی ناهێنێت. سەربەخۆیی دەق و خوێنەر گرینگە، کردەیەکی شارستانی و زانستییە ڕۆشنبیر سەداسەد خۆشحاڵە پێی، بەڵام لەو ڕەخنانەی وەک مەبەست ڕای دەکێشمە ناو ئەو نووسینە یەکێکیانم بۆ دەستنیشان نەکرا پسپۆڕانە لەناو دەقێکم بە پرۆگرامێکی ئەکادیمی، یان خەیاڵێکی داهێنەرانە کاری کردبێت و بەشێک لە کردەی ڕەخنەییی لەناو خۆیدا هەڵگرتبێت. کەم ئەزموونی و کەم و کورتیی دەقی منی خستبێتە بەردەم کۆمەڵێک نیشانە، یان خوێنەری خستبێتە





خوێندنەوەیەکی تایبەتییەوە، کە پشت بە میتۆدەکانی ڕەخنەگر ببەستێت.

ئەو دیاردانە وامان لێدەکەن بپرسین ئەرێ ئەم نووسینانە بۆ ڕێک دەخرێن. هەقیقەت لە کوێیە. ئایا هیچ لەو نووسەرانەی، کە ڕۆشنبیریی خۆیان ئامادەیی لە نووسینە ڕێکخراوەکەدا نەبینیوە، توانیویانە پێوەندییەکانی نێوان دەقەکانم بخوێننەوە و خۆیان تێیدا ئامادە بکەن بۆ کارێکی زانستیانە توانای مانەوەی هەبێت، خاڵێک، یان چەند خاڵێکی قەناعەت پێکەر بخاتە ناو گفتوگۆوە، کە مەترسی بێت بۆ ئەو بیروڕا هونەرییانەی من پێشکێشم کردوون، ئاراستە و بڕوای منیان پێکهێناوە.

ڕەخنەگرانی ئەکادیمی و خەیاڵ ساغیش، توانیویانە پانتایەکی هەمیشە ئامادەی ئەزموونم پیشان بدەن. هەستیارییەکی قووڵی تێدابێت لەناوی ئاسوودە بیربکەمەوە و پەیوەست بم بە خەونی نووسین. هەمیشە بڕوایەکی پتەویشم بە جیهانیی منداڵییەوە هەیە. ئەو هەستە پاکەی لە گیانی منداڵییەتی پەروەردەکراوە. هەمان هەستی پاکیش لە سروشتدا دەجووڵێت.منداڵی و سروشت ناوەندێکن لەهەموو لایەکەوە بۆیان دەچم.

لە پێوەندییە برادەرییەکانم بەهەموو هەستەکانمەوە ڕێز لەبەرانبەر دەگرم، کەچی زوو لەوە حاڵی دەبم بەرانبەر پێویستە وەک گوێزێکی پووچ لە لێژایی فڕێ بدرێت. چۆلەکە پشت و پێش و تەنیشتی خۆی دەبینێت. خاوەنی بینین و مەودایەکی بێشوماریشە. بە پێچەوانەی چۆلەکە یەک ئاراستەی بینینم بۆ ژیان هەیە. ئاراستەی بینینی هەقیقەت و هەرەمی ڕۆشنبیری و داهێنان، پەیڕەویشی دەکەم. چ زیانێکیش بەو هۆیەوە پێم بگات پێی زەرەرمەند نابم.

دیاردەی بێزراو لە ئەزموونی شاعیریەتیی من بیندراوە، هەبووە بە نووسینێک بردوومیەتە کەشکەڵان، دوای ماوەیەکی ئێجگار کورتیش هەر خودی هەمان کەسی خاوەن ئاراستەی کەشکەڵان بوونی ئەدەبیمی ڕەتکردووەتەوە، کە ئەو ماوە ئێجگار کورتە ناتواندرێت وەک گۆڕان و ئەزموون لە دید و دیدگا تەماشا بکرێت.

ئەگەر نووسەر خۆی لە ئەنجامی ئەزموون و کارکردنی لەناو ئاماژە ئەدەبییەکاندا گەیشتبێت بەو دوو ئاراستەیەی کارکردن وەک ئاکامی وەرچەرخانێک بیر لە ئاستەکان دەکەمەوە و پێی خۆشحاڵ

دەبم. ئەگەر مایەی سوودوەرگرتن بێت، سوودیشی لێ وەردەگرم، بەلاّم ئەگەر لەژێر چاوڕوونی و ڕازیکردنی دژەکانم ئەو هەڵگەڕانەوەیەی کردبێتە داو و هێڵێك و کردەی نووسینی بەدوادا ببات لەوانەیە بتوانێت لە ماوەیەکی ئێجگار کورتدا بە چەند ئاراستەیەکی دیکەشدا کێش و نیشانە و ئاراستەکردن وەربگرێت.کاری ڕەخنەگر لەسەر ئەم پایە دەوەستێت سەنگی ئەدەب لە ڕۆشنبیریی کوردی دەربخات. هەندێك نووسین لە ئاستی هەرە بەرز ڕایان گرتووم. بێگومان ئەمەیان زێدەڕۆییی تێدایە. هەشە بە شێوەیەك دایپلۆسیوم لە نزمترین ئاستی ئەدەبی دیاریکراوی کردووم. ئەمەشیان بێگومان ونکردنی ڕۆشنبیریی تێدایە.

خۆشم لەو دوو بەرەی دژ بەیەکە باش حاڵیم،داهێنان لەو پاداشتە نییە، کە لە ڕەخنەگر، یان هێزی بالاّدەستی سیاسی وەردەگرێت. خورپەی دڵ فەرمانڕەوایی بەردەوامیی داهێنانە. دیارییەکە خودا و زمان ئەو خورپەی دڵەمان دەدەنێ و ئاشکرای دەکەن.

هیچ ڕستەیەك لەبارەی نووسینێك نامدرەوشێنێتەوە هەست و دەروونی نووسەرەکەی تێیدا ئازاد نەبێت تا سەر ئێسکان گیر بخوات لە خولْقاندنی دوو دیوی، لەگەڵ هەموو نووسینێکدام، تەنیا لەگەڵ ئەو نووسینەدا نیم ڕك و بوغز و تاکتیکی سیاسەت تێیدا دەستەلاّتداربێت.ئەو نووسینانە هۆشیاریی ڕەخنەیان تێدا بەکار نایەت. زیاتر چاودێری نووسینن. ئەمجۆرە ڕەتکردنەوانەش تەنیا شکست بۆ خاوەنەکەی تۆمار دەکەن. شکستییەکەش دەبێتە بابەتی لادانی ڕەخنە لە میتۆدە ڕەخنەییەکان و ئەم و ئەو ڕازیکردن لەسەر ڕەنجی ئەو دەقانەی خاوەنی هەقیقیترین بنەمای شیعرییەتن.

هەندێك لە نووسینی بێزراو بەشێوەیەکی گاڵتەجاڕانە ئاماژەیان بەو وێنە شیعرییە: (شەمەندەفەر گوڵەبەڕۆژەی مێژوو دەکرتێنێت) داوە.

لە ئایندەشدا گاڵتەکردن بە ئەزموونی سەرکێشان بەردەوام دەبێت. پێش منیش گاڵتە بە ئەزموونی سەرکێشانی دی کراون،دواتریش بوونەتە هێمایەکی ڕوون و زۆر درەوشاوە: نموونە گۆران، کە توانیویەتی سیمای داهێنانی تاقانەی خۆی دەربخات چووەتە ناو هەندێك کۆڕو کۆمەڵ، نیمچە ڕۆشنبیریی کەم ئەزموون و ناڕۆشن بە (هەلوور بەلوور تەکامە— زەرد





و سوور و شەمامە) تانەیان لێداوە.لەبەر ئەوەی شیعری لەدەرەوەی ژیان دەرهێنا و کردەی بە ژیان. ئەم دەربڕینەیان وەك بەهانایەك دەهێنایەوە، کە لەسەر ئەم کێشە خۆماڵییە سیماکانی شیعری کوردی دەرخستووە. بەهەرحاڵ ئەرێ ئەو ڕێزدارانە کێ بوون و لەمێژوودا چییان پێ کرا. لەمڕۆدا ئێمەمانان چەندیان دەناسین، وەك ڕەگ و سەرچاوەی چێژبەخش پێوەندییە نادیارەکانی خەیاڵ کردن و بیرکردنەوەمان لێك ئاشکرابکەن. لە لێکجیابوونەوە و پێکەوەبوونیانیش هاوگونجانێك نیشان بدەن، یان لەپانۆرامای داهێنان لە کوێندەر دەستنیشانیان بکەین.ئەوانەی هەقیقەتی داهێنانی مەزنیان زانیوە ئەوە دەزانن، کە گۆران توانی دیوانی نوێبەخشی شیعری کوردی بنووسێت و لەگەڵ تێپەڕینی ڕۆژگار پێگە و ناوبانگ و شاعیرییەتی زیاتر بدرەوشێتەوە لەوەی، کە خۆی لە ژیاندا مابوو هەیبوو. کەواتە بەرهەمهێنانی شیعری بێگەرد و ئەفسوونی هەموو سەردەمەکان و بەگەڕخەری هێزی ژیانە. لێکدانەوەی شیعر یەك لەو گوناهانەیە، کە لێخۆشبوونی بۆ نییە، لە لەدەستدانی ئەزموونی ئێستێتیکای بەشێك لەنووسینی کوردی، لە لێکدانەوەی ئەم وێنە شیعرییەم داوای بوردن لە گیانی بەهێزی ئەم گوناهە دەکەم، ڕەنگە خوێنەر هەندێکجار تێگەیشتنی بۆ دەق بگاتە ئاستی تێگەیشتنی نووسەرەکە و قووڵتریش بچێت.

دەقی من کەم تا زۆرێك هۆشیارییەکی جیاکاری هێناوەتە گۆڕێ و لەناو کولتووری کوردییەوە هاتووەتە بەرهەم، ڕەنگە هۆیەکەشی ئەوەبێت ویستبێتم لەناو ئەم کولتوورەدا هەوڵ بۆ خۆبوونی خۆم بدەم. ئەم وێنەیەش بەرهەمی بیری گەرمی منە، خەیاڵی شاعیرییەتیم لە هێنانە پێشەوەی منداڵی تاقی کردووەتەوە.

یەك لە جەژنەکانی هەفتایەکان، جەژنانەکانم پەنجا فلس بوو، لەگەڵ یەك لە کوڕەکانی مامم چووین پەنجا فلسەکەمان خستە سەر هێڵی ئاسنینی شەمەندەفەر بەو نیازەی، کە بەسەریدا بڕوات پەنجا فلسەکە گەورە دەبێت و فۆرمی سەد فلسی وەردەگرێت. بە ئەنجامی ئەو کردارە دەتوانین چێژ زیاتر لە جەژن وەربگرین. کەچی بە شێوەیەکی وا هەردوو دیوی پەنجا فلسەکەی سڕییەوە شوێنەواری پارەی پێوە دیار

نەما. جا شەمەندەفەر لە چێژی جەژنێك بێبەشی کردووم و چێژی ساتێك لە منداڵیی کوشتووم.

لەم وێنەیەدا سڕینەوەکەم وەك کاردانەوەیەك کار پێکردووە و جووڵاندوومە.بەلای زۆرێك شەمەندەفەر هۆی گەیاندن و گەشت و خۆشحاڵییە، بەڵام لەدید و دیدگای ئەو کاتی من وەك دڕندەیەکی ترسناك تەماشا دەکرا، هەروەها وەك وێنەیەکی ڕووبەڕووبوونەوە و گرژبوون بەکار براوە. شەمەندەفەر هاوتاکراوە بە کەسایەتیی دیکتاتۆر و جووڵێندراوە، کە هۆی نەشونما کردنی ژیان و زمان و نیشانە دەسڕێتەوە.

هێزی خود لەم وێنەیەدا دەسەڵاتدارە، دەقئاوێزانییەکی نیشانە ناسیشم لەنێوان هێزی نووسین و هۆشمەندیی کۆمەڵگادا دۆزیوەتەوە. دۆزینەوەی ئەم دەقئاوێزانییە لە کێشی ڕەخنەنووسێك نییە، کە خاوەنی پرۆژەی دۆزینەوە نەبێت.

شوێن و هێما و هێزی خود چالاك لە دەربڕینەکانمدا وێنەیان زۆرە، بەڵام تا بڵێی پڕ سرووشی هەمەچەشنی مرۆڤ و شێوە و شێوازی تەقینەوەی خێرا.

لەبارخراپی کێشە و گرفتی ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا هەندێك لە نەوەی پێش خۆم و نەوەی دوای خۆمی گوێڕایەڵیان، بەهەولی گرووپێکی لێك نزیك،نووسینم لەبارە ڕێك دەخەن. بە ئاشکراش کار بۆ ئەم هاوکارییەیان دەکەن. گرووپ دووبارەکردنەوەی ڕەفتاری خێڵایەتییە، بەهەمان جۆر و دەستووری سەلەفیانە بەڕێوە دەچێت. هەر خەوندیدەیەك ئەفسانە و ناوەندێکی زاڵ و کاریگەرە لە نووسیندا، ئەو ئەقڵییەتە کۆنخوازانەی بڕوایان بە بیرکردنەوەی ئەوی دی نییە.ترسی هەڵوەشانەوە وەك عەلیشیشی گیڤبووەوە دەیانباتەوە ناو قەبارەی سروشتی خۆیان. کەواتە دژایەتیکردنەکە بە سروشتی و تۆمارکردنی ناکۆکیی ئەوی دی وەردەگرم. نووسەر بینینی ژیان و سەیری دنیاکردنی بووە کۆنترۆڵکردنی ئەوی دی لەگەڵ دەروون و بیرکردنەوەی خۆی گەییوەتە کۆتاییەکی بێزراو. نووسەرێکیش لەگەڵ خودی خۆی گەیشتە کۆتایی، گۆڕنەتەڵە و مردۆخە، پێویستە بچێت داوا بکات لەخانەی پیر و پەککەوتووەکان ناونووس بکرێت.بگرە و بەردەم لەگەڵ ئەوی دی نییە، بینینی ژیان و سەیری دنیاکردنم لەگەڵ دەروون و بیرکردنەوەی خۆم هەمیشە لە ئەزموون و نیشانە ناسیدایە. گرووپ دەستکردی







دەسەڵات و هێزی باڵا دەستی سیاسییە.

کار پێکردنیشی بە نیازی ڕێ پێ بزرکردن و دووچاری گرفتکردنی ئەوی دی خۆی ترسێکی کەمەرشکێنە لە ئەزموونی پڕ شایەن بە ئاماژە، باوەڕ پتەویشم بەهێزی خەونبینیم بۆ نوێبەخشی، وا دەبینم یەك یەك دەگلێن و ڕووبەڕووی داهێنان شەرمەزار و چاو بەرەوژێر دەبن. خاوەن پرۆژەش دەبێت بە خاوەنی ئەو سەروەرییە بێدەنگییەی کە دەقە، هەروەها جیاکاریی نەوە جیاکارەکانیش بە دیاردەیەکی تەندروست دەزانم و ڕێزی لێ دەنێم، بەڵام بێز لەو بارە ناسروشتییە دەکەمەوە لەسەر بنیادی ڕوانین دروستی ناکەن و ئێرەیی و حوکمی پێشینەی بێ سوود بەڕێوەی دەبات. بە هیچ جۆرێکیش بیرم لەوە نەکردووەتەوە هێڵی هاوبەشی خۆم لە شیعری کوردیدا جیا بکەمەوە، بەڵام هەردەم ئەو بیرکردنەوەیە دەمخواتەوە، کە هەنگاوێکی چوست و بنچینەیی دیکەبم لەئەزموونی قەناعەت پێهاتووی خۆم.لەهەموو ناوەندێکی بەگێچەڵیش دوور دەکەومەوە، سەرگەرمی بەدیهێنانی خەونی نووسین دەبم.

لە سەرجەم دەقەکانیشدا ئاراستەیەکی خەونیم دەربڕیوە، من وەك کەسایەتیی خەونێکم لەشیعرەوە بەرهەمهاتووم، خەونیش ڕادەگەیەنم.نادیارییەك لەخەوندا هەموو گەمارۆکانی شکاندووە، نووسین ڕاوی ئەو نادیارییەیە. خەون درەوشانەوەی واقیعە، زمان لە دەقی خەونیدا ئامرازی گەیاندن نییە، ئامرازی سرووش و چالاکیی وێنەیە. ئاسانە بگەیت بە ئەوی دی، بەڵام ئاسان نییە بگەیت بە خودی وریای خۆت، کە گەیشتیی بە خودی وریای خۆت، دەرەوە و ئەوی دی بەلاتەوە دەبنە شتێکی لاوەکی، یان زۆر لاوەکی. گەیشتووم بەو قەناعەتە ڕەهایە تەمەن و کات هەر هێندە بار و بوار و ماوەم دەدەن بزانم من چیم لە ژیان دەوێت، بەگرینگیشی نازانم، بزانم دەرەوە و ئەوی دی چیان لە من دەوێت.

ئیلتیزامم بە بڕوا هونەرییەکانی خۆمەوە هەیە، کولتووری تایبەت بە خۆشم هەڵبژاردووە و کاری پێ دەکەم. هەستیش دەکەم کۆمەڵگای ئێمە چووەتە ناو نەریت و ڕابردوو، پێویستە دەربهێندرێت.

**خوێندنەوە**

شێوازی خوێندنەوە بەشێك لە بەهای چێژی لەناو خۆیدا هەڵگرتووە، سەرەنجام ئەم گواستنەوەی چێژەش دەبێتە بەشێك لە ڕۆشنبیریی گوێگر. شیعر وەك دەق،

شیعر وەك شێوازی خوێندنەوە. دوو یەکەن لەیەك سەرچاوەوە پەرەیان نەگرتووە. وەك دەق دەسەڵاتی جوانی و بیرکردنەوە لە چێژدا دروست دەکات.

وەك شێوازی خوێندنەوەش، دەنگ و جووڵە و هێماکانی دەست و ڕوخسار ڕۆڵی جوانی و بیرکردنەوە دەگێڕن و دروستی دەکەن.

ئەزموونی شیعر خوێندنەوەی ناو هۆڵ و بەر میکرۆفۆنم هەیە، بەڵام شێوازی خوێندنەوە و دەنگ و جووڵە و هێماکانی دەست و ڕوخسارم پێوەندیی خۆی لەگەڵ گوێگر نادۆزێتەوە، نەتوانینی گواستنەوەی مانا و جوانیی لە نائاگاییم دەجووڵێت و مەوداکانی بیرکردنەوەی خۆم لەگەڵ مەوداکانی چێژی گوێگر سەرچاوەکانیان تا ڕادە و ئاستی ڕژانە ناو یەك لێك نزیك نابێتەوە.

شیعر شوێنی ڕاستەقینەی گرتووە. چڕبوونەوەی چێژی کۆمەڵگای کوردیش لەشیعردا بووەتە ناوەند. هیچ هونەرێکی دی هێندەی ئەم بەشە پەروەردەی چێژی کۆمەڵگای نەکردووە. هەندێك خورپەی بزربووی ناخ هەن، ڕەگەزەکانی دیکەی ئەدەبی نایدۆزنەوە.تەنیا شیعر لەباری درەوشانەوەیدا دەتوانێت بیاندۆزێتەوە.

نووسین و هونەر ئاراستەیان بەرەو ژیان وچێژە، بەڵام کردەی داهێنانی پەتی، ستایشی ژیان نییە لە پێناوی چێژدا، تێڕوانینی نوێ لەبارەی ژیان و چێژ دەخولقێنێ و دەیکاتە قەناعەتی مرۆڤ، مرۆڤی نوێبەخش و بەخشندەش ڕازەکان دەدۆزێتەوە.

### تێپەڕاندن

بەهیچ شێوەیەك بڕوام بە تێپەڕاندن نییە، بگرە بڕوام بەگۆڕان و جیهانبینی جیاکار هەیە. تا ئێستاش نەمتوانیوە بڕوا بەوە بهێنم نالی، باباتاهیری تێپەڕکردووە، هەروەها گۆران جەستەی شیعری کلاسیکی بەتەواوی جێ هێلاوە. ئێمەمانانیش خاڵی جیابوونەوەی ڕەهامان لەگەڵ نەوەی پێشخۆماندا نابێت. دەقئاوێزانییەکی بەهێز لەنێوان هەموو نەوەکاندا ئاشکرایە و لەوانەی دوای ئێمەمانانیش بەردەوامیی دەمێنێت. وا دەبینم هەر ڕۆژ و ڕۆژگارێك جیهانبینی خۆی بەسەر کەسی خاوەن جیهانبینی ڕۆشنکەر و هێمای هەمەچەشن دەسەپێنێ.وەك چۆن هەموو وەرزێك بە فراوانی سەیری ئاو و هەوای تایبەت بەخۆی دەکات و دەیسەپێنێتیش، ئەم ئاو و هەوایەش کەم و زۆرێك کاریگەریی





بە بارستی خۆی بەسەر نەشونمای درەختەکان جێ دەهێڵێت. ئەوەی تێبینم کردووە نەوەی پێش ئێمە ستوونی ژیانیان هێنایە ناو شیعر و ئەزموونیان کرد.ئێمە ستوونی و ئاسۆیی و بازنەیی ژیان و خەیاڵ و خەونمان هێنایە ناو شیعر و فراوانتر ئەزموونمان کرد و دەوڵەمەندتر ناساندمان.



مەحمود نەجمەدین

# شیعرێک لە سەدەی بیستەوە بۆ سەدەی بیست و یەک

## تراژیدیا لەشیعری شێرکۆ بێکەسدا

### بەشی سێیەم

لەبەشی یەکەمدا لەبارەی شیعری قارەمانێتی لەئەزموونی شێرکۆبێکەسدا دواین و لەم بەشەدا لەبارەی تراژیدیای کورد لەئەزموونی شێرکۆبێکەسدا دەدوێین. تراژیدیا وێنەیەکی غەمگین و تاریکە لەئەزموونی زۆر شاعیردا جێگای خۆی کردوەتەوە، بەتایبەت ئەو ئەدیبانەی ژیانیان دەکەوێتە رۆژگاری شەڕ و کاولکارییەوە، ئەدیبی راستەقینە هەرگیز ناتوانێ خۆی لە تراژیدیا بشارێتەوە، ئۆرهان پامۆکی تورک لە رۆمانی بەفردا رەخنە لە دەسەلاتی تورک دەگرێت و تراژیدیای ئەرمەن دەنووسێتەوە، تۆلستۆی تراژیدیای شەڕو کاولکاری روسیا دەنووسێتەوە، ئەحمەدی شاملو چیرۆکی قامچی دەستی ئەفسەرێك دەگێڕێتەوە کە پشتی مرۆڤێکی بێگوناه سوور دەکاتەوە. لە ئەزموونی مەحمود دەروێشدا شیعر






گەلێکی غەمگین هەن گوزارشت لە تراژیدیای فەلەستین دەکەن، رووداوە سیاسیەکانی کوردستان و کارەساتە خوێناوییەکان خەیاڵی گەلێك شیعر و شاعیری کوردیان داگیرکردووە، لەئەزموونی عەبدوڵڵا پەشێو و رەفیق سابیر و لەتیف هەڵمەت و شێرکۆ بێکەس و.... هتد نەخش ونیگاری تراژیدیا دەبینرێ. لای شێرکۆ بێکەس زمانی شیعر وخەیاڵی شیعری چیرۆکی ئەنفال و کیمیاباران و حوزیرانی شەست وسێ و شەڕ و کوشت و بڕ و داستانەکانی شۆڕشی کوردی دەگێڕێتەوە. ئەزموونی شیعریی شێرکۆ بێکەس زۆرترین وێنەکانی تراژیدیای کوردی تێدایە. وێنەکانی ئەنفال و هەڵەبجە لە زۆرینەی شیعرەکانی شێرکۆبێکەسدا دەبینرێت. شیعر جیاواز لەوەی روویداوە بەزمانی شیعر وزمانی خەیاڵ و فانتازیا. زمانێك کە سەرئەنجام تێکستی ئەدەبی بەرهەم دەهێنێ. نەك گێڕانەوەی واقیع. گۆڕستانی چراکان رۆمانەشیعرێکی شێرکۆ بێکەسە، ئەم تێکستەی شاعیر وێنەکانی ئەنفالە، وێنەکان لەنیشتمانی گیا و شاخەوە بۆ بیابانەکانی خواروی عیراق. حیکایەتی ئەنفالە. وێنەی قیژە و هاواری منداڵ و ژنی کوردە. خەیاڵی شاعیر قیژە دەکات بە وێنەیەك ولە گریان ئاوازێك دەخولقێنێ. بەتێکست کردنی تراژیدیای ئەنفال کارێکی قورسە و ئەنفال بەرلەوەی پێنووسێك بینووسێتەوە بۆ خۆی تێکستێکی گەورەیە. لەگەڵ ئەوەشدا شاعیر لە گۆڕستانی چراکاندا سەرکەوتووانە وێنەکانی ئەنفال بە وشە نیگار دەکات وخەیاڵێکی دەوڵەمەند هەیە شیعر بەرهەم دەهێنێ. رۆمانێك بەزمانی شیعرییەت بەرهەم دەهێنێ. گوزارشتەکان دەمانبەنە نێو قیژە و هاواری ئەو تراژیدیایەوە. گۆڕستانی چراکان گەشتێکی تراژیدیە لە سروشتی کوردییەوە بۆ بیابانی عەرەبی گەشتێکی خۆڵەمێشی بە بابل سۆمردا دەڕوات و وێنەکانی مەرگ و هاوار و قیژەمان نیشان دەدات، گەشتێك بەدیرۆکی خوێندا، زمانی ئەم تێکستە زمانی غەمگینی و کارەساتەو شاعیر لە تێکستەدا حیکایەتی ئەو هەناسانە دەگێڕێتەوە کە لم خنکاندنی و بە کەربەلا و نوگرەسەلمان و بەغدا دا دەڕوات. شاعیر لەگۆڕستانی چراکاندادەڵێت

(لەگەڵ من
من ئەگەر پێشت نەکەوم

نەئەسپی ئەفسانەو نە مەراڵی خەون و
نەتیری شیعر ونەبای جادووگەر
بەو مەرگانە نازانن
نەیەکە و نەدووە و نەسێیە ونەهەزار
شوێنم کەوە
دەستبگرە بە پرچمەوە
من ژنێکی خەڵکی زینانەم
ناوم کاڵێ یەسەرگوزوشتەی دۆزەخ
ودۆزەخەوان و
بەیتی حەشر وقیامەت و حیکایەتی دابڕان
و
لەلای منە!
ئەوەی کەئاو پێی نازانێ و
ئەوەی کە داری سەرە ڕێ وباڵندەکان
پێیئەزانن، کورتەی خەمە وئیجگار کەمە
من بۆخۆم قیژەی ناو چاڵ و
من رەنگی شەوی درندە و
من بۆنی جەستەی پاسفندەی
بەردەم سەگە رەشی ئەوێ و
ئافاتەکەی سیاساڵ بووم)!

ئەمە وێنەی هەناسە تاساوەکانی ئەنفالە و کاڵی کچێکی ئەنفالە و گێڕەرەوەیەکە لە چاڵەکانی مەرگەوە حیکایەتەکانی ئەنفال دەگێڕێتەوە. حیکایەتێك لەچوارچێوەی خەیاڵی شیعری و زمانی ئەدەبدا تێکست بەرهەم دەهێنێت.



لەزاری کاڵێوە شاعیر باسی دابڕانی مرۆڤی کوردی دەکات لە ئەنفال دا، وێنەی دۆزەخی دەستکردی بەعسیەکان نیشان دەدات. کاڵی شاهیدێکی غەمگینە لەنێو چاڵەکانی بیابانەوە گەڕاوەتەوە تا حیکایەتی دۆزەخی بیابانمان بۆ بگێڕێتەوە. شاعیر وێنەی ئەنفال بەدۆزەخ دەچوێنێت، کاڵی ئەو حیکایەت خوانەیە کە دەمانباتە نێو تۆپزاواوە. تۆپزاوا وەك دەروازەی دۆزەخ وێنا دەکات. وێنەی مەملەکتێکە ترس داپۆشیوە. وێنەی گەشتی شاخ و ئاو دەکێشێ بۆ بیابانەکان. زمانی شیعر گوزارشتە لەزەلیلی شاخ، مەلولی ستران. شاعیر لەبەشێکی دیکەی ئەم ئەزموونەدا وێنەی بەربەرییەکان دەکێشێ و زوڵمی





ئەنفال بە عەقڵی ئەمەوییەوە گرێ دەدات. گوتاری ئەنفال حیکایەتەکەی بۆ مێژووی فتوحات دەگەڕێتەوە و شاعیر دەیەوێت بەراوردی عەقڵی بیابان بکات کە هەمان عەقڵیەتی سەدەکانی رابردووە، بیابان بە هەمان رۆحی فتوحاتەوە ئەنفال دەگێڕنەوە بۆئیمان. شمشێری ئەمەوی و حوجاجەکان و زیلە سەربازییەکان تەواو کەری یەکن. دەنگی قیژەی ژن و ئازارەکانی ژن و غەمگینی ژن لەگۆڕستانی چراکاندا ئامادەگییان هەیە و شاعیر وێنەی زوڵمێکی غەمگین دەکێشێ وێنەی ئاوەڵ کراسی ژنی کورد بە زیلی سەربازییەوە. شاعیر بەزمانی شیعر حیکایەتی زەلیلی مرۆڤی کورد دەگێڕێتەوە و گێڕانەوە کامێرایەك و بە نێو بیاباندا دەگەڕێت و درامایەکی مەلوول پەخش دەکات

شێرکۆبێکەس بەزمانی خۆڵ و چاڵەکانی مەرگ قیژە و هاوار دەنووسێتەوە. وێنەی زریکە و هاوارەکانی مەرگ نیشان دەدات. کاڵێ چیرۆکی زەلیلی ئەنفال دەگێڕێتەوە و دەحام و عەدنان و قەیحان چیرۆکی سەرکەوتن و شانازی دەگێڕنەوە . دەحام وەك نوێنەری لەشکری دواهەمین فتوحات باس لەهاتنی خۆیان دەکات. دەحام باس لە دانەوینەوەی شاخ دەکات و حیکایەتی سەرکوتکردنی یاخیبووان دەگێڕێتەوە. لە زاری دەحامەوە باسی راجیمە و تۆپ و گوللە دەکات. ئەنفال درێژەی هەیە لە زەمەنی شمشێرەوە تا زەمەنی راجیمە. شاعیر بیابان وەك گۆڕستانێکی گەورەی جەستەی کورد نیشان دەدات. بیابان مۆزەخانەی ئێسك و پروسکی مرۆڤی کوردییە. سروشتی ئەم تێکستە سروشتی بیابانە. وێنەکانی کەلتووری بیابان و کەش وهەوا ورەنگی بیابانە.شاعیردەڵێت:

لەوبیابانەی خوارەوە
لەهەر جێیەك هێڵەکێ خۆڵ
ببێژنەوە
لەسەر گۆزەری هێڵەکدا
ئەبێ هەر وردە نینۆکی پەنجەیەك و
یان وردە ئێسکی لۆلاقی
کوردێکی تیابدۆزنەوە!

ئەم پارچە شیعرە وێنەی بیابانمان وەك گۆڕستانێکی گەورە نیشان دەدات و بیابان لەمۆزەخانەیەکی مەرگ دەچێت، سروشتی لم وەك خۆڵەمێشی جەستەی سووتاوی مرۆڤ وایە. بنچینەی لمی بیابان وردە ئێسکی مرۆڤەکانە. شاعیر ئاوازی ئازاری خاك دەنووسێتەوە. لە

پارچەشیعرێکی دیدا زەمەنی ئەنفال و نووستنی خوداوەند و حەقیقەت بەیەکەوە گرێ دەدات. زمانی ئەم تێکستە زمانی حوزن و ژانە، وێنەکان نیگاری فیراق و خنکانی هەناسەیە. گۆڕستانی چراکان مەنفای ترسناکی مرۆڤی کوردیە لە بیابانەکاندا، رۆحی نێو سروشتی داربەروو لە غوربەتی بیابانـدا. شێرکۆ بێکەس ناوی رۆمانەشیعری لەم تێکستە ناوەو گێرانەوە دەگەڕێتەوە بۆ ساتی ئەنفال و حیکایەتی خەلیفەکان و بەربەرییەکانی و ئەنفال دەگێڕێتەوە و زەمەنی شمشێر و راجیمە تێکەڵ دەکات. گێڕانەوە دابەش دەبێت. گێڕانەوەی کاڵێ ژنێکی زەلیلی ئەنفال، کاڵێ قوربانییەکی ئەنفالە و حیکایەتی ئەنفال دەگێڕێتەوە. مەلوولی و زەلیلی کاڵێ جارێك وەك ژن و جارێك وەك ئەنفالکراوێك زمانی کاڵێ زمانی حوزن و ستەملێکراوانە و گێڕانەوەکان دەباتە نێو کەشێکی غەمگینەوە و گێرەڕەوەیەکی دیکە دەحام دووجار جەللادە جارێك وەك پیاوێکی درندە و جارێك وەك بەعسیەکی خوێنمژ و دەحام شانازی دەگێڕێتەوە و سەرکەوتن دەگێڕێتەوە و وا هاتووە بەرگی بیابان بکاتە بەری چیا و پێدەشت. کۆی تێکستەکە گەشتێکە بەنێو برین و ژانی قوربانیدا بەزمانی قوربانی و زمانی خۆڵ و زمانی لم رووداوەکان دەگێڕێتەوە. ئەم تێکستە زمانێکی دەوڵەمەند پڕ لە وێنە و وەسف و گوزارشت و خەیاڵێکی فراوان کە لە رۆحی ئەنفالەوە لەدایك دەبێت، گۆڕستانی چراکان غەمگینترین تێکستی شێرکۆ بێکەسە و نایابترین تێکستە کە گوزارشت لە قیژە و زریکەی ئەو تراژیدیایە دەکات.

لەشیعری دارئەرخەواندا شاعیر باسی تراژیدیای شاری سلێمانی و شوێنی رووداوەکە گردی سەیوانە و رووداو برینەوەی دارئەرخەوانێکە، شاعیر دەگەڕێتەوە بۆ رابردووی شاری سلێمانی و تراژیدیای داگیرکەری عوسمانی، رۆحی دار ئەرخەوان رۆحی شارە لە رۆژگاری داگیرکەری عوسمانیدا. لەشیعری منداڵەسووتاوەکەدا حیکایەتی سووتانی گوندێك دەگێڕێتەوە کەمنداڵێك لەو گوندەدا دەسوتێ، ئەم شیعر تراژیدیای سووتانی ئەو منداڵەیە. شاعیر هەواڵی سووتانی منداڵێك بەمنداڵان رادەگەیێنێ. گێڕانەوە لە گوندێکەوە دەست پێدەکات و سەرەتا





وەسفی سروشتی گوند دەکات و وێنەی گوندەکە دەکێشێ، سروشتی جوانی گوند و خۆشگوزەرانی گوند باس دەکات کە لە پڕێکدا گورگە دڕندەکان پەلاماری گوند دەدەن و کەشی ئارامی گوند دەشێوێنن. لێرەوە شیعرەکە دەچێتەنێو کەشێکی تراژیدییەوە، حیکایەتی بەجێمانی منداڵێك دەکات لەنێو گونددا کەبەرشالآوی گورگە درندەکان دەکەوێت، گورگ لەم شیعرەدا چوواندنە، شاعیر جەللادەکانی بەعس بە گورگ دەچوێنێت. تراژیدیا لەم شیعرەدا سووتان وگڕگرتنی گوندە، لێرەدا شاعیر وەك درامایەك بەوشە وێنەی جولاوی ئەو منداڵە نیشان دەدات کە لەبەردەم ئاگری مەترسیداردایە و چاودەگێڕێ بۆ رێگای دەربازبوون. دیمەن. شاعیر لە شیعرەکەدا دەڵێت:

قرچەقرچی پێستی سووتاو
دڵی بەردی ئەکردبەئاو
سووتا منداڵ و رەش بۆوە
پێستی لە ئێسقانی جوێ بۆوە

لەم پارچەشیعرەدا وێنەی تراژیدی سووتانی منداڵەکە دەبینرێت کە چۆن دڵی بەرد دەکات بەئاو. گەرچی کۆی رووداو سووتانی منداڵێکە بەڵام گێڕانەوە هێندە زاڵە هێندە لەدەروونی شاعیردا بەجۆشە گوزارشتەکان وەك تراژیدیای مەملەکەتێك دەبینرێت. شاعیر وێنەی سووتانی منداڵەکەمان بۆ دەگوێزێتەوە. لەبەشێکی تری شیعرەکەدا تراژیدیا بە کۆڵنەدانی گوندەوە گرێ دەدات گوندێك. کە سەرشۆڕی قبووڵ نەکردوە

لەشیعری (کەژاوەی گریان)دا تراژیدیای شەهید باس دەکات، باسی مردنی کوردێك دەکات رووداو مردنی کوردێکە و بەرەو گۆڕستان دەبرێت. ئەم شیعرە کەشی تراژیدی ومەرگی مرۆڤی کورد نیشان دەدات .

لەشیعرێکی کورتدا بەناوی بەغدا شاعیر دەڵێت :

لەسکی ماسی دیجلەدا
ماسی سیروان ئەبینمەوە

لەم رستەیەدا شاعیر دەمانباتە نێو تراژیدیای کوردەوە ماسی چواندنی مرۆڤە چواندنی دەسەلآتی عەرەبیە بۆ خواردنی مرۆڤی کوردی. دیجلە رووبارێکی گەورەترە لەسیروان میللەتی عەرەبیش زۆرترن لەکورد لێرەدا شاعیر دەیەوێت بڵێت زۆرین زوڵم لە کەمینەدەکەن و

دیمەنی ماسی دیجلە و خواردنی ماسی سیروان ڕەمزی تراژیدیایە .

لەشیعری بەنگلادیشدا بەراوردی تراژیدیای کورد و بەنگلادیش دەکات. وەك دوو گەلی چەوساوە. لەشیعری (ڕۆژژمێری پێشمەرگەیەك)دا شاعیر دەڵێ:

لەسەر صەلیبی کوردستان
لەبەرچاوی هەمووجیهان
ڕۆژی دەیان مەسیحی کورد:
ئەکرێن بەقوربانی ژیان

لێرەدا شاعیر بەراوردی تراژیدیای کورد و مەسیحیەت دەکات، بەراوردی قوربانی لای کورد و لای مەسیحیەت. مەسیحیەت ئاینی ئاشتی خواز و میانڕەوەکانە و کوردیش میللەتێکی لاواز و بێدەسەلاتە و قوربانییە. شاعیر باس لە صەلیبی مەسیحیەت و صەلیبی کوردی دەکات. شیعر مەسیحییەت وکوردبوون بەیەکەوە گرێ دەدات. لەشیعری گۆرانییەکی داواکراودا شاعیر باس لەزەمەنێکی دوانزەساڵە دەکات لە تراژیدیا و زوڵم و نەهامەتی وڵات، باس لەمەرگی کوڕان و باوکانی وڵات و ڕەشپۆشی خوشکان و دایکانی وڵات دەکات. چیرۆکی ژنانی ڕەشپۆش دەگێڕێتەوە. لەشیعری ئاوابوون و بوومەلەرزە دا تراژیدیای غەزا دەگێڕێتەوە.شاعیر دەڵێت:

غەزای گوڵەجاڕی ئاوێستا
لێشاوبوو، لێشاوبوو، لێشاو
لێشاوی پێکەنینی لم،
قاقای ڕم و قاقای دەف وقاقای تەپڵ
لێشاوی خۆڵی بیابان:
لەهەڕەتی تەپ وتۆزی سەرکەوتوودا!
لێشاوی دوورگەی نەفرین بوو

لەم شیعرەدا شاعیر لە تراژیدیای ڕابردووی کوردی دەدوێت و دەگەڕێتەوە بۆ تراژیدیای زەمەنی شمشێر، لەشمشێرەوە دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژگاری ژان و ئازار و سەردەمی مەترسی. تراژیدیای زەمەنی کۆن و زەمەنی تازە. شاعیر دەگەڕێتەوە بۆ تراژیدیای کورد کوشتن لە ڕۆژگاری خەلیفەکان و ڕۆژگاری بەعس. شاعیر حیکایەتی شمشێرەکانی بیابان دەگێڕێتەوە. حیکایەتی چۆکدادانی چیا باس دەکات. تراژیدیا لەم شیعرەدا گوتارێکی غەمگینە لە زمانی حوزن و غەمدا. حیکایەتی زوڵمێك باس دەکات لە گاتاکانی زەردەشتەوە تا زوڵمی جەللادەکانی بەعس. لە زاری





پاڵەوانێکەوە کە کچێکە ناوی ناهیدە دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژگاری زەردەشتی و ئەو زوڵمەی کە لە کورد کراوە. لێرەدا بەشێك لە شیعرەکە وەردەگرین

من خۆم زمانی قوربانییەبێ بڕانەوەی ئەوینم
سەدهەزارجارکوشتوویانم
سەدهەزارجارژیامەوە
من گەردنی ژێرشمشێری
زەردی هەمووکات و سەردەمێکم
من ئەو خوێنە نەفرەتییەم کە ڕشتنم نابڕێتەوە

شاعیر لەزاری ناهیدە وە باس لە مێژووی زوڵم و زۆری درێژ دەکات تراژیدیایەك لەدێرزەمانەوە ئازاری کورد دەدات. شێرکۆ بێکەس دەگەڕێتەوە بۆ تراژیدیای کورد لە سەدەکۆنەکان تا ڕۆژگاری تازە. زمانی شیعر زمانی ئازارە. حیکایەتی زامی کورد و کارەساتەکانی ڕابردوو کەبەسەر مرۆڤی کوردیدا هاتووە. بەشێك لەم شیعر قسەکردنە لەبارەی تراژیدیای ئەنفال و دەچێتەنێو تراژیدیای ئەنفالەوە و مەرگەساتی ئەنفالەوە . لە زەمەنی مەردۆخەوە بۆ زەمەنی ئەنفال و زەمەنی بەعس دێت. لەشیعری مەرگەساتدا خەیاڵی شیعر تێکستێکی خوێناوی بەرهەم دەهێنێت. خوێنی مرۆڤی کوردی. شاعیر لەڕێگای سروشتەوە دەچێتەنێو مەرگەساتی گوند و حیکایەتی کوشتن و قڕکردنی کورد. ژانی تراژیدیای کورد و مەسیح بەراورد دەکات و ئازاری مەسیح و کورد بەراورد دەکات. لەشیعری شیعرێکی لالێ دا دیسانەوە دەچێتەنێو مەرگەساتی ئەنفالەوە. لە ڕۆمانە شیعری خاچ و مار و ڕۆژژمێری شاعیرێ لەبارەی ڕووداوەکانی حوزیرانی ١٩٦٣ وە دەدوێت و دەچێتەنێو تراژیدیای مرۆڤی کوردی لە ڕۆژگاری دەسەڵاتی دڕندەیی زەعیم صدیقدا. چیرۆکی مەرگی مرۆڤی کوردی دەگێڕێتەوە. لەم ڕۆمانەشیعرەدا دەگەڕێتەوە بۆ عەزابەکانی کوردبوون و شۆڕش و زامی شۆڕش و ئازارەکانی کورد و قوربانی لەگیان فیداکاندا. لەشیعری هەڵبجە وگەڕانەوەی دار هەنارەکان دا شاعیر دەچێتەنێو مەرگەساتی هەڵبجەوە. هەڵبجە لەگەڵ خۆیدا دەبات بۆ ڕۆژئاوا و بەجیهاندا دەیگێڕێت. ڕۆحی خۆی دەخاتەنێو هەڵبجەوە و دەچێتەنێو زامەکانی هەڵبجەوە و ئازاری

دەنووسێتەوە. تراژیدیای ڕووداوێکی جەرگ بڕ دەگێڕێتەوە. چیرۆکی غەدر لە هەڵەبجەدا دەگێڕێتەوە. لەپەخشانەشیعری هەڵەبجە ئەچێ بۆ بەغدا شاعیر باس لە سەردەمی ڕووخانی دەسەڵاتی دیکتاتۆردەکات و زەمەن دواساتەکانی بەعسە وەك دەسەڵات. هەڵەبجە بۆ بینینی درامای کۆتایی دەسەڵاتی بەعس بە برینێکی ئازاربەخشەوە ئەچێ بۆ بەغدا، باس لە ساتی ڕووداوی کیمیاباران کردنی هەڵەبجە دەکات و چیرۆکی خنکانی هەڵەبجە دەگێڕێتەوە، لەشیعری هەڵەبجەی سەمەندەر دا مەرگەساتی هەڵەبجەباس دەکات. چیرۆکی ساتی خنکانی شارێك دەگێڕێتەوە و وێنەی مرۆڤی کوردی کە چەشنی پەپولەیەکی زەلیل دەخنکێن. شاعیر باس لەدۆزەخی یادگارییەکانی هەڵەبجەدەکات. دواهەمین شیعری شێرکۆ بێکەس کە دوای دیوانی هەست و نەست بڵاوی کردووەتەوە. شیعرەکە ناوی مل ە، ئەم شیعرە گوزارشتە لە تراژیدیای ئیعدام کردنی ڕۆڵەی کورد لە ڕۆژهەلاتا. شاعیر ئازاری ملی بە ڕووداوی هەڵواسینی کوڕانی کورد لە ئێرانەوە گرێ دەداتەوە. لەشیعرەکەدا شاعیر باس لە ئازارێك دەکات لە ملیدا و ئەو ئازارە بە ڕووداوی هەڵواسینی ملی گەنجی کوردانی ڕۆژهەلاتەوە گرێ دەداتەوە. شێرکۆ بێکەس لە شیعری ڕاهاتن دا کەلەساڵی ١٩٧٧ نووسیویێتی باسی لە ڕووداوی ئیعدام کردنی کورد دەکات و ملی شاعیر دێتە قسە و باس لە هەڵواسین و تراژیدیای ئیعدام کردن دەکات. لەم شیعرەدا باس لەتراژیدیای ئەبو غرێب دەکات و لەشیعری مل دا باس لە ئیعدام دەکات لەتاراندا. تاران و بەغدا دووپایتەختن بۆ کوشتنی کورد. قڕکردنی کورد. ئەگەربمانەوێت لەبارەی کۆی ئەو شیعرانەوە بدوێین کە شاعیر بۆ ڕووداوێکی تراژیدی و مەرگەساتی کوردی نووسیوە، بەسەدان لاپەڕە تەواو نابێت. شێرکۆ بێکەس مێژوو نانووسێتەوە، حیکایەتەکانی مەرگی مرۆڤی کوردی و عەزابی مرۆڤ و بەشیعر ئەندێشە دەکات. زمانی شێرکۆ بێکەس زمانی شیعرە. زریکەی ئەنفال و ناڵەی ڕۆحی هەڵەبجە دەگێڕێتەوە. زمانێکی شیعری و غەمگین ئاوازی مەرگەسات و ئازاری کورد دەژنێ و وشە وێنەی دەریای خوێن دەکێشێ. وێنەتراژیدییەکان گوزارشتی هەستی شاعیرە بەزمانێکی





دەوڵەمەند. ئەزموونی شیعری شێرکۆ بێکەس خاوەنی زمانێکی دەوڵەمەندە و زمانێك شاعیر نۆژەنی کردوەتەوە و بووە بەزمانی ئەم سەدەیە و نەوەیەك لەژێرکاریگەری ئەو زمانەدا دەنووسن و زمانێك ڕووداوەتراژیدییەکان لەفەوتان و خنکان و ونبوون ڕزگار دەکات. زمانێك بەرگی ئەدەب و هونەری باڵا دەکاتە بەری ڕووداوە تراژیدیەکان. مەرگەسات دەکات بەدەقێکی ئەدەبی.

# نالی و ئسپێس مێنتالیزمی واژە

موراد ئەعزەمی

بۆ دامەزراندنی نیزامێکی بایەخ دانەر و سەنگ و سووککردنی بەرهەم و دەقی شاعیر و نووسەر و داهێنەرە ئەدەبییەکانی هەر نەتەوەیەك و هەر بەرەیەك، هەندێك سەنگی محەك و پارسەنگ دەستنیشان دەکرێن و پێداگرییان لەسەر دەکرێ. لە وڵاتی ئێمەدا و بە درێژاییی مێژوو، وێڕای کۆی پێودانگە ئەدەبییانەی بۆ ئەم کارە دەکار کراون، بە حوکمی شێوەژیان و بەسەرهاتەکانی تایبەت بە کورد، پارسەنگی نیشتمانپەروەری و هەستی نەتەوایەتی و ناسیۆنالیزم و چەمکی بەربەست بوون، بەرچاوترین پێودانگ بووە. دیارە ئەم پارسەنگە لە بازنەی پێودانگەئەدەبییەکان (وەك فۆرم و زمان و تەمهیدە جوانیناسانە و بەلاغییەکان و...)دا ناگونجێ و زۆرتر بە لای پانتاییی کۆمەڵایەتی و ڕامیاریدا دەشکێتەوە. بەو حاڵەیش: ئێستاشی لەگەڵدا بێ، بارساییی زەینی هەڵسەنگێنەری زۆرێك لە توێژەر و ڕەخنەگری وڵاتی ئاخنیوە.
ئاشکرایە، بە هۆی نائەدەبیبوون و کۆمەڵایەتی– ڕامیارییبوونی ئەم دیاردەیە، پێویستە لە کاتی دەکارکردنی دا وپێوانی دەقێك بە پێی ئەم گەزە، بەستێنە مێژوویی– کۆمەڵایەتیەکەی بە تەواوی ڕوون بکرێتەوە و لەسەر ئەم بەستێنەدا قەوارەی دەق گەز بکرێ. کەچی لە زۆربەی بۆچوون و پێوانەکاندا، بە شێوەی ڕەها و ئابستراکت، وەك ئەوەی پێودانگێکی ئەدەبی سەربەخۆبێت، دەکار کراوە. دەکارکردنی ئەم جۆرە پێودانگانە، ڕەخنە داوێتە داوێنی سیستەمێکی دوالیزمییەوە. بەم جۆرە گوتاری ڕەخنە لە کەشوهەوایەکی تەقلیل گەرایانەدا، زۆربەی لایەنە ئەدەبییەکانی دەق لە کیس دەدات، ئەو لایەنانەی کە ڕێك دیارکردنی ئەدەبییەتی دەقیان لە ئەستۆیە.
یەك لەو دەقانەی کە بە پێی ئەو پێودانگە، دابڕاو لە بەستێنە مێژوویی– کۆمەڵایەتییەکەی و، لە ناخی سیستەمە دوالیزمە تەقلیلگەرایەکەدا، سەنگ و سووککراوە و بە سووك دانراوە، دەقی شیعرەکانی (نالی)یە.
کەسانێکی وەك گیوی موکریانی، هەر لەم ڕوانگەیەوە ڕوانیویانەتە ئەدەب و دەقی ئەدەبی، بۆیەش پێیان وایە نالی چی بۆ کورد و کوردستان نەکردووە. تەنانەت بە دڵڕەقی و بێبەزەیی لە حاند کورددا تاوانبار کراوە، لەوەش سەیرتر، بە هەوا و هەوەس پەرەستی لە جیاتی نیشتمان پەرەستی تۆمەتبار دەکرێ. تاقانە هۆی ئەم بۆچوونە سەیروسەمەرە نائەدەبییانەیش، سیستەمە دوالیزمە تەقلیل گەرایانەکەیە، کە جەمسەرێکی ئەو دەقانەن کە چەمکی نیشتمانپەروەری دەوری سەرەکی دەگێڕێ و بە دەقگەلی سەرکەوتوو دێنە ئەژمار و جەمسەری دیکەی ئەو دەقانەن، کە ئەم چەمکە زۆر بەرچاو نییە، کە وابوو سەرکەوتوو نین. دنیایەکی ڕەش و سپی کە هەر ئاوا بە ساناییش چاك و خراپ لێك جودا دەکاتەوە.
ئەو جۆرە خوێندنەوانە، لە باری تەئویلیەوە، دەکەونە خانەی تەئویلی داخراوەوە، لە بەرابەر تەئویلی کراوەدا. وەك ڕێبوار سیوەیلی لە پێشەکی کتابەکەی لەسەر نالی دەڵێ:
"هەر تەئویلێك کە بیەوێ لەسەر ئاستی شیعرەکانەوە، تەنیا وەك "ناسیۆنالیستێك"، وەك "مسوڵمانێك" یان وەك "یاخییەك" نالیمان پێ بناسێنێ،

تەئویلێکی داخراوە و دەیەوێ خەسڵەتی مرۆڤێکی هەستیار لەم شاعیرە وەربگرێتەوە، کە مرۆڤێکی کراوە بووە بە ڕووی جیهاندا و دنیای لە فرەڕەهەندیدا ئەزموون کردووە. وەلێ بە پێچەوانەوە، هەر تەئویلێك بیەوێ شیعرییەتی بەرهەمەکانی نالی و تایبەتمەندیی ڕەنگاوڕەنگی ئەو بەرهەمانە وەك بەرهەمی ئیبداعی بخوێنێتەوە، تەئویلێکی کراوەیە و دوورە لە بە ئایدیۆلۆژیکردنی شیعر. تەئویلی کراوە، واتە خۆئامادەکردن بۆ وازهێنان لە حوکمە پێشینەکانمان و قبووڵکردنی تێگەیشتنی پاڵێوراوتر و نوێتر لەسەریان." لا١٣٧

تۆ بڵێی بەرهەمەکانی نالی دووربن لە هەر جۆرە لایەنێکی نیشتمانپەروەری؟ واتا بە گوتەی مامۆستا گیو، هیچی بۆ کورد تێدا نییە؟

ئەگەر بێتوو (تعهد) هەر ئەو جۆرەی باس کرا وەربگرین، جگە لە یەك دوو شوێنی پەرژوبڵاو، چ لە دیوانەکەی نالی لەم بارەیەوە دەستمان ناگری. چونکە لە واقیعدا جنسی گوتاری نالی و زمانە تایبەتەکەی، دوورە لە درووشم و زمانی ڕووکەشیی پێداهەڵکوتن. بەڵام تۆ بڵێی



نالی

(تعهد) لە شیعردا هەر درووشم و دەربڕینی ڕاستەوخۆی هەستیی نیشتمانپەروەری و باوەڕی ڕامیاری و... بێت و لایەنێکی ناسکتر و زەریفتر و ئەدەبیتری بۆ ڕەچاو نەکرێ؟

ئەگەر شیعر بینایەکی زمانییە و خشت و مۆرەی لە پیت و واژە و ڕستە پێك دێت، کەوابوو ئەرکی سەرشانی لە یەکەم هەنگاودا، هەڵبژاردنی جوانترین، بەجێترین و ڕێکوپێکترین کەلوپەلی بیناسازییە بۆ بنیاتنانەوەی بینایەکی ڕێکتر و لە بارتر و ماناتر لە پانتازمانییەکەی خۆیدا. ئەوە سەرەکیترین ئەرکی سەر شانی دەقێکی ئەدەبی، لە جۆری شیعرە، بۆ خزمەتی باشتر بە زمان و ئەدەبی وڵات و گەلەکەی.

بڵێی نالی لەم بارەشەوە چی لە دەست و باڵاندا نەبووبێ؟





ئا ڕێك لێرەدایە، کە نالی بەو قودرەتە زمانییەی لە دەقەکانیدا بەرچاون، زۆرترین خزمەتی بە ئەدەب و زمانی کوردی کردووە. ئەم قودرەتە زمانییە، دەبێ کامە بن؟ نالی چیی کردووە لە دەقەکانیدا، کە نازناوی ساحیری وشە پڕ بە پێستی بی؟

طەبعي شەککەرباری مـن، کوردی ئەگەرئینشادەکا،
ئیمتیحانی خۆیە مەقصوودی، لە عەمداوادەکا
یالە مەیدانی فەصاحەتدا بە میپلی شەهسەوار
بێ تەئەممول بەو هەموو نەوعە زووبانی ڕادەکا
کەس بە ئەلفازم نەڵێ خۆ کوردییە خۆکردییە
هەرکەسێ نادان نەبێ خۆی طالیبي مەعنادەکا (لا١٠٦، ١٠٧)

نالی بە چەند ڕەفتاری داهێنەرانە و ڕچەشکێنانە،بناغەی قوتابخانەی بابانی دارِشت و سوننەتێکی نوێی شیعری لە پانتاییی ئەدەبی کوردیدا، دامەزراند. ئەم ڕەفتارانە کورت و خێرا دەلوێ ئاوا بن:

١. لادان لەیاسا چەسپاوەکانی فۆرمیك وناوەڕۆکیی غەزەل.

٢. دەکارکردنی جەسوورانەی پێچەوانەی سەردەمانەی دیالێکتی زاراوەی سۆرانی، بە مۆسیقای شیعری عەرووزی.

٣. دەکارکردنی چەمکی ناشیعری (بە پێی دابە شیعرییەکانی سەردەم) لە دەقی جددیدا و ئەسپاردنی ئەرکی جوانیناسانە بەم دیاردە ناشیعرییانە (وەك پێ هەڵکوتنی شاعیرانە بە کەرەکەی، یان گوتاری بێوێنەی ئێرۆتیکیی مەستوورە...) و هەراو کردنەوەی هەتەری تێم و ناوەڕۆکەکانی باوی دەقی شیعری.

٤. تەقاندنەوەی زیاتری زەرفییەتی واژە و دیارکردنی پتری لایەنە فۆرمیك و مانابییان و خوڵقاندنی بارستایییەك بۆ هەڵسووڕانی ڕەهای واژە (بە تۆزێك تەساموحەوە ڕێم بدەن پێی بڵێین ئسپێس مێنتالیزمی واژە).

بە پێی ئەم خاڵانە و زۆر ڕەفتاری داهێنەرانەی تر، نالی یەك لە چرکەساتە دەگمەنەکانی مێژووی ئەدەبی کوردییە. هەرکام لەم چوار خاڵانە بۆیان هەیە ببنە هەوێنی وتارێکی تێروتەسەل سەبارەت بە یەکێك لە لایەنەکانی دەقە هەزارلایەنەکانی نالی. بەڵام لەم دەرفەتەدا، لەسەر خاڵی چوارەم، واتا خوڵقاندنی ئسپێس

مێنتالیزمی واژە، زیاتر لەنگەر دەگرین.

****

چەمکی ئسپێس مێنتالیزم، ئەو جۆرەی لەم وتارەدا دەکار کراوە، هەندێك جوداوازی هەیە لە کارکردە ناسیاوەکەی. ڕۆئیایی، لە وتاری (بەیانییەی شیعری حەجم)دا دەڵێ:

"لە واقیعەوە بۆ دیمەنەکانیی، لە شتەوە تا ئاسەواری شتەکان، مەودایەکە، مەودایەك لە نێوان واقیعەوە تا ئەوپەڕی واقیع. لە هەزار سووچی شتێکەوە هەزار تیرێژ دەدرەوشێنەوە، هەر تیرێژێك دەگاتە دیمەنێك لەوپەڕی شتەکەوە و، واقیع بە دیمەنە هەزار جۆرەکەیەوە دەلکێتە هەزار لاوە. شاعیری ئسپێس مێنتال، ئەم مەودایە بە شەقاوێك دەبڕێ، خێرا و چالاك. ئاوا لە واقیعەوە بۆ لای دیمەنی ئەم ڕادەکا. لە هەر سووچێکی شتەکەوە کە پاز بدات، بە بەرینایيدا، بە درێژایی دا و لە قووڵاییڕا پاز دەدات. واتا لە بارساییەوە پاز دەدات، کەوابوو بارساییخواز (ئسپێس مێنتال)ە... شاعیری ئسپێس مێنتال هەردەم دەبەردایە واقیعێك بخولقێنی، بێ خەوش تروتوند و تیژتر لە واقیعی ڕۆژانە و باو... ڕەوانبێژی و بە شوێندا گەڕانەکانی زمانی، خەون و خەیاڵی ئێمە نییە، بەڵام سیحری سەیری واژەکان لە ئاسەوارەکانماندا، وەپشت گوێ ناخەین..."

وەك دەبینین:

١. ئسپێس مێنتال لە واژەوە دەست پێ دەکا و بە دەوری واژەدا دەخولێتەوە.

٢. بە سازدانی مەودا لە نێوان واژە و دیمەنە جۆراوجۆرەکانی، لە هەزار سووچەوە، بارساییەك بەرهەم دێنی.

٣. ئەرکی شاعیر، کەشفی ئەم مەودایە و پازدانی بەردەوامی بە سێ لای بەرینایی و درێژایی و قووڵاییدا، واتا بە بارسایی دایە.

٤. بە وێناکردنی ئەم بارساییە، شاعیر واقیعێك دەخولقێنی، پاکتر و خێراتر لە واقیعی ڕۆژانە.

٥. جەخت کردنە سەر سیحری واژە، بە ئەرکی سەرشانی خۆی دادەنێ.

لەو کۆنتێکستە مێژوویی– ئەدەبییەی نالی دەقەکانی تێدا دەخولقاند، شێوەی هەڵسوکەوتی لە تەك واژەدا، زۆر لەو مانیفیستەوە نێزیکە. ئەڵبەت ئەوە بەو مانایە نییە کە نالی ئسپێس مێنتال بووە، یان ئەوەی کە بە پاڵەئەستۆیان دەقی نالی دە چوارچێوەی ئەم تیۆرە بخزێنین و پێمان وابێ ئەوە ئاستی نالی مان بردۆتە ژوور. دەقی نالی بێ باسی ئسپێس مێنتال و بەر لەم، خاوەنی ژیانی ئەدەبیی خۆی بووە و هەیە. ئەوە کەسانێکی وردبینی وەك (ڕۆئیایی)ن، کە ژیرانە وزە کەڵەکەبووەکانی دەقگەلی داهێنەرانەی وەك دەقی نالی (ئەڵبەت لە پانتای ئەدەبی فارسیدا)، کەشف دەکەن و بە کەلەپووری ئەدەبی خۆیانی دەناسێنن.

هەڵسوکەوتی تایبەت و جوداوازی نالی لە تەك واژە، دەستمایەی زۆرێك لە لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەکانی نووسەر و توێژەران بووە. وەك باسەکانی مەسعوود محەممەد و مودەڕڕیسەکان و ڕێبوار سیوەیلی و مارف خەزنەدار و گیوی موکریانی و... بەو حاڵەیش، زەرفییەتی داهێنەرایەتی نالی لە ئاست دەکارکردنی واژەدا، زیاتر لەوانەیە بەو چەند لێکۆڵینەوە ببڕێتەوە.

نالی خولقێنەری فەزاومەودائیکە لە گوێن (حەجم)، کە لەودا واژە مەودای هەڵسووڕان و داگەڕان و تێکچڕژان و دابڕانی هەیە، بەم جۆرە واژە دەبێتە خاوەنی فرەمەدلوولی و چەلی وایە مانای وا وەخۆدەکا کە لەوانەیە هەر بە بیری خودی نالیشدا نەهاتبێ. نالی مەودا و بەستێنی بۆ خۆش کردووە و ئیتر ئەوە زەینی خولقێنەری خوێنەرە کە بتوانێ لە چەند سووچەوە لە واژە ڕابمێنێ و لە مەودا سازکراوەکەی نێوان لەتەکانی واژە و فۆرمە دەڵەمەییەکەی و مەدلوولەکانی، وێنە زەینییەکەی هەڵسووڕێنێ و سەروبنی بکات، تاکوو مەدلوولە گونجاوەکانی کەشف بکا.

بە پێی ئەم ڕوانگە و بۆچوونە، وەك نموونەی پراتیکانە، چەند شوێنی دیوانی نالی بەقەرا سامانە ئەدەبییە دەروێشانەکەی خۆمان، دەخوێنینەوە.

بەر لەوەی بچینە سەر خوێندنەوەی نالی بە پێی ئەو ڕوانگەیەی باسی لێوە کرا، پێویستە ئاماژە بەم ڕاستیە بکەین کە لە ڕەخنەی سوننەتیدا زۆرێك لەم تەمهیدانە لە توێژی واژەدا لەسەر دابی ئەدەبی کلاسیك پۆلێن و باس کراون. وەك جیناس و ئیهام و ئیقتیباس و تەلمیح و... بەڵام ئەم وتارە هەوڵ دەدا بەو جۆرەی باس کرا، بڕوانێتە دەوری واژە لە دەقی نالیدا.

**

سەرەتا پێویستە ئاماژە بەم خاڵە بکەین، ڕاستە نالی بە پێی دابی ڕۆژ، زۆری واژەی

فارسی و عەرەبی هێناوەتە ناو دەقی شیعرەکانیەوە، بەڵام دوو جوداوازیی بەرچاو لە جۆری هەڵسوکەوتی نالی لەگەڵ ئەم بابەتە دەبینرێ:

١. بە نیسبەت شاعیرانی هاوچاخی (وەك سالم وکوردی و...) کەمترین ژمارەی واژەی غەیری کوردیی دەکار کردووە (بۆ نموونە دوو دەقی سارەزووری نالی و جوابەکەی سالم لەبەر یەك دانێن.)

٢. ئەوانەی دەکاریشی کردوون، زیاتر بۆ فرەمەدلوولی و هەراو کردنەوەی پتری جەغزی ئسپێس مێنتالەکەی کەڵکی لێ وەرگرتوون. واتا ئەگەر واژەکە لە ناو پێکهاتەی دەقەکەدا وزەی وەی هەبووە مەودای لە نێوان واقیعی بەرهەستی خۆی و وێنە زەینییەکانی ساز بکات، هەڵی بژاردووە، دەنا کەڵکی لە هاوتا خۆماڵییەکەیەوە وەرگرتووە. ئەوەی لەم بارەوە سرنجڕاکێشە، ئەوەیە کە زۆربەی نالی ناسان (وەك مودەرریسەکان و مامۆستا مەسعوود محەممەد و...) بۆ هەلاواردنی دەقی ڕەسەنی نالی و ئەو دەقە نارەسەنانەی بە نێوی نالی ناسێنراون، زیاتر لەم محەکەی باس کرا کەڵکیان وەرگرتووە.

بێینە سەر خوێندنەوەی چەند بەیتی دەقی دیوانی نالی بەم ڕوانگەیەوە:

١. "جان بەر لەبی بۆسەی لەبتە عاشقی زارت

فالبائس يستوهب من فيك معاشا" ل٧٧

فاتح عەبدولکەریم، لە شەرحی ئەم دوو دێڕەدا، سەبارەت بە واژەی زار، ئاماژە بە دوو دەلالەتی جوداوازیی لاواز و بێ گیان و دەم دەکا. واتا لەم دێڕەدا، شارح لە واژەی زار دا لەتافەتی فرەمەدلوولی و دووڕومەتی وەبەر چاو کەوتووە، بەڵام لەم دێڕەدا دالێکی دیش هەیە کە مەودا دەخاتە نێوان واقیعی واژەو دیمەنە جۆراوجۆرەکانی. ئەویش واژەی بۆسە یە. فاتح عەبدولکەریم بۆسەی هەر بە دەلالەتە فارسیە نزیکەکەی واتا ماچ داناوە. بەڵام دێڕەکە هەڵگری ئەم زەرفییەتە دەلالەتیەش هەیە کە واژەی بۆسە بە دوو لا دا تیرێژ بهاوێژێت. لایەك هەر دەلالەتی ماچە و لایەکەی دی، دەلالەتی (لە کەمین وبۆسە دابوون) هەڵدەگریت. بە ئاوڕدانەوە لەم لایەی واژەکە ، دەلالەتی دیکەی دێڕەکە ئاوای لێدێ: ئەویندداری داماوت، ئەوەندەی لەسۆی لێوت بۆسەی گرتووەو چاوەڕوان بووە، گیانی گەیشتۆتە سەر لێوی.





٢. "شەبەهی زوڵفی شەبە هـ گۆنەیە، ڕووگەردانی

بەسەری ئەو کە بە سەودا سەرو سامانم دا" ل٩٠

مامۆستا مەسعوود محەممەد، لە لاپەڕە (٧)ی (دەستەودامانی نالی)دا، لە شەرحی ئەو بەیتەدا لێکدانەوەیەکی زمانەوانانەی هەیە: (ئەو شەرحەی بۆی دراوە لەو وشانە هەڵناستێ، گۆیا ئەمە واتایەتی: "کە من سەر و سامانی خۆم لە دڵداریدا، یا بە مامەڵە، دا بە سەری زوڵفی یار وئەویش نەیداو ڕووی وەرچەرخاند، زوڵفی ڕەشی دەرخست و دنیای لێ تاریك کردم...". لەو دەقەدا مومکین نییە "ڕووگەردانی" ببڕێتەوە بۆ ڕووی وەرچەرخاند". ڕووگەردانی بریتییە لە "مضاف و مضاف الیة" ئەوەی پێی دەڵێن "اسناد" بۆ "جملەی خەبەری" تێیدا نییە و نابێ. ئەگەر بیخەیتە پێش هەموو بەیتەکە و بڵێی: "ڕووگەردانی شەبەهی زوڵفی شەبەهـ گۆنەیە" ئیسناد پەیدا دەبێ، بەڵام واتای دروستی نابێ. ڕەنگ بوو ئەگەر بە ڕێنووسی سەردەمی نالی بەیتەکە نووسرابایەوە، سەرەدەرەیەکی لێ کرابا، چونکە لەوانەیە شەبەهی، شەبهە گۆنە... شەبهی یاخود شبە... نووسرابا و لەگەڵ ڕێنووسی هەموو بەیتەکەدا وێنەیەکی مەفهوومی بە دەستەوە دابا.) ل٧٧

لە نەهایەتدا مامۆستا دوای ئەو باسە زمانناسانەیە، شەرحەکە هەروا بە جێ دێڵێتەوە، جگە لەو ڕەخنەیەی لە سەرشەرحی مودەرریسەکان هەیەتی، شەرحێکی جوداواز ناهێنێتە ئاراوە و دەچێتە سەر شەرحی بەیتی دواتر. کێشەکە لێرەوە دەست پێ دەکا، کە هەم مامۆستا مەسعوود محەممەد، هەم مامۆستایانی مودەرریس "ڕووگەردانی"یان بەسەر یەکەوە و وەك ڕێکەوەندێك خوێندۆتەوە، بۆیەش مودەڕیسەکان بە (ڕوو وەرچەرخاندن)یان وەرگرتووە، مەسعوود محەممەدیش ئەگەرچی بە هۆی ئەوەی هەست بە بێمانایی و ڕێکنەکەوتنی ئەم واتایە لەگەڵ واژەکانی دیکەی بەیتەکە بۆ دەلالەتسازییەکی مەعقول دەکا، ئەم مانایەی لێ وەرناگری و ڕەتی دەکاتەوە، بەڵام ئەویش وەك ڕێکەوەندێك وەردەگرێ و مانایەکیشی بۆ دیاری ناکا.

زۆربەی شیعرەکانی نالی (وەك هەردووك مامۆستایانی ئاماژە پێ کراو باسی دەکەن) هەم لە توێژی واژەدا و هەم لە

لایەی ڕێکەوەند و ڕستەدا، بە کەڵکوەرگرتن لە تەواوی وزە ئاشکراو شاراوەکانی واژەکان، چەندمانایی و پۆلی فۆنیك دەخولقێنن و هەر دێڕێك بە چەند شێوەی جیاواز دەخوێنرێنەوە. جگە لەم ئستراتێژیە جوانیناسانەیە، زاڵبوونی نالی بەسەر چوار زمانی (کوردی، فارسی، عارەبی، تورکی)، بۆتە هۆی کەڵکوەرگرتنی لە زەرفیەتەکانی هەر چوار زمان لە ئیماژ و دەلالەتسازیەکانیدا. نالی لە بە کار هێنانی وزە کەڵەکەبوەکانی ئەم چوار زمانەدا، هیچ خۆی بەربەست نەکردووە و چەلی وایە ئازادانە لە نیوەبەیتێکیدا لە زۆرێك لە زاراوەکانی ئەم زمانانە کەڵك وەردەگرێ و لە پاڵ یەکیانی دادەنێ. بۆیەیش پێویستە خوێنەر و شارحی نالی بەسەر پێکهاتە و ڕێزمانی هەر چواری ئەم زمانانەدا زاڵ بێ. وەك نالی خۆی دەڵێ:

"طبعي شەککەرباری من، کوردی ئەگەر ئینشا دەکا
ئیمتیحانی خۆیە مەقصوودی، لە (عمدا) وادەکا
یا لە مەیدانی فەصاحەتدا بە میسلی شەهسەوار
بێ تەئەممول بەوهەموو نەوعە زوبانی ڕادەکا"

ئێستا، بە پێی ئەم ڕوانگەیەوە، جارێکی دیکە، بەیتەکەی سەرەتا دەخوێنینەوە:

"شەبەهی زوڵفی شەبەه گۆنەیە، ڕووگەردانی
بەسەری ئەو کە بە سەودا سەروسامانم دا"

گرێی سەرەکی ئەم بەیتە، لە ڕێکەوەندی" ڕووگەردانی" دایە، بۆ کردنەوەی ئەم گرێیە، سەرەتا هەڵیدەوەشێنینەوە:

ڕوو: (کوردی+ فارسی)، ڕواڵەت، سیما، چەحرە

گەر: (فارسی+ کوردی)، سووکەڵەکراوەی ئەگەر

دانی: (فارسی) سووکەڵەی (بدانی)، بزانی

بە پێی ئەم ئانالیزە، (ڕووگەردانی) دەبیتە، (ڕوو، ئەگەر تۆ بزانی). ئێستا، جارێکی دی و ئەم جارە بەو دەلالەتە جیاوازەی ئەم ڕێکەوەندەوە، بەیتەکە پێکەوە دەخوێنینەوە:

"شەبەهی زوڵفی شەبە گۆنەیە ڕوو، گەردانی
بەسەری ئەو کە بەسەودا سەرو سامانم دا"

واتا لەم خوێندنەوەیەدا، پێویستە نیشانەی



گزنگ ٩١
لێکۆڵینەوە
تەمموز - ئاب ٢٠١١

(،) بکەویتە دوای (ڕوو) نەك پێش ئەم. بەم جۆرە، فۆرمی هاونشینیی ماکەکانی ناو دەقیش گۆڕانیان بەسەردا دێ:

"شەبەهی زوڵفی، شەبەه گۆنەیە ڕوو،
گەر دانی بەسەری ئەو کە بە سەودا سەرو سامانم دا"

نیوەبەیتی یەکەم، لەسەر دوو دیاردەی تەوەری (زولف و ڕوو)، کە مێتافۆرێکن بۆ (قامەت و ڕواڵەتی یار) بە گشتی دامەزراوە. تەنانەت (گۆنە) جگە لە کارکردی وەك (ئامرازی وێکچوون)، لە پێوەندی لەگەڵ دوو ماکەی (زوڵف و ڕوو)، تابلۆی سیمای یار پتەوتر دەکا. نیوەبەیتی دووهەم، لەسەر سەلماندنی بەردەنگ بۆ خۆ و سەروماڵ بەختکردن لە پێناوی یار هەڵدەسووڕێ.

نیوەبەیتی یەکەم، لەم دوو وێنە تەشبیهیە پێك هاتووە"

– شەبەهی زوڵف: بەمانای ئەو شتەی وەك شەوە تاریك و ڕەش وبریقەدارە، خوازەیە بۆ زوڵفی ڕەشی یار

– ڕووی شەبەه گۆنە: ئەو ڕەنگ و ڕوخسارەی لەبەر ناسکی و زەریف بوون، وەك شەبەه (تارمایی هەیکەل و پەیکەرە، تارمایی ڕۆح) وایە.

نیوە بەیتی دووهەم، وەك باس کرا، گوزارەیەکە بۆ دەربڕینی ڕادەی خۆشەویستی و لە خۆبوردوویی. بە لە پاڵ یەك دانانی ئەم دوو دەلالەتەی دوولا بەیتەکە، کێشەکەی مامۆستا مەسعوود محەممەدیش سەبارەت بە ونبوونی ئیسناد چارەسەر دەبێ و سەرجەم دەتوانین دەقەکە ئاوا بخوێنینەوە:

"ئەگەر تۆ بزانی (یان ئەگەر دەتهەوێ بزانی) هۆی ئەوەی من سەروسامانی خۆم بۆ دۆڕاند، بزانە من بە خاتری زوڵفی ڕەشی وەك شەبەه ڕەش و، ڕوو و سیمای ناسك و زەریفی کە لە ناسکیان دەڵێی تارمایی و شەبەهی ڕۆحێکە، وە بە خاتری سەری ئەو (ئەو سەرەی کە پێکهاتووە لە زوڵفە ڕەشەکە و ڕووە ناسکەکە)، دارو و نەدار و سەروسامانم دۆڕاند."

ئەوەی سەرنج ڕاکیشە، ئەوەیە کە مامۆستایانی موددەڕیس لە شەرحەکەیاندا، ئاماژە بە تەناسوبی نێوان (ڕوو) و (گۆنە) دەکەن، بەڵام باسی کارکردی ئەم تەناسوبە ناکەن و بەسەریدا تێدەپەڕن.

٣. "بێ بابییی تۆ بۆ من و تۆ بابی فوتووحە

بێ بابییی تۆ خواستەیی من بوو بە ئاوات" لا١٤٠

مودەڕڕیسەکان، لە شەرحی ئەم دوودێڕەدا دەڵێن:

"بێ باوکیی تۆیا بێ دەرگاییی ماڵی تۆ، بۆ من و تۆ دەرگای ڕێگا لە ڕووکردنەوەیە و، ئاواتی من بووە هەمیشە لە خوام خواستووە." لا١٤٠– ١٤١

واتا: "بێ بابییی" یان لە سەرەتای هەردووك دێڕدا وەك یەك و بە دوو دەلالەتی جوداوازی بێ باوکی و بێ دەرگاییی، لێك داوەتەوە. لە وزەی داهێنەرایەتی نالی بە دوورە واژەیەکی لێکدراو، لە مەودایەکی کورتی نێوان دوودێڕدا دووجار بە دەلالەتێکی تاقانەوە دووپات بکاتەوە. بێ بابییی یەکەم، هی "من و تۆ"یە، واتا ئاواتی دوو قۆڵی من و تۆ، کە دیارە بە یەك گەیشتن لە ڕێی لەسەر ڕێ لاچوونی لەمپەر دەگریتەوە. کە وابوو دەلالەتی دەرگایان باوك لێرەدا جێی خۆیەتی. بەڵام لە دێڕی دووهەمدا، ئیتر بێ بابییی خواستەی دووقۆڵی نییە و هەر هی منە. ئیتر لێرەدا نابێ باسی بێ دەرگایی لە ئارادا بێ، بەڵکوو باسی شتێك دەکا لە لایەن تۆوە، کە من ئاواتیم دەخواست. بۆی هەیە ئەمجارە ئەم واژەیە بە لایەکی دیدا بسووڕێتەوە و ببێ بە: بێ دەبا بێیی تۆ خواستەیی من بوو بە ئاوات. واتا ئیزنی نزیك بوونەوەی من لە تۆ لە لایەن تۆ ڕا خواستەی من بوو کە ئێستا هاتۆوەتە دی.

٤. "لە ڕووت و قووتی وەك من ڕوو مەپۆشە
کە وەسڵی تۆیە قووتی عاشقی ڕووت"
لا١٤٨

واژەی تریفەداری ئەم دوو دێڕە، واژەی (ڕووت)– ە. موودەڕڕیسەکان ئاوا شەرحی ئەم دوو دێڕە دەکەنەوە:

"ڕۆی خۆت لە هەژاری ڕووت وقووتی وەك من مەشارەوە، چوونکە تاقە هۆیەکی ژیان بۆ منی عاشقی ڕووت بریتییە لە پێ گەیشتنت کە ئەویش بە هۆی دیتنی ڕووتەوە دێتەدی." لا١٤٨– ١٤٩

دوایە لە تەحلیلێکی بەدیع و بەلاغییانەدا سەبارەت بەواژەی ڕووت دەفەرموون:

"... لە نێوان هەرسێ (ڕووت)ەکەدا جیناسی تەواو و، لە (ڕووت)ی (عاشقی ڕووت)دا لەگافەت هەیە."

(ڕووت)ی دووهەم دەلوێ ڕوومەتێکی دیشی هەبێ و بە لایەکی دیشدا (ئسپێس مێنتال)ێکی دیمان بۆ هێڵکاری بکا. نالی،





بە ڕەفتارێکی جوانیناسانەی کەم وێنەدا، واژە وێکهاتووەکانی (ڕووت وقووت) لێك دادەبڕێ و هەر کامیان بە جودا داوێتە بەستینێکی جوداوە، تا هەر یەك بۆ خۆی لە شوێنی خۆیدا ببێتە بارسایی و (حەجم)ێك بە پەلەاوێشتن بۆ چەند لاوە. (ڕووت)ی دووهەم، جگە لە لێکدراوەی (ڕووی تۆ)، بە تەقابوول لەگەڵ ڕووپۆشین، بێ بەرگیش هەڵدەگرێ. واتا دەلکێتەوە بە سەرەتا، منی ڕووت و قووت. پارادایمێکی بازنەیی. عاشقی ڕووی تۆ و، عاشقی بێ بەرگ و ڕووت وقووت لە بەرابەر ڕووی داپۆشراو.

٥. "نەفەس هەروا لە ڕێ دا دێت و نایێ
لە سەیرومەیری ئەسبابی سەفەر مام"
لا٢٦٣

مودەڕڕیسەکان لە لێکدانەوەی لێکدراوەی (سەفەرمام)دا، (سەفەرم دام)ی بۆ بە جێ دەزانن و دێڕەکە ئاوا لێك دەدەنەوە:

"... خەریکی تەماشای توێشووی سەفەری دواییمم، ..." لا٢٦٣

ئەم واژە لێکدراوەیە، لە هەناوی خۆیدا وزەی پەلەاوێشتن بۆ لای دەلالەتێکی دیشی هەیە، دەلالەتی (بە هۆی دوودڵیم، لە سەیر و تەماشای توێشووی سەفەرم دا دۆش داماوم.)

ئەم چرکەساتە فرەلایەن و فرەمەدلوولانە لە دیوانی نالیدا لە ئەژمار نایەن. وزەی ئەم قەڵەمە کۆڵە و مەودای ئەم وتارە لەمە پتر هەڵناگرێ. کەشفی هەراوتری تیرێژەکانی داهێنان و داهێڵان لە جیهانی بەربڵاوی دەقی نالیدا، قەڵەمێکی بە بڕشتتر و مەودایەکی فراوانتر دەخوازێ.

سەرچاوە:

١. دیوانی نالی، لێکۆڵینەوەولێکدانەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس و...، بنکەی سەلاحەددین ئەییووبی، ورمێ ١٣٦٤
٢. دەستەودامانی نالی، مەسعوود محەممەد، ئستۆکهۆڵم١٩٩٧
٣. کتێبی نالی، ڕێبوار سیوەیلی، دەزگای چاپ وبڵاوکردنەوەی موکریانی، ٢٠٠١
٤. بیانیەی شعر حجم، یداللە رویایی، سایت دیگران ١٣٨٨
٥. نقدواستقلال ادبی، محمدمهدی خرمی، انتشارات ویستار١٣٨٢

# نێوان دەقی

**ئەحمەد چاک**

فورمالیستەکان لەسەر بابەتی شیعر خاڵێکی گرینگیان هێنایە ئاراوە کەتوانی کێشەی سەرەکی پێوەندییەکانی نێوان دەقی بێنێتە گۆڕێ. ئەو پێوەندییە ناوەکییانە دەقەکان (چ سەربە دۆخێك بن و سەر بە مێژوو) ئەمڕۆ بە پەیڕەوی لە باختین لەژێر سەردێڕی (پێوەندی نێوان دەقی) ناودێر کراون. ئەم باسە بەوتاری (هونەر وەکو جوانکاری) شیکلۆفسکی دەستی پێ‌کرد. لەوتارەدا روون کراوەتەوە کە هەر چی ئێمە لەگەڵ دەورانێك زیاتر ئاشنا دەبین دڵنیایەکی زیاترمان دەس دەکەوێ کە ئەو وێنانەی شاعیرێك بەکاری هیناون ( و بەڕای ئێمە بەرەەمی ژیانی تاکە کەسی ئەون) دەکرێ بلێین بێ هیچ ئاڵ و گۆڕێك لە شێعری شاعیرانی‌تری خواستۆتەوە. داهێنانی شاعیر نەك لە کێشانەوەی وێنەکان بەڵکوو لە زمانێك دا کە ئەوان بەکاری دێنن دەدۆزێتەوە. شێوازی شاعیر لەسەر بنەمای شێوەی دەربڕین، جوانکاری وێژەیی و بەکارەێنانی تایبەتی زمان لێك جوێ دەکرێنەوە. ئاڵوگۆڕی وێنەگەری لە رەوتی بەرەو پێش چوونی شێعردا گرینگ نییە بەڵکوو ئەوەی جێی سەرنجە لەکار کردنی زمانە. لە تێگەیشتنی نێوان دەقی دا لێکچوونە جوانی ناسیەکان و شێوەی دەربڕین و هاوسێتی زمانی گرینگە نەك وێکچوونی هەوێن و وێنە. بەرەەمی هونەری لەبەرەەمەکانی پێش خۆی و لەپێوەندی لەگەڵ ئەواندا بەدی دێ. فۆرمی بەرەەمی هونەری بە هۆی پێوەندی لەگەڵ ئەو بەرەەمانەی لەپێش ئەودا بوون پێناسە دەکرێ. ئامانجی فۆرمی تازە ئەوەنییە کە نێوەرۆکێکی تازە دەربڕێ بەڵکوو فۆرمی تازە دێت هەتا جێنشینی فۆرمی کۆن بکرێ کە ئیتر بایەخ و وزەی جوانی ناسی خۆی لەدەس داوە. شیلکۆفسکی ئەو بڕیارەی «فیردیناند برۆنتییەر» دوبارە دەکاتەوە کە دەڵێ: «لەنێو هەموو شوێندانەرییەکانی هوونەریدا، لە کارتێکەری دەقێك لە دەقێکی دیکەدا گرینگ ترینە.»

بابەتی «وت و ێژ» بەلای فۆرمالیستەکانەوە زۆر گرینگ بوو ئەوان تاك و تار « تك گفتار» یان بە فۆرمی دەسپێکەر دەزانی و چیرۆکیان بە لاسایی کردنەوەی هونەری تاك و تار دەزانی. وتاری و نیۆ گرادۆف لەژێر سەردێڕی « بیردۆزی ئەدەبی» و هەروەها وتاری بوریس ئاخێن بام لەمەر چیرۆکێکی گوگول بەوەها چەمکێکەوە دەسپێکراون ئەوان ئاماژەیان بە بنچینەی چیرۆکی فرە دەنگ نەکردووە. باختین جیاوازی ئاشکرای «تاك وتار و وت وێژی» ناسی و شرۆڤەی کرد. بە هەمان شێوە کە بنەمای وتار لە بەکار هێنانی تاکەکەسی‌دا بە ئامانج دەگا (ئامانجی ئەخاوتن) هەموو فۆرمێکی دەربڕینی هوونەریش جۆرێك وتاری ئەدەبی بە ئامانجی وتوێژە.

«ژولیا کریستوا» توانی چەمکی ئاخاوتن فرە پەرە پێبداو وتی: « هەر بەرەەمێکی ئەدەبی ئاخاوتنێکە لە تەك بەرەەمەکانی‌تر.» پێشتر باختین ئاماژەی کردبوو کە ئێمە پێویستمان بە زانستێکە بەناوی « ئەو پەڕی زمانەوانی» و

ئامانجیشی ناسینی لیکۆژی وت و وێژ لە زماندایە. ئەو زانستە پێوەندییەکی پتەوی لەتەك شێوەی خوێندنەوە بە یارمەتی دەقەکانی‌تر هەیە. و هەروەها دۆزینەوەی شێوەی «نێوان دەقی». شێعرەکانی مالارمێ دەکرێ بڵێین لە وتوێژێکی بەردەوام لەگەڵ دەقەکانی پێش خۆیان دان. رەنگە بوترێ دژکردەوەیەکن لەدژی شێوەی دەربڕینی پێشوو.» بارت لە سەرئەو بڕوایەیە کە دەلالەتی دەق نەك بۆ راستەقینە بەڵکوو بۆ دەقەکانی‌تر دەگەڕێتەوە.

ژرار ژنێت لە کتێبی (الواح بازنوشتنی)دا ئەو پێوەندییانەی کە دەق دەبەنە ئاستی بەرزو لە تێگەیشتنی مانای دەقدا رۆڵیان هەیە بەو جۆرە پولێن بەندی دەکا. «ئەو پێوەندییانە دەلالەتەکانی مانای دەق روون دەکەنەوە بەر لەوەش دەبنە هۆی بەرز بوونەوەی مانای دەقەکە»:

١) نێوان دەقی: هەر ئەو بابەتەیە کە ژولیا کریستوا بە پێوەندی نێوان دەقی ناودێری کردووە واتە بەکار هێنانی ئاگایانەی دەقێك لە دەقێکی‌تردا. چ تەواو چ ناتەواو. هەرکات لەبواری ماناناسی و شێوازناسییەوە دەقێك بەشوێن دەقێکی‌تردا هاتبێ ئەوە لەگەڵ پێوەندی نێوان دەقی بەرەو ڕووین. ریفاتێر دەڵێ: « نێوان دەقی سازوکارێکی تایبەتە لە خوێندنەوەی دەقێکی ئەدەبی. تەنیا نێوان دەقی بەدیەێنەری دەلالەتی مانابیە. ئەمە لەکاتێکدایە کە خوێندنەوەی دێڕبە دێڕ و وشە بەوشە (بە بێ سەرنجدان بە چەمکی نێوان دەقی) چ لەدەقی ئەدەبیدا و چ لەدەقێکی‌تردا تەنیا مانا دەخولقێنێ.»

٢) پیرامتنی: ئەو پێوەندییانە هێندێك لێڵن و بە ئاسانی نادۆزرێنەوە. شێوەی پێش کێش کردنی دەقی ئەدەبی لە پەیکەری کتێبدا بە هەموو تایبەتمندیەکانیەوە. بەوتەی ژنێت: «پێش دەق» ئەو شتەی پێش نووسینی دەق وەکوو گەڵاڵەی یەکەمی دەق بیچم دەگرێ، دەکرێ لە نێوان دەستەی دووەمی ئەو پێوەندییە جێ‌کەینەوە.

٣) فرامتنی: ئەو پێوەندییانەکە تەفسیری و راڤەیین دەقێك بە دەقێکی ترەوە گرێ دەدەنەوە ژنێت دەڵێ: « دەتوانین باشترین بیچمی ئەو پێوەندیانە ناو بنێین « تەفسیری رەخنەگرانە». هەر لەبنەڕەتیشدا (مێژووی نووسینی رەخنە) بۆخۆی جۆرێك پێوەندی ئەو پەڕ دەقییە. بۆ نمونە هیگێل لە« دیاردە ناسی رۆح» دا لە کتێبێکی برازای رامۆ بەشێوەیەکی تەفسیری کەڵکی وەرگرتووە. یا لە دەسپێکی بەناو بانگی ئەو کتێبەدا چەن راڤەیەکی شلینگی هێناوەتە بەرباس.

٤) فزون متن: بەمانای شێوازی ئەو دەقەیە کە باسی لێوە دەکرێ بە مانای تایبەتی کە دەکەوێتە پێناسەی ژانرە ئەدەبییەکان.

٥) پێوەندی پێش دەق و پاش دەق: پێوەندییەکە کە ناتوانرێ بە راڤەیی و شرۆڤەیی بزانین. لەزمان گێڕانەوەش نییە بەڵکوو بە جۆرێك دووپاتە کەرەوەی پێش دەقە.

بابەتی سەرەکی کتێبی (الواح بازنوشتنی) ژنێت پاش دەقە. « دەقێکی نامۆ دێتە ناو دەقەکەوە» ئەو بڕیارەی کریستوا لە یەکەم هەنگاودا ئامانجی سەرنجدان بە گەوهەری زمانەو لە پلەی دواییدا بە سەرنجدان بە دەقی ئەدەبی دەزانرێ. هەردەقێك خاوەنی مانای بێ ئەژمارە. لە قەبووڵ کردنی ئەو خالە کە دەق خاوەنی مانای جۆراوجۆر و تەنانەت دژ بە یەکشیە دەگەینە ئەو ڕاستییە کە دەبێ ئەو مانایانە لە رێگەی پێوەندی نێوان دەقییەوە تاوو توێ کرێن. هەر جۆرە پولین بەندی کردنێك لە حوکمی ناسینی ئۆرگان و بنەمای پەیڤە واتە کاتێك دەوترێ « ئەو دەقە تراژیکە» لە راستیدا پێوەندییە نێوان دەقییەکانمان بەر تەسك کردۆتەوە و ئەو ڕادەیەمان بۆ ناسین بە پێویست زانیوە. لێرەدا ئەو دەقە لەگەڵ ئەو دەقانەی کە لە ژێر سەردێڕی تراژیکدا پولێن بەندی کراون هەڵدەسەنگێنین. و لە رێسای پەیڤێك کەڵك وەردەگرین کە پێشتر هاوتای پەیڤی تراژیکمان دانابوو. تەنانەت لەو هێمایانەش کەڵك وەردەگرین یا خود ئەو ئێلێمانە ئەو پەر دەقییانە کە خاوەنی لایەنی خەم و پەژارە بن.

دەق بریتیە لە کۆمەلە «دال». یا بە وتەی «گرماس» یەکە گەلی مانایی. ئەو یەکانە سۆنگەی تێگەیشتن لە پێوەندییە نێوان دەقییەکانەوە دەبنە بابەتگەی مانایی. کریستواو باختین پێیان وایە ئەو پێوەندییانە لە یەکەم هەنگاودا لە ژانری بەرەەمی ئەدەبی و دواتر لە پەیڤدا کەهەم دژوارتر و هەم ناڕوونترە دەزێنەوە بەڵام هۆیەکی گرینگی تریش هەیە کە خوێنەرە، رولان بارت لە کتێبی S/Z دا دەنووسێ: « من (خوێنەر) بابەتێکی گەوج کە

بەرامبەری دەق ڕاوستابم نیم... ئەو (منە)ی کە لەگەڵ دەق ڕووبەڕوو دەبێتەوە خۆی کۆیەکە لە دەق گەلێکیتر. ئەو گشتێکە لە هێما گەلی بێ ئەژمار کە رەچەڵەکیان بزر بووە. هەردەقێك لە سۆنگەی ئەو دەقانەی پێشتر موتالامان کردووە مانا دەبەخشێ و بەو رەمزانەی پێشتر ناسیومانە دەبەسرێتەوە، نێوان دەقی سەرنجی ئێمە بۆ لای ئەو دەقانەی پێشتر خوێندراونەتەوە ڕادەکێشێ. ئاشکرایە دەقێك کە زووتر خوێندراوەتەوە مەبەستە نەك ئەوانەی زووتر نووسراون».

لەسەر رێو شوێنی نێوان دەقی هەر دەقێك تەنیا بە هۆی ئەو دەقانەی کەپێشتر خوێندراونەتەوە مانا دەبەخشێ. لە لایەکیتر کاتێك جەخت لە سەر ئەو زانستە بەرەییە دەکەین ناچارین دەقە بەرەییەکان وەکوو بەدیەێنەرانی رەمزگەلی جۆراوجۆر بزانین کە ئاسۆی دەلالەتی دەق دیاری دەکەن.

کەوابوو نێوان دەقی بەر لەوەی تەنیا ناوێك بێ بۆ تێگەیشتن لە پێوەندی بەرەمێك لەگەڵ بەرەەمەکانیتر. رووناك کەرەوەو دیاری کەری لە ئارادا بوونی هەر بەرەمێکی هوونەرییە لە هەرێمی کوولتووردا. ئەو پێوەندییانە لە حوکمی ئاڵقەی پێوەندی پاژەکانی پەیڤن.کۆمەلە زانستێکە کە رێگەدەدا بەدەق هەتا مانای هەبێ. کاتێك بیر لە مانای جۆراوجۆری دەقێك دەکەینەوە لە راستیدا لە جیاتی کردەوەی نێوان زەینی کردەوەی نێوان دەقی دێتە گۆڕێ. ئەوکردەوەیە بە ئاشکرایی پێناسەیەکی نوێ لە دەق دێنێتە ئاراوە. لایەنی مانایی دەق هەر چییەك بێ بەهەلوومەرجی ئەو وەکوو کردەیەکی دەلالەتگەر پێش گریمانەی پەیڤ گەلێکیتری لە خۆیدا حەشارداوە، دەق هەرلە هەوەڵەوە هەرێمی دەستەڵاتی پەیڤ گەلێکیترە کە فەزایەکی تایبەت بە سەردەقدا دەسەپێنێ.

بلووم لە کتێبی « دڵەڕاوکێی شوێن وەرگرتن» دا لە شێوەی رووبەڕوو بوونەوەی راڤەکار لەگەڵ دەقی ئەدەبییەوە دەسپێدەکا و نیشان دەدا کە مانای دەق لە پەڕاوێزی خوێندنەوەی دەقدایە نە نووسینی دەقەکە. شێعرێك کە دەخوێندرێتەوە لە زەینی ئێمەدا کورت نابێتەوە بەڵکوو دەبێتە شتێکی نوێ یا شێعرێکی نوێ. زەینی خوێنەر یا بیسەر ئافەرێنەرە و مانای نوێ بەدی دێنن. شێعر و دەقی ئەدەبی تەنیا







بەوێنەو بۆ چوون و شتی دیاریکراو نابەسرێتەوە. بەڵکوو راڤەی هەر دەقێك وابەستەی دەقگەلێکی ترە. بلووم دەنووسێ: « مانای شێعر تەنیا دەتوانێ شێعرێکیتر بێ». لەو رووە هەر شێعرێك کە بە رواڵەت سەربەخۆیە لە ئاکامدا بە شێعرەکانیتر دەبەسرێتەوە. چونکێ لە بنچینەدا خەیاڵپەردازی بە بێ شوێن وەرگرتن و قیاس نامومکینە. تەنانەت ئەو بیرمەندانەش کە لە خەیاڵی خۆیاندا لە شوێن پەنجەی دیگەران رەها بوون (وەکوو: گوتە، نیچە، مان، بلیك، رۆسۆ، هۆگۆ و ... ) لە بەرەەمەکانیاندا دڵەڕاوکێیەکی قوڵ لە ترسی شوێن وەرگرتن دەبینرێ. ئەوان تێدەکۆشان هەموو جۆرە دڵەراوکێیەك لە شوێن وەرگرتن لەبەرهەمەکانیاندا بشارنەوە. سەرەڕای هەمووی ئەو هەوڵ و تێکۆشانەش (بە هەمان دلە ڕاوکێشەوە) دیسان لە بەرەەمەکانیاندا مۆرکی دیتران دەبینین (هەر یەکە لە رابردووان کە بە رواڵەت لە یاد چوونەوە لە پڕا دەبنە درنجێك لە خەیاڵدا) دڵەڕاوکێی شوێن وەرگرتن، دڵەڕاوکێی سەرەکی بیرۆکەی مۆدیڕنە: « هەر شێعرێك، بەرەەمی تێکهەڵچوونێکی تایبەتە رابردووان دەڵێن وەکوومن بە، بەڵام من مەبە» بلووم دەنووسێ: « شێعر لەوشەکان چێکراوە نەك لەشتەکان، وشەکان دەگەڕێنەوە سەر وشەکانیتر و ئەوانیش هەرکام بە گۆیرەی خۆیان بۆ وشە گەلێکیتر دەگەڕێنەوە ئەو پرۆسەیە بەردەوام دەبێ هەتا دەگەینە ئاستی زمانی ئەدەبی، کەوابوو دەتوانین بڵێین هەر شێعرێك بەینا شێعرێکەو هەر جۆرە خوێندنەوەیەك بەینا خوێندنەوەیەك.» وابەستە بوونی زمانی شاعیر بەزمانی شاعیران و مانای شیعر بە مانای شیعران و خوێندنەوەی شیعر بۆ خوێندنەوەی شێعرەکان روونی دەکاتەوە کە کردەوە گەلی زمانی رابردوو، شاعیری ئەوڕۆ دروست دەکەن.

هەلوومەرجی شاعیر لە دیالێکتیکی (پێوەندی بەر لە دابڕانلە) شاعیرانی پێشوودا دیاری دەکرێ بلووم لە جێیەکیتردا دەنووسێ: «مەگەر دەتوانی پەروەردەبکەی و بیربکەیتەوە و تەنانەت بخوێنیەوە و مانای نەریت نەزانی؟ ناتوانرێ بە بێلاسایی کردنەوە بنووسرێ و پەروەردە بکرێ و بیر بکرێتەوەو تەنانەت بشخوێندرێتەوە بەبێ نووسینو

پەروەردەکردن و بیرکردنەوە خوێندنەوەی کەسێکیتر کەوابوو پێوەندی منو کار (بەرهەم)ی کەسێکیتر نەریتە».

هەلوومەرجی شاعیر دەیەێنێتە گۆرەپانی تێکۆشان و ململانێ، بلووم دەڵێ: «دەقێکی شاعێرانە، بەواتای کۆ بوونەوەی ڕێژەیەک لە نیشانەکانی سەرلاپەڕەیەک نییە بەڵکوو ململانەیەکی دەروونی بە گورزە کە لەو دا وزەکانی سەربە خۆ، بۆ تەنیا شکڵی سەرکەوتن واتە سەرکەوتنی یەکجاری بەسەر لەبیر چوونەوە تەقەللا دەکەن.»

شێعر دیاردەیەکە کە دەچێتە ئەو پەڕی دەقەکەی خۆی. بلووم لە سەر ئەو بروایەیە کە ئێمە ئەگەر شێعرێك بخوێنینەوەو پێوەندی ئەو و رابردوومان لەبەر چاو نەبێ و هەولێ بدەین بەو کارە لە رابردوو چاو بپۆشین تەنیا خوێندنەوەیەکی پەتیمان بۆی هەبووە. مێژووی شێعری دوای شێکسپیر مێژووی ئەو شێعرانەن کە تەنیا بەشێوەیەکی پەتی خوێندراونەتەوە. هەرچەند گرینگایەتی ئەو خاڵە زۆر کەم زانراوە. بنەما شکێنی لە حوکمی دۆزینەوەی رەچەڵەکی راستەقینەی شێعرە. نە بەمانای دۆزینەوەی لێکچوونە رووالەتییەکان. بەڵکوو مانای دۆزینەوەی (پێوەندی شاراوە) لە سۆنگە دڵەراوکێی شاعیر: لە کتێبی« دڵەراوکێی شوێن وەرگرتن» دا دەمویست بڵێم کە شێعرە دەقاودەق ئەوشتەیە کەلەسەرئەو لاپەرەیەی دەیخوێنینەوە نەنووسراوە.»

هەر شێعرێکی نوێ لە حوکمی بەرەنگاری تازەلاوێکە لە دژی دەستەلاتی باوکی، کە هەمان شوێن وەرگرتن لە شاعیرانی پێشووە یا دەستەڵاتی یەکجاری و بەرەنگارانە خوازی زمانی ئەدەبی. مێرمنداڵێك لە سۆزی دابڕان لە نەریت و نەبوونی بەردەوامیدا دەسووتێ. زۆرجار هەولێ دەدا بە هەڵوەدا بوون لە ماڵی باوکی لە سەرپێی خۆی راوەستێ بەڵام تەنانەت ئەگەر تۆزێکیش لە تۆرەمەی خۆی بگا هێشتا وابەستەی باوکییێتی. داستایوفسکی راستی دەکرد کە دەیوت: « تووك لێ کردنی باوك مۆرکی بنەماڵەیە» بەڵام بەڕاستی دابڕان لە نەریت و رەچەڵەك تایبەتمەندی مێرمنداڵە. گیرکەگارد و توویەتی: «ئەو کەسەی دەیەوێ کارێك بکا کارستان بەر لە هەموو شتێك دەبێ باوکێك بۆخۆی بخوڵقێنێ.»







بلووم بە دووبارە کردنەوەی ئەو وتەیەی کیرکەگارد دڵەڕاوکێی شوێن وەرگرتن بە ئاگایی بە پێویست زانینی ئافراندنی ئەو رەچەڵەکە دەزانێ. و ئەو وتەیەی نیچە دەخاتە روو کە دەڵێ: «کاتێك کە باوکێك باش لە ئارادا نیە دەبێ بیخوڵقێنی.» و هەر دەقێك مۆرکی ئەو دابڕان و دڵەراوکێیەی کە سۆزی ویستنی رەگەزنامەی پێوە دیارە و بە کورتی: « لە هەناوی هەر شاعیرێکدا دەکرێ و دەبێ شاعیرێکیتر بدۆزینەوە.»

**سەرچاوەکان:**

**١. ساختار و تأویل متن، باباك احمدی، نشر مرکز**
**٢. نظریة ادبي، تري ایلطتون، ترجمە عباس مخبر،نشر مرکز**
**٣. راهنمای نظریة ادبي معاصر، رامان سلدن، ترجمە عباس مخبر، نشر طرح نو**
**٤. نشانە شناسی کاربردی، فرزان سجودی، نشر قلە**
**٥. نقد ادبی، سیروس شمسیا، نشر فردوس**

# لە ئاکایەتییەوە هەتا ڕزگاری [٧]

ڕەهبەر مەحموودزادە

١. لەوانەیە بتوانین بڵێین بنەمای ئەو ئاڵوگۆڕانەی لە چاخی ڕۆشنگەریدا ڕوویان دا، بەگشتی دەگەڕێتەوە سەر چەمکی خودبنیادی. دیارە ئەو چەمکەش پەل بۆ دوو بواری خودبنیادی تیۆریک و خودبنیادی عەمەلی دەهاوێژێ.

هەر لە بنەڕەتدا چۆنیەتی بیچمگرتنی ئەو چەمکانە، لە پێوەندی لەگەڵ ئەو دابڕانەی لە سوننەتە فیکری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی کڵێسە ڕووی دا، شیاوی پێناسەکردنە. ئەو مرۆڤەی فەرهەنگی ئەسکۆلاستیکی کڵێسەیی وەکوو سووژەیەکی تایبەت لە قالبی دەدا، نە لە بواری تیۆریکدا و نە لە بواری پراکتیکدا، مرۆڤێکی خودبنیاد نەبوو. کەوایە سەیر نییە کە سەرەکیترین و بنەڕەتیترین دروشمی ڕۆشنگەری ئەم دروشمە بوو: ئازایەتی بیر کردنەوەت هەبێ!

هەر کام لە ئەم دوو چەمکە خزمە، بوون بە بناغەی سوننەتێکی بەربڵاو و شوێندانەری سەربەخۆ. خودبنیادی فیکری و ئاکامە مەنتیقییەکانی بە ئاشکراترین





شێوە، خۆی لە سوننەتی ڕاسیۆنالیسمدا دیتەوە و خودبنیادی عەمەلیش بوو بە هۆی ژیانەوە و پەرەگرتنی سوننەتی دێموکراسی کە لە چاخی یۆنانی کەوناراوە، کەم و زۆر سوننەتێکی ناسراو بوو.

بەڵام وەك هیگڵ دەڵێ لە ڕەوتی دیالێکتیکیی ئاڵوگۆڕەکاندا، دوای بەرهەم هاتنی دیاردەیەك لە ناخی دژەکەیەوە، ئەسڵی ناتەبایی، ڕاستییەکی لە چار نەهاتووە. بەم شێوەیە ڕۆمانتیسم لە بەرانبەر ڕاسیۆنالیسمدا ئاڵای خۆی هەڵکرد. لە ڕوانگەی بیرمەندانی ڕۆمانتیستەوە، ئەگەر ڕیشەی ڕاسیۆنالیسم بگەڕێتەوە بۆ تاکباوەڕی یان مرۆڤباوەڕی، ئەودەم دەکرێ بڵێین خۆ مرۆڤ یا تاکی مرۆڤ لە سەداسەد لە عەقڵ پێکنەهاتووە هەتا ئێمە بانگەشە بۆ دەسەلاتدارییەتی بێ ئەملاوئەولای عەقڵ بکەین“ ئەوەندەی عەقڵ بەشێکە لە بوونی مرۆڤ، هەست و سۆز و خەیاڵیش بەشێکی تر لە بوونی تاك دەگرێتەوە.

ڕۆمانتیستەکان پێیان وابوو لە چاخی ڕۆشنگەرییەوە هەتا ئەوکات هەقی لایەنی هەست و خەیاڵی مرۆڤ بە قازانجی لایەنی عەقڵیی پێشێل کرابوو. کەوایە ڕۆمانتیسم بۆ قەرەبوو کردنەوەی ئەو لایەنە پێشێلکراوە تێدەکۆشا.

دەکرێ بڵێین تەوەری یەکگرتنەوەی ڕاسیۆنالیسم و ڕۆمانتیسم، ئەو تاکباوەڕی یا مرۆڤباوەڕییە بوو کە عەقلانییەتی ڕۆشنگەری پەرەی پێ دەدا.

ئەگەر چەمکەکانی خودبنیادی فیکری و عەمەلی، لە بوارەکانی عەقڵ و سیاسەتدا، زۆرترین کاریگەرێتییان هەبوو. بواری هونەر و ئەدەبیش، بەشی خۆی لە بەرەوبووی بە پێتی مرۆڤباوەڕی و تاکباوەڕیی داوا دەکرد. تومەز ڕاسیۆنالیسم، خێروبێرێکی ئەوتۆی بۆ بواری هونەر و ئەدەب تێدا نەبوو بۆیە ڕۆمانتیسم بۆ ئەم پانتاییە مەغبوون و لە بیرکراوانە تێی هەڵهێناوە. ڕۆمانتیسم، ئەوەندەی شوێنی لەسەر فەلسەفە دانا، ئەوەندەش لە بەستێنی هونەر وئەدەبدا کاریگەر بوو.

کەوایە دەتوانین بڵێین ڕەوتی تاکباوەڕی ناڕاستەوخۆ شوێنی قووڵی لەسەر بزاڤە ئەدەبی و هونەرییەکان دانا. ئێستاش بۆ

نموونە کاتێك باسی زەمینە کۆمەلایەتی و سیاسییەکانی سەرهەڵدانی شیعری نوێ لە ئێراندا دەکرێ، هێندێك لە بیرمەندان، سەرهەڵدانی ئەم ڕەوتە دەبەستنەوە بە بزاڤی مەشرووتییەت و شکڵگرتنی پارلەمان و گرینگی پەیداکردنی دەنگی تاکی مرۆڤ و بەگشتی دەیبەستنەوە بە شکڵگرتنی فەردییەت و تاکایەتی مرۆڤی ئێرانی.

٢. چەمکی تاکایەتی (فردیت) پێوەندییەکی نەپچڕاوە و لە پسانەنەهاتووی لەگەڵ (حوزە خصوصی) واتە پانتایی تایبەتیدا هەیە. دەزانین ئەم چەمکەی دوایێش لە بەرانبەر چەمکی پانتایی گشتی (حوزە عمومی)دا، باسی لێ دەکرێ. کەوایە بۆ ناسینی هەر کام لە ئەو مەفهوومانە، ناسینی مەفهوومەکەی تریش پێویستە.

بیچمگرتنی «پانتایی گشتی» دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دێموکراسییەی لە سەدەی پێنجەمی بەر لە زایین لە دەوڵەت شارەکانی یۆناندا لە ئارادابوو. دێموکراسی ئاتێنی، دێموکراسییەکی بێ نێونج و ڕاستەوخۆ بوو. واتە هەر کەسێکی بە شارۆمەندی دەوڵەت – شار قبووڵ دەکرا، (دیارە هەر پیاوانی ئازاد وەکوو شارۆمەند حیساب دەکران و ژنان و کۆیلەکان و بیانییەکان مافی شارۆمەندییان نەبوو) حەقی ئەوەی هەبوو لە کاتی بڕیارداندا، دەنگی خۆی بدا و بەم تەرزە، نوێنەر و سیستمی نوێنەرایەتی لە گۆڕێدا نەبوو. یەکەم نموونەی شکڵگرتنی پانتایی گشتی لە کۆبوونەوەکانی ئەو دەوڵەت شارانەدا بەرچاو دەکەوێ. کەوایە پانتایی گشتی، کەشوهەوایەك بوو کە تاکەکان دەیانتوانی دەنگی خۆیانی تێدا دەربڕن و دەنگی کەسانی دیکە ببیسن و هەر لەسەر بنەمای ئەم دەنگبیستن و دەنگدەربڕینە، بڕیار لەسەر بابەتێکی جەمعی بدەن. بەڵام توانای تاکەکەس بۆ دەربڕینی دەنگی خۆی بە هیچ کلۆجێك بە مانای بوونی کەشوهەوایەکی سەربەخۆ وەك پانتایی تایبەتی بۆ تاکی ئەو سەردەم نەبوو.

پانتایی تایبەتی – بەپێچەوانەی پانتایی گشتی کە پێشینەکەی دەگەڕێتەوە بۆ نزیکی دوو هەزار و پێنجسەدساڵ لەمەوبەر– لە جیهانی مۆدێرندا زەمینەی بیچمگرتنی بۆ ڕەخساوە. بە گوتەیەکی تر لە موناسەباتی جیهانی مۆدێرندا نەبێ،





کەشێك وەکوو پانتایی تایبەت پێك نایێ. لە نێوان بیچم گرتنی تاکایەتی و پێکهاتنی پانتایی تایبەتیدا، پێوەندییەکی دوو لایەنە هەیە. واتە تاکایەتی پانتاییی تایبەت دەخولقێنێ و پانتاییی تایبەتیش یاریدەی پرۆسەی شکڵگرتنی تاکایەتی دەدا. بە گوتەیەکی تر پانتاییەکی تایبەتی ناتەواو و نەپارێزراو، ناهێڵێ پرۆسەی بیچمگرتنی فەردییەت بە ئەنجامی خۆی بگا و بە پێچەوانەشەوە تاکایەتییەکی ناتەواویش ناتوانێ پانتاییەکی تایبەتی دەوڵەمەند پێك بێنێ.

ئەگەر تا ڕادەیەك لە ژیاننامەی مرۆڤە هەڵکەوتەکان ڕابمێنین، بە ئەو ڕاستییە دەگەین کە زۆربەیان پانتاییەکی تایبەتی یەکجار دەوڵەمەند و یەکجار پارێزراویان هەبووە. دیسان ڕەنگە بتوانین بڵێین هەرچی بەرهەمی هونەری و ئەدەبییە، لە کەشوهەوای لە باری پانتاییە تایبەتییەکاندا بەرهەم هاتوون. ئەگەر ئەو قسەیەی والتر بنیامین بسەلمێنین کە دەڵێ "نبووغ بریتییە لە خۆ بە کار ئەسپاردن"، ئەودەم دەکرێ بڵێین خۆ بەکار ئەسپاردنی نووسەران و هونەرمەندان هەر بە تەنیا لە پانتاییی تایبەتی ئەو کەسە داهێنەرانەدا دەرەتانی هەبووە.

ئەگەرچی زۆر جاران شاهیدی ئەو ڕاستییە بووینە کە پانتاییە گشتییەکان چ دەرەتانێکیان بۆ پانتاییە تایبەتییەکان نەهێشتووەتەوە و بە کردەوە ئەو پانتاییەیان خنکاندووە بەڵام وا نییە پێوەندییەکی پێچەوانە لە نێوان ئەم دوو پانتاییەدا هەبێ، واتە ڕاست نییە بڵێین هەرچی پانتایی گشتی بەربڵاوتر بێ، پانتایی تایبەتی تاکەکان بەرتەسکترە و بە پێچەوانە بەربڵاوبوون و قووڵبوونەوەی پانتایی تایبەتی تاکەکان، پانتایی گشتی سست و لاواز دەکا. لە جیهانی مۆدێرنی ئەمڕۆدا کە هاوکات لەگەڵ تەنەوە کردنی خێرا و بەربەرینی چاپەمەنی و میدیاکان و کەناڵە ئاسمانییەکان و سایتە ئینترنێتییەکان، پانتایی گشتی بە هاتنە ئارای کۆبوونەوە مەجازییەکان زۆر زیاتر قووڵ و دەوڵەمەند و بەربڵاو بوونەتەوە. تاکایەتی تاکەکانیش لە ناو کەشوهەوای پانتاییە تایبەتەکاندا زۆر کامڵتر لە جاران بیچمیان گرتووە.

ڕاستییەکی جێی سەرنجتر ئەوەیە کە هێندێکجار بەشێکی زۆر گرینگی پرۆسەی بیچمگرتنی فەردییەت لە ناو پانتاییە

گشتییەکاندا سەر دەگرێ و هێندێك جاریش مانەوە لە ناو کەشوەهەوا تایبەتەکان و پێ داگرتن لەسەر تەنیایی، زیاتر لەوەی نیشانەی پرۆسەی بیچمگرتنی تاکایەتی بێ، نیشانەی تەریکبوونەوە و نەبوونی توانایی بۆ بەشداریکردن لە پانتاییە گشتییەکانە.

بنیامین باسی پرۆسەی وەدی هاتنی ئەزموونە فەردییەکانی تاك لە کاتی خولانەوەی لە کەشوەهەوا گشتییەکانی شاری مۆدێرندا دەکا. دیارە زاراوەی "خولانەوە" لە بۆچوونی بنیامیندا خاوەنی مانایێکی تایبەتە. خولانەوەی تاك لە کەشوەهەوا گشتییەکانی شار، بریتییە لە بە نیشانە و وشە و ڕستەکردنی کۆڵان و شەقام و بینا و دووکان و هەموو دەرکەوتەکانی شار و خوێندنەوەیان وەکوو دەقێك. تەجروبەی خوێندنەوەی ئەم دیاردانە، بۆ هەر کەسە، تەجروبەیەکی تایبەت بە خۆیەتی کەوایە چەمکی شار لە تەجروبەکانی مرۆڤی مۆدێرندا مانا پەیدا دەکا و تەجروبەکانی مرۆڤی تاکی مۆدێرنیش لە ناو کەشوەهەوای شاردا وەدی دێ. لێرەوە بە ئەنجامێکی زۆر گرینگی تر دەگەین. هەروەك چۆن تاکایەتی لە ناو قۆزاخەی لەبار و نەرمونیانی پانتایی تایبەتدا بیچم دەگرێ، هەر ئاواش پانتایی تایبەت لە کەشوەهەوای شاردا بیچم دەگرێ و شار قۆزاخەیەکی لە بارە بۆ پەروەردەکردن و پاراستنی پانتایی تایبەت. کەوایە دەتوانین بە پێناسەیەکی تازە بۆ چەمکی شار بگەین: شار ئەو کەشوەهەوا مۆدێرنە لە کۆمەڵگای ئینسانەکانە کە تێیدا پرۆسەی بیچمگرتنی تاکایەتی و پرۆسەی پێکهاتن و پارێزرانی پانتایی تایبەتی، بە شێوەیەکی لەبار لە گەڕدایە. ئەگەر گوتوویانە شاری مۆدێرن دەستکردی سێ لایەنەی عەقلانییەتی ئامرازی و سیاسەتی سێکۆلار و ئابووری بازرگانییە ئەوا هەر کام لەم لایەنانە لە کەشوەهەوایەکدا وەدی دێن کە پێشتر لە ئەم کەشوەهوایەدا پرۆسەی بیچمگرتنی تاکایەتی لە ناو قۆزاخەی پانتایی تایبەتدا دەستی پێ کردبێ.

بەڵام شاری ئەمڕۆ ئەوەندەی داپەستراوە لە پانتاییە تایبەتەکان داپەستراوە، ئەوەندەش لە باری پانتایی گشتییەکانەوە چرووپرە. دەکرێ بڵێین ئەمڕۆ ئەو دوو پانتاییانە، دوو بواری ئەوتۆن کە پێوەندییەکی قایم و توندوتۆڵیان بە یەکەوە هەیە. لە کەشوەهەوایەکدا کە بە هۆگەلی





جۆراوجۆری فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و سیاسی، پانتایی تایبەتی مرۆڤەکان دەشێوێندرێ، هەر بەو ڕادەیەش و هەر لە ژێر کاریگەریەتی ئەو هۆیانەی سەرەوە پانتایی گشتیش سست و لاواز و داڕوشراوە. بە پێچەوانە لە کۆمەڵگا پێشکەوتووەکاندا ئێمە هاوکات شاهیدی گەشە و دەوڵەمەندیی هەر دوو پانتایی هەین.

وەکوو دوایین قسە لەم باسەدا دەتوانین ئاماژە بە جێگە و پێگەی بەرهەمە هونەری و ئەدەبییەکان لە پانتایی تایبەت و پانتایی گشتی – چ لە ئاستی خوڵقێندران و چ لە ئاستی خوێندرانەوە– بکەین. ئەو شارەی بنیامین وەکوو فۆرمپێدەری ئەزموونە تاکە کەسییەکانی تاکی مۆدێرن باسی لێ دەکا، شارێکی واقیعییە. بەڵام لە پاڵ ئەم شارە واقیعییەدا شارێکی مەجازی، بگرە جیهانێکی مەجازی لە ئارادایە کە سنوورەکانی ئەم جیهانە، سات بە سات لە تەنەوەکردن و بەربڵاو بوونەوەدایە و تاکی مۆدێرن بە خولانەوەی بێ وچان و لە پسانەهاتووی لە ناویدا، بە شێوەیەکی زۆر جددی و قووڵ خەریکی فۆرمدان بە ئەزموونە تاکە کەسییەکانیەتی. ئەم جیهانە سیحراوییە، جیهانی بەرهەمە ئەدەبی و هونەرییەکانە.

هیچ دیاردەیەك هێندەی خوڵقاندنی بەرهەمێکی تایبەت یان هێندەی خوێندنەوەی تایبەتی بەرهەمێك نیشانەی بیچمگرتنی تاکایەتی نییە. لە خۆڕا نییە ئەو کەسانەی زیاتر لە هەموان دەخوێننەوە، زیادتر لە هەموانیش سەرنج بە پاراستنی پانتایی تایبەتی خۆیان دەدەن. جگە لەمە هەر لەم باسەوە دەتوانین پەی بە نهێنی تاکبوون و تاقانەبوونی بەرهەمە هونەری و ئەدەبییە نوێیەکان بەرین. بەرهەمێکی لە کەشوەهەوای نەریت و ترادیسیۆندا خوڵقێندرابێ، لە دەوری خولێنکەی ماکە یەکیەتیبەخشەکان دەسووڕێتەوە. وەك نموونە لە شیعری عەرووزی و لە شیعری کێش و قافیەداردا عەرووز و کێش و قافیە، گشتیان هۆکارگەلی یەکیەتی بەخشن. بەڵام لە شیعری نوێدا ئەوە ئەزموونی تایبەتی تاك و زبانی تایبەتی تاکە کە بەرجەستە دەبێتەوە و خوێندنەوەشی هەر پێویستی بە ئەزموونی تایبەت لە ناو پانتاییەکی تایبەت دایە.

٣. وەکوو دوایین باس، دەمهەوێ ئەم پرسیارە بهێنمە گۆڕێ کە سەرەکیترین کۆسپەکانی سەر ڕێگەی بیچمگرتنی خودبنیادی تاکەکەسی و تاکایەتی کامانەن. دیارە لەم باسەدا، کۆسپە ئاشکراکان، ساناتر خۆیان بە دەستەوە دەدەن" بۆ نموونە کۆسپێکی وەك حکوومەتی تۆتالیتێر، زوو وەکوو لەمپەرێك لە بەرانبەر وەدیهاتنی تاکایەتی خۆی دەنوێنێ. ئەوە ڕاستە بەڵام لە بیرمان نەچێ زۆر کۆسپی نادیاری ئەوتۆ هەن کە بە گوێرەی میکانیسمێکی شاردراوە بەڵام زۆر بە گوڕ دەبنە لەمپەری سەر ڕێگای وەدیهاتنی ئارمانی خودبنیادی. یەکێك لە ئەم هۆکارانە کە خاوەنی لایەنی نەرمئەفزارییە، بریتییە لە دەسەڵاتی ئایدۆلۆژییەکان و هۆکارێکی تر کە هاوکات هەم لایەنی نەرمئەفزاری هەیە و هەم لایەنی سەختئەفزاری، بریتییە لە سەنعەتی فەرهەنگ.

ئایدۆلۆژییەکان بە شێوەیەکی شاردراوە و لە ڕێگای میکانیسمەکانی تەشویق و هاندان لە لایەك و لێپرسینەوە و خەتابار کردن لە لایەکی ترەوە، مرۆڤەکان لە قالب دەدەن و بە تەرزێکی هاوشێوە پەروەردەیان دەکەن و وایان لێ دەکەن لە شێوەی بیر کردنەوەیانەوە هەتا شێوەی هەڵسوکەوتیان وەکوو یەك بن.

ئالتووسێر پێی وایە کاتێك کەسێك بە گوێرەی پرەنسیپە ڕانراوەکانی ئایدۆلۆژییەکی تایبەتەوە هەڵسوکەوت دەکا، ئەم ئایدۆلۆژییە بە هۆی کەس و دەزگا نوێنەرەکانیەوە، بە چەندەها شێوەی شاردراوە و ناشاردراوە هانی دەدا و بەرزی دەکاتەوە. بەڵام کاتێك کەسێك لە ئەو پرەنسیپانە لادەدا، ئایدۆلۆژی دەکەوێتە لێپرسینەوە و خەتابارکردن و نزمکردنی.

دیارە زۆرتریش ئەو تاك و کۆمەڵگایانەی دەکەونە ژێر نفووزی ئایدۆلۆژییەکان، وەکوو ئەو نەخۆشە دەروونییانەی بە نەخۆشیی خۆیان نازانن و حاشای لێ دەکەن، ئاگاداری ڕادەی دەسەڵاتی ئایدۆلۆژییەکان بەسەر خۆیاندا نین و هەر لێرەوە بە ڕادەی گرینگبوونی ئەو بۆچوونەی هابێرماس دەزانین کە دەڵێ ئەوە ڕەخنەکاریی ئایدۆلۆژییەکانە کە دەرەتانی ڕزگاریمان بۆ دەڕەخسێنێ.





بڕواهێنان بە دەرەتانی ڕزگاریی، ئەوکاتە گرینگی خۆی دەنوێنێ کە بۆچوونی هابێرماس بۆ نموونە لەگەڵ بۆچوونی ڕەشبینانەی کەسێکی وەکوو ئادۆرنۆ هەڵبسەنگێنین. ئادۆرنۆ پێی وایە کە عەقڵانییەتی نەخۆشی ئامرازیی، وەها جیهانی مۆدێرنی تەنیوەتەوە کە هیچ نوختەیەك بۆ خۆ پێوەگرتن و بەربەرەکانیکردن بە دژی ئەو عەقڵانییەتە نەخۆشە بۆ مرۆڤ نەماوەتەوە. تاقە ڕووناکاییەك کە ئادۆرنۆ لەم جیهانە نگریسەدا بەدی دەکا بەرهەمی هونەری و چێژوەرگرتن لە بەرهەمی هونەرییە و دیارە ئەم چێژەش ڕێگا بەرەو ڕزگاریی دەرنابا.

کەوایە ڕەخنەکاریی ئایدۆلۆژی، ڕووی لە ڕزگارییدایە و یەکێك لە دەرکەوتەکانی ڕزگاریش، خۆشبوونی زەمینە بۆ بیچم گرتنی فەردییەتی ڕاستەقینەیە.



**سالار ئیسماعیل سەمین**

# ئاستی تەکنیک و ناوەڕۆک لە ڕۆمانی دانای کوێخا شەوکەتدا

ڕۆمان ژانەرێکی ئەدەبییە، تایبەتمەندی و مەرج گەلێکی تایبەتی خۆی هەیە لە دارِشتندا گەر بەراورد بکرێ لەگەڵ ژانەرە ئەدەبییەکانی وەك شیعر و چیرۆك، وتار و لێکۆڵینەوە.

ڕۆمان ڕەنگدانەوەی ڕووداوەکانی ژینگەی ڕۆماننووسە، واتا ڕۆمانووس دەبێتە فاکتەرێکی سەرەکی بۆ گەیاندنی ئەو پەیامە پیرۆزە ئەدەبییە لە نێوان، ڕوداوێکی واقیعی و خوێنەردا، هەر چەندێك زۆرجار ڕۆماننووسی ئەحداس و ڕووداوەکان لە واقعیکێکی ڕیالیزمییەوە دەگێڕێتەوە زۆرجاریش بە خەیاڵبازی و فەنتازیا و بە شێوەیەکی سەرەنج ڕاکێشەر ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە کە زۆرجار نزکین لە واقیعەوە.

برای نووسەرم کاك موعتەسەمساڵەیی پتر لە سێ ساڵە نووسەرە پاش ڕۆمانی (خاسەی خۆ ڕاگر) بە ڕۆمانی (دانای کوێخا شەوکەت) کە دوهەم ڕۆمانییەتی





توانی کتێبخانەی کوردی دەوڵەمەند بکا و کەلێنێکی لێدا پۆشێ.

ڕۆمانی دانای کوێخا شەوکەت بریتییە لە دوازدە بەش و لە دووتوێی ۱۷۲ لاپەڕەدا.

"ئاستی تەکنیك و ناوەڕۆك لەم ڕۆمانەدا"

هەر وەکو زۆربەی زۆری ڕۆمانمووس و ڕەخنەگران ئاماژەی بۆ دەکەن، دوو فاکتەری سەرەکی خۆیان دەکەن بە کۆڵەکەی ڕۆمانی سەرکەوت و ئەویش (شوێن و کات)ە.

لە ڕۆمانی دانای کوێخا شەوکەتدا شاری کەرکووك بە گشتی و گەڕەکی زێوێ و چۆمی خاسە و دێهاتەکانی دەوروبەر شوێنی تایبەتی لە دایکبوونی ڕۆمانەکە، لە کاتی خوێندنەوەی ڕۆمانەکەدا هەست دەکەی زۆربەی زۆری ڕووداوەکان لەو ناوچەیەدا ڕوویداوە، بەتایبەتیش لە سەر خاسە و لە گوندەکەی کوێخا شەوکەتدا.

کە لە کاتی حکوومەتە شۆڤێنییەکانی یەك لەدوای یەکی عێراقدا خاپوور کراون.

بەڵام دەربارەی (کات) واتا کاتی ڕووداوی ڕاووداوەکانی ئەو ڕۆژگارانە، هەرچەندێك ڕۆماننووسی بەشێوەیەکی ئاشکرا ئاماژەی بۆ ئەو کات و ڕۆژگارە نەکردووە، بەڵام لە سیاقی خوێندنەوەی ڕۆمانەکە هەست دەکەی ئەو ئەحداسانە دەگەڕێتەوە بۆ کاتی شەڕی نێوان عێراق و ئێران، بەتایبەتیش لەو کاتانەدا دەزگا سیخوڕی و ئەمنییەکان زۆرتر ئەشکەنجەی ئەو خەڵکانەی ئەدا کە منداڵەکانیان لەبەرەکانی شەڕ هەڵهاتبوون، بەرەو هێزەکانی پێشمەرگە.

لەڕاستیدا ڕۆماننووس لەو حەقیقەتە زەمەنییە نالەبارەدا بە شێوەیەکی جوان لە ڕۆمانەکەیدا ئاماژە بۆ ئەو کردەوە ناشرین و دزێوانەی پیاوانی دەوڵەت دەکات دەربارەی دانیشتوانی شارەکە و بەتایبەتیش گەڕەکی زێوێ، تەماشەکە لە لاپەڕەی ۳۳ پیاوانی ئەمن و ئیستخبارات چۆن دێن بە دووی (حەمە)ی داما و خۆی و ماڵ و منداڵەکەی ڕاپێچ دەکەن بۆ شوێنێکی نادیار، کاتێکیش مەلا حەمیدی مەلای مزگەوتەکە دێتە نێو مەسەلەکەوە و بە چەند ئایەتێکی قورئانی و بە چەند پەندێکی پێشینانی کوردی ئەڵێ: ئەم داماوە هیچ گوناهێکی نییە تەنها ئەوە نەبێ کوڕەکەی لەبەرەکانی شەڕ هەڵهاتووە، هیچ دەسەڵاتێکی کوڕەکەشی نییە (مەڕ بەپێی هەڵدەواسرێ و بزنیش بەپێی خۆی) بەڵام قسەکانی مەلا حەمید هیچ سودێکی نابێ و تووشی سوکایەتی و ئازاریشی دەکەن.

"زمان کۆڵەکە و بڕبڕەی پشتی دەقە"


زمان و وردەکاری لە زماندا کارێکی پڕ لە

لێزانی دەوێ، دەتوانم بڵێم زمان کۆڵەکە و بڕبڕەی پشتی دەقە. لە داڕشتنی هەموو دەقێکدا نەوەک تەنها لە ڕۆماندا گەر ئەو نووسەرە زمانێکی بەپێز و بەهێز بەکارنەهێنێ و نەبێتە سەرەنج ڕاکێشەری خوێنەر واتا (متلقی) ئەوا ئەو دەقە بە سواوی لە دایك دەبێ.

زمان و شێوازی گێڕانەوە لە ڕۆمانی دانای کوێخا شەوکەتدا، زۆر سادەیە و یەکسەر ناوەڕۆك بەلای خوێنەرەوە گەڵاڵە و بەرجەستە دەبێ، لێرەدا هەرچەندێ نامەوێ لە بابەتەکەم دورکەومەوە تەنها بۆ نموونە دەربارەی مەرجی زمانەوانی ئەمەوێ ئاماژە بۆ وەرگێڕانەکەی ڕۆمانی (دایك)ی مەکسیم گۆرگی بکەم کە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی لەلایەن نووسەر و وەرگێڕی بەتوانا کەریمی حوسامی لەبەر بەهێزی و بەپێزی و ئاسانی زمانەکەدا، هەست دەکەی دەستێك ڕاتدەکێشێ بۆ خوێندنەوەی ڕۆمانەکە بێ وەستان. هەر وەك لەپێشەوە ئاماژەم بۆ کرد کە شوێن و کات بەردی بناغەیە لە داڕشتنی ڕۆماندا هەروەها زمانەوانیش مەرجێکە لەو داڕشتنەدا.

"ڕۆڵی ئەکتەر و کەسانی بەشداربوو لە ڕۆمانەکەدا"

لەم ڕۆمانەدا پتر لە دە کەس بەشدارییان




کردووە، بەشێکیان ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینن و بەشەکەی دیکەیان دەورێکی لاوەکی، واتا بەشداربوونی چەند کەسانێك لە هەڵسوڕانی ڕووداوەکانی ڕۆمانێکدا مەرجێکی سەرەکییە بۆ تەکامولبوونی ئەو ژانرە ئەدەبییە، تەماشاکە لەم ڕۆمانەدا چەندەها ئەکتەر و کەسایەتی وەك دانای کوێخا شەوکەوت و سامە شان پان و سەمەدی شاگرد چایچی و وەستا سابیر و برزۆی کەبابچی و دڵبینی دەزگیرانی دانا و عارف پۆستەچی و کاروانی هاوڕێی دانا و مەلا حەمیدی مەلای مزگەوتی گەڕەك و خلە جاسوس و حەتەی گاور و خاجێکی ئەرمەنی و چەند کەسانێکی تر لە ڕۆمانی





دانای کوێخا شەوکەتدا دەوری پاڵەوان دەگەڕێتەوە بۆ دانای کوێخا و کەسایەتی دووهەمیش لە ڕۆمانەکەدا دەگەڕێتەوە بۆ سامە شان پان.

وەك لە سەرەتاوە ئاماژەم بۆ کردووە کە شوێن مەرجێکی سەرەکییە لە بونیاتنانی ڕۆماندا، لێرەدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکەم لە کاتی خوێندنەوەی ڕۆمانی دانای کوێخادا، هەست بە هاوبەشی شوێن دەکەی لە نێوان ڕۆمانی خاسەی خۆڕاگر و ڕۆمانی دانای کوێخا شەوکەتدا، واتا هەردوو ڕۆمانەکەی برای ڕۆماننووسم کاك موعتەسەم لە یەك شوێن و ژینگە و ناوچەدا لە دایکبووە، هەر چەندێك جیاوازی کات بەدی دەکرێ لە هەردوو ڕۆمانەکەدا، لەبەرئەوەی ئەحداسەکانی خاسەی خۆڕاگر زۆرتر دەگەڕێتەوە بۆ کاتی حوکمی مەلەکی سەردەمی ڕێژیمی پاشایەتی بەڵام ئەحداسەکانی ڕۆمانی دانای کوێخا شەوکەت دەگەڕێتەوە بۆ کاتی شەڕی نێوان عێراق و ئێران.

لەم ڕۆمانەدا دانای پاڵەوانی ڕۆمانەکە وەك مامە خەمە خەمێکی زۆری دانیشتوانی شاری کەرکوك و گەڕەکی زێویەی بەکۆڵەوە بووە. دەبێ ئەوەش بوترێ سامە شان پانیش بێبەش نەبوو لەو خەمانەی کە ڕۆژانە تووشیان دەبوو.

لە بەشی پێنجەمی ئەم ڕۆمانەدا و لە ل٥٧ ڕۆماننووس ئاماژە بۆ ئازایەتی دایکی دانا دەکا، کە چۆن ئەو کاتە دانا لە دەرەوەی ماڵەوە دەبێ دایکی سەردەکەوێ بۆ ژوورەکەی دانا و یەك یەك ئەو وێنە ڕیشدارانە لە دیواری ژوورەکە دەکاتەوە و لە ناویان دەدا. ئەمەش خۆی لەخۆیدا ئاماژەیەکە بۆ ئازایەتی ئافرەتی کورد لە کاتی تەنگانەدا.

هەرچەندێ لە سێ بەشی ئەم ڕۆمانەدا نووسەر ئاماژە بۆ حاڵەتە سیاسییەکانی ئەو زەمەنە دەکا، ئەوەندەش ئاماژە بۆ ئەو حاڵەتە کۆمەڵایەتییە نالەبارەی ئەو کاتانە دەکا. هۆی ئەو کردارە یەقەتانەش شەڕی نێوان عێراق ئێران بوو، لەو کردەوە ناشرینانەش کە سەمەدی شاگرد چایچی دەیگێڕێتەوە بۆ دانا و سامە شان پان دزینی ٥٠٠ دینارەکەی میم فاتم بوو لە لایەن حەمە بزیز و برا بچووکەکەیەوە، دواجاریش دزینی پایسکیلەکەی سامە شان پان کە ئەویش هەر لەلایەن حەمە بزبزەوە بوو.

لەلاپەڕەی ٨٣ ڕۆماننووس بەباشی دانای پاڵەوان دەدوێنێ، بەرامبەر ئەو فاڵگرەی کە پرسیاری لێدەکا دەربارەی دزینی پارەکەی ماڵ میم فاتم.

بەڵام زۆر بەباشی فاڵچییەکە دەخاتە

درۆوە.

لە بەشی هەشتەم و لە ل١٠٠ ڕۆمانووس خەوبینینێکی ئەفسانە و داستان ئامێزی تەوزیف کردووە لە ڕۆمانەکەیدا، ئەمەش هەنگاوێکی تازە نییە لە داڕشتنی چیرۆك و ڕۆمان و توڤلیتدا، زۆربەی زۆری نووسەرە بییانییەکان و عەرەبەکان و نووسەرانی خۆمانیش بەکاریان هێناوە، هەر بۆ نموونەش زۆربەی زۆری چیرۆکەکانی خوالێخۆشبوو جەلیل قەیسی داستان و ئەفسانەی تیادا بەدی دەکرێ.

لە خەوبینینەکەدا دانا هەست دەکا بەسەر پشتی ئەسپێکی بوغراوەیە و تاوی ئەدا، لە پڕێکا تێ دەگلێ و لە ئەسپەکە دەکەوێتە خوارەوە، بەهیچ شێوەیەك ئاگەی لە خۆی نامێنێ، کاتێك دێتە هۆش خۆی، تەماشا دەکا لە کەپرێکدا ڕاکشاوە و دڵسینی دەزگیرانیشی بەتەنیشتیەوە دانیشتووە، چەند ڕۆژێك لە کەپرەکەدا دەمێنێتەوە، دواجاریش سواری ئەسپەکەی دەبێ و پڕ تاو بۆی دەردەچێ و دەبێتە خاڵێکی ڕەش و وندەبێ، پاش ماوەیەك دەگاتە شاری کەرکوك. تەماشا دەکا شارەکە چۆڵ و وێرانە، بەڵام کاتێك دەگاتە ناوەندی شار و بازارەکەی، کە دەکەوێتە خۆرئاوای قەڵاوە، تەماشا دەکا کابرایەکی جارچی پارچەیەك چەرم بەدەستیەوەیە و بە دەنگێکی بەرز نووسراوەکانی سەر چەرمە دەخوێنێتەوە. ئەڵێ:

لەبەرئەوەی دێوێکی زەبەلاح سەرچاوەی ئاوی خاسەی گرتووە. نایەڵێ ئاو بگاتە شاری کەرکوك، هەر چەندێ باغ و بێستانی ئەم شارە هەیە، خەریکە وشك دەبێتەوە، دێوەکە داوای ئەوە دەکا

گەر کچی فەرمانڕەوای ئەم شارەی نەدرێتێ، سەرچاوەی ئاوەکە بەرنادا، فەرمانڕەواش فەرمانی داوە هەر کوڕێکی ئازا بتوانێ ئەو دێوە زەبەلاحە بکوژێ ئەوا کچەکەی خۆی لێ مارە دەکا.

دانای پاڵەوانیش بڕیاریدا ئەو کارە ئەنجام بدا، خەڵکێکی زۆر لەسەر گۆڕەپانی چۆمی خاسەدا کۆبوونەوە، داناش بە ڕم و شیر و ئەسپی خۆیەوە بە تەواوی ئامادە بوو بۆ ئەو جەنگە دژوارە، بۆ ماوەیەکی زۆر کەوتە ململانێیەکی توند و تیژ لەگەڵ دێوە زەبەلاحەکەدا دواجار توانی ڕمێك بچەقێنێتە چاوە کوێرەکەی دێوەکەدا و لە ناوی بەرێ.

لە کاتی سەرکەوتنی دانادا و گەیشتنی ئاوی خاسە بۆ شاری کەرکوك فەرمانڕەوا بڕیاریدا کچی خۆی بداتە دانا، بەڵام دانا قایل نەبوو لەبەر ئەوەی دڵسینی خۆشدەویست و دەزگیرانی بوو، کاتێکیش دانا بە سواری و بەپەلە دەگەڕێتەوە بۆ لای





دڵسین تەماشا دەکا دڵسین بە خێزانی کۆچیان کردووە بۆ دەڤەرێکی تر.

لەراستیدا ڕۆماننووس توانیویەتی بەشێوەیەکی جوان حیکایەتە مەتەڵە ئامێزەکەی لە ڕۆمانەکەدا تەوزیف بکا و سەرەنجی خوێنەر ڕاکێشێ.


لەم ڕۆمانەدا ڕۆماننووس ئاماژە بۆ شاعیری دانای پاڵەوان دەکا بەڵام لەسەرەتای ڕۆمانەکەوە هەتا کۆتایی هیچ کۆپلە شیعرێکی پاڵەوان بەرچاو ناکەوێ، چ بۆ دڵسینی دەزگیرانی بێ یاخۆ بۆ شوێن و کاتی ڕوداوەکانی ڕۆمانەکەبێ.

لە ڕۆمانەکەدا دیالۆکی زۆر بەرچاو دەکەوێ، بەتایبەتی لەنێوان سامە شان پان و خودی پاڵەواندا یاخۆ لە نێوان سەمەدی شاکرد چایچی و سامە شان پان و دانادا. یا لە نێوان مەلا حەمیدی مەلای مزگەوت و دانای پاڵەواندا، دەبێ ئاماژەش بۆ ئەوە بکرێ کە دیالۆك مەرجێکە لە داڕشتنی ڕۆماندا.

لەلاپەڕەی ١١٥ هەتا لاپەڕەی ١٤٦ دوو کارەکتەری دیکە دێنە نێو ڕۆمانەکە ئەویش خاچێکی ئەرمەنی و حەنەی گاورە. کە بۆ ڕاوە ماسی دەچن بۆ سەر چۆمی خاسە و لەلایەن یەکێ لەسەربازەکانی دەوڵەتە و ڕوتیان دەکەنەوە و سوکایەتیان پێ دەکرێ، دواجاریش لەو ڕێگە و بانەدا کاتێك دانا و سامە شان پان دەیانبینن یارمەتییان دەکەن دەگەڕێنەوە بەرەو شار.

لە ڕۆمانی دانای کوێخا شەوکەتدا مەرجەکانی تەکنیك کە بریتین لە شوێن و کات و دیالۆك و گرێ چنی و شێواز و ستایلی گێڕانەوەی چیرۆکەکان. لەگەڵ مەرجی زمانەوانیدا زۆر بەجوانی بەدیدەکرێ.

لە هەمان کاتیشدا دەربارەی ناوەڕۆك ڕۆماننووس نیشانی خۆی پێکاوە و بە شێوەیەکی پڕ لە ئێستاتیك و جوانی ناوەڕۆك بەلای خوێنەرەوە بەجێ دێڵێ، دەبێ ئەوەش بوترێ زۆرجار ناوەڕۆکی بەهێز کەموکوڕی تەکنیك دادەپۆشێ، دەمەوێ ئەوە بڵێم، و ئاماژەی بۆ بکەم کە نووسەر هەرچەندێ نەیهێشتووە شێوازی مێژووی زاڵبێ بەسەر ڕۆمانەکەیدا بەڵام لە واقیعدا ئەحداس و ڕوداوەکانی ڕۆمانەکەی ئاماژە بۆ حەقیقەتێکی زەمەنی تایبەت دەکا، لە کۆتاییدا داوای سەرکەوتن و تەمەن درێژی و داهێنان بۆ برای نووسەرم دەکەم.



د. عەبدولواحێد مشیر دزەیی

# پەیوەندی نێوان سینتاکس و سیمانتیک و پراگماتیک

یەکەم پەیوەندی سینتاکس Syntax و سیمانتیک Semantics و پراگماتیک Pragmaticsلە کارەکەی مۆریس Morrisسەریهەڵدا کاتێك پراگماتیکی بەراوردکرد لەگەڵ سینتاکس و سیمانتیك، سیمانتیك چەمکێکی گشتی و چەمکێکی تایبەتی هەیە چەمکە تایبەتییەکەی لەو پەیوەندییە واتاییەوە دێت کە لە ئەنجامی ڕۆنانە ڕستەییەکانەوە دێتە کایەوە، بەواتایەکی تر سیمانتیك لە چەمکە تایبەتییەکەدا گرنگی بە ڕەهەندە نازمانییەکان نادات،بەڵکو گرنگی بە واتای دەربڕاو دەدات بەمەش سیمانتیك واتای دەرەوەی دەوروبەر دەگرێتەوە،کەچی پراگماتیك گرنگی بە هەموو ئەو ڕەگەزانە دەدات کە واتا دەدات بە هێمای زمانی و





نازمانییەوە،لێرەشدا واتای سیمانتیکی واتای فەرهەنگی دەگرێتەوە،کەچی ئەو واتایەی کە لە دەوروبەرەوە وەردەگیرێت واتای پراگماتیکی دەگرێتەوە.کەواتە دەتوانین بڵێین دەوروبەر خاڵی جیاوازی نێوان سیمانتیك و پراگماتیکە هەروەك لیچ G.Leechئاماژەی بۆ دەکات دەڵێت: باری ئاخاوتن Speech situationsکە نێرەر و وەرگر و دەوروبەر و ئامانج و مەبەست و هێزی ڕەوانبێژی و کات و شوێن (G.Leech:١٩٨٣:١٥) فیرستشیرن Verschueren (١٩٩٩) بەهەمان شێوە دەوروبەر دەکاتە پێوەر بۆ جیاکردنەوەی واتای سیمانتیکی لە واتای پراگماتیکی کە یەکەمیان دوور لە دەوروبەر لێکدەدرێتەوە و دووەمیان لە دەوروبەر لێکدەدرێتەوە،بەڵام نابێت ڕۆڵی گرنگی واتای فەرهەنگی و ڕێزمانی فەرامۆشبکرێت،چونکە گرنگییەکی زۆری هەیە لە کردەی شیکردنەوەی پراگماتیکی،هەر بۆیەش ئارەزووی ئەوەدەکات کە دەروازەیەکی نوێ بکرێتەوە بۆ ڕێزمان ڕەوانبێژی،چونکە ڕەوانبێژی بنەمای پراگماتیکی تیایە،جگە لەمەش واتا یەکێکە لە دوو بنەماکەی ڕستە کە ڕستە لە لایەنی فۆرم دەکۆڵێتەوە،بەڵام پراگماتیك لە بەکارهێنانی دەکۆڵێتەوە جابۆیەش ڕێزمان و واتا تەواوکەری یەکترین و ناتواندرێت یەکیان بێ ئەویتر لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت. (G.Leech:١٩٨٣:٤).جا هەرچەندە پراگماتیك فراوانترە لە سیمانتیك،چونکە دەوەستێتە سەر واتای قسەکەر،بەڵام سێرێل Searl پێیوایە لێکدانەوەی واتای دەربڕاو لە هەنگاوی یەکەم لە واتای فەرهەنگییەوە دەست پێدەکات بۆ لێکدانەوەی واتای خوازراو و هەرلێکدانەوەیەکی دوور لە واتای فەرهەنگی نامان گەیەنێتە واتایەکی دروست.(John.RSearl:1981:94)، بەڵام مۆرگان J.L.Morgan ڕەخنە لەم بۆچوونەی سێرێل دەگرێت و پێی وایە هەڵەیە لە هەڵێنجانی واتای پراگماتیکی پشت بە واتای فەرهەنگی ببەسترێت،بەڵام لەگەڵ ئەوەش نییە فەرامۆش بکرێت،بەڵکو بە تەواوی پشتی پێنەبەسترێت (Morgan:1981:138)لیچ

G.Leech باس لە چەند خاڵێکی سەرەکی دەکات بۆ جیاوازی تێڕوانین لە سینتاکس و سیمانتیک و پراگماتیک کە بریتین لە:

1- دیاریکردنی واتای سیمانتیکی رستە جیاوازە لەگەڵ لێکدانەوەی پراگماتیکی.

2- سیمانتیک پەیوەستە بە یاساو دەستوور،بەڵام پراگماتیک پەیوەستە بە بنەما.

3- یاساکانی رستەسازی رێکەوتنی کۆمەڵایەتین، بەڵام بنەماکانی پراگماتیک پەیوەستە بە ئامانجی قسەکەران.

4- پراگماتیکی گشتی واتای رێزمانی sense کە واتای فەرهەنگی و راستەوخۆیە بە هێزی کردەی قسەیی Illocutionary دەبەستێتەوە کە شێوەی کردەی راستەوخۆ و ناراستەخۆ دەنوێنێت.

5- راستییە رێزمانییەکان لە رێگای هێلکارییە سینتاکسییەکانەوە دەناسرێتەوە، بەڵام پراگماتیکییەکان لە رێگای وردی کێشە و چارەسەر کردنەوەکەی دەناسرێتەوە.

6- راڤە و لێکدانەوە رێزمانییەکان وەسفی و رۆنانین، بەڵام پراگماتیکییەکان ئەرکین.

7- رێزمان تایبەتە بەبیر،بەڵام پراگماتیک دەچێتە ناو دەق و پەیوەستە بە پەیوەندیکردنی نێوان تاکەکان.

8- دەتوانین بڵێین سینتاکس بەشەکانی سنووردار و جیاوازن،بەڵام پراگماتیک بۆچوونێکی بەردەوامە و سنووردار نییە. (G.Leech. ١٩٨٣:٥):

لیچ ئاماژە بۆ جیاوازی گرنگ لە رەهەندە پراگماتیکییەکانی گوتار و رەهەندە رستەسازی و واتاسازییەکان دەکات کە یاسا رستەسازییەکان و واتاسازییەکان رێکەوتنی کۆمەڵایەتین،بەڵام یاسا پراگماتیکییەکان پەیوەستن بەبنەمای رەوانبێژی لادراو لە رێکەوتنی کۆمەڵایەتی.دواتر پراگماتیک واتای رستەسازی بە هێزی بەکارهێنان دەبەستێتەوە.سنووری لێکدانەوەی پراگماتیک لێکۆڵینەوە لە رستە و پەیوەندی نێوانیان و واتا دەبەزێنێت،بەڵکو لێکۆڵینەوە لە کردەی زمان و ئەودەوروبەرە دەکات کە کارەکەی تیا ئەنجام دەدرێت.

ستالنکر(Stalnaker ١٩٧٢) باس لە دوو کێشە دەکات کە پراگماتیک چارەی دەکات:

1- پێناسەکردنی وردی ئەرکی جۆرەکانی





کردەقسەییەکان وئەنجامی قسەن.

2- وێنەگرتنی شێوەکانی دەوروبەری ئاخاوتن کە یارمەتیدەرە بۆ دیاریکردنی باسی دەربراو.کە رستە پێمان دەدات کە کێشەیەکی واتاییە بۆ دیاریکردنی یاساکانی گونجاو لەگەڵ رستە ئاساییەکانی زمان بۆ ئەو باسەی کە دەیگەیەنێت،بەڵام لە زۆر باردا یاساکان بە راستەوخۆی ناگونجێن لەگەڵ باسەکان،بەڵام گونجانی پەیوەندییەکانی نێو رستەکانی باس بە پێی ئەو دەوروبەرە دەبێت کە رستەکەی تیا بەکاردێت.(عید بلبع:٢٠٠٥:٩(



**شاهۆ عەبدولقادر**

# ئیستاتیکا لای کانت

ئیستاتیک (Aesthetics) لقێکە لە فەلسەفە گرنگی دەدات بە لێکۆڵینەوە و ڕوونکردنەوە چەمکی (جوانی) وەکو ڕووخسارێکی جیاکەرەوەی کارەکانی هونەر ، ئیستاتیکا خەریکی شیکردنەوەی چەمکی جوانی و چارەسەرکردنی ئەو گیروگرفتانەیە کە لە کاتی لێخوردبوونەوەی بابەتە ئیستاتیکیەکاندا پەیدا دەبن ، ئیستاتیکا فەلسەفەی جوانی دەگەیەنێت و ئیستاتیکا بەشێکی گرنگە لە فەلسەفەی کانت و ناکۆکییەکی قوڵیشی گرتۆتە خۆی ، فەلسەفەی جوانی کانت لە گەڵ پەرەسەندنی ژیانی کۆمەڵایەتی و هونەری سەردەم پەرەی سەندووە و ڕووخسارێکی ماتریالی گرتۆتە خۆی ، زۆر جار ئەڵێن ئەو شتە جوانە ، ئایا شتەکە خۆی لە خۆیدا جوانە ؟ یان تەنیا بە لای من و تۆوە جوانە ، لەوانەیە بپرسین و بڵێین کێ نرخی ئەم جوانییە دائەنێت ؟ کانت دەڵێت مرۆڤ ، "خود (ئیگۆ) لای





کانت ئایدیایەکی باڵایە واتە مرۆڤ لە سەرووی شتەکانەوەیە" واتە ئەوە مرۆڤە نرخ و جوانی بۆ شتەکان دادەنێت ، لە سەردەمی کانتیزمدا ئێستاتیکا تا ڕادەیەکی زۆر پەرەی سەند ، لە جیاتی ئەوەی جوانی (باوەڕێك) بێت لە سەرووی تێگەیشتنی مرۆڤەوە ، بوو بە چەمکێك کە هەڵوێستی ڕەخنەیی (انتقادی) بەرامبەری وەرگیرا ، لەمەوە جوانی لە بابەتییەوە گۆڕا بە ڕێژەیی (خۆیی) ، ئیستاتیکا وازی لە زانستی ڕووتکاری (مجردات) هێناو پشتی بە سایکۆلۆژیای مرۆڤ بەست ، جوانی لە کۆنەوە تا ئێستا لە لایەن فەیلەسووف و بیرمەندەکانەوە گفتوگۆی لە سەرکراوە ، هەندێك لە بیرمەندەکانیش دەڵێن (شت خۆی لە خۆیدا جوانە ؟) ، واتە ئەوە مرۆڤ نییە نرخ بۆ جوانیی دادەنێت بەڵکو ئەو شتە خۆی هەر جوانە ، فەیلەسووفی گەورەی ئەڵمانی ئیمانوێل کانت (١٧٢٤-١٨٤٠) لە سەردەمی ڕۆشنگەریدا جوانی لە چوارچێوەی کلاسیکی بابەتییەوە دەرکرد و گواستییەوە بۆ چوارچێوەیەکی ڕێژەیی ، واتە کانت پێی وابوو جوانی ڕێژەییە ، هەر لە ڕێگای بڵاوبوونەوەی بیری کانتەوە جوانی وەك باوەڕێکی باوی کلاسیك نەمایەوە و لە بابەتی گشتەکییەوە گۆڕا بۆ ڕێژەیی ، کانت لە کتێبی (ڕەخنەی عەقڵی بێخەوش ـ پەتی) دا چێژی جوانی بە سەرەنجدەرەوە بەستایەوە ، ئامانجی جوانی لای کانت هەستی خۆشییە کە لای مرۆڤەکە دروست دەبێت ، کانت دەیگووت کاتێك کە مرۆڤ شتێك دەبینێت خودی خۆی بریار لە سەری دەدات ، دەڵێت هەر مرۆڤە و خاوەن بینینێکی تایبەتی خۆیەتی و جیاوازە لە هەر مرۆڤێکی تر کە ئەمەش بووە بنەمایەك بۆ شاعیرە ڕۆمانسیەکان ، کانت پێی وابوو جوانی لە ناوخودی شتەکاندا نییە و بەڵکو لەو تێگەیشتنەدایە کە لای بینەر هەیە بۆ جوانی ، ئەمەش کاری کردە سەر ئەوەی کە تاکە کەس لەمەودوا زۆر متمانە بە تێگەیشتن و چێژی جوانناسی خۆی بکات نەك چێژ و جوانی گەلە کۆیی و کۆمەڵگا ، کانت پێی وابوو پێوەری چێژ پەیوەندی بە عەقڵ و لۆژیکەوە نییە بەڵکو شتێکی جوانناسییە واتە بنچینەی چێژوەرگرتن هەمیشە شتێکی خودییە ، هەر کەسە و بینینێکی تایبەتی خۆی هەیە و عەودالی یەك ئامانجە ئەویش دڵخۆشبوون و چێژوەرگرتنە، جەوهەر لە جوانیدا بە تێگەیشتنی کانت شێوەیە نەك واتا ، لە تابلۆیەکدا یان لە پەیکەرێکدا تەنانەت لە هەر هونەرێکی تر پلاستیکیدا ، جەوهەر

تەنها نیگارەکانی سەرەنجڕاکێشە نەك واتا ، ئەو ڕەنگانەشی کە وێنەکانی پێ کێشراوە هێندە سیحراوین کە دەتوانین هەر بابەتێك بۆ واتا دروستکردنی خۆیان بدۆزنەوە ، وە پێشی وابوو کە جوانی لە رووخسار (فۆرم)دایە ، نەك لە جەوهەر کە ئەمەش زۆر لە بیرمەندان و نووسەران پێیان وابوو کە جوانی لە جەوهەری شتەکان و بیرەکاندایە نەك لە ڕووخسار ، کە ئەمەش دواتر ئیشکالیەتێکی زۆری دروستکرد ، ئێستاش بەردەوامە کانت بۆ یەکەمینجار لە بیردۆزەکەی مەسەلەی شیعر و هونەرەکانی تربە شێوەیەکی زانستی خستە ڕوو ، کانت دەیگووت ئەدەب و هونەرەکانی تر جۆرە چالاکییەکی هەماهەنگ و ڕێك و پێکە کە چالاکییە دەروونییەکان بە بێ هیچ کۆت و بەندێکی جیهانی وێنەکێشراو سەرچاوە دەگرێت ، واتە بە شێوەیەکی گشتی و تایبەتی ئەدەب و هونەر بریتییە لە گونجاندن و هاوسەنگی دەروونی و زەینی کە لە ئەنجامی هۆکاری مەعریفەوە بە دەست دێت و لە باسێکی هەستیدا دەردەکەوێت ، هەستی مرۆڤ بەرامبەر ئەم هەماهەنگییە بڕیاری جوانناسی لێدەکەوێتەوە ، کانت لە کتێبی (ڕەخنە لە بەهرەی دادوەریکردن)دا پێی وایە جوانی



سوودی نییە یان ڕاستتر نابێت جوانی لە پێناو سوود بە کاربهێندرێت و دەبێت جوانی ئازاد و سەربەخۆ بێت ، کاتێك قسە لە سەر ئەوە دەکرێت فڵان شت جوانە ، کەس باسی ئەوە ناکات ئایا ناوەڕۆکی ئەو شتە هیچ سوودێکی بۆمان هەیە یان نا ، بەم شێوەیەی کانت جوانی ئەو شتەیە کە هەموو کەس لە شێوەی دیاریکراودا پێی خۆش بێت ، بێ ئەوەی کەس بەرژەوەندی لە مەدا هەبێت ، کانت پێی وابوو کۆمەڵ خۆی ئەو کەڵکە بە هونەر دەبەخشێت و سودێکی بۆ دەدۆزێتەوە چونکە ئەگەر مرۆڤ لە ناو کۆمەڵدا نەبووایە ئەوا بیری خۆجوانکردن و خۆڕازاندنەوەی لە لا دروست نەدەبوو ، کەواتە ئەوە مەیلی





کۆمەڵایەتییە بایەخ یان سوود یان خاسیەتێکی کۆمەڵایەتی و ڕامیاری دەدەنە جوانی ، لە گەڵ ئەوەشدا ڕەخنە لە سەر ئەم بیردۆزە گیراوە بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا کانت توانی شتێك کەشف بکات ئەویش گەڕاندنەوەی جوانییە بۆ خودی مرۆڤ نەك کۆمەڵگا و شتەکە یان بابەتەکە ، بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا هەندێك بابەت یا شت هەیە خۆی جوانە و کۆمەڵ بە زۆرینە بڕیار لە سەر جوانییەکەی دەدەن ، دەمەوێت ڕوونتری بکەمەوە و پرسیارێك لە خوێنەر بکەم ئایا کەس هەیە نکۆڵی لەوە بکات کە گوڵی سوور جوان نییە ؟ لەوانەیە زۆر بەدەگمەن هەبێت بڵێت گوڵی سوور جوان نییە ؟ کەواتە هەندێك شتیش هەن خۆی لە خۆیدا جوانە ، فەیلەسوفانی کۆنی یۆنانیش وەك (ئەفلاتۆن و ئەرستۆ) باسیان لەوە کردووە کە شتەکان خۆیان جوانن و ئێمە مرۆڤیش بڕیار لە سەر ئەو جوانییە دەدەین ، کانت دژی ژێر دەستەکردنی هونەر بۆ قازانجی سیاسەت و ڕەوشتی دەرەبەگایەتی و بورژوازی وەستا و دژی ئەوەبوو ئامانج و ئامراز لە هونەردا لە یەکدی دابڕدرێن ، دژی نەبوونی ئامانج بوو لە هەر پەیوەندییەکی ناوەوەیی جەوهەریی جوانییدا ، واتە جوانی وەکو ئامانجداری خۆی لە خۆیدا بە چەشنێکی وا دەردەکەوێت کە ئامراز و ئامانج وەکو دوولایەنی جودا بە دەرناکەون ، بۆ یەکەمین جاریش بوو فەیلەسوفێکی وەك کانت توانی چێژ و جوانییەکان بگەڕێنێتەوە بۆ خودی مرۆڤەکان نەك شتەکان ، وە ئەوەشی خستەڕوو کە جوانی (نسبی) ڕێژەییە نەك گشتەکی ، کە پێشتر هیچ فەیلەسوفێك لە سەر ئەمە قسەیەی نەکردبوو.

*سوودم لەم سەرچاوانە وەرگرتووە:

1- ڕێبازە ئەدەبییەکان : د. فەرهاد پیربال

2- ڕێبازە ئەدەبییەکان : د. هیمدادی حوسێن

3- فەلسەفەی جوانی و هونەر : د. کەمال میراودەلی



ئا: د.فوئاد رەشید

# کورتەیەکی مێژووی رەخنەی ئەدەبی ۷

## بەشی دووەم

* ئەرستۆ تالیس (۳۸٤ – ۳۲۲ پ. ز) فەیلەسوفی یۆنانی (ئەرستۆ تالیس) هەرچەندە قوتابی (ئەفلاتوون)بووە، بەڵام بیروبۆچوونێکی جیاوازی هەبووە لە مامۆستاکەی لە بەرامبەر هونەر و ئەدەبدا. ئەرستۆ لە کتێبێکی سەربەخۆدا بە ناوی (هونەری شیعر Poetica) ڕوانینی خۆی دەربارەی هونەر و تیۆری لاسایکردنەوە دەربڕیوە.

ئەرستۆیش هەروەکو ئەفلاتوون باوەڕی وابووە، کە شیعر جۆرێکە لە لاسایکردنەوە، بەڵام لەم چەند خاڵەدا خۆی لە ئەفلاتوون جیاکردۆتەوە[١٥]:

١ـ سروشت بۆ خۆی لە خۆیدا لاسایکردنەوەی شتێکی دی نییە و لە کردەی لاسایکردنەوەشدا شاعیر گواستنەوەیەکی دەقاودەقی سروشت و واقیع ئەنجام نادات.

٢ـ شاعیر بەشێوەیەك لاسایی ڕواڵەت و دیمەنەکان دەکاتەوە کە چۆن دەیبینێت و چۆن پێویستە وابێت، نەك هەر وەکو ئەوەی کە خۆی هەیە، چونکە سروشت کەم و کورتی تێدایە هونەر تەواوکاری ئەم کەم و کورتییەیە:

(ئەرستۆ) لە بەشی بیست و پێنجەمی کتێبی (هونەری شیعر)دا ڕاستەوخۆ ئاماژە بەسێ جۆر لاسایکردنەوە دەکات (وەك خۆی، وەکو چۆن دیارە و چۆنە، وەکو





دەبێ چۆن بێ).

٣ـ شاعیر تەنها لاسایی دیاردە و دیمەنەکانی نێو سروشت ناکاتەوە، بەڵکو لاسایی بۆچوونە زەینی و خودییەکانی خۆی و ڕەفتارو سۆزی خەڵکیش دەکاتەوە.

* چەند بیروڕایەکی (ئەرستۆ) دەربارەی شیعر:

+ سەرچاوەی شیعر:

ئەگەرچی (ئەفلاتوون) سەرچاوە و بنەمای بوونی شیعری گەڕاندۆتەوە بۆ سروش و ئیلهامی خوای شیعر، بەڵام بەڕای (ئەرستۆ) هۆکار و هاندەری بوونی شیعر پێوەندە بە سروشتی خودی مرۆڤەوە، ((سەرهەڵدانی شیعر بە گشتی بۆ دوو هۆ دەگەڕێتەوە، هەردووکیان ڕەگیان لە سروشتی مرۆڤدا داکوتاوە))[١٦] مەبەستیش لەم دوو هۆکارە ئەوەیە:

أ ـ مەیل و ئارەزووی لاسایکردنەوەی کە لە ناخی خودی مرۆڤدایە و ئەمەش مرۆڤ لە گیاندارانی دی جیا دەکاتەوە و مرۆڤ چێژیش لەم لاسایکردنەوەیە دەبینێت.

ب ـ بوونی مەیل حەزو ئارەزووی مرۆڤ بۆ (ئیقاع) و (مۆسیقا) لە سروشتی خۆیدا ((مرۆڤ سەرەتا لەم توانا سروشتییەوە دەستیپێکردووە و... لەم سەرپێیەدا شیعر پەیدابووە))[١٧].

+ بایەخ و پایەی شیعر:

ئەرستۆ نەك هەر شیعر بە بەرهەمێکی بێ بایەخ نازانێت، هەروەکو ئەفلاتوون پێی وابوو، بەڵکو ئەرستۆ لە کاتی بەراوردکردنی ڕۆڵ و ئەرکی شاعیر لەگەڵ مێژوونووسدا، پایەی شاعیر زیاتر بەرز دەنرخێنێت. لەم میانەدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە جیاوازی نێوان شاعیر و مێژوونووس هەر ئەوە نییە کە یەکێکیان بە پەخشان دەنووسێت و ئەویدی بەشیعر، بەڵکو جیاوازییەکەیان لەوەدایە کە مێژوونووس تەنها ئەوە دەگێڕێتەوە کە ڕوویداوە (ڕابردوو)، بەڵام شاعیر دەکرێ باسی ئەوە بکات کە ڕووی نەداوە و دوور نییە ڕووبدات. هەروەها مێژوونووس چەند شتێکی وردو دیاریکراو دەگێڕێتەوە، بەڵام شاعیر باسی بابەتە گشتییە مرۆییە گەردوونییەکان دەکات[١٨].

لەلایەکی تریشەوە، ئەرستۆ پێیوایە شیعر لەڕووی دەروونییەوە ڕۆڵ و بایەخێکی پۆزەتیڤی (باشی) هەیە، ئەمەش لەو بۆچوونەی دەردەکەوێت کە بە تیۆری (پاکبوونەوە = **التطهیر** = katharsis) ناسراوە. لەم بۆچوونەشدا ئەرستۆ باس لەوە دەکات کە بەرهەمی تراژیدی دەبێتە مایەی پتر دامەزراتربوونی دەروونی مرۆڤ، چونکە دەکرێ تراژیدیا هەردوو هەستی ترس و بەزەیی بورووژێنی و ویژدانمان بهەژێنن، بەمەش دەروون و ناخی مرۆڤ لە

فشار و پاڵەپەستۆی ئەم دوو هەستە پاک دەبێتەوە[١٩].

دیارە لێرەشدا ئەم بۆچوونەی ئەرستۆ پێچەوانەی بیروڕای ئەفلاتوونە کە پێی وابوو، ورووژاندنی سۆز و غەریزە لەلایەن شیعرەوە کاریگەرییەکی نێگەتیڤی (خراپ) دەکاتەسەر هاوڵاتیان، چونکە بەلای ئەفلاتوونەوە کەسایەتی چاک و بەهێز ئەو کەسەیە کە بەدوای عەقڵ و ژیریدا بڕوات، نەک بە دوای غەریزە و ئارەزوودا.

کتێبی (گوتاربێژیی = **الخطابة** = Rhetorica)

کتێبی دووەمی ئەرستۆ کە پەیوەند بێت بە هونەر و ڕەخنەوە کتێبی (گوتاربێژی)یە ، بە گشتی تەرخانیکردووە بۆ لێکۆڵینەوەی هونەری گوتاربێژی لە یۆنان. لەم میانەدا باسی بنەما و ئەدگارە شێوازی و هونەرییەکانی هونەری گوتاربێژی کردووە. ئەم کتێبە لە سێ بەش پێکهاتووە: لە بەشی یەکەمدا باسی ئامانج و سوودی گوتاربێژی کردووە. ئامانجەکەشی لەوەدا دیاریکردووە کە ئەم هونەرە ئامرازێك بێت بۆ داکۆکیکردن لە ڕەوایەتی و چەسپاندنی دادگەری، نەک بۆ چەواشەکاری و خەڵکی بەهەڵە بردندا.

ئەرستۆ بەوە پێناسەی (گوتاربێژی) کردووە کە (وزەو هێزی قایلکردنە لەهەر بابەتێکیدا) ئیدی لەم ڕوانگەیەوە باسی لە جۆر و شێوازی گوتاربێژی و هەڵوێستی جیاجیای گوێگران کردووە. بەشی دووەمی تەرخانکردووە بۆ هەست و سۆزو ڕادەی هەڵچوونی گوێگران و دەستنیشانکردنی ئەو ڕێگایانەی کە کار دەکاتە سەریان.

هەر لێرەیشەوە مەرجەکانی گوتاربێژێکی لێهاتووی دیاریکردووە.

لە بەشی سێیەمیشدا باسی تایبەتمەندێتی ئەو ڕستەو دەستەواژانەی کردووە کە گوتاری لێپێك دێت، کاریگەریی دەستەواژە جیاجیاکانیشی بە پێی جۆر و جیاوازی بابەتی گوتارەکان خستۆتەڕوو. بۆ نموونە گوتارێك کە لە ئاهەنگێکدا یان لەبەردەم جەماوەرێکی گشتیدا پێشکەش بکرێت، پێویستی بە وشە و دەربڕینی سادە و ڕەوان هەیە، چونکە گوێگران گشتین، بەڵام گوتارێکی بواری قەزا و دادگا، پتر پێویستی بە بەڵگەی لۆژیکی و سەلماندنی ئەقڵانییە[٢٠].

*** ڕەخنەی ئەدەبی ڕۆمانی:**

لەساڵی (١٤٦ پ. ز) دەسەڵاتی یۆنانی ڕووخا و کەوتە ژێر دەستی ڕۆمانەکان، بەڵام ئەم سەرکەوتنە تەنها لەڕووی سەربازی و سیاسییەوە بوو، چونکە ڕۆمانەکان خاوەنی بەرهەمێکی ڕۆشنبیری و شارستانی چڕوپڕ نەبوون، بۆیە لەڕووی ڕۆشنبیری و شارستانێتیەوە ئەمان کەوتنە ژێر کاریگەری شارستانێتی یۆنانی. لەم





میانەدا کەوتنە لێکۆڵینەوەی زمان و بەرهەمە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکانی یۆنان و زیاد لەمەش نووسەران و لێکۆڵەرانی ڕۆمان داوای لاسایکردنەوە و هەڵگرتنی شوێن پێی یۆنانییەکانیان دەکرد.

لەبواری هونەری گوتاربێژیدا گوتاربێژی ناوداری ڕۆمانەکان شیشرۆن (١٠٦- ٤٣ پ. ز) و نووسەر و گوتاربێژ و ڕەخنەگری ناسراوی ڕۆمانی (کانتیلیان ٣٥ – ٩٥ ز) داوای سوود بینین و لاسایکردنەوەی بەرهەمە ئەدەبییەکانی یۆنانیان دەکرد.

بەڵام لاسایکردنەوەیەك کەلە هۆشمەندییەکی ڕەخنەییەوە، بانگەوازی بۆ دەکرا، بە تایبەتی (کانتیلیان) چەند هەل و مەرجێکی بۆ لاسایکردنەوەی ئەدەبی دیاریکرد بوو وەك[٢١]:

+ دەبێ کەسی لاسایکەرەوە توانایەکی چاکی هەبێت، تا بەسەرکەوتوویی کارەکە ئەنجام بدات.

+ هەڵبژاردنی نموونەیەك لەلایەك لە ئاستی توانای کەسی لاسایکەرەوە بێت، لەلایەکی دیکەش نموونەیەکی چاك و بەرز بێت.

بەشێوەیەکی گشتی لە بواری ڕەخنەی ئەدەبی ڕۆمانیدا، پتر ئاماژە بە کتێبی (هونەری شیعر)ی (هۆراس ٦٥ – ٨ پ. ز) دەکرێت، چونکە لە دوای خۆی بۆ چەندین سەدە کاریگەری هەبووە.

*** چەند بیروڕایەکی شاعیر و ڕەخنەگری ڕۆمانی (هۆراس = هۆراتیوس) دەربارەی شیعر:**

بیروبۆچوونە ئەدەبی و ڕەخنەییەکانی (ئەرستۆ) کاریگەرییەکی زۆری هەبوو بەسەر نووسەرانی ڕۆمانەوە،بۆ نموونە (هۆراس) نووسەر و ڕەخنەگرێکی ڕۆمانییە، هێندە پابەندی بیروڕاکانی ئەرستۆ بووە، بەلای هەندێك لە توێژەرانەوە وەکو قوتابییەکی ئەرستۆ دادەنرێت. هۆراس بیروڕاکانی خۆی دەربارەی شیعر لە کتێبەکەی خۆیدا (هونەری شیعر) خستووەتەڕوو. ئەم کتێبە کە بە شاکارێکی ئەدەبی لە قەڵەمدراوە و بە زمانی شیعر قسەی لەسەر ئەدەب و هونەر کردووە. ئەمەش نموونەیەکی بیروبۆچوونەکانێتی:

أ ـ مەسەلەی لاسایکردنەوە:

هۆراس جیا لە بیروڕای مامۆستاکانی لەنێو ڕەخنەی یۆنانی، باسی لاسایکردنەوە دەکات. هۆراس ڕوو لە نووسەرانی ڕۆمان دەکات و پێیان دەڵێت ((ئەوەندەی مەسەلەکە پەیوەندی بە ئێوەوە هەیە، شەو و ڕۆژ نموونەی گریکییەکانتان لەبەرچاوبێت..))[٢٢]. تێبینی دەکرێت (هۆراس) لەمەسەلەی لاسایکردنەوەدا، هەل و مەرجی پێداویستی قۆناغ و ئاستی ئەدەبی خۆماڵیی خۆی ڕەچاوکردووە،

نەکەوتووەتە لاسایکردنەوەیەکی کوێرانەی کەسانی دی. لەم چوارچێوەیەشدا چەند سەرنج و ئامۆژگارییەکی ئاراستەی نووسەرانی ڕۆمان کردووە. بۆ نموونە دەڵێت: ((هۆ ئەوانەی دەنووسن بابەتێك هەڵبژێرن کە هاوتای تواناتان بێت، ... پێویستە لەسەر هۆنەر... ئەو شتە بڵێ کە پێویستە بوترێ و زۆر شت دوابخات تاوەکو کاتی خۆی دێ))[٢٣].

(هۆراس) لە برگەی (٤٧) کتێبی ناوبراویدا ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە پێویستە شاعیر بە پێی پێویستیی مانا وشەی نوێ بەکاربهێنێت، لەمەشدا زمانی شیعر و گۆڕانکارییەکانی ژیان و مرۆڤ لەبەرچاوبگرێت.

ب ـ بەهرە: هۆراس لە کتێبی ناوبراویدا و لەبرگەی (٤٠٨) ئەم پرسیارە دەکات، ئایا قەسیدەی ناسك بەرهەمی سروشتە یان هی هونەرە؟ دواتر لە وەڵامدانەوەدا ئاماژە بە گرنگی هەردوو جەمسەری (بەهرەی زگماك) و (خوێندن و شارەزایی) دەکات. بڕوانە ل (٣٤)ی کتێبی(هونەری شیعر).

جـ ـ ڕۆڵ و ئەرکی شیعر:

بەگشتی مەبەستی شیعر لای (هۆراس) بریتییە لە (چێژ بەخشین) و (سوود گەیاندن). هۆراس دەڵێت: ((مەبەستی شاعیران یان سوودبەخشینە یاخود لەزەت پێگەیاندنە یان لەلایەك کاتدا ئارەزوو بزواندن و لێکدانەوەی پەندەکانی ژیانە))[٢٤].

لەنێوان (چێژ و سوود) دا، (هۆراس) پێیوایە هەر کەسێ بتوانێت هەردوو جەمسەرەکە پێکەوە گرێبدات، ئەوا ئەو کەسە دەتوانێ ڕەزامەندی هەموو لایەك بەدەست بهێنێت.

هەروەها هونەری گوتاربێژی بەشێکی دیکەی بابەتی نێو نووسەران و توێژەرانی ڕۆمان بووە، لەم میانەدا ئاماژە بە تواناو بەرهەمی ڕەخنەگرو گوتاربێژی ناودار (لۆنجینۆس ٢١٣ – ٢٧٣ ز) دەکەن، سەرچاوەکان بە گومانەوە دەڵێن، خاوەنی کتێبێکە بە ناونیشانی (دەربارەی شێوازی باڵا) یان (دەربارەی هونەری باڵا)[٢٤]. ئەم بەرهەمە کۆمەڵێ دیدو بۆچوونی جیاوازی لەخۆگرتووە دەربارەی هونەری گوتاربێژی و هەل و مەرج و تایبەتمەندییەکانی، لێرەیشەوە نووسەر چەند بەراوردکارییەکی لە نێوان ئەدەبی یۆنانی و ڕۆمانی کردووە، بەڕای هەندێك لە ڕەخنەگران ئەم کتێبە نموونەیەکە لە ڕەخنەیەکی ڕەوانبێژی، بەلای هەندێکی دیکەوە نموونەیەکی ڕەخنەی شێوازگەرییە.

*** سەدەکانی ناوەڕاست (سەدەی (٦) ز تا نیوەی یەکەمی سەدەی (١٠)ز)**

ئەگەرچی توێژەران لەدیاریکردنێکی وردی سەرەتا و کۆتایی (سەدەکانی ناوەڕاست)





یەك ڕاو تەبا نین، بەڵام لەوەدا هاوڕان کە سەدەکانی ناوەڕاست لە ئەورووپادا بە (سەدەکانی تاریکی) ناو دەبرێت ئەمەش لەبەر ئەو دواکەوتوویی و چەقبەستووییەی کە زۆربەی بوارەکانی ژیانی گرتبووەوە. هەر لەسەرەتاکانی سەدەکانی ناوەڕاستەوە، لەژێر کاریگەری بڵاوبوونەوەی ئاینی مەسیحی دژایەتیکردنی بیروبەرهەمی کلاسیکی (بت پەرستیانە=**وثني**) دەکرا و ئەمەش باڵا دەستیی پیاوانی کڵێسای هێنایە ئاراوە، کە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ و لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی زیاتر دەسەڵاتی کڵێسای بەهێزتر و توندتر دەبوو. لە بەرامبەر هەر بیروڕاو بەرهەمێك کە لەگەڵ بۆچوونی پیاوانی کڵێسادا نەساز بوایە، تا کار گەیشتە ئەوەی لەسەدەی سیازدەهەمدا (دادگاکانی پشکنین و لێپرسینەوە= محاکم التفتیش) بەرفراوانتر و خراپتر دەست بخەنە نێو تێکڕای بوارەکانی ژیانی خەڵکەوە و هەر کەسێك لە دیدی ئەم دادگایانەوە بەبێ باوەڕ و لەڕێ دەرچوو لەقەڵەم بدرایە، ئەوا دووچاری سزای کوشتن و سووتاندن و زەوتکردنی ماڵ و سامانی دەبووەوە[٢٥].

بە گشتی بارودۆخێکی دژوار و ناهەموار باڵی بەسەر کۆمەڵگاکاندا کێشابوو. لەم سەردەمانەدا ئەورووپا چەندین کێشە و جەنگی گەورە و درێژخایەنی بەخۆیەوە بینیوە(نموونە شەڕی سەد ساڵەی نێوان فەرەنساو بەریتانیا١٣٣٧–١٤٥٣ز).

لەڕووی ڕۆشنبیری و زانستییەوە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا پتر گرنگی بە هەندێ زانستی بواری ئاینی ئەو سەردەمە دراوە و تا ڕادەیەکیش زانستەکانی (لۆژیك، ڕێزمان و بیرکاری و ئەندازیاری)[٢٦].

کەواتە هەروەکو (د. علي جواد الطاهر) دەڵێت ـ لەو سەروبەندەدا شتێکی ئەوتۆ دەربارەی ئەدەب بەدی ناکرێت،چ جای ڕەخنە، ئەگەر شتێکیش هەبووبێت ئەوا پیاوانی کڵێسە لە خزمەتی خۆیاندا ئاراستەیان کردووە[٢٧].

*** سەدەی بوژاندنەوە** (عصر النهضة = Renaissance)

**(ناوەڕاستی سەدەی (١٥) تا کۆتایی سەدەی (١٦) )، (سەدەی ١٣ –١٦ز)**[٢٨]

چەمکی (سەدەی بوژاندنەوە= ڕێنیسانس) ئاماژە بە تێکڕای ئەو گۆڕانکارییە هزری و ڕۆشنبیری و هونەری و کۆمەڵایەتییەدەکات کە لەنێوان (سەدەی ١٣ – ١٦ ز) لە ئەورووپادا سەریان هەڵدا، کۆی ئەم گۆڕانکارییانەش هاندەر و زەمینە سازکاربوون بۆ سەرهەڵدانی وەرچەرخانێکی زانستی و فەلسەفی گەورەتر لە وڵاتانی ئەورووپادا.



**گابریل گارسیا مارکیز**

# کارگەی چیرۆکنووسی

**لە فارسییەوە: سلێمان دڵسۆز**

ئێمە بۆ ئەوە هاتووینە ئێرە چیرۆکان وەگێڕین. ئەوی بە لامانەوە سەرنجڕاکێشە ئەوەیە کە فێر بین چۆن حیکایەتێك شکڵ دەگرێت و چیرۆکێك دەگێڕدرێتەوە. بە راشکاوی دەبێ بپرسین کە داخوا ئەم بابەتە قابیلی فێربوون و فێرکردنە؟ لە راستیدا من بەو قەناعەتە گەیشتووم کە خەڵکی دنیا بە سەر دوو دەستەدا بەش دەبن: کەسانێك کە دەتوانن چیرۆکان بگێڕنەوە و، ئەوانەشی کە ناتوانن. بە دەربڕینێکی تر و بە مانایەکی بەربڵاوتر، ئەوانەی باش تێدەگەن و ئەوانەی خراپ تێدەگەن. ئەگەر ئەو رستەیە کەمێك بێ ئەدەبانە بێتە بەر چاو، بە قەولی مەکزیکییان دەبێ بڵێم ئەوانەی باش کار دەکەن و ئەوانەی خراپ کار دەکەن. لە راستیدا دەمەوێ بڵێم چیرۆکگێڕەوە، لە دایك دەبێت، بەڵام دروست ناکرێت. ئاشکرایە کە ئەو نیعمەتە بە تەنیا بەس نییە. کەسێك کە بەهرەی هەیە بەڵام شارەزایی نییە، پێویستیی بە گەلێك شتە: کولتوور، تەکنیك، ئەزموون و... ئەو بنەمایەکی هەیە کە لە دایك و بابیەوە بۆی ماوەتەوە، هەرچەند دیار نییە لە رێگەی





ژێن (جینات)، یان رووداوەکانی دواترەوە... ئەو کەسانەی بە زگماك بەهرەیەکیان هەیە، بێ ئەوەی مەبەستیان بێ، دەگێڕنەوە. لەوانەیە هۆیەکەی ئەوە بێ کە هیچ رێگای تر بۆ دەربڕین شك نابەن. ئەوە خۆشم دەگرێتەوە. ئەگەر لە وتووێژێك-دا لە بارەی توێژی ئۆزۆنەوە لێم بپرسن، یان بیانەوێ رای من لەبارەی ئەو هۆکارانەوە بزانن کە رەنگ-ڕێژی سیاسەتەکانی ئەمریکای لاتین دەکەن، تەنیا شتێکی کە بە زەینم-دا دێ ئەوەیە لەو بارەوە چیرۆکێك بگێڕمەوە. چونکە جگە لە بەهرەی خواپێداو، ئەزموونێکی زۆرم لەو بارەوە هەیە کە رۆژ بە رۆژ دەشیخەمە سەری.

نیوەی ئەو چیرۆکانەی بیستوومن، دایکم بۆی گێڕاومەتەوە. دایکم ئێستا هەشتاوحەوت ساڵی تەمەنە. قەت بەشداریی کۆڕی ئەدەبی نەبووە و تەکنیکەکانی نووسین فێر نەبووە، بەڵام دەزانێت چۆن کەسێکی کاریگەر بێت. دەسرۆکەیەك لە قۆڵی کراسەکەیدا بشارێتەوە و، بە مەعلانیی تەڕدەستان، پەڕۆ و کەروێشك لە کڵاوەکەی بێنێتە دەرێ. وە بیرم دێ جارێکیان لە جەنگەی گێڕانەوەی چیرۆکێکدا، باسی پیاوێك هاتە گۆڕ کە هیچ پەیوەندی بە بابەتەکەوە نەبوو. دایکم، بە شێنەیی، چیرۆکەکەی خۆی گێڕایەوە، ئینجا هاتە سەر باسی کابرا! "ئۆف! دیسان کابرای گۆرین! دەبێ بڵێم...

هەموومان واقمان وڕ مابوو. من لەبەر خۆمەوە گوتم: دایکم چۆن ئەو تەکنیکانە فێر بووە کە خەڵك تەمەنێك بۆ فێربوونی تەرخان دەکەن؟

چیرۆك بۆ من... وەك کایە... پێم وایە ئەگەر کۆمەڵێك لەیستۆکی جۆراوجۆر دابنێیە بەردەم منداڵێك، دەست لە هەموویان وەردەدا، بەڵام دواجار بە یەکێکیان گەمە دەکات. ئەو "یەك"ە، دەربڕ و نیشاندەری بەهرە و تواناکانی ئەو منداڵەیە. ئەگەر بارودۆخی لەبار بۆ گەشە و پەروەردەی بەهرە لە ژیان-دا برەخسێت، یەکێك لە نهێنییەکانی کامەرانی و تەمەندرێژی، دەدۆزرێتەوە. لەو رۆژەوە کە تێگەیشتم تەنیا شتێکی کە بەڕاستی چێژی لێوەردەگرم، گێڕانەوەی چیرۆکە، بڕیارم دا هەموو پێداویستییەکان بۆ دەستبەرکردنی ئەو چێژە دابین بکەم. لە دڵی خۆمدا گوتم: "ئەمەیان هی خۆمە! هیچکەس و هیچ شتێك ناتوانێ ناچارم بکات کارێکی دی ئەنجام بدەم."... رەنگە بڕوا نەکەن، بەڵام کە قوتابی بووم، هەزار فرتوفێڵ و تەڵەکە و گزی و درۆم تێکدەخستەوە بۆ ئەوەی بتوانم ببمە چیرۆکنووس. چونکە بە زەبری زۆری

دەیانویست ملی ڕێگایەکی ترم پێبگرن. من تەنیا بۆیە بوومە خوێندکارێکی نموونە چونکە دەمویست لە کۆڵم ببنەوە بۆخۆم شێعر و ڕۆمان بخوێنمەوە، کە زۆریان سەرنج ڕادەکێشام. لە کارناسیدا بابەتێکی گەلێك گرنگم بۆ دەرکەوت، ئەویش ئەوە بوو ئەگەر یەکێك لە ناو پۆل-دا بە تەواوی گوێ لە مامۆستا بگرێت، پێویست ناکا کاتێکی زۆر خەریکی دەورکردنەوەی وانەکانی بێت و بە دەست پرسیار و تاقیکردنەوانەوە تووشی شڵەژان بێت. لەو تەمەنەدا، ئەگەر یەکێك باش هۆش و گۆشی خۆی کۆبکاتەوە، دەتوانێ وەك ئیسفەنج هەموو شتێك هەڵمژێت. کاتێ لەوە گەیشتم، لە پۆلی پێنج و شەش-دا پلەی چاکم بەدەست هێنا. هەموو وایاندەزانی بلیمەتم، هیچکەس بیری بۆ ئەوە نەدەچوو بۆیەم خۆ ماندوو کردووە هەتا ناچار نەبم خەریکی دەورکردنەوە بم. من سەرقاڵی حەزی خۆم بووم و چاك دەمزانی چی دەکەم. بە خاکەڕاییەوە ڕادەگەیەنم ئازادە و سەربەستترین پیاوی ڕووی زەویم و دەروەستی هیچ کەس نیم. بۆ ئەوەش قەرزداری ئەو تەقەللایانەم کە لە ژیانمدا داومە. تەنیا ئامانج و خولیام، ئەوسا و ئێستاش، تەنیا گێڕانەوەی چیرۆك بووە. کە دەچمە سەردانی هاوڕێکانم، بێگومان چیرۆکیان بۆ دەگێڕمەوە. دێمەوە ماڵێ چیرۆك دەگێڕمەوە. ڕەنگە هەر لەبارەی ئەو بابەتەوە کە لە هاوڕێکانم بیستووە. دەچم خۆم دەشۆم و لە کاتێکدا سابوون لە قالبم هەڵدەسووم، ئەو بابەتەی لە زەینمدایە بۆخۆمی دەگێڕمەوە. پێم وایە تووشی شێتایەتییەکی پیرۆز بووم. لە خۆم دەپرسم داخوا ئەو شێتایەتییە قابیلی گواستنەوە یان فێربوونە؟ هەمووکەس دەتوانێ ئەزموون و کێشە و چارەسەر و بڕیارەکانی خۆی بگێڕێتەوە و بڵێ بۆچی فلان کارەی کردووە و فیسارە کارەی نەکردووە. بۆچی هەندێ بەشی تایبەتی لە چیرۆکەکەی قرتاندووە و پێرسۆناژێکی تری پێوە زیاد کردووە. چما ئەوە هەر ئەو کارە نییە کە نووسەران دوای خوێندنەوەی بەرهەمی کەسانی دی دەیکەن؟ ئێمەی ڕۆمان-نووس بۆ ئەوە ڕۆمان ناخوێنینەوە تا بزانین باسی چی دەکات، تەنیا دەمانەوێ بزانین چۆن نووسراوە. یەکێك بە چیرۆکەکەی دەچارێت، برغووەکەی شل دەکاتەوە، بەشەکانی ڕێکدەخات، پەرەگرافێك لادەبات، خەریکی خوێندنەوە دەبێت و ئەودەم ساتەوەختێك دێ کە دەکرێ بڵێی: "ئەها، کارێکی کە ئەوە کردوویە، دانانی پێرسۆناژەکە "ئالێرە"دا بووە و ڕاگواستنی دۆخ بۆ "ئەوێ"، چونکە زەروور بووە کە "ئەولا"... یان با بڵێین، یەکێك چاوی بە





تەواوی هەڵێنێت و لێنەگەڕێت هیپنۆتیزمی بکەن و هەوڵ بدا فێڵی جادووباز ئاشکرا بکات. تەکنیك، فێڵ، فەند.. شتێکن دەکرێ فێریان بین و قوتابی دەتوانێ سوودیان لێوەربگرێت. هەموو ئەو شتەی لەو مێزگردەدا دەتوانین ئەنجامی بدەین ئەمەیە: گۆڕینەوەی ئەزموونەکانمان، یاری بۆ داڕشتنی چیرۆك و، لە هەمان کاتدا، پەیڕەوکردنی وردی ڕێساکانی یاری. ئێرە بۆ ئەو مەبەستە شوێنێکی لەبارە. لە کۆڕێکی ئەدەبی-دا، کە پیاوێك لە لای ژوورووی کۆڕەکە دانیشتووە و تۆمارێك لە بڕواکانی خۆی بەوپەڕی پشوودرێژییەوە دەردەبڕێت، هیچی وامان لە ڕاز و نهێنیەکانی نووسین بۆ ئاشکرا نابێت. تەنیا ڕێگەی دەرکەوتنی نهێنییەکان، خوێندنەوە و کارکردنە لەگەڵ گرووپدا. لێرە بە چاوی خۆت دەبینی کە چۆن چیرۆکێك دەخولقێت، لە دۆخی خشکەیی (سەتحی) بوون دەرباز دەبێت و بنبەستی بەردەمی والا دەکات. کەوابوو، نابێ لە هەوڵی ئەوەدا بن چیرۆکی زۆر ئاڵۆز و پێشکەوتوو بخەنە ڕوو. خۆشیی کارەکە لەوەدایە پێشنیارێکی سادە و ڕووداوێکی قەوماو تاوتوێ بکرێت بۆ ئەوەی بزانین داخوا لە خۆمان ڕادەبینین بەش-بەحاڵی خۆمان بیکەین بە چیرۆك کە ببێتە بنەمای سیناریۆیەك بۆ تەلەڤزیۆن یان سینەما، یان نا. بۆ فیلمی درێژ، بە دڵنیاییەوە پێویستمان بە وردبینیی زۆر هەیە کە حاڵی حازر ئەوەمان نییە. ئەزموون پێمان دەڵێ چیرۆکی سادە بۆ کورتە فیلم یان - مامناوەندی - زۆر لەبارە. جوانییەکی تایبەتی پێدەبەخشێت و لە یەکێك لەو مەترسییە گەورانەی کە لە بۆسەدایە و جاڕزبوون و داهێزرانی ناوە دووری دەکاتەوە. دەبێ هەوڵ بدەین کە دانیشتنەکانمان بەرهەم-دار بن. هەندێ جار قسە زۆر دەکرێت و کار ناکرێت. ماوەمان کەمە و کات بۆ ئێمە لەوە پڕبایەخترە کە بە قسەی لابەلا بەفیڕۆی بدەین. دیارە مەبەستم ئەوە نییە هێزی فانتازیای خۆمان سەرکوت بکەین. بە پێچەوانەوە، دەبێ پابەندی بنەماکانی هەڵقوڵینی فانتازیا بین. تەنانەت هەر قۆڕیاتێکی بە زەینمان-دا دێت، دەبێ بە هەند بگرین. دوور مەبینن لە وتەیەکی سادەوە بتوانین بە داهێنانی سەرسوڕهێنەر بگەین.

بەرگەی ڕەخنە نەگرتن، بۆ بەشدارێکی مێزگرد، خەسڵەتێکی شایستە نییە... لە ڕاستیدا کۆبوونەوە لە دەوری مێزگردێك، بە جۆرێك بەخشین و وەرگرتن لە قەڵەم دەدرێت. هەموومان دەبێ ئامادەی زەبر وەشاندن و زەبر خوارن بین. بەڵام، هیچ کەس نازانێ سنووری ئەو زەبرانە کوێیە.

مرۆڤ دەبێ خۆی بەوە بگات. لە هەمان کاتدا، هەر کەسەو دەبێ وێنەیەکی روونی لەو شتە لەبەر چاو بێ کە دەیەوێ بیگێڕێتەوە و بتوانێ بە چنگ و نینۆك بەرگریی لێبکات. یان لە جێی خۆیدا نەرمی بنوێنێت و بزانێت کە بۆوێنە چیرۆکەکەی بەو جۆرەی بیری لێ دەکردەوە، لانی کەم لە رووی بیستن و دیتنەوە، توانای گەشەکردنی نییە. ئەو دۆخە نەگۆڕییە، وێڕای نەرمی نواندن، لە هەموو جێگایەك دەبینرێت، هەرچەند بەدەگمەن روودەدات واش نەبێ. من پێم وایە رۆماننووسین و چیرۆکنووسین زۆریان فەرق هەیە. من کاتێك رۆمانێك دەنووسم، شوورەیەك بە دەوری دنیای خۆمدا دەکێشم و لە هیچ شتێك-دا خەڵکی ناکەمە هاوبەشی خۆم. لە راستی-دا لە سەر کورسیی فیز و سەرەڕۆیی دادەنیشم. بۆ؟ چونکە پێم وایە ئەمە، تاقە رێگای پارێزگاری لە کۆرپەڵە(جنین)یە. تاقە رێگای پێش-ڤەچوونە. ئەویش بە شێوەیەکی تەواو شەخسی و بەو جۆرە کە من بیری لێ دەکەمەوە. دوای کۆتایی هاتنی رۆمان یان بەشێکی، هەست بە پێویستیی رای کەسانی تر دەکەم. بۆیە پێشانی هەندێك هاوڕێی نزیکی خۆمی دەدەم. ئەو هاوڕێیانەی کە متمانەم بە رەخنەکانیان هەیە. بەو جۆرە داوایان لێدەکەم کە ببنە یەکەم خوێنەری رۆمانەکەم. نەك بۆ ئەوەی بڵێن: زۆر جوانە! زۆر بەرزە! بە پێچەوانەوە، حەزدەکەم بە راشکاوی کەموکووڕی و خەوشەکانم بۆ دەستنیشان بکەن. چونکە لەو رێگایەوە یارمەتییەکی باشم دەدەن. ئێ، ئەو هاوڕێیانەی تەنیا باشیەکانم دەبینن، دەتوانن دوای چاپبوونی کتێبەکەش، بە خەیاڵی ئاسوودەوە بە چاکەی کتێبەکەدا بڕۆنە خوارێ بەڵام ئەوانەی کەموکورتییەکانیش دەبینن، دەتوانن پێداویستییەکانم دابین بکەن. بێگومان، مافی وەرگرتن یان رەت-کردنەوەی رەخنە بۆ من پارێزراوە، بەڵام لە هەمان کات-دا زۆر ئاشکرایە کە ناتوانم بەسەر رەخنان-دا باز بدەم. ئەمە وێنەی رۆمان-نووسێکە بەرامبەر بە رەخنە، بەڵام مەسەلەکە بە نیسبەت فیلمنامەنووسەوە بە تەواوی دەگۆڕێ. هیچ کارێك بە قەد دروست ئەنجام نەدانی کاروباری لەمەڕ پیشەی فیلمنامەنووسییەوە، سووکایەتی و سەرکۆنەی بە دواوە نییە.

ئێستا لەبارەی کارێکی داهێنەرانە و لق-وپۆپەکانییەوە دەدوێین. فیلمنامەنووس هەر لە دەستپێکی نووسینی فیلمنامەوە دەزانێ ئەو چیرۆکە جارێك نووسراوە، جارێکیش چووەتە سەر پەردە و بەو پێیە، چیرۆکەکە هی ئەو نییە. یەکەم کەس کە داوای هاوکاریی لێدەکرێت، دەرهێنەرە. ئەوە لە کاتێکدایە کە ئەندامانی گرووپ پێشتر گیروگرفتە بەراییەکانیان چارەسەر کردبن... لە هەمان کاتدا یەکەم ئینسانخۆر، هەمان دەرهێنەرە. ئەو کە ئەرکی لەبەر یەك رانانی فیلمنامەی لەگەڵ بەرهەمە دەستنیشان-کراوەکە لەسەر شانە، هەموو توانا و بەهرەی خۆی دەخاتە گەڕ بۆئەوەی فیلمێکی وا دروست بکا ئیعتبارێك بۆ هاوکارەکانی بەدەست بێنێ. دواجار، بۆچوونی کۆتایی خۆی بەسەر ئەوانی تردا دەسەپێنێ. من پێم وایە کەسێك کە رۆمانێك دەخوێنێتەوە لەو کەسەی سەیری فیلمێك دەکات ئازادترە. خوێنەری رۆمان هەموو شتێك چۆنی پێی خۆش بێ ئاوا وێنا دەکات، روخسارەکان، شوێن، دیمەنەکان و... لەکاتێکدا بینەری سینەما یان تەلەڤزیۆن، چاری ناچارە دەبێ ئەو وێنەیەی دەیبینێ قەبووڵی بکات. ئەمە جۆرە پەیوەندییەکی داسەپاوە کە رێگایەك بۆ حەزی تاك ناهێڵێتەوە. دەزانن بۆچی ناهێڵم "سەدساڵ تەنیایی" بچێتە سەر پەردەی سینەما و شانۆ؟ چونکە رێز لە خەیاڵکردنەوەی خوێنەر دەگرم. خوێنەر مافی بێ ئەملاوئەولای خۆیەتی روخساری "پوور ئۆرسولا" یان "سەرهەنگ ئائورلیانۆ بۆئندیا" بەو جۆرەی خۆی حەز دەکا بێنێتە بەر چاو.

وا دیارە زۆر لە بابەتە سەرەکیەکە دوور کەوتینەوە. بابەتی ئێمە فیلمنامەنووسی نەبوو. ئێمە بە دوای دۆزینەوەی رێگایەك بۆ پێخۆری شێتایەتیی گێڕانەوەی چیرۆکەوە بووین. بەو پێیە، ناچارین وزەی خۆمان لە گفتوگۆکانی مێزگردەکەدا چڕ بکەینەوە. یەکێك پێی گوتم وا چاکە بە بەردێك دوو کێل بشکێنین. بەیانیان لە کارگەی وێنەگری (فۆتۆ) یان کامێرامانیدا کۆببینەوە و ئێواران، لە مێزگردێکدا. وەڵامم دایەوە ئەو رایەم پێ دروست نییە. کەسێك کە دەیهەوێ ببێتە نووسەر، دەبێ لە بیستوچوار سەعاتی شەوورۆژ و سێسەد و شێستوپێنج رۆژی ساڵدا، ئامادە بێ. کێ بوو گوتی هەرکات ئیلهامم پێکرا، دەنووسم؟ ئەو دەیزانی چ دەڵێ. ئەوانەی بۆ وەڕەزی و هۆگری روو دەکەنە هونەر و ئەمپەڕ و ئەوپەڕ دەکەن، دەربەستی هیچ نابن، بەڵام ئێمە نا... ئێمە نەك هەر هۆگری ئەو پیشەیەین، بەڵکو وەك دیلی مەحکووم بە کاری قورس، گرفتاری ئەو کارەین.

سەرچاوە: سایت دیباچە

# نامەیەکی چارلی چاپلن بۆ کچەکەی..

**لە فارسییەوە/حامد موحەممەد**
Hamid.hm77@yahoo.com

کچەکەم ژرالدین.....

لێرە شەوە،شەوێکی نوئێلێ. لەم قەلاَ چکۆلانەی مندا هەموو سەربازە بێ چەکەکان خەوتوون. نە براکەت ونە خوشکت و نە دایکت،کەسیان بێدار نین. زۆر بە زەحمەت توانیم بێ ئەوەی بالَندە نوستووەکان لە خەو ڕاپەڕێنم خۆم بگەیەنمە ژوورە نیوە ڕوناك بووەکەی خۆم کە تیایدا چاوەڕێی مەرگ و مردن دەکەم.من لە شاری تۆلیس دوورم.زۆر دوور...... بەلاَم چاوەکانم کوێر بێت ئەگەر بۆ ساتێکیش وێنەکانت لە بەر چاوم دوور بن..

وێنەکانت لێرەن،لە سەر مێزەکەم،لە ناو دلَم،بەلاَم تۆ لە کوێی!؟ لەوێ لە پاریسی ئەفسوناوی لە سەر سەکۆی شانۆی





شکۆداری شانلیزە سەما دەکەیت.من ئەوە باش دەزانم کچەکەم.چونکە لەم شەوە بێدەنگ و کپەدا ئاوازی قاچەکانت دەبیستم. لەم شەوە تاریك و زستانیەدا تیشکی چاوەکانت دەبینم...

بیستوومە کە دەوری تۆ لە شانۆ شکۆدارەکەتدا شازادە خاتوونێکی ئێرانیە کە بەدەستی خانی تاتارەکان دیل کراوە.شازادە خاتوون بەو سەما بکە، ئەستێرەبەو بدرەوشێوە.بەلاَم ئەگەر چەپلَەی ئافەرین ئامێزی تەماشاچیان وبۆنی خۆش و مەستی ئەو گولاَنەی کە بەدیاری بۆت دەنێرن دەرفەتی بە هۆش هاتنەوەی پێدای، لە گۆشەیەك دانیشەو ئەم نامەیە بە دەنگی باوکی خۆت بخوێنەوە...

ژرالدین...من باوکتم،من چارلیم.کاتێك منالَ بوویت لە شەوە درێژەکاندا بە دیارتەوە دادەنیشتم و حەکایەتم بۆ ئەووتی.حەکایەتی خەوتو لە دارستان، ئەژدیهای بێدار لە بیابان.... کاتێکیش خەو هێرشی دێنا بۆ سەر چاوە پیرەکانم، تانەم لێ ئەداو پێم ئەووت برۆ..... من لە خەوی کچە خەوتووەکەمدا خەونم دەبینی خەون.!! خەونی دوا ڕۆژت، خەونی ئەمڕۆی تۆ.کچێکم دەبینی لە سەر سەکۆی شانۆ، فریشتەیەکم دەبینی کە لە ئاسماندا سەما دەکات.

لە خەونەکەمدا گوێم لێ بوو کە تەماشاچیەکان مقۆ مقۆیان بوو، ئامارژەیان بۆ دەکردی و ئەیان ووت: ئەم کچە دەبینی.؟ئەمە کچی پیاوە کۆمیدیەکەیە، ناوەکەییت لە بیرە.؟ چارلی....

بەلَێ کچەکەم من چارلیم...من لە پیرە پیاوێکی کۆمیدی زیاتر نیم.

ئەمرۆ سەرەی تۆیە کچم. سەما بکە، من لە ژێر شەروالێکی فش و کۆنەو دڕاودا سەمام دەکردو تۆش لە ژێر جل وبەرگی ناسك و حەریری شازادە خاتوونەکاندا سەما دەکەیت.!!

زیاتریش لە سەماکانت هەندێك جار دەنگی چەپلَەی تەماشاچیەکان دەتبەنە ئاسمان. برۆ..برۆ بۆ ئاسمان بەلاَم جاروبار بۆ زەوی بڕوانە. بڕوانەو سەیری ژیانی خەلَکی سەر زەوی بکە.بڕوانە بۆ ئەو سەماکارانەی کە لە کۆلاَنە تاریکەکاندا بە زگی برسی سەما دەکەن.بڕوانە بۆ ئەو قاچە لەرزیوانەی کە لە بێ نەواییدا دەلەرزن.من یەکێك بووم لەو کەسانە ژرالدین...

لەو شەوانەدا، لە شەوە پڕ ئەفسانەکانی منالَیتدا کە بە لای لایەی حەکایەتەکانم چاوەکانت دەچوونە خەو، من هەر بێدار دەمامەوەوبۆ ڕوخساری تۆم دەڕوانی.دەنگی ترپەی دلَتم دەژماردو لە



خۆم دەپرسی: چارلی تۆ بلێی ئەم بەچکە پشیلەیە هەرگیز تۆ نەناسێت.؟!

تۆ من ناناسی کچەکەم.! لەو شەوانەدا چەندین حەکایەتم بۆ ووتی. بەلام هەرگیز حەکایەتی خۆمم بۆ باس نەکردی.

حەکایەتی پیاوێکی کۆمیدی برسی کە لەهەژارترین کۆلانەکانی لەندەندا گۆرانی ئەووت و سەمای دەکردو خێرو خێراتی کۆ دەکردەوە..

ئەمە حەکایەتی منە.!من تامی برسێتیم چەشتووە، دەردی بێ حاڵی و بێ ماڵیم بینیوەو زۆر زیاتریش لەمانە...

من بەرهەمی رەنجی ئەو پیاوە کۆمیدیە کورتە بالایەم کە ئۆقیانوسێکی پڕ لە سەرکێشی لە دەروونیدا شەپۆلی دەدا بەلام خێرو پارەی رێبوارێکی خۆ ویست ووشکی دەکرد.!! لە گەڵ هەموو ئەمانەشدا هەستم دەکرد من زیندووم. زیندوەکانیش بەر لەوەی بمرن نابێت قسەیان لە بارەوە بکرێت.!!!

حەکایەتی من بە کاری تۆ نایەت.با سەبارەت بە تۆ قسە بکەین.بەدوای ناوەکەت ناوی من دێت، چارلی..





هەر بەو ناوە زیاتر لە چل ساڵ خەڵکی سەر ئەم زەمینەم هێنایە پێکەنین. بەلام بۆ خۆم زیاتر لە ئەندازەی پێکەنینی خەڵک گریاوم.

کچەکەم. ژیان تەنیا بریتی نیە لە سەماو موزیک. کاتێک درەنگانێکی شەو سەکۆی شانۆ جێ دەهێڵیت، چەپڵەو ئافەرینی دەوڵەمەندەکان لە بیر خۆت بەرەوە. بەلام حاڵ و هەواڵی ئەو شۆفێرە تەکسیە بپرسە کە ئەتگەیەنێتە ماڵەوە. لە حاڵی ژنەکەی بپرسە، ئەگەر هەژار بوو یان پارەی کڕینی جل وبەرگی منالەکانی پێ نەبو، چەکێکی بانک دەربێنەو بە پەنامەکی بیخەرە گیرفانیەوە. لە بانکی پاریس بە نوێنەرەکەی خۆمم ووتوە کە ئەم جۆرە خەرجیانەت بێ چۆن و پرسیار کردن لێ وەرگرێت. بەلام بۆ خەرجیەکانی ترت دەبێ وێنەی چۆنیەتی خەرجکردنیت پێ بێت. جاروبار بە پاس هاتوو چۆ بکەو بروانە بۆ خەڵک.

لانی کەم رۆژی چەند جارێک بە خۆت بڵێ منیش یەکێکم لەو خەڵکە. تۆش کەسێکی وەك ئەو خەڵکەو زیاتر لە ئەوان نیت کچەکەم. هونەر بەر لەوەی دوو باڵی فرین بە مرۆڤ ببەخشێت هەردوو قاچەکانی دەشکێنێت!!

کچەکەم. ئەگەر بۆ ساتێکیش لە سەر شانۆ هەستت کرد لە تەماشاچیەکانی خۆت زیاترو بەرزتری، یەکسەر سەکۆی شانۆ جێ بێڵەو بەیەکەم تەکسی خۆت بگەیەنە دەورووبەری پاریس.

من ئەو شوێنە زۆر باش شارەزام. زیاتر لە چەندین سەدە بێشکەی بەهاری کۆڵبەرو هەژارەکان بووە. لەوێ چەندین سەما کاری وەکو خۆت دەبینی.جوانتر لە تۆ، چالاکتر لە تۆ و سەرکێشتر لە تۆ.لەوێ هیچ باسێك سەبارەت بەڕوناکی بلاجکتۆری شانۆی شانلیزە بوونی نیە. روناکی سەماکارە هەژارەکان رۆشنایی مانگە.بروانە کچم.باش بروانە. ئایا باشتر لەتۆ سەما ناکەن.؟ دانی پێ دانێ کچی خۆم. هەمیشە کەسێك هەیە باشتر لە تۆ سەما بکات.ئەوەش بزانە لە بنەماڵەی چارلیدا هیچ کەسێك ئەوەندە بێ باك و رووودار نەبووە کە بە گالیسکەوانێك یان گەدایەکی کەنار رووباری(سن) ووتەیەکی نابەجێ بڵێت...

من دەمرم و تۆش زیندوو دەمێنیت ژرالدین.بەو ئومێدەم کە هەرگیز هەژارانە ژیان بەسەر نەبەیت. لە گەڵ ئەم نامەیەدا چەکێکی سپی بانکت بۆ دەنێرم چەندت ویست خۆت بینووسەو پارەکەی وەرگرە.بەلام هەمیشە کاتێك دوو فرانك خەرج دەکەیت، بە خۆت بڵێ: دووەم فرانك بۆ من نابێت و بۆ کەسێکی وون ناوە کە ئەمشەو پێویستی بە یەك فرانکە.

زۆریش پێویست ناکات بگەڕێیت. ئەگەر بتەوێت لەم جۆرە هەژارو وون ناوانە لە هەموو جێیەك دێنە بەردەست.ئەگەر سەبارەت بە پارەو پول قسەت بۆ دەکەم هۆیەکەی ئەوەیە کە زۆر باش لە هێزی فریودەری ئەو شەیتانە ئاگادارم.من کاتێکی زۆرم لەو شوێنەدا بەسەر برد کە تەناف بازەکان لە بەرزاییەکی زۆرەوە بەسەر تەنافێکی باریکدا ڕێگەیان دەبڕی. هەمیشە نیگەرانی ئەوە بووم کە نەکا لەسەر ئەو تەنافە باریکە بکەونە خوارەوە.بەڵام با من ئەو ڕاستیەت پێ بڵێم کە خەڵکی لە سەر زەوی تەخت و ڕاستایی زۆر زیاتر لەو کەسانە دەکەون کە لەسەر تەنافێکی باریك و بەرز لەزەوی ڕێگە تەی دەکەن.ڕەنگە شەوێك درەوشانەوەی گرانبەهاترین ئەڵماس فریوت بدات.ئەو شەوەو ئەو ئەڵماسە دەبێتە تەنافی باریکی ڕێگەت و کەوتنە خوارەوەت مسۆگەر دەکات.لەوانەیە ڕۆژێك ڕوخساری جوانی شازادە کوڕێك کڵاو بنێتە سەرت.ئەو ڕۆژە تۆ دەبیتە تەناف بازێکی ناشی، بێگومان تەناف بازە بێ ئەزموونەکان هەمیشە دەکەون...

دڵبەندی زێڕو زیو مەبە کچی خۆم، چونکە گەورەترین ئەڵماسی ئەم جیهانە خۆرەو خۆشبەختانە بە دەوری هەموانـدا دەدرەوشێتەوە. بەڵام ئەگەر ڕۆژێك دڵبەندی ڕوخساری هەتاوی پیاوێك بووی لە گەڵیا یەك دڵ بە.بە دایکتم ووتوە کە لەو بارەوە نامەیەکت بۆ بنووسێت.ئەو باشتر لەمن عەشق دەناسێت و بۆ باسکردنی یەکدڵی شیاوتر لە منە.دەزانم کارەکەت سەخت و دژوارە،دەزانم لە سەر سەکۆی شانۆ جگە لە پارچە قوماشێکی تەنکی حەریر شتێکی تر جەستەت داناپۆشێت.دەکرێت لە پێناو هونەردا بە ڕووتو قوتی بچیتە سەر سەکۆی شانۆو بە پۆشتەو پەرداخی بگەڕێیتەوە،بەڵام هیچ شتێك و هیچ کەسێك لەم جیهانەدا شیاوی ئەوەی نیە کە کچێك لە پێناویدا نینۆکێکی قاچەکانیشی بە ڕووتی نیشان بدات.ڕووتی نەخۆشیەکی ئەم سەردەمەی ئێمەیە.من پیرەپیاوێکم ولەوانەیە قسەکانم جێگەی پێکەنین بن، بەڵام بە بۆچوونی من جەستەی ناسکت دەبێت کەسێك بە ڕووتی ببینێت کە ڕوح وگیانی ئەوت بە ڕووتی خۆشبوێت.خراپیش نیە ئەگەر بۆ دە ساڵ بیربکەیتەوە تا ئەو ڕوح وگیانە بە دەست بێنیت و دە ساڵ پۆشتە بیت.مەترسە کچی خۆم دە ساڵ پیرت ناکات.!!

بە هەر حاڵ ئومێدەوارم تۆ دواهەمین کەسی تەرەی دورگەی ڕووتەکان بیت.دەزانم کە هەمیشە باوکان ومناڵەکانیان لە جەنگێکی






نەبڕاوەدان.لە گەڵ من ولەگەڵ بیروو بۆچونەکانم بجەنگە کچی خۆم.هەرگیز حەز بە مناڵی گوێ لە مست و گوێڕایەڵ ناکەم.!! لە گەڵ هەموو ئەمانەشدا پێش ئەوەی فرمێسکەکانم ئەم نامەیە جێ بێڵن دەمەوێت ئومێدێك بە خۆم بدەم. ئەمشەو شەوی نوئێڵە، شەوی موعجیزەیە،ئومێدەوارم موعجیزەیەك بێتە پێشەوە کە ئەوەی من دەمەوێت ڕووڕاست پێت بڵێم تۆ تێی گەیشتبێ...

ئیدی چارلی پیر بووە ژرالدین...درەنگ یان زوو لە جیاتی جلەکانی شانۆییت ڕۆژێك بە ڕەش پۆشی دێیتە سەر مەزارم.هەرگیز ڕازی بەو زەحمەتەی تۆ نابم. تەنیا جارو بار لە ئاوێنەدا بۆ ڕوخساری خۆت بڕوانەو لە وێدا من دەبینیت.چونکە خوێنم لە دەمارەکانتایە.ئومێدەوارم تا ئەو ڕۆژەی خوێن لە دەمارەکانمدا ووشك دەبێت چارلی باوکی خۆت لە بیر نەکەیت.من فریشتە نەبووم. بەڵام تا توانیومەو هێزم تێدا بووە هەوڵمداوە مرۆڤ بم.تۆش هەوڵ بدە... چاوەکانت ماچ دەکەم

چارلی چاپلن
١٩٦٣

# جۆن ئیرنست شتاینبک



# ئەو ڕۆماننووسەی کە سێبەری خۆی وون کرد

**نووسینی: غادە ئەلشەرقاوی**

**کوردانندنی: عەباس مەجید**

جۆن شتاینبك بە یەکێك لەو پێنج کەسە مەزنـەی ئـەمریکا هـەژمار دەکرێـت کـە نەخشەی ئەدەبی ئەمریکی دروست کرد لە گەڵ ئێرنست هـەمنگوای و ولیـام فۆکنـەرو جۆن ئۆهاراو ئارسکین گالـدۆیل، تاوەکولـە سەرو بەندی پەنجاکانـدا تێنیسـی ولیـامزو ئارسەر میللەر پەیوەندییان پێوە کرد.

لـێ شـتاینبك خـۆی بـە جیـا ڕاگـرت لـە نێوەنـدی ئەدیبـە هاوچـەرخەکان بـە وێنـە کردنـی قـەیرانی مرۆڤـی هاوچـەرخ و قـوڵ بووەوە لە ناخی کۆمەڵگەدا بۆ وێنا کردنـی جیهانێك، لە دوماهیـدا کـە ڕیالیسـتێکە لـە ترس،جارناجارێك تێکەڵە بە هەندێ خەونی نـاخۆش، هـەروەها تـوانی جیـاوازی نێـوان





تاریکی ژیان و ئاسۆی خەونەکان لە ڕێگای هەستیاری هۆنیاری ڕەسەنەوە وێنا بکات، ئەمــە لــە خەونەکانیــدا وەیــا خــەونی پاڵەوانــەکانی و توانــای داهێنــان، کــە چــوێندراوە بــە دۆزینــەوەی کارلێکــەری شـاراوەی مـرۆڤ و چارەسـەری کێشەکانی تاك لە پەیوەندیدا بە کۆمەڵگە.

جۆن شتاینبك لە ٢٧ی فێبرایـری ١٩٠٢ لـە شاری سالیناس لە ویلایەتی کالیفۆرنیا، لە دایـك و بـاوکێکی بـە ڕەگـەز ئـەڵمانی و ئێرلەندی لە دایك بـووە، بـاوکی بەرپرسـی گەنجینە بوو، لە کاتێکدا دایکـی لـە بـواری وانــە ووتنــەوە کــاری دەکــرد وەکــو مامۆستایەك، ئەمە وایلێکرد خۆشەویستی خــوار بێتــەوە و ئەشــقی خوێندنــەوەو نڤیــسین بێــت، شــتاینبك بــە کــرێ لــە کێڵگەکاندا کاری دەکرد بـۆ خـەڵکانی تـر، ئەمـە هۆکـارو هانـدەرێك بـوو بـۆ ئـەوەی زانیاری وورد بە دەست بێنێت سـەبارەت بــارودۆخی جووتیــارە خاکییــەکان، لــە دوایـیـدا بـوو بـە تـەوەری هـەرە گرنگـی کارەکانی، ساڵی ١٩١٩ دوای تـەواو کردنـی قۆنـاغی ئامـادەیی، پەیوەنـدی کـرد بـە زانکۆی سـتانفۆرد بـۆ خوێنـدنی ئـەدەب و زمــانی ئینگلیــزی، نــاوبراو بــە بــاش و درووستی زانی بەرنامەیەك پیادە بکات بـۆ لێکۆڵینەوەی ئازاد، بـۆ ئـەوەی وانەگـەلێك ئامادە بکات کە خۆی ئـارەزووی لێیـە، لـە دەمی خوێندنی زانکـۆدا لـە زۆربـەی کـارە دەسـتیەکاندا کـاری دەکـرد، پاشـان و لـە ساڵی ١٩٢٥ زانکۆی بەجێهێشت بێ ئەوەی بڕوانامە بـە دەسـت بێنێـت، و رووی کـردە نیوێۆرك بـە مەبەسـتی بـەردەوامی دان بـە ڕێگاکەی وەکو نووسەرێك، لێ سـەرکەوتوو نەبوو لە بڵاوکردنەوەی هـیچ کـام لـە کـارو بەرهەمە ئەدەبییەکانی، بۆیـە جـاریکی تـر گەڕایەوە کالیفۆرنیا.

لە سـاڵی ١٩٢٩ بـۆ یەکـەمجار سـەرکەوتوو بوو لە بڵاوکردنـەوەی یەکـەم بەرهەمیـدا(( پـەرداخی زێـڕین))، لـێ چانـسی گرنگـی پێـدانی نەبوو،ڕەخنـەگران گووتیـان: ئـەم پیـاوە لـە ڕادەبـەدەر ڕۆمانـسییە، ئنجـا هەردوو ڕۆمـانی(( بـەڵێنی بەهەشـت)) و (( بۆ خودای نادیار))، یـەك لـە دوای یـەك لـە ساڵەکانی ١٩٣٢، ١٩٣٣ بە چاپ گەیشتن و لێ مخابن هـیچ دەنگۆیـەکی سـەرکەوتنیان بــە دەســت نەهێنا،هیــچیان لــە بــارەوە نەنووسـرا، چـونکە هـەروەکو ڕەخنـەگران گووتیان دووربووە لـە پرسـی تـەوەرەکان، وە سەرەتای ناوبانگی ئەدیبی دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆمانی (( سـەختی تـۆرتیلا)) لـە سـاڵی ١٩٢٥، ئەمـە خـاڵی وەرچـەرخانی بـوو لـە ئاینــدەی ئەدەبیــدا،و میــدالیای زێــڕینی یانــەی کالیفۆرنیــای بــە دەســت هێنــا،بۆ

باشترین ڕۆمانی نووسەری ناوخۆیی، شایانی ئاماژە پێدانە ئەم بەرهەمەی لە هەمان ساڵدا لە سەریەکێك لە تەختە شانۆییەکانی( برودوای)، نمایش کرا، پاشان وەکو فیلمێك لە ساڵی ١٩٣٩.

بە شاکارە ئەدەبییەکەی (( هێشووی تووڕەیی))، گەیشتە ترویپکی ناسراوی و ناوبانگی، ئەم ناوی ڕۆمانە لە جەنگێکدا کە لە تەوراتەوە وەرگیراوە و خەڵاتی پۆلیتزەری لە وێژەدا بە دەست هێناوە، لە ساڵی ١٩٤٠ لە فیلمێکی سینەماییدا کاری لە سەر ئەنجام دراوە.

ئەم ڕۆمانە باسی ئەو قەیرانە ئابوورییە دەکات کە لە سییەکاندا جیهانی گرتەوە و کاریگەری جیددی هەبوو لە سەر وەرزێرەکانی باشووری ئەمریکا و چوار ملیۆن دانە لەم پەرتووکە بەپێزە فرۆشرا، ئەمەش بۆ خۆی حکومەتی تەنگەتاوو تووڕە کرد، هەر لە سەر ئەم بابەتە کۆنگرس لێکۆڵینەوەیەکی بەرفراوانی ئەنجام دا سەبارەت هەندێك لەو ڕاستییانەی کە لەم ڕۆمانەدا ئاماژەی بۆ کرا بوو.

نووسەری ناوبراو لە میانەی جەنگی جیهانی دووەمدا وەکو پەیامنێرێکی جەنگی بۆ ڕۆژنامەی ((نیویۆرك هیراڵد تریبیۆن)) کاری کرد و پاشان ئەم نووسینانەی کۆکردەوە، لە کتێبێکدا

(( لە ڕابردوودا ئا لێرە جەنگ هەبوو))، و لە ساڵی ١٩٥٨ بە چاپ گەیشت.

لە گرنگترین و دیارترین کارەکانی ئەم قۆناغەی(( مانگی ئاوابوو))، دەربارەی ئازارەکانی دەوڵەتێکی بێلایەن کە سوپای نازی داگیری دەکات، دوایی گرنگی دا بە چینە کۆمەڵایەتییە ناپەسەندەکان، لە دیارترین کارەکانی ئەم بوارەی(( مرواری)) بوو لە ساڵی ١٩٤٥ کە نموونەیەکی ئەدەبی بە پێزە و باسی ئەفسانەیەکی میللی ڕاوچییەکی مەکسیکی هەژار دەکات، مروارییەکی بە نرخی دۆزیوەتەوە، لێ چەرمەسەری و بەدبەختی بەولاوە هیچی لێ هەڵنەکڕیوە، بۆیە ناچار دووبارە بە هەموو هێزی خۆی فڕێی دەداتە نێو دەریاوە.

وە لە بواری کاری سینەماییدا بەناوبانگترین فیلمی جیهانی نووسی بە ناونیشانی((فیفا زاباتا)) لە ساڵی ١٩٥٢، وە لە گەورەترین پرۆژەی ئەدەبی

(( ڕۆژهەلاتی عەدەن)) بوو، ئەمەیان ڕوانینێکی نوێیە بۆ چیرۆکی باوە ئادەم( سلاوی خوای لێ بێت)، ئەم بەرهەمە لە ساڵی ١٩٥٥ دا لە گەورەترین فیلمی سینەماییدا نمایش کرا، ئەکتەری ئەمریکی جیمس دین هەستا بە گێڕانی ڕۆڵی پاڵەوانێتی، پاشان بوو بە خودای لاوان لە





سەرانسەر جیهاندا، وتوانی بینەرانی خۆی لە ناوخۆو دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکان کۆ بکاتەوە.لە ڕێگای بەشێك لە بەشەکانی تەورات و لە دوو کتێبدا کە یەکەمیان لە ساڵی ١٩٦٢ چاپ کرا بە ناونیشانی(( گەشتێك لە گەڵ تشارلی)) و ((ئەمریکاو ئەمریکییەکان)) لە ساڵی ١٩٦٦.

گەورەترین خەڵاتێکی ئەدەبی کە شتاینبك بە دەستی هێنابێت خەڵاتی نۆبڵ بوو لە ساڵی ١٩٦٢ ، لە کۆ کارەکانی کە بە تێگەیشتنی قووڵ لە کۆمەڵگە و گاڵتەجاڕی بەزەیی هاتنەوە بە بێبەشەکان، ئەو شەشەم ئەمریکییە ئەم شەرەفمەندییە بە دەست دێنێت، لە نێوانیاندا ولیەم فۆکنەر لە ساڵی ١٩٤٩ و ئێرنست هەمنگوای ساڵی ١٩٥٤ .

شتاینبك بەیەکێك لە کەسایەتییە ئەدەبییە دەگمەنەکان دەژمێردرێت کە قسیەکی بەرفراوانی لە بارەوە کرابێت، لە دەستپێکی ژیانییەوە تاوانبار کرا بە مارکسی بوون و زۆربەی باڵە چەپڕەوەکان هاوسۆزیان دەگەڵیدا هەبوو، ئەویش تەنیا لە بەر ئەوەی گرنگی دەدا بە چینی هەژارو زەحمەتکێش.

هەردوو ڕۆمانی(( جەنگ گومانی تیایە)) لە ساڵی ١٩٣٦ و ((هێشووی تووڕەیی)) لە ساڵی ١٩٣٩ خرۆشاندنێکی زۆری تیا بوو،وبووە هۆی ئەوەی گومانی سیاسیلێ بکرێت، بۆ ڕادەیەك نووسینگەی لێکۆڵینەوەی فیدراڵی دۆسییەیەکی بۆ تەرخان کرد، کە بریتی بوو لە هەموو جوڵانەوەو پەیوەندییەکانی بە ڕێکخراوەکانی حیزبی شیوعی دەرەوەی وڵات و ئەو زانیارییانەی لە سەر نووسرابوو کە لە بلاوکراوەکانیدا بە دەردەکەوت ، ئەمەش لە چوار چێوەی بابگەشەیەکی فێلبازی کە سەرانسەر ویلایی‌ەتە یەکگرتووەکانی گرتبووەوە لە پەنجاکاندا، لێ زۆرینەی ڕەخنەگران ئەوە دەسەلمێنن، شتاینبك تەنیا ئەوەندە بووە کە لایەنگیری هەژارو بێبەشەکاندا بووەوهاوسۆزی بۆیان دەرخستووە، نەوەك هەڵگری بیری سۆسیالیزمی بێت، ڕوانینی لە سۆنگەی ویژدانی مرۆڤایەتییەوە بووە.

یەکێك لە دیارترین ڕەخنەگر کە لە سەر شتاینبکی نووسی و جەختی لە سەر ئەم بابەتە کردەوە(( جاکسۆن بنسۆن)) بوو، گووتی: ( ڕوانین و هەڵوێستەکانی شتاینبك لە هەموو دۆزێکدا پێشڤەچوو، بە درێژای ژیانیلە سەرە بەندی قەیرانی سییەکانی گەورەدا گەیشتە خاڵی یەکلاکەرەوە، و لە بواری ڕامیاریدا ڕوانینێکی تاك و جیاوازی هەبوو، لە پرسە

کۆمەڵایەتییەکاندا باوەڕی زۆری وابوو کە دەبێت دادوەری پیادە بکرێ لە نێو تەواوی چینەکانی کۆمەڵگەدا، ڕقی لە شیوعییەت دەبووەوە، سەرەڕای ئەمانەش چەپڕەوەکان هەر بە نووسەرێکی چەپڕەو هەژماریان دەکرد، بێئەوەی هەست بەوە بکەن ناخی بیروباوەڕی بە تاك و دیموکراسییە.

سەرەڕای ئەوەی مەیلی بۆ چاککردنی هونەری نەبوو وەکو فۆکنەر و نەبووە مەودای مێژوویی وەکو هەمنگوایی، لە گەڵ ئەوەشدا پتر کاریگەری هە بوولە سەریان و لە هەمانکاتدا زیاتریش گۆشەگیر بوو ، جیهانی ترسنۆکی و ونبوەکانی هەڵبژارد، نەوەك جەربەزەکان وەکو هەمنگوای و نەوەك تاکە کەسەکان لە وێنەی فۆکنەر.

لە دوا ساتەکانی تەمەنیدا شتاینبك ڕووی کردە لای ئەوپەڕی ڕاسترەوی توندڕەو و دوژمنکاری ئەمریکی لە سەر وڵاتی ڤێتنام پێ ڕاست و قبووڵ بوو، دوای چل ساڵ لە هاوسۆزی لە گەڵ ئازارەکانی کۆمەڵگە، ئەم نووسەرەی مرۆڤایەتی لە ناکاوێدا گۆڕا بۆ یەکێك لەوانەی کە بانگەشەی جەنگ دەکەن ، بۆیە ڕۆژنامەکانی ئەمریکی و ئەورووپی بە توندی هێرشیان کردە سەری و ڕۆژنامەگەری فەرەنسی بەمجۆرە لە سەری هاتە ئاخاوتن، (( جەنگ نووسەرێکی مەزنی بردو گۆڕاندی بۆ شەیپورێکی ڕیکلامی))، لەو لاوە ڕۆژنامەکانی بەریتانی گووتیان و ئاوەها وەسفیان کرد(( ئەو پیاوەی کە سێبەری خۆی وون کرد))، واتا ئەو کەسەی کە ڕۆحی خۆی فرۆشت، هەروەها زۆرێك لە خوێنەرە خۆشەویستەکانی پێیانوابوو ئیدی ئەم پیاوە لە جیهانی ئەدەبدا مرد، بە تایبەت لەو کاتەوە کە لە ڤێتنامی خوارووەوە نامە بە ناوبانگەکانی دەنووسی و ڕۆژنامەگەری جیهانی بڵاوی دەکردەوە، وای لە خامەکەی کرد ببێتە شەیپوورێك بۆ جەنگ نەك بۆ ئاشتی ـ کەس بە تەواوی هۆکاری ئەم توندڕەوییە نامۆییەی نەزانی هەمبەر هەستە مرۆییەکانی، هەمبەر جەنگی ڤێتنام، لێ زۆرێك لە ڕەخنەگران ئەم هەڵوێتەیان گەڕاندەوە بۆ دڵسۆزی هەمبەر سەرۆکی ئەمریکی ئەو دەمە ( لیندۆن جۆنسۆن)، ئەویش کە بە باشترین نووسەری دەزانی.

شتاینبرك سێجار هاوسەرگیری ئەنجام داوە، دواییەکەیان ساڵی ١٩٥٠ بوو، دوو کوڕی هەیە لە هاوسەری دووەمی ، مردنی بە شێوەیەکی کت و پڕ بوو، لە ناکاو دڵی لە لێدان کەت و مرد ، لە ٢٠ی دێسەمبەری ١٩٦٨ لە شاری نییۆرك لاشەکەی سوتێنراو ڤێجا لە شاری ساليناس زێدی لە دایکبوونی بە خاك سپێردرا.

پاش ئەوەی شوێن پەنجەی خۆی لە سەر ئەدەبی جیهانی دانا،دوا ڕاسپاردەی بۆ ئەو مێژوونووسانەی کە دەیانەوێ لە سەر ژیانی بنووسن بریتی بوو لە ئاگاری کردنەوە تا ئەو ڕادەیەی(( هیچ کەسێك بە تەواوی نازانێت ڕاستی لە کوێیە و خەیاڵ لە ژیانی من و کەسانی تردا لە کوێیە، هیچ کەس نازانێت ئەم خەیاڵەم لە کوێ،لە کام بارودۆخ دروست کرد، ئەو کەسە لە کوێیە لە ئازارەکانی من و ئەوانی تر بگات)).



# سارتەر و پێشکەوتنی بیری سیاسی

د. عەبدولڕەحمان بەدەوی
و: ئازاد عەلی

سارتەر گەلێ موعاناتی لە گۆڕانکاری بیری سیاسیدا هەبوو، و لەسەر لایەنە جیاجیاکانی دانرا، و لە گەلێ لایەنی جیاوازەوە هێرشی کرایە سەر، تەنانەت زۆر گرانە مرۆ بیخاتە ژێر وەسفێکەوە، مەگەر ئەوەندە بڵێین: لە چەپ ڕەوەکانە، بەڵام ئەم ناوەش هیچ شتێك دیاری ناکات چونکە بەر فراوانە و بە پێی ئەو کەسانەی بەکاری دەهێنن، و ئەو بوارەی تێیدا بەکاری دەهێنن فراوان و تەسك دەبێتەوە و، ئەو مەبەستەی کە تێیدا بەکار دەهێنرێت و، دەشێ دان بەوەدا بنێن کە بە هەموو ئەو جیاوازی و مانایانەی ئەم گوزارشتە وەری گرتوون گوزەری کردووە.

پێش جەنگی (١٩٣٩-١٩٤٥) بۆرژاوەیەك بوو لە بۆرژوا بێزار و، نووسەرێکی ئازاد، ڕەفزی هەموو کونێکی سەر بیری سیاسی دەکرد، نەیدەتوانی ئیلتزام بە هەڵوێستێکەوە بکات یاخۆ بچێتە نێو بزووتنەوەیەکەوە، چ جا ڕێزی حزبێکەوە، چونکە مەترسی لە دەستدانی ئازادی دەکرد، نەیدەویست ناچاری هەڵبژاردنی ڕایەك بێت، یاخۆ داکۆکی لەو ڕەفتارانەی ئەقڵی بڕوای پێیان نەبیست بکات و ویژدانی ڕەفزیان دەکات.

هەر چەندە ڕێبازی "بوونگەرای"ی





بانگەواز بۆ کار و هێنانە دی کردار دەکات، ئەو لەوە دەترسا هێنانەدی کردار لە واقیعی کرداریدا ببێتە هۆی نائومێدی کردنی هیواکەی.

بەڵێ ئەم بۆرژوا ڕەسەنە بۆ پرۆلیناریابە پەرۆش بوو، بەڵام ئەوەی لە سییەکاندا و لەسەر دەمی ستالیندا لە یەکێتیی سۆڤییەت ڕوویدا بەس بوو بۆ گێڕانەوەی بۆ بیرکردنەوەیەکی دووروودرێژ لە واقیعی بەدیهێنانی کرداری دووری بخاتەوە، بەڵکو شیاوی بەدیهێنانی ئەو هیواگرێدراوانەی لەسەر ئەو ڕێبازانەی ئاڵای چەپ ڕەویان بەرز کردۆتەوە، نائومێدی لەدلیدا بزوێنێ، لەبەر ئەوە لە نێوان نووسەر و کرێکاردا جیاوازی دەکرد و لە پێناو سەرکەوتنی پرۆلیتاریادا پشتگیری، ململانێی پرۆلیتاریای دەکرد، بەڵام دان بەوەدا دەنێت کە ئەم تێکۆشانە پێوەندەبە خۆیەوە و پێوەندە بە ڕۆشنبیرانەوە نییە، هەروەها لەوکاتەدا زۆری لاخۆش بوو بڕیار بدات پێوەندی بە هێزی کۆمۆنیستەوە بکات چونکە، تەنیا ڕێگەی ڕزگارکەر بوو بەنیسبەت پرۆلیتاریاوە، بەڵام نووسەریش ڕێگەیەکی تری هەیە.

(سیمۆن دی بۆڤوار) وەسفی هەڵوێستی خۆی و (سارتەر)ی هاوڕێی لەو کاتەدا یاخۆ پێش جەنگی جیهانی دووەم دەکات و، دەڵێت هەر چەندە جار جارە بەشداریان لەو خۆ پیشاندانانەی دوای ساڵی (١٩٢٤) کرد کە چەپی یەکگرتوو (لەبەرەی میللی)دا ڕێکی دەخست "بە بیریاندا نەهاتووە وەکو کەسانی تر ڕێچکە بکەن و سرووود بڵێنەوە و، هاوار بکەن"... ڕووداوەکان لە توانایاندا بوو هەستی توندوتیژ لە ترس یاخۆ خۆشیمان ببزوێنن، بەڵام ئێمە بەشداریمان تێدا نەکرد، بەڵکو بەسەیرکەر ماینەوە، "سن النچج" ل٢٤٤) وەلێ هەڕەشەی جەنگ لە ئاسۆدا دەرکەوت، و ڕێکەوتننامەی (مۆنیخ)ی ساڵی (١٩٣٨) دەرفەتێك بوو بۆ ورووژاندنی بیری گوێ پێدان بە سیاسەتی کرداری.

لەگەڵ ئەوەشدا هەموو شتێك بە نادیاری لە زەینیدا مایەوە، تا لە ساڵی (١٩٣٩)دا جەنگ هەڵگیرسا و، داوا لە (سارتەر) کرا چەك هەڵگرێ، و لە وردە شەڕەکانی سەرەتادا بەشداری کرد، تا شەڕی فەرەنسا و شکستی لە حوزەیرانی ساڵی (١٩٤٠)دا، (سارتەر) بە دیل برایە وارگەی بەندیانی فەرەنساییەکان لە ئەڵمانیادا، لێرەوە، ڕووداوەکانی جەنگ و دیلی زۆریان لێکرد هەڵوێستێکی ئاشکرا لە سیاسەتدا وەرگری، بەتایبەتی لەم وارگانەدا ئاشنایی لەگەڵ هەندێ

خەبانگێڕانی بەرە جیاجیاکانی سیاسەتدا پەیدا کرد، کاتێك (سارتەر) بەردرا گەڕایەوە فەرەنسا، بیری بەرگری کردن لە ئەم مانیاییەکانی لە زەینیدا هەڵاتبوو، بەڕاستی دەستی کرد بە دامەزراندنی بزووتنەوەیەکی نهێنی بۆ بەربەرەکانی کردن و دژ بە ئەم مانیاییەکان، ناوی (سۆسیالیستی و ئازادی) لێنا هەندێ لە نووسەر و بیرکارەکان چوونە ژێر ئاڵایەوە، وەکو (مۆریس میرلۆپۆنتی)، و جان بویۆن، و سیمۆن دی بوڤوار)ی هاوڕێی، بەڵام لە هیچ شتێکدا سەرنەکەوتن: لە بەرگری کردن دژ بە ئەڵمانیاییەکان هیچ سەرکەوتنێکی وەدەستنە هێنا، دژ بە ئەڵمانییەکمان بە هیچ کارێکی هەڵنەستا و، لە ڕێکخستنی بزووتنەوەیەکی فراواندا سەرنەکەوت، بەڵکو لەوەش زیاتر: کۆمۆنیستەکان و کەسانی تر پروپاگەندەیان بلاوکردەوە کە ئەم بزووتنەوەیە کار بۆ چاکەی ئەڵمانیاییەکان و سیخوری بەسەر فەرەنساییەکانەوە دەکات، بەڵام فشاری ڕووداوەکان ئەم پروپاگەندەیان نەهێشت و خەباتگێڕانی لایەنە جیاجیاکانی لەیەکتر نزیك کردەوە و بەشداری ئەو کۆبوونەوانەی دەکرد کە شاعیر (ئەلوار)گرێی دەدات و لە گۆڤاری "الاداب الفرنسیە" شدا دەینووسی.

(سارتەر) لە ساڵی (١٩٣٤)دا شانۆگەری "الذباب"ی نووسی و تێیدا داوا لە فەرەنساییەکان دەکات خۆیان لە ئازاری ویژدان ڕزگار بکەن و بچنە ڕیزی بەرگری کردن دژ بە ئەڵمانییەکان و جیاوازی لە نێوان ئازادی و نەریتدا بکەن، و پاڵەوانی شانۆگەرییەکەش (ئۆرێست) دان بەوەدا دەنێت کە بەبێ پێوەندی و هەڵبژاردن ئازادی تەنیا هەڵخەڵەتاندنە و، بە ناچاری دەبێ بەشداری لە گوزەری مێژوودا بکرێت، ئەگەر ئەوە ببێتە هۆی ڕشتنی خوێنێکی زۆریش.

لە ساڵی (١٩٤٣)دا کتێبە سەرەکییەکەی "الوجود الدم"ی نووسی و تێیدا بڕیاری گرنگێتی بوون لە هەڵوێستێکدا دەدات و، بوونی ئادەمیزاد بەخستنی تواناکانی بە بەردەوامی بەسەرواقیعدا ناولێ دەنێت، ئادەمیزاد پرۆژەیەکی بەردەوامە، بەپێی ئەو کردارانەی بە دییان دەهێنێت ورده ورده دێتە دی.

لەبەر ئەوە (سارتەر) دەستی بە گۆڕینی لە ئازادی و کرداردا کرد، دوای ئەوەی وای تێبینی دەکرد کە ئیلتزامی نووسەر کۆتێکی سەر ئازادییە، وای لێهات تێبینی ئەوە بکات کە ئازادی بە ئیلتزامەوە پێوەستە، چونکە تەنها هەڵبژاردن و کردار و پێوەندی و کۆتەکانمان ئازادمان دەکات، "هەر وەك





هاوڕێی ئەو کاتی میرلۆبۆنتی دەڵێت"، "میرلۆبونتی" "قاهریات الادراك، ل ٥٢٠).

لێرەدا (سارتەر) هەستی بە پێویستی ئیلتزامی نووسەر کرد، مەبەستم بایەخدانی بە گرفتە سیاسییەکانی چەرخ، ئەوەبوو، لە ئۆغستۆسی ساڵی ١٩٤٤دا لە (پاریس) لەلایەن هاوپەیمانەکانەوە ئازاد کراو لە هەستان بە بانگێشت کردن و هاوبەشی کرد لە سیاسەتدا ئازادبوو، و بۆ نووسینی گۆڤارێك کە ڕای سیاسییان دەربڕێ لیژنەیەکی پێکهێنا و ئەندامەکانی ئەمانە بوون: (میشێل لێری) و مۆریس میرلۆبۆنتی، و ئەلبێر ئۆلێخییە، و جان جۆلیان، و ریمۆن ئارۆن، و سارتەر، و سیمۆن دی بۆڤوارم، بەڵام (ئەلبێرکامۆ) و (ئەندریە مالرۆ)ش ڕەفزی بەشداری کردنیان لەو لیژنەیەدا کرد، وە لە ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٤٥دا یەکەم ژمارەی ئەم گۆڤارە بە ناوی (الاز؟؟؟ الحدی؟؟؟)ەوە دەرچوو لە دیاری کردنی بەرنامەی ئەم گۆڤارە (سارتەر) دەنووسێ و دەڵێت: نووسەر نە پاسەوانە و نە پادشایەکی خەیاڵییە، بەڵکو خۆی چۆتە ناو موعانەتەوە، هەرچییەك بکات، هەتا لەوپەڕی گۆشە گیریشیدا لە چەلەمەدایە، و ئەگەر لە هەندێ چەرخدا بۆ دەنگدانەوەی بەتاڵ لە پیشەی مرازی جوانیدا بەکارهێنرابێ، ئەمەش بەلگەی خۆی هەیە... ئەوە بۆچینە دەسەڵاتدارەکانە.

نووسەر بەرپرسیاری ئەو هەڵوێستەیە کە تێیدایەتی، لەبەرئەوە لەسەریەتی بە پێنووسەکەی بەشداری پێکهێنان و ڕاست کردنەوەی بکات وە ئەم مانایە لە زنجیرەیەك لەو وتارانەی کە لە نێوان شوبات و یۆلیۆی ساڵی ١٩٤٧دا لە ژێر ناونیشانی (ما الادب)دا بڵاو کرانەوە زۆربە گەرمی جەختی لەسەر کردەوە و تێیدا جەخت ئەکاتەوە نووسەری مولتەزیم دەزانێ وشە کردارە، دەزانێ دەرخستن مانای گۆڕانکارییە، مرۆ تەنیا بەنیازی گۆڕانکاری نەبێت ناتوانێ هیچ شتێك دەربخات.

نووسەرانی گۆڤارەکە بەرگریکردنیان لە دیموکراسی هەڵبژارد، بەڵام دیموکراسییەك بتوانێ بارودۆخی ئابووری و سیاسی بگۆڕێ، و پەیمانیان دا دژ بە (ڕۆمی سۆز و پێشبینی) کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بڵاوبوونەوەی لە زیاد بووندایە، خەبات بکەن، کە هەڵبژاردنی کوێرانە و ئیلتزامی بە ئازار لە هاوچەخانمان داوا دەکات، ڕاستیش نییە مرۆ تا لاواز نەبێت ناتوانێ بیر بکاتەوە و، تانە خەلەڤ بە هێز نابێت و خواستی چاك پاساوی هەموو شتێك دەداتەوە، یان ئادەمیزاد و مافی خۆیەتی بە کردارێك هەڵوێستی پێچەوانەی ویستی

بێ) هەستان بە کارێکی روون ناچارییە، بەڵام چۆن؟

خاوەنانی گۆڤاری "الڒمنە الحدیپە" وا دەبینن بۆ دانانی بەرنامەیەك بۆ کارەکانیان: دژ بە سەرمایەداری و، ئەنجامەکانی جەنگ و ئەو بارە نادیارەی دوای جەنگ تێکۆشن، و لە پێناو ئاشتی و دژ بە سیاسەتی هێز خەبات بکەن.

بەڵام رووداوەکانی سیاسەتی ناوخۆ سیاسەتی جیهانی بەخێرایی بووە هۆی جیابوونەوەی ئەم کۆمەڵە لە یۆنیۆی ساڵی ١٩٤٦دا (ریۆن ئارۆن) و (ئەلبێر ئۆلیفییە) جیابوونەوە، چونکە یەکەمیان پشتگیری سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای دەکرد، و بەلای (التجمع الشعبی الفرنسی)دا لای دەدا کە ئەویش حزبی ژەنەڕاڵ (دیگۆل) بوو، دووەمیشیان هەمان ئاڕاستەی پەسەند کرد، وە بووە بەڕێوەبەری نووسینی رۆژنامەی حزبی (دیگۆل) کە ناوی (التجمع) بوو.

ئینجا گرفتی هیندی چینی دەستی پێکرد، و گۆڤاری (الڒمنە الحدیپە) هەڵوێستێکی رەقی لەو گرفتە وەرگرت تێیدا داوای کۆتایی پێ هێنانی ئەم جەنگە چەپەڵەی کرد کە فەرەنسا دژ بە وڵاتە ژێر دەستەکانی خۆی لە هیندی چینیدا بەرپای دەکات، لە ژمارەی دێسەمبەری ساڵی ١٩٤٦دا وتارێکی توند بڵاوکرایەوە تێیدا هات: "ئەگەر هیچ هەڵبژاردنێکمان نەبێت تەنیا لە هەڵبژاردنێك لە نێوان بەردەوام بوون لە جەنگدا یاخۆ رۆیشتن، کەواتە بابڕۆین".

هەروەها ئەم دەستەواژە توندە هاتبوو: "ئەمە کارێکە ناشێ گومانی لێنەکرێت، کە فەرەنساییەکان دوای چوار ساڵ لە داگیرکردنی ئەڵمانییەکان ئەمڕۆ روخساری خۆیان لە هیندی چینیدا دەناسنەوە کە روخساری ئەڵمانەکان لە فەرەنسادا".

ئەمەش یەکەم جاربوو گۆڤارەکە هەڵوێستێکی دوژمنکارانەی ئاشکرا و بەم شێوە توندە دژ بە کۆی سیاسەتی حکوومەت وەرگرێ.

لەوە گرنگیتر ئەوەیە دەستی کرد بە هەڵبژاردنی رێبازی سیاسەتێك کە دوای ئەوە ئیلتزانی پێوە بکات و هەتا ئەمڕۆیش، سیاسەتی ململانێی دژ بە داگیرکەران لە هەموو شوێنێك، و پشتگیری کردنی میللەتە چەوساوەکان دەکات.

گۆڤاری " الڒمنە الحدیپە " یەکەم گۆڤار بوو سەربەخۆیی خێراو بێ مەرج و بێ هیچ کوتێکی بۆ هەموو وڵاتە ژێر دەستەکان، چ فەرەنسایی بێت، یان فەرەنسایی نەبێت، داواکرد، لەو کاتەشەوە ئەمە بووە سیاسەتێکی هەمیشەیی، و لە دیسەمبەری





١٩٤٦وە دەستی کرد بە بڵاوکردنەوەی لێکۆڵینەوەی رۆژنامەگەری و، وتار دەربارەی پراکتیکی چەوسانەوە و خەفەکردن و زۆرداری کە لە وڵاتانی ژێر دەسەڵاتی فەرەنساییدا ئەنجام دەدران.

وە لە ئاداری ١٩٤٧دا سەروتاری بۆ ئەم بابەتە تەرخان کرد، و لە گیروگرفتی هیندی چینیدا هێرشی کردە سەر چاوشۆڕشی کۆمەڵی نیشتمانی (پەرلەمانی فەرەنسای) وە لە ژمارەکانی ٢٧–٣١ی دیسەمبەری ١٩٤٧–١٩٤٨ "سیمۆن دی بۆڤوار" وتاری توندی دەربارەی ئەمە ریکا و لە ژێر ناونیشانی "ئەمریکا رۆژ بەرۆژ" نووسی و تیایاندا سەرەخۆشی لە دیموکراسی ئەمریکا کرد وە دەیگوت روو لە نەمانە، ئەوکات (ماکارسی)یەت باڵی سێبەری قورس و مۆنی بەسەر ئەمریکادا کێشابوو.

هەروەها گۆڤارەکە هێرشی کردە سەر پڕۆژەی (مارشاڵ)، چونکە وەك گۆڤارەکە دەڵێت ئامانجی دەسبەسەراگرتنی سیاسی ئەمریکایە بەسەر ئەوروپادا، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو وای تێبینی کرد کە باشترین هۆ بۆ بەربەرەکانی کردنی ئەم پڕۆژەیە یاخۆ ئەم پلانە لە رەفزکردنیدا نییە، بەڵکو بەقبووڵ کردنی سیاسەتی دەستەگەری و جەنگی ساردە، لەبەر ئەوە نەك خەباتکردن دژ بە یارمەتییەکەی ئەمریکایە بەڵکو دژ بە بەکارهێنانی داگیرکەرانەی ئەم یارمەتییەیە.

خاوەنانی گۆڤارەکە لە پێناو بەرقەرار کردنی ئاشتی لە هیندی چینیدا داوای دانوستان دەکەن، و داواکارییەك بەم مانایە ئیمزا دەکەن، هەروەها (کلۆد بوردیە)، (ئەندریە بریتۆن)، (جان کۆکتۆ، ئالان بیر) و (فرکور) و کەسانی دیکەیش ئیمزایان کرد.

دوای ئەمە ئاسایی بوو (سارتەر) ببێتە ئامانجی هێرشێکی توند لەلایەن رۆژنامەگەری نەتەوەیی رەوتەکانەوە، لە هەمان کاتیشدا هێرشێك بوو بۆ سەر (بوونگەرایی) یەکەی (سارتەر) و هێرشی جوێن گەیشتە توندترین پلەی، و زۆر بە ناشیرینی ناویان دەبرد.

با لە رۆژنامەگەری راست ڕەو بگەرێین و هەموو جوێنەکانی بەسەر (سارتەر) دا برژێ، و بڕوانین هەڵوێستی رۆژنامەگەری چەپ ڕەو، بەتایبەت کۆمەنیستەکان چی بوو، وتمان (سارتەر) پێش جەنگ و لەکاتی جەنگ و بەرگریکردن دژ بە ئەڵمانیاییەکان ڕەوتێکی چەپ میانڕەوی بێ ئیلتزامی هەبوو، ئەو بەرگریکردنە لەگەڵ کۆمۆنیست و رۆشنبیرەکاندا کۆی کردەوە، بەتایبەتی شاعیر (ئەلوار) و (ئەندریە بریتۆن)، بەڵام وەك رێبازێك

کۆمۆنیستەکان (بوونگەرایی) یان قەبووڵ نەدەکرد، چونکە لەسەر ململانێی چینەکان و، ماددی و مشت ومڕی و بەڕێوەبردنی کۆمەڵێ دانامەزرێت، ئەمانەش بڕوا بنەماکانی (مارکسیزم) ن. وە (سارتەر) هێرشێکی زۆری کردە سەر (دیالیکتیکی سروشت)، جگە لە ناوبردنی نموونەی (مسالی) بۆرژوا، هیچ باشییەکی بۆ "دیالیکتیک" دانەنا، و شیکردنەوەی (مارکس)ی بۆ پێکهاتەکانی واز لێ هێنا، وە لە مارکیزمی گرت کە لە دیاری کردنی ئادەمیزاددا لە راستیدا چەواشەکەرە.

دوای ئەوە ئایدیۆلۆژیا مارکیسزمەکەیان کۆنتر بووە، لێرەوە داوای ئایدیۆلۆژیایەکی نوێی لە کۆمۆنیستەکان کرد، هەروەها داوای لێکردن واز لە خەیاڵ بێنن و پابەند بە رووداوە کردارییەکانەوە بن و بەدوای نرخاندنێکی خەیاڵیدا نەچن کە تەنیا بە کەڵکی روخاندن و کێشکردنی جەماوەر دێت.

هەروەها (سارتەر) ناچار دەبوو لە (ریماگۆگێتی) کۆمۆنیستەکان بکەوێ، و بڕوای کۆمۆنیستەکان وابوو کە ڕەوتی شۆڕشگێڕانە و پێشکەوتن تەنیا قورخی خۆیانە، سەرەڕای ئەوەش (سارتەر) نەیدەویست دوژمنکاری کۆمۆنیستەکان بکات، بەڵکو بۆ ئەوەی لەگەڵیدا پێك بێن ئاواتی بۆ دەخواست هەڵوێستیان بگۆڕن: داوای لێدەکردن دووری مرۆیی لە ئادەمیزاددا رزگار بکەن، و گرینگی بە بەهای ڕەوتی مرۆیی بدەن، بەمەبەستی گەیشتن بە بارێك هەر دوولا پەسەندی بکات، بڕوای وابوو رزگار بوونی ئادەمیزاد تەنیا لە رزگارکردنی چینی کرێکاردایە، بەڵام حیزبی کۆمۆنیستی فەرەنسایی ئەم هەوڵانەی (سارتەر)ی بۆ نزیکبوونەوە رەفزکرد، و زیادکردنی گۆی پێدانی خەڵکی بە (بوونگەرایییەکەی) (سارتەر) گومانی حزبی کۆمۆنیست لە راستی ئەم نزیکبوونەوەیە زیادی کر، وە ئەوەندەی پێ نەچوو ئەو دۆستایەتییە رووکەشە بە خراپی، و بە هێرشێکی زۆر دڵ ڕەقانە و خراپەکاری بەرپا بوو. رۆژنامە کۆمۆنیستە (فەرەنسایییەکان) ناوی (الفأراللزج) شکێك بە هەموو شوێنیکدا گوزەر بکات، یان لێنا، لەبیری ئەو (اللزوجە)یەی کە لە "الوجوود و المدم)دا دیاری کردبوو، و لە (باڵوێزخانەی ئەمریکاوە" بەکرێ گیراوە و پشتگیری بۆ رژوایەکی لەگیانەلادا دەکات.

"بوونگەرایییەکەی" سارتەر بووە دوژمنی ژمارە (١)ی حزبی کۆمۆنیستی فەرەنسایی و نووسەرە کۆمۆنیستەکان لە فەرەنسادا وتاری توندیان دژی دەنووسی (هێزی لۆفیفر) بە نموونەی، خۆی دروستکەری





چەکی دژمارکسیزمی وەسف کرد، وتوتایییەکەی لە ژێر ناونیشانی (بوونگەرایی) ڕەوتێکی مرۆیی نییە نامیلکەیەکی نووسی کە رەخنەیەکی توند بوو دژ بە (سارتەر) وە بە (دومەڵێکی فاشستیانەی) دانا و ڕۆژنامەی (ئۆمانیتیە) زمان حاڵی حزبی کۆمۆنیستی فەرەنسایی (بە کۆیلەیەك لە خزمەتی "دیگۆلیدا"ی وەسف کرد، هەروەها خزمەتکارێکە بۆ حیسابی داگیریکەری ئەمریکایی کار دەکات. هتد....

بەڵام رووداوەکانی ساڵی ١٩٥٢ و ئەوانەی دوای ئەویش سەرلەنوێ وایان کرد نزیك بوونەوەیەك لە نێوان حزبی کۆمۆنیستی فەرەنسایی و (سارتەر)دا دروست بێتەوە یەکەمیان: دەستگیرکردنی (هێزی مارتان) کە کەشتیوانێك بوو، و نووسراوی دژ بە جەنگی لە هیندی چینیدا بڵاوکردەوە، دادگەیی و گوناهباریش کرا، بۆ بەردانی حزبی کۆمۆنیست بە بزووتنەوەیەك هەستا، (سارتەر)یش چووە ناو ئەم بزووتنەوەیەوە، دووەمیشیان: بوونی ژەنەڕاڵ (ردجۆی) بە سەرۆکی سوپای پەیمانی ئەتلەنتی، و ئەم فەرماندەیە، لە بەشداربووەکانی جەنگی (کۆریا) بوو، حزبی کۆمۆنیست دژ بە هاتنی بوو بۆ (پاریس) خۆ پیشاندانێکی رێکخست، لەم بزووتنەوەیەدا زۆر لە پێشەوە کۆمۆنیستەکان دەستگیرکران و لەسەرو هەموویانەوە (جاك دی مکۆ) و حزبی کۆمۆنیست بە سیخوری کردن بۆ یەکێتیی سۆڤییەت تاوانبار کرا.

ئەوەبوو (سارتەر) ماوەیەك بوو بۆ نزیك بوونەوە لە حزبی کۆمۆنیست هەوڵی دەدا و لە تەمووزی ساڵی ١٩٥٢دا دەستی کرد بە بڵاوکردنەوەی زنجیرەیەك لە وتار لە ژێر ناونیشانی (کۆمۆنیستەکان و ئاشتی) تێیدا بڕیار دەدات کە حزبی کۆمۆنیست "گوزارشتی پێویست و وردی چینی کرێکارە". لە ستایش کردنی ئەم حزبەدا بەردەوام بوو کە تا دوێنێ ناشیرینترین جوێنی بەسەر (سارتەر) دادەرشت!!.

ئەمەش لەبیری سیاسی (سارتەر)دا وەرچەرخانێکی کتوپڕ بوو، لەبەر ئەوە (میرلۆبۆنتی) هاوڕێی و (رێنێە ئیتامبل)یش وازیان لێهێنا کە نەیاندەتوانی ئەم وەرچەرخانە سەیر و کتوپڕەی (سارتەر) ببینن و ئەم وەرچەرخانەی بە کردەوە پێوەی دیاربوو: چووە بزووتنەوەی (ئاشتی)یەوە، ئینجا سەفەری بۆ دڤیننا) کرد بۆئەوەی ئامادەی ئەو کۆنگرە ئاشتییە بێت کە لە نۆڤەمبەری ١٩٥٣دا بەسترا و شوێنی خۆی لە پاڵ کۆمۆنیستەکاندا گرت و داکۆکی لە داواکارییەکانیان دەکرد، لەگەڵ ئەوەشدا وتی بەوە ویستی نموونە و پێشەنگییەك

پێشان بدات "رێکەوتنی لەگەڵ کۆمۆنیستەکاندا لە ڕا و بڕیاری داناماڵێ، {" الزمنه الحدیه "} ژماره ١٨٤-١٨٥ تایبەتە بە (میرلۆبونتی)یەوە، ساڵی ١٩٦١ ل٣٥٢}.

لە ساڵانی ١٩٥٢-١٩٥٤، لە گۆڤاری " الزمنه الحدیه "دا لە ژێر ناونیشانی (کۆمۆنیستەکان و ئاشتی)دا (سارتەر) زنجیرەیەك وتاری بەدوی یەکدا هاتن هەمووی نزیکبوونەوەی لە کۆمۆنیستەکان زیاد کرد.

بەڵام مانگی هەنگوینی (؟؟؟؟)ی نێوان (سارتەر) و کۆمۆنیستەکان درێژەی نەکێشا، لە مانگی ئۆکتۆبەری ١٩٥٦دا شۆڕش لە (مەرجەستان) دەستی پێکرد، ئەو دەست تێوەردانەی کە یەکێتی سۆڤێت بە سوپا و وزری پۆشەوە بۆ دامرکاندنەوەی شۆڕشەکە کردی، لێرەدا (سارتەر) هەڵچوو لە (٦)ی دیسەمبەری ١٩٥٦، لە گۆڤاری (ئیکسپریس)دا وتارێکی توندی بڵاو کردەوە و بە گوناەکارییەکی ناڕەوای ناوبرد، بەڵکو "سوپای سوور هەموو گەلی گوللە باران کرد."

لەبەر ئەوە (سارتەر) بە ئاشکرا بڵاوی کردەوە کە پێوەندی لەگەڵ هێزی کۆمۆنیستدا دەبڕێ، و لەیەك و دووی ئەیلوودا (سارتەر) هەوڵی دا کە ئەنجوومەنی نەتەوەی بزووتنەوەی ئاشتی بڕیارێك دەربکات تێیدا داوای کشانەوەی سوپای یەکێتیی سۆڤییەت بکات.

ئینجا لە ژمارەی (نۆڤەمبەر- دیسەمبەر)ی ١٩٥٦دا و کانوونی دووەمی ١٩٥٧)دا، لە گۆڤاری " الزمنه الحدیه "دا و لە ژێر ناونیشانی "شۆڕش لەمەرجەستان شیدەکاتەوە، لە تویێدا هێرشێکی درێژخایانی کردە سەر (میسر) و تێیدا بەرگرییەکی سەربڵندانەی لە هەڵوێستی (میسر کرد کە جێی هەموو پێزانینێکە، لە کۆتایی وتارەکەیدا داوا لە حزبی کۆمۆنیستی فەرەنسایی دەکات خۆی لە (ستالین)ییەتەکەی رزگار بکات.

هەروەها هەڵوێستی بەرامبەر جەنگی (جەزائیر)هەڵوێستێکی گرینگ بوو گەرجی هەندێك دواکەوت کە ئەم جەنگە سەربڵندە لە پێناو ئازادکردنی (جەزائیر) لە داگیرکەری فەرەنسایی لە (نۆڤەمبەری ساڵی ١٩٥٤دا دەستی پێکرد، لەگەڵ ئەوەشدا یەکەم وتار دەربارەی جەنگی (جەزائیر) لە ئابی ١٩٥٩دا، لە گۆڤاری " الزمنه الحدیه "دا و بە پێنووسی "جاك خرجییە، میشیل زفریان" لە ژێر ناونیشانی "اکراسە الخچراو؟؟ الختچائات فی الجزائر" دەرچوو.

دوابەدوای ئەوە وتارێکی هەمان ئەو دوو





نووسەر لە ئۆکتۆبەری ١٩٥٩دا و لە ژێر ناونیشانی "شهادات جدیدە ؟؟؟ الختچاوات"، "أختچاوات أشخاص منافیلسه"و "التعژیب فی الجزائر" دەرچوو.

نووسەرێك لە قوتابییەکانی (سارتەر) بۆ بەرگریکردن لە خەباتگێڕە (جەزائیرییەکان) لە ساڵی ١٩٥٥دا کتێبێکی بچووکی بە ناونیشانی "الجزائر خارج القانون"ی بڵاو کردەوە، تێیدا پشتگیری لە هەڵوێستی خەبانگێڕە (جەزایرییەکان)کرد ئینجا لە ساڵی ١٩٥٧دا و بۆ یارمەتی دانی (جبهه التریر الوگنی) تۆڕێکی پێکهێنا، بەڵام پۆلیسی فەرەنسای لە ٢٣ی فیبرایری ١٩٦٠دا ئەم تۆڕەی لا ئاشکرا بوو، و هەندێ لە ئەندامانی دەستگیر کرد.

بۆ پشتگیری کردن لە هەڵوێستی "جبهه التحریر الوگنی الجزائری" سارتەر ڕاپەڕی، و لەگەڵ (١٢١) نووسەری فەرەنساییدا بە دەرکردنی بەیاننامەیەك هەستان کە بە بەیاننامەی (١٢١) ناسراو و تێیدا بڕیاریان دا ئەوان "رێز و پاساوی رەفزی بەکارهێنانی چەك دژ بە گەلی (جەزائیر دەگرن چونکە کێشەی گەلی (جەزائیر) بە بۆچوونێکی بنەبڕ کۆتایی بە ڕژێمی داگیرکەران دێنێ، ئەوەش کێشەی هەموو ئازادێکە".

بۆ وەسف کردنی کێشەی جەزائیر و هێرشکردنە سەر داگیرکەر لە هاوینی ساڵی ١٩٦٠دا (سارتەر و سیمۆن دی بۆڤوار) بۆ (بەرازیل) سەفەریان کرد، و (سیمۆن دی بۆڤوار) لەلایەن خۆیەوە لە لیژنەی کارکردن لە پێناو (جەمیلە بۆ پاشا)دا بە بەردەوامی خۆ پیشاندانێکی ناڕەزایی بێ دەنگی رێکخست، و بەشداری ئەو خۆپیشاندانە جەماوەرییانەی کە لە کۆتایی ساڵی ١٩٦١دا و سەرەتای ساڵی ١٩٦٢دا کرد کە لە پێناو بەرقەرارکردنی ئاشتی لە (جەزائیر)دا لە شاری (پاریس) رێکخران.

وە تا گرێدانی ئاگربەست و تەواو بوونی وتووێژی "ئیڤیسان" کە بەسەر بەخۆیی (جەزائیر) کۆتایی هات لە خەبات کردندا بەردەوام بوو.

لە سەرەتای وتارەکەدا وتمان (سارتەر) گەلێ کوعاناتی لە گۆڕانکاریدا هەبوو بەڵام ئەو سەرەڕای هەموو ئەم گۆڕانکاریانەش، لە پێناو ئازادی و شکۆمەندی مرۆیدا بە خەباتگێڕێکی رەق مایەوە، و زانیشی چۆن لە کۆتەکانی ئیلتزام لە کاتی شیاودا رزگار دەبێت.

**سەرچاوە:**

**ژمارە تایبەتی گۆڤاری (الهلال)ی ساڵی ١٩٦٧.**

# سوئاپی و پاسەوانەکان

ئۆ هێنری
لە فارسیەوە/ ئازاد نەجم

سوئاپی لەسەر نیمکێتەکەی، لەنێوو پارکی مەیدانی (مدیسۆن)، بەنیگەرانیەوە خۆی بزواند. ئەوکاتانەی کە شەوان دەنگی بالندە کۆچەرەکان دەهاتە بەرگوییان، ئەو کاتانەی کە ئەو ژنانەی بالتۆی لەچەرم دروستکراویان نەبوو، میهرەبانتر دەبون لە گەلّ پیاوەکانیان، ئەوکاتانە، سوئاپی لە نێو پارکەکە و لەسەر نیمکێتە شڕەکە، بەنیگەرانیەوە دەبزوا. لەمەوە هەستت دەکرد زستان بەڕێوەیە.

گەلایەکی وشك بەربۆوە سەر لیباسەکانی سوئاپی، ئەمە هێما ونیشانەی هاتنی وەرزی زستان بو. زستان لەگەلّ نیشتەجێکانی پارکی مدیسۆندا میهرەبان بو، بەلام





ئێستا،بێبەزەییانە هاتنی خۆی ڕادەگەیاند. لەسەر چوارڕیانەکە،پارچە مقەباکەی – کە هەمو دارونەداری بو – دایە دەم بای شەماڵەوە، تا دانیشتوانی شوێنەکە لەهاتنی وەرزی زستان ئاگادار بکاتەوە.

سوئاپی هەستی بەوە کردبو کە کاتی ئەوە هاتوە لەگەلّ خۆیدا شورایەکی یەك نەفەری پێك بێنێ و ڕێگاکانی خۆپاراستن لە سەرما تاوتوێ بکا. هەر لە بەر ئەمەش زۆر بە بێتوانایی و بەنیگەرانیەوە لەسەر جێگاکەی ئەمدیو دیوی دەکرد. ئارەزوە زستانەییەکانی سوئاپی هێندە مەحالّ نەبون کە بەدی نەیەن. لەنێویاندا نە شوینەوارێك لەگەشت و گەڕان لە دەریای میدیترانە بەدی دەکرا! نە ئاسمانی خەونەکانی باشور! نە گەشت وگوزاری کەنداو!. سێ مانگ ژیان لە زیندانی دورگەکە، تاکە هیوایەتی بو. لەوێ خۆراك و جێگای خەو و قسە کردن و هاونشینی، تا سێ مانگ، دابین کرابو. لەلایەکی تریشەوە ڕزگار بون لەدەست ڕەشەبای سارد و چاکەت شینەکان (پاسەوانەکان ) بەبۆچونی سوئاپی، باشترین دەسکەوت بون.

چەندین سالّ بوو گرتوخانەی (بلك ڤۆل)،مەنزلّگای زستانەی بو. دروست ئەو ساتانەی هاوشاریە خۆشبەختەکانی بۆ خۆپاراستن لە شەڕی سارد و سڕی وەرزی زستان بلیتی ناوچە گەرمە سێرەکانی وەك (پالم بیچ) یان (ڕیڤێرا ) یان دەبڕی،ئەویش دەبوایە مشوری کۆچی سالانەی خۆی بۆ دورگەکە بخوا، ئێستاش سەروەختی ئەوە بو. ئەو سێ لاپەڕە ڕۆژنامەیەی کە دوینێ شەوێ بە خۆی دادابون و نەیانتوانیبو لەو سەرمایەی بپارێزن کە لەمەیدانە کۆنەکە لێی دابو. بۆیە بڕیاری چونە دورگە، باشترین چارەسەر بو لای.

سوئاپی کۆمەك و یارمەتی ڕێکخراوە خێرخوازیەکانیشی بە سوکایەتی دەزانی و بە بۆچونی ئەو یاسا میهرەبانتربو لەوە. گەرچی کۆمەلّیك ڕیکخراوی خێرخواز و هەندێکی سەر بە شارەوانی هەبون کە دەبو چوبا لایان و نان و شوێنی نیشتەجێبونیکی سەرەتاییان بۆ دابین دەکرد، بەلام کەسێی ئەو، ئەم جۆرە سوالّ و سەدەقەیەی پێ قبولّ نەدەکرا. وەرگرتنی ئەم جۆرە سوالّ و سەدەقەیەی دەبوایا بەنرخی سوك و چروك بونی کەسێتی خوی دابا.

ئەویش وەك ( سیزار )، ( بروتوس)* ی خۆی هەبو. هەر پارچە نانێکیش دامەزراوەیەکی خێرخوازی دابای، هاودەم

بو لەگەڵ جۆرێك لە خۆهەڵقورتاندنە نێو ژیانی تایبەتی ئەوەوە.

ئەمانەش ئەویان ناچار دەكرد ملكەچ و گوێڕایەڵی یاساكانیان بێت. بۆیە باشترین شت خۆگەیاندنە دورگەكەیە. بڕیاریدا بیرۆكەكەی بەكردەوە جێبەجێ بكات. بۆئەم كارەش زۆر ڕێگای سادە و ئاسان لەبەردەستدا بون .لەنێو ئەم هەموو ڕێگایانەدا لەهەموان ئاسانتر و خۆشتر ئەوە بو بچی لەڕستۆرانتێكی ژمارە یەكی شاردا دابنیشیت و تێر بە زگی خۆت خواردنێكی شاهانەبخۆیت و دوای ئەوەی كە خاوەنەكەی دەزانێ گیرفانت بەتاڵە بێ دواكەوتن یەكسەر پۆلیست لێ ئاگادار دەكاتەوە. ئیدی پاشماوەی كارەكە سەرۆكە میهرەبانەكەی دادگا، بۆ خۆی ئەنجامیان دەدا. سۆئاپی كە باوەر و متمانەیەكی تەواوی بە قۆپچەكانی هێلەكەكەی هەبو و دەیزانی كە شكڵ و شیوەیان دروستە. ڕیشیشی چاكراو و كراواتە گرێدارەكەشی، كەڕۆژی سوپاس گوزاری، خانمێكی میهرەبان دابویە، بەستبو. هەر ئەوەندەی توانیبای بێ ئەوەی شك و گومانی لێبكەن، خۆی بگەێنێتە سەر یەكێك لە مێزەكان، ئیدی كارەكە تەواو بوو. بەشەكانی تری قیافەی – كەلەوانەوە دیار بو – جێگای شك وگومان نەبو. مراویەكی برژاو ئەو شتە بو كە ئەم دەیویست، لەگەڵ پیاڵە چایەك و جگەرەیەك. یەك دۆلار بۆ جگەرە بەسە .هەموئەمانە بایی ئەوە نابن كابرای بەڕێوەبەری ڕیستوران بیر لە تۆڵە سەندنەوە بكاتەوە .لەلایەكی تریشەوە ئەو هەم خۆی لە برسێتی ڕزگار دەكرد هەم ڕێگای چونە پەناگا زستانییەكەشی بۆخۆی هەموار دەكرد. بەڵام هەركە پێی خستە نێو ڕستۆانتەكەوە، یەكێك لەوانەی كەلەوێ كاری دەكرد هەركە چاوی بەپانتۆڵی داڕزاو و پێڵاوە كۆنەكانی كەوت، بە دەستانی بەهێز و ئامادەی، بە بێدەنگی، بەڵام خێرا، بەرەو پیادە ڕۆیەكە پاڵی پێوەنا.

سۆئاپی لە شەقامی پرادۆی وەدەركەوت. ڕێگای چونە دورگەكە – كە ئەو خۆی بۆئامادە كردبو –پێدەچو هێندە سانا نەبێ، وەك ئەوەی كە ئەو بیری لێدەكردەوە. دەبو بیر لە شێوازێكی تر بكاتەوە .

بە سەرنج دانێك لە شەقامی شەشەم. دەتبینی كە گڵۆپەكان تیشك و ڕوناكیان بڵاو دەكردەوە تاكاڵای نێو جامخانە فریو دەرەكان نمایش بكەن. سۆئاپی بێ دودڵی كوچكە بەردێكی هەڵگرت و كێشای بەجامخانەكەدا.

چەند كەسێك، كە لەوێ، لەحاڵی پاسەوانیدا بون، وردە وردە خۆیان گەیاندە ئەوێ. سۆئاپیش دەس لەنێو گیرفان، چاوی لە قۆپچە ڕەنگ برنجیەكەی یونیفۆرمی كابرای پاسەوان دەكرد و پێدەكەنی .

پاسەوان بە شڵەژاویەوە پرسی: ((كێ بو وای كرد))؟

سۆئاپیش ئاماژە ئامێز بەڵام دۆستانە، دروست وەك كەسێك كە ئارەزوی سەركەوتن بۆ كەسێكی تر بخوازێت، گوتی: (یانی نەتزانی من بوم؟ ).

قسەكەی سۆئاپی هیچ كاریگەریەكی لەسەر كابرای پاسەوان دانەنا،چونكە ئەو كەسانەی شوشەكان دەشكێنن، بەدڵنیاییەوە نایەن خۆیان ڕادەستی پۆلیس بكەن،بێگومان یەكسەر هەڵدێن. لەوكاتەشدا كەمێك لەولاتر كابرای پۆلیس چاوی بە پیاویك كەوت ڕایدەكرد بۆ ئەوەی خوی بگەێنێتە تاكسیەك، ئەویش هەركە ئەمەی بینی باتومەكەی بەدەستەوە گرت و بە ڕاكردن كەوتە دوای كابرا. سۆئاپیش بەدڵێكی پڕلە خەم و بە نائومێدیەوە وەڕێ كەوت، ئەمجارەشیان بەختی نەیهێنا .

لەوسەری شەقامەكە ڕستۆرانتێك هەبو، كە هێندە پڕ زەرق و بەرق نەبو، زیاتر كەسانی زۆر خۆر و چینی ناوەند ڕویان تێدەكرد، شۆرباكەی ڕون و كەش و هەوایەكی خۆمانە و نرخەكانیشی گران نەبون. سۆئاپی بە پێڵاوی دڕاوو جل و بەرگە ئابڕوبەرانەكەیەوە، بێ ئەزیەت و ناڕەحەتی، خۆی بەژورێدا كرد. لەسەر كورسیەك لە بەردەم مێزیكدا دانیشت، گۆشت و نانی شیرن و كێكی خوارد، دواتر یەكێك لە گارسۆنەكانی تێگەیاند كە تەنانەت پارەی وردەشی پێ نیە. بۆیە گوتی : (ئیستا بیكە هات و هاوار و پاسەوانێك ئاگادار بكەوە لەمە زیاتر كەسێكی بەڕێز ماتڵ مەكە).

گارسۆنەكە، بە چاوانێكەوە كەدەتگوت هەڵوژەی سورن، تاوێك تێی ڕاما و بەئارامیەوە

گووتی: (پۆلیس سودی نیە). دواتر بانگی كرد : هێی كال.

دوو گارسۆنی بێ ویژدان بە شێوەیەك فڕەیان دایە سەر زەویە ڕەقەكەی ڕستورانتەكە كە ڕێك بەسەر لای چەپدا تەختی زەوی بو، چەشنی شتێك كە دەقی خواردبێ، وردە وردە هەستایەوە، تۆز و خۆڵەكەی لەخۆی تەكاند، ئیستا زیندان، بۆی ببوە خەونێك كە وەدی نەدەهات .

نێوان ئەو و دورگەکە زۆر دوور بوو.پاسەوانێك کە بەرامبەر دەرمانخانەیەك – کە برێك لەولای ڕستورانتەکەوە بو – ڕاوەستا بوو. لەحاڵێکدا پێدەکەنی بەرەو خواروی شەقامەکە وەڕی کەوت. تا سوٚئاپی ویستی بوێریەکی پێویستی تر بنوێنێ، ئەو پێنج ئاپارتمان وەدور کەوتبوو.

سوٚئاپی ناچار ڕایکرد، لەشوێنێکدا ڕاوەستا کەشەوانە ڕوناکترین شەقامی شارە و

دەتتوانی تێیدا عیشق و ئوپێرات وەگیر کەوێ. ژنان بەباڵتۆی چەرم و پیاوان بە بارانیەوە، چالاك و بەکەیف لەکەش وەهەوای ساردی زستاندا لە هاتوچۆدا بون. لەم نێوەدا هەستی ترسێکی سەیر لەوەی وەك تەلیسمێك ڕیگر بێت لە بەرامبەر چونە نێو زیندان – کە تاکە هیوایەتی بو – باڵی بەسەردا کێشا. تا دەهات زیاتر و زیاتر ترس دایدەگرت. هەر بۆیە کاتێ گەیشتە پاسەوانێکی تر – کە بە خەیاڵێکی ئاسودەوە لە بەرامبەر هۆڵێکی شانۆی پڕ زەرق و بەرق پشتی دابۆوە – دەستی کرد بە جوڵە و ڕەفتاری نائاسایی و چەشنی سەرخۆشان قسەی پچڕپچڕ و هەلیت و پەلیتی دەکرد و هاتوهاواری وەڕێ خست. سەمای کرد، قیژاندی، بەکورتی کەش وەهەوای ئاسایی تێك و پێکدا.

کابرای پاسەوان، لەحاڵێکدا باتومەکەی دەستی ڕادەوەشاند،پشتی لە سوٚئاپی کرد و لەگەڵ یەکێك لەهاوشاریەکاندا کەوتە قسە: ئەمەش یەکێکی ترە لەو خوێندکارانەی زانکۆی (یێل)، کە دیارە ئەمساڵ خوێندنی تەواو کردوە و بەم بۆنەیەوە جەژن و ئاهەنگ دەگێڕێ، بەڵام قەیناکا ئازار بەکەس ناگەیەنن، فەرمانیان پێکردوین هەقمان بەسەریانەوە نەبێ باجەژن بگێڕن و شادی خۆیان دەربڕن.

سوٚئاپیش بەبیستنی ئەم قسەیە وازی لەو شادی و خۆشیە بێ سودەی خۆی هێنا.

ئەمە واتای چیە هیچ پاسەوانێك نایگرێ؟ دورگەکە لەمێشکی ئەودا وەك (ئارکادیا*) خۆی دەنواند، لەترسی سەرما دوگمەی چاکەتە تەنکەکەی داخست.

لە دوکانێکی جگەرە فرۆشی دا پیاوێکی جوانپۆشی بەرچاو کەوت کە لەژێر ڕوناکایی چراکاندا سەرگەرمی داگیرساندنی جگەرەکەی بو، چەترە ئاوریشمیەکەی لەپەنای دەرگاکە دانابو. سوٚئاپیش گورج تاوی دایە چەترەکە و ڕۆیشت. کابرای جوانپۆش بەخێرایی کەوتە دوای و گرتی و بەتوڕەییەوە گوتی:





(بابە بۆ کوێ ؟ ئەم چەترە هی منە). سوٚئاپی وەك ئەوەی سوکایەتی بە دزێك بکات،بەتەوسەوە پێی گوت: ئەگەر ڕاست دەکەی چەتری تۆیە بۆپاسەوانێك بانگ ناکەیت و پێی ناڵێیت کە چەترەکەم لێدزیوی؟ ها؟ بۆپاسەوانێك بانگ ناکەی؟ خۆ ئەوەتاپاسەوانێك لەوێ ڕاوەستاوە.

خاوەن چەتر هەنگاوەکانی خاو کردەوە. سوٚئاپیش هەروای کرد، ئەو کەپێی وابوو جارێکی تر بەختی هەستاوەتەوە، دەستی بەم کارە کرد. کابرای پاسەوانیش بە سەرسوڕمانەوە سەیری دەکردن .

خاوەنی چەترەکە گوتی : ڕاستە، ئەڵبەتە، جار جار لەم جۆرە بە هەڵە تێگەیشتنانە ڕودەدەن، من ... باشە، ئەگەر وایە... ئەم چەترە هی تۆیە ... ئومێدەوارم لێم ببوری ...من ئەمڕۆ بەیانی لەڕیستورانتێك هەڵمگرت، ئێستاش تۆ ... کە تۆ بە هی خۆتی دەزانی من داوای لێبوردن دەکەم.

سوٚئاپیش بەشەڕانگێزیەوە دەیگوت : (قسەی لە سەر نیە کە هی منە). خاوەنی پێشوی چەترەکە وازی هێنا و کشایەوە.پاسەوانەکەش بەپەلە بۆ یارمەتیدانی ژنێك ڕۆیشت کە لیباسی ئۆپێرای لەبەردابو و بێئاگا لەوەی کە هێندەی نەمابو لەگەڵ ترامواێکدا – کە بە شەقامەکەدا تێدەپەڕی – خۆپێکدادەن.

سوٚئاپی، بەرەو شەقامێك کە بە مەبەستی چاکردنەوە هەڵیان کەندبو، وەڕێکەوت. بە توڕەییەوە چەترەکەی بۆنێو چاڵێك فڕێدا و کەوتە جوێندان بەپاسەوانەکان کە دەتگوت بە فریشتەی دەزانن، نەیدەزانی لەبەرچی هەرچیەك دەکات، نایگرن؟!.

سوٚئاپی، ئارامیەکی زۆر زیاتری لەم شەقامەدا بەدی کرد، دواتر بەرەو خوارێ واتا بەرەو شەقامی مدیسۆن سەرەو خوار بۆوە، بەرەو لای ماڵەکەی، چون کەسێك کە ماڵی هەبێت دەتوانێ درێژە بەژیانی خۆی بدات، تەنانەت گەر ئەو ماڵە نیمکێتی پارکێکیش بێت .

سوٚئاپی تەنیا و غەریب! بەکز و داماوی لە گۆشەیەك کە کلیسایەکی دێرینی لێبو، ڕاوەستا. کە لەکلیساکانی تر جیاواز تر و ساپیتەکەی شێروانی بو. ڕوناکاییەکی لەبار لە پەنجەرەیەکەوە کە شوشەکانی ڕەنگیان بنەوشەیی بو، دەڕژایە دەرێ. ئەوشوێنەی کە ژەنیاری ئۆرگێك بەوپەڕی دڵنیاییەوە لەتوانا و لێهاتویی خۆی، سەرگەرمی ژەنین بو. چون لەپەنجەرەکەوە دەنگی موزیکێکی دلڕفێن

دەهاتە بەرگوێی سۆئاپی.

موزیکێک کە ئەوی بە پلیکانە کانزاییەکانی دەوروبەری باڵەخانەکەوە، چەسپاند. مانگ ڕون و تابان بەئاسمانەوە دەبینرا، ژمارەی ئاپۆرای خەڵك و ئۆتۆمبیلەکان کەم بون. باڵندەکان بەخەواڵوییەوە لەسەر لێواری گوێسەبانەکان دەیانجریواند. بۆساتێك ئەوێی وەکو کلیسایەکی چواردەورە گیراوی وەك کلیسای لادێیەکی تەریك و دورە دەست، هاتە بەرچاوان. ئەو ئاوازەی کە لێدەدرا ئەویان بەپلیکانەکانەوە چەسپاند. چونکە ئەو ئاوازە، وەبیر هێنەرەوەی ڕۆژانێك بو کە لێوانلێو بون لە گوڵ، دایك، ئارەزو، هاوڕێ و دۆستان، بیرۆکە و یەخەی سپی. لەفکر ڕاچونی سۆئاپی و کاریگەری کلیسا کۆنەکە، گۆڕانکاریەکی پەرجو ئاسا و نائاساییان لەدەرونیدا دروست کرد.

بەترسەوە بیری لەو زەلکاوە دەکردەوە کە تێی کەوتبو. ڕۆژە بە فیڕۆچوەکان، ئامانجە خراپ و ناپەسندەکان، ئاوات و ئارەزوە مردوەکان، هێزو توانا لە دەسچوەکان و هۆکارە نزم و بێ بایەخەکان، کەتەواوی بون و ژیانی ئەویان داگرتبو. دڵیشی بەشەوقەوە وەڵامی ئەم بارە دەرونیە غەریب و نوێیەی دایەوە – کەسەراپای داگرتبو. هێزێکی نادیار هانی دەدا کەئیدی دەبێ ڕوبەڕوی چارەنوسی خۆی ببێتەوە و خۆی لەم زەلکاوەی کە تێی کەوتوە، دەربێنێ.

دوبارە خۆی دروست کردەوە، توانی لەناخی خۆیدا بە سەر ئەو دێوەی کەچەندین ساڵ بو دەستی بە سەر هۆش و بیرکردنەوەیدا گرتبو، سەرکەوێت.

کاتی زۆر لەبەردەم ماوە، هێشتا لاوە، دوبارە ئارەزوە دێرین و لەمێژینەکانی خۆی – کە دەمێك بو دەسبەرداریان ببو – لە مێشکی خۆیدا زیندو کردەوە و هەوڵی دەدا وەدەستیان بێنێ....

نۆتەکانی موزیکەکە، قورس و سەنگین، بەڵام شیرین و خۆش! شۆڕشێکیان لە دەرونیدا بەرپا کردبو. بڕیاریدا سبەینێ بچێتە یەکێك لە گەڕەکە بەئاپۆڕاکانی ناوەندی شار و کارێك بۆخۆی بدۆزێتەوە. جارێکیان یەکێك لەوانەی کە پێستە دێنن پێشنیاری کاری شۆفێری پێکردبو. سبەینێ دەبێ ئەو کابرایە بدۆزێتەوە بەڵکو کارێکی بۆ بدۆزێتەوە. ئیدی بۆخۆی دەبێتە کەسێکی تر و لەمەولا ئەو دەیەوێ...

لەناکاو دەستێکی لەسەر مەچەکی خۆی هەست پێکرد. خێرا وەرسوڕا. چاوی بە ڕوخساری ترش وتاڵی پاسەوانێك کەوت.



پاسەوانەکە پرسی: ئەوە چی دەکەی لێرە ؟

سۆئاپی وەڵامی دایەوە: **هیچ!**

پاسەوانەکە گوتی: کەوایە دەبێ بەتاوانی بەرەڵایی دەسگیر بکرێی.

بۆسبەینێش سەرۆکی دادگا فەرمانیدا: (سێ مانگ زیندان لە دورگەکە).

**سەرچاوە/ سایتی دیباچە**

**(بروتوس *) یەکێك لەنزیکەکانی قەیسەری ڕۆم و هەروەها یەکێکیش بو لە بکوژەکانی.**

**(ئارکادیا *) یەکێك لە ناوچەکانی یۆنانی کۆن، شوێنی ئاشتی و خۆشی .**


# بەیان

ئەحمەد عارف

ئەوان کە هاتن.. سوپا نەبوون.. هەیان بوو بە پێی پەتی، دیزداشە سپیەکەی لە دەمی ئاخنی بوو، بێ ئەوەی بزانێ بۆچی بە هەڵەداوان دەهات، بەسەر سەریانەوە کۆپتەر دەسوڕایەوە، ئاگریان لە خەلە و خەرمان بەرئەدا و مەڕ و مالات و لێستاتی دیکەیان وەپێش ئەدا و دەیانبرد.. ئەوان هیچ یاسا و ڕێسایەکیان لە ئاستی کارەکانیان بەڕاست نەدەزانی و بەدەردی خۆیان دەیانگوت: (بۆ غەزای گاوران هاتوون..)، ئەو دەمانە من منداڵ بووم، بەڵام منداڵێکی بەهەست و وریا و زرنگ، جوانم بیرە خۆم لە ئاپۆرای گوند خزاندبوو، بۆ گوندەکەی نزیک خۆمان لە باوکەڕۆدا بووین، ئەوێ لە بەرگری سوری ئاگر و دوکەڵی ڕەشی سووتانی گوند هیچی دیکە نەدەبینرا، ئاسمان هیچ نزایەکی وەرنەدەگرت، وەك بڵێی ڕۆژی حەشرە و هەموو چاوەڕوانی حەشری خۆمان دەکرد،..ئاگرباران.. تالان و بڕۆ.. کوشت و کوشتار، بۆنی خوێنی بەدەڤەرەکە بەخشی بوو، نازانم ئەو خەڵکە، ئەو حەشاماتە بەستەزمانە چ گوناهێکیان کردبوو بەو دەردەیان دەبرد، بەچاوی خۆم دیتم مریشە بەکڕیان بەهێلکەی ژێریەوە دەهێنا و دەیانبرد، بێ ئەوەی هەست، سۆز، بەزەیی لەلای ئەو دڕندانە هەبێت..

ئێمە ئەو دەمانە خانەوادەیەکی مامناوەندی بووین، نێوانی ئێمە و ماڵی باوە گەورەم ئەو دیوارە بوو کە بەگڵ بەرز کرابووەوە، بیرمە مامم دەمێ نەبوو ژنی دووەمی هێنابوو.. بۆخۆی کابرایەکی فەقیر ئەقڵ بوو، هەر کەسێ شتێکی پێ بگوتایە، یان ئامۆژگارییەکی کردبا ڕاستەوڕێ دەچوو بۆ ژنەکانی دەگێڕایەوە و ئەوانیش دەبوونە ئاگر و دەکەوتنە کەولّی ئەو کەسە، هەڵبەتە حاڵی خۆشی بەدەست دوو ژنی چەقاوەسوو بێ تەربێتەوە ئەوەندە شڕ بوو، کاتێ نێوانیان دەبوو بە شۆرتی کارەبا ئیدی کەسیان خۆیان بە خاوەنی نەدەکرد و وەك فوتبۆڵ ئەو بەوی دەسپارد و ئەوی دیش دەیگەڕانەوە بۆی، چ ژیانێکی پڕ نەهامەتی بوو، بەڵام خوای لێ ڕازی بێت ئەوەندەی منداڵ خستبۆوە، وەك قازی لێهاتبوو بەهیچ تەڕ نەدەبوو.. دیارە ماڵەکەی لە ماڵی باوە گەورەمدا بوو، ماڵی ژنی تازە، باشم بیر نایەت لە ژنی تازە منداڵی هەبوو یان نا، بەڵام ڕۆژێکیان هەر بە عەقڵی منداڵییەوە پاشنیوەڕوانێ بوو بێ ئەوەی لە دەرگا بدەم خۆم کرد بەژووردا، کاتێ نواریم وەك مار لێکدی ئالابوون و حیلکەی پێکەنینیان دەهات، ئەوان ڕووت و قووت، لە هەوای خۆیاندا بوون، منیش بەشەرمەوە کشامە دواوە، ڕەنگە هەر ئەو ڕۆژە و ئەو لێك ئالانە، بەیانی بەم ژیانە پڕ نەهامەتییە سپاردبێ، سالانێکی دوور، لێرە و لەوێ دەمبیست بەیان شووی کرد، ئەوەندە پێنەدەچوو جارێکی دیکە بەیان شوویەکی دیکەی کرد، شوو بە سیان و ڕەنگە زیاتریش، هەر نەمدیت، دەیانگوت کچێکی جوان و چاومەستە، بەڵام زەمانە بەهەموو ناخۆشیەکانیەوە منی دوور، دوور خستبۆوە و قەدەرێ نەبوو بەیەکمان بگەیەنێ، چ سەردەمانێکە، مامم بۆخۆی چوو، منداڵ هێندە زۆر بوون یەك دوویەکیان نەبێ ئەوانی دیکەم نەدەناسی، خۆ بەیانیش یەك بوو لەوانەی نەمدەناسی، بەڵام بووەتە خولیام، حەزدەکەم بزانم چی بەسەرهات، لەم هەموو شووە چی چنیوەتەوە بۆ ژیان، هەمیشە کە دەچوومە خزمەت باوکم دەیگوت: (بەیانی ئامۆزات نەخۆشە، بۆ سەرێکی لێنادەیت! !)، من بۆخۆم ئەوەندە بێ کات بووم ناچار بەهەر شێوە و گوتەیەك بوو باوکم دەهێنایە قەناعەت کە بوارم نییە دەبێ لێم ببووری، ئەویش بەچاوە بێ ئۆقرەکانیەوە تاوێ دەگریا و سۆزی کەسایەتی خۆی دەخستە پاڵ ئازارەکانی بەیان و دەستی بەنزا دەکرد، بەڵام هەر خۆشی دەیگوت:"شێرپەنجە هێند زاڵمە چۆن چاك دەبێتەوە.."، ئا لێرەوە بۆم دەرکەوت بەیان تەسلیم بە شێرپەنجەی کوشندە بووە و هەرکاتێ ماڵئاوایی بکات دەستی ئۆخەی دەخاتە ژێرسەر و دەحەسێتەوە.. ئێستایش هەروەك ئەوسایە، هەمیشە بەرەی دوو دایك لەیەکدی دڕدۆنگن، بۆخۆیان خۆ بەمەغدوور دەزانن، کەس ئەوەندەی لێبوردن نییە ئەو هەڵەیەی باوك لەنێو بەرێ و بە دیدێکی دیکە بڕوانێتە ئەو مرۆڤانەی کەسیان بە ویستی خۆیان نەبوونەتە خوشك و برای یەکتر..

بەڵێ دایە، خێرە.. هیچتان پێویستە وا تەلەفۆن دەکەی، نا کوڕم! ئێمە باشین، بەڵام بەیان تۆ خۆش.. ئای چ ژیان و ڕۆژگارێکی پڕ کارەساتت بردەسەر، بنوو، ئیدی پێویست بەژان و ژوور و ئاخ و ئۆف ناکات، گەیشتیە دەرگای هەق، هیچ ئازارێ ناتوانێ سەخڵەتت بکات.. بنوو..



**سەلمان شێخ بزێنی**

# دۆسێکان بەسەر رووبارەوەن !

٧

چەند هەنگاوێك لە هەڤاڵە کانم دور کەوتبومەوە، بەدیار شەپۆلە کانی زێوە .. خەیاڵ هەڵبەزو دابەزی پێدە کردم...، !
((دوای بەربونمان لەپۆل ، خۆم دەخەمە دواوە تا بەدوچەرخەکەم بەتەنیشت هاوپۆلە کانما ڕەتبم و ئەوەی داوام لێبکات پەڕاوەکانی بۆهەڵ بگرم... ،
زۆر جاران خۆم لە مامۆستا دەدزمەوە و لەگوتنەوەی سرودە کان بەشداری ناکەم و لای هاو پۆلە کانم خۆم هەڵدەنێم ، ئەو سرودانەی باوکم دەیگوت : ستایشی پیاوە ..............!!!
بۆ بۆنەو ئاهەنگی قوتابخانە.. تانیوە شەو بابەتێك دەنوسم و خۆم ئامادە دەکەم بۆ خوێندنەوەی، بەلاَم شەرم ..وەك جارەکانیتر تێکم دەشکێنێت و تاچەند ڕۆژ خۆم سەرزەنشت دەکەم. !
لەتاقیکردنەوە کانی شەشی سەرەتایی.. لەسەر هاوکاری کچێك دەر دەکرێم و لەحەوشی قوتابخانەکە تێر تێر دەگریەم ... دواتر بەهەوڵی باوکم لە دەورەی دووەم دا دەنرێمەوە .
لەیەکەم ساڵی چونم بۆکۆلیژ.. کچێك ڕازی نابێت لەکورسیەکەی تەنیشتێوە دانیشم , تا تەواو کردنی کۆلیژ چاوەڕێ دەکەم.. قاوە یەکم لە گەلاَ بخوات و داوای لێبوردنم لێبکات .
لە ئاهەنگی دەرچوانی کۆلیژە کەمان کچێك دیاریە کم پێئەدا.. تائەمڕۆ ..............!!
لەکاتی هاتنە دەرەوەم ... دایکم فرمێسکە کانیم لێدە شارێتەوە و داوام لێدەکات ئاگاداری خۆمبم , دایکم جامە ئاوێك بەدوامەوە دەڕێژێ و دەست بۆئاسمان بەرز دەکاتەوە و نزام بۆدەکات.))
زەردەی خۆر بەسەر شەپۆلە کانەوە.. تیشکی بەر دیدەم دەکەوێت و خەیاڵە کەم پێدە قاچێت . دەچمەوەلای هەڤاڵەکانم , ڕاپۆرتێکم پێئەدەن , گوتەکەی دایکم بەبیردێتەوە :"لەبوارەکەی خۆتا هاوکارو ڕاستگۆبە............!" خەریکبو خۆر ئاوادەبوو , دوو رو نزیك دەکەوینە ڕێ , بە هۆشیارییەوە هەنگاو دەنێین .. ترسە لە فڕۆکە سمتییە کانی دوژمن .. زۆربەی ئێواران گەڕانێکی ئاسمانی ناوچەکە دەکەن و ڕێبواران دەکەنە ئامانج .
ئێوارە لەبەر ڕۆشنایی چراکەم ئەو ڕاپۆرتە دەخوێنمەوە و توشی شۆکم دەکات ! سەرباری هەواڵێکی ئێستگەش, !
بروسکەکان دەخوێنمەوە.. یەك لە بروسکەکان ڕێنوێنیمان دەکات بەدەستەی بچوك نەچینە خوارەوە , ئەو هەوالآنە دەماو دەمش دەگەن , وادەردەکەوێت گرژی نێوان لایەنەکان پەرە دەسێنێت .
بە ئامێری بنکە پەیوەندی بە لێپرسراوی سەربازی سنورەکەوە دەکەم و لەبارەی ڕاپۆرتەکە قسەدەکەین , ئەو دەنگی دەگۆڕێت و بەزمانی زبر دەئاخڤێت , پێی وایە زیادە ڕۆیی لەڕاپۆرتەکەیا هاتوە , دەڵێ: ئێمە دەخالەتی تیا ناکەین و ڕێگە بەهیچ لایەنێکش نادەین خۆی تێ هەڵقورتێنێ .!
سبەینێ زۆر بیرم لێکردەوە...:بۆکێی هەڵگرین ؟ زیاترین ئۆباڵ دەکەوێتە ئەستۆی کێ ؟! کێ سبەی ئازاری ویژدان دەچێژی ؟ ئەم ڕاپۆرتەش لەخۆڕا نەگەیشتوە .!
بەهەڤاڵە کانم گوت: خۆتان کۆکەنەوە . خۆشم (دۆسێ) کەم ئامادەکرد و لەگەڵ لێپرسراوی بنکە قسەم کرد, ئەو نەیدە زانی لێپرسراوی سەبازی لەخوارو بەچونی من ڕازی نیە .



ئێواره دوای بانگی شێوان بەڕێ کەوتین , دوو هەڤاڵەکەم ئاگادار کردەوە ..: "لەوانەیە گرفتی زۆرمان بێتە پێش , لەمبارەیەوە لەگەڵ هەڤاڵانی خۆشمان لەسنورەکە ناکۆکین و نابێت بەچونی ئێمە بزانن !."

شەو ڕۆیشتن ..ئەوەندەم لاخۆشبو دەتگوت دەستم بەدەستی فریشتەوەیە , نەرم نەرم پێمان دادەنێین و هەستمان لای خەیاڵە کان و بیرمان لای ئامانجەکەیە , کەروێشکێك لە لەپێشمانەوە قونە قون دەکا , ڕێوییەك لەئاسۆگەکەی پێشمانەوە تەماشایدە کردین , دەڕۆین و مانگش تالای بەیان هاوڕێیەتیمان دەکات , لەجادەسەرکییەکە ئێستێك دەکەم و بێ گوێدانە هەڤاڵە کانم هاوتەریب بەجادەکەیا دەڕۆم .. وادەزانم فەرشی سورم بۆ ڕاخراوە, هەڤاڵە کانم پەلەم لێدەکەن , بەنێوان سەنگەرەکانی دوژمنا دەپەڕینەوە , دوور دەکەوینەوەو دادەنیشین جگەرەیەك پێدەکەین , بۆخۆلادان لەهەرئەگەرێك ..دەبو ئەمڕۆژە لەزورگەکان بگوزەرێنین و پشوبدەین , بۆئێوارەکەی دەکەوینەوە ڕێ , لەگەڵ بانگی سبەینێدا دەچینە ئاوایی ( بیر وەلی )... ئاوایی نیوە چۆڵبوو.. لەنێوان دوو قوتەی بەرز هەڵکەوتبوو ,خرێکی پانوبەرین بەتەنیشتیا درێژ دەبۆوە , ماڵی ئەنجومەنی گوندیان پێ گوتین , دوای نان و چای خواردن قسەی بۆمان کرد , ئەو لە خۆناسینی ئێمە بەگومان بو ..وەلێ قسەی زۆری بۆکردین , تێگەیشتم لەگەڵ منا ناتەبایە لەسەر ڕو داوەکە , لەدڵی خۆما گوتم : لەسەر لایەنگری زۆرینە . پانتاییەك بۆ ژیانی کەمینە نامێنێتەوە , گەڕانێکمان بەناو گوندا کرد , لەپاڵ حەساری مزگەوتا .. بەجیا دوپیاوی بەساڵاچومان لەبارەی ڕوداوەکەوە دواند , ئەمانش هەمان قسەی ئەنجومەنەکەیان کرد , گوتەی پیاوێکم هاتەوە یاد ..:" کاتێك یاساو دەسەڵات ئامادەییان نەبێت .. مرۆڤە کان زۆرینەیەکی دڵ ڕەقانە پێك دەهێنن ."

چوین بۆ ئەوماڵەی مەبەستمان بوو , بەدەرگای لای خرکەیا چوینە ژورەوە , ژنێك دەرگای لێ کردینەوە , بەبینینی ئێمە هەڵوەستەی کرد , پێدەچو ترسابێت , ئاوڕی دواوەی دایەوەو ئاماژەی بەشتێك کرد , کچێك لەدوایەوە بەغاردان گەڕاوە ژورێ , دوای ئەوەی نیازی خۆمان پێگوت .. ماوەیەك لەدەرگا ڕای گرتین و دواجار فەرموی لێکردین و لەسەر سەکۆی حەوشەیا دای نیشاندین , لەگەڵ درێژەی قسە کانمانا .. منداڵەکانی هەریەکەی لەشوێنێکەوە دەردەکەوتن و لای دایکیان کروشکە یاندەکرد, ژنەکە هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشاو گوتی :" هەر کەسێك تۆڵە مان بکاتەوە ...کچەکەم بەکراسی بەریەوە پیشکەشیدەکەم .؟!!"

دۆسێ کەم کردەوە و کەوتمە تۆمار کردنی قسەکانی ژنەکە (( لەبەر دەرگای حەوشەمان پیاوێك دەکوژرێ ! پیاوەکەم تفەنگەکەی بەدەستەوەبوو هاتە حەوشەوەو هاواری بەسەرمانا کرد : با ڕاکەین خۆمان ......., مننننن..... من کوشتم .؟! منداڵە حەوت ساڵانەکەم بەگەری دەکەوێت و ئەوانیتر خۆیان لە کولانەی مریشکی ماڵێك دەنێن , بۆخۆشم لەسەر پلیکانەکە بەدەم لەرزەوە گوێ هەڵدەخەم , لەخوار ئاوایی تەقە دەکرێت و تەقەکان هەڵدەکشێت بۆزورگەکان و بەدیوی زێیا شۆڕدەبێتەوە , لەوێ تەقە کان چڕتر دەبن و دەنگی بۆمبی دەستی دەبیسرێت , دواتر دەگێرنەوە ..لەسەرتەرمی پیاوەکەم مژدانە دەبەخشنەوە ، بۆماوەیەك دەنگی تەقە نامینێت.. تا دەمی ئێوارە , لەگەڵ بانگی شێوانا دەنگی دەست ڕێژێك و دوان وو... ڕامدەچەنێته وە و لەرزەکەم

تونـد تـر دامـدەگرێت و ددانـەکانم لێـك دەخـشێن , کوڕەکـەم دێتـە پـێش چـاوم ..هانام بۆدێنێت و سەری لەکۆشم دەنێ و دەڵێ :" ...............؟!!"))

*   *   *

بەو ناو نیشانەی وەرمـان گرتبـوو لـەخوار ئاواییـەوە پێـداهاتین , لەزورگەکـە وە.. بەدۆڵەکەیا شۆڕ بوینەوە , لەسـەر تـورك و ئاوێـك وەسـتاین , هـەڤاڵێکم نـارد بۆنـاو بێـستانەکان .. بـەدوای ئـەوپیاوە ی ناوەکـەیان پێـدابوین , پیاوەکـە هـات.. سـلاوی کـردو گـوتی :" تکـام وایـە ئەمـە نهـێنی بێـت ..!" لێـوی هیـشك و ڕوخسارێکی لاواز و جلێکی تۆز لێ نیشتوو .. تفەنگـە کـەی لەشـانەکەی تـری نـاو دەستە قەڵەشت بووە کەی لـەناو دەسـتم ناو بردمیە خـوارەوە ,! بـەدژواری بـەژێر دار تورکـە کـەیا ڕەتبـوین لـەو لاتـر.. بنـە ژاڵەیـەك لـەنێو گەبـەرە قەمیـشێکا چـۆمەکەی داپۆشـیبوو , جوتیارەکـە لـە ژێریـا مـشتێك پوشـو پەلاشـی بـە خـوێن سـوربوی نیـشاندام و گـوتی :" ئـا لێـرە کوژرا...! لەلێوار کەندەکەوە لەدوری دە تـا دوازدە مـەتر دەسـت ڕێـژی تفـەنگیان لێکرد , چاوم پێانەوە بوو تارۆیشتن و لـەم ناوەنەمان , مەتارە ئاوەکەم هـەڵگرتوو بـە ڕاکـردن گەیـشتمە لای .. نـەمابوو.. فیـشەکی زۆری بەرکـەوتبوو , ئاوەکـە بەدەمیا هاتە خوارەوە ..چیترم پێنەکرا ! مناڵێکی باریکەلـەی ڕەنـگ زەرد , تەمـەنی لە نێوان شەش بۆ هەشت ساڵان دەبوو .. ئێمەو مانان کفن و دفنمان کرد ."

دۆسـێکەم لـە دوتـۆی چـاکەتەکەما دانـا ، بەسەرکەوتنی کارەکەمان ترس و مانـدوییم ڕەوینەوە .

هێشتا خـۆر زەردەی مـابوو.. لای جوتیـارە کـەمان بەجێهێـشت و کەوتینـە ڕێ , پەلەمان کـرد بـۆ پەڕینـەوە لـەجادە سـەرە کییەکە , تازوتر دۆسێکە بگاتـە سـەرەوە ! سـنوری دوو ئاواییمـان ڕەتـدابوو , کـەمێك شـەکەت بیـوین .. لەهـەلێك دەگـەڕاین پشویەك بدەین , شۆڕبوینەوە سەر چۆم و ئاوێـك .. یـەك دووشـەپ ئاومـان بەسـەرو چـاومانا دا و خـەریکبوین ئاومـان دەخـواردەوە ! لـەدوو لاوە تفـەنگیان لـێ ڕاکێـشاین , لەگـەڵ هەڤاڵـە کـانم تەماشـای یەك و دوو مـانکرد ...! تێیـانم گەیانـد کـە ئێمـە بۆکـارێکیتر هـاتوین ! یـەکێك لـەوان خۆیدەرخستو و بەلایەنێك خۆیـان ناسـاند و پێـداگری کـرد لەسـەر وەرگـرتنی چـەکە کانمان .!

هاتن .. چەکیان کـردین و ناچـاریان کـردین بەگـەریان بکـەوین بۆسـەر زێ , لـەوێ دەستیان لەپـشتەوە بستاینەوە و سواری





کەڵەکیان کـردین ! لـەدڵی خۆمـا گـوتم : مادامێك دۆسێکە لە دووتۆی چاکەتەکەمایە و دەسـتەکانم لەسـەریەتی .. هێـشتا لەدەستچوی هەمو شتە کان نیە !

سەوڵە کـان لێدە درێـن و ئێمـەش بەسـەر شەپۆلە کانەوە ڕادە ژەند ڕێـن و شـەوقی مانگ لەسەر ئاوەکە وەك شایەت حاڵێك لە ژێر هەورەکانـەوە دەردەکـەوێت , خشەی چـەمەکە .. بـە بایـەکی هێـواش ... وەك چۆن یادگارییەك تۆماربکات !

پێدەچوو بەس سروشت بە ئاگا بوبێت ... لەگەڵ ئەو مرۆڤانـەی بەتفەنگـە کانیانـەوە لەوبـەر ڕوبارەکـە چـاوەڕوانی وەرگرتنـی ئێمە بون.!!

کەرکوك ٢٠١١/٥/١٠

# چەند فۆتۆیەکی مانگ

رزگار جەباری

لەتێکی لە حەوزەکەدا...خۆی دەشوات
لەتەکەی دی...لە ژێر تاقگەی خەیاڵی من
رۆژم ناوێ...
ئەو لەتە هەر بە رووتی جوانە

* * * *

ئەو شەوانەی زەنگ پەلاماری شەو ئەدات
لە ژێر توێژی هەستی مندا...
خۆی ئەشارێتەوە
دواجار ئارامی لێ دەبرێت و...
لە شیعرێکدا هەڵدێتەوە

* * * *


دەڵێی کچێکی شەرمنە...
لە نێو تەمی ماچێکدا...خەرمانە ئەداتەوە

* * * *

لەوەتی بۆنی خوێنی پێدا پژاوە...
زەرد هەڵگەراوە

* * * *

مەسجەکانی خۆمی پێ دەنێرم...
ئەی راستگۆترین تەتەری ئەوینداران







* * * *

هەرچەندە وشەم لەبەر دەست بێ...
ناتوانم بیخەمە سەماوە
هەموو شەوێ...
ئاواز دەخاتە کونی شمشاڵەوە

* * * *

لەگەڵ دڵی من...
بەردەوام یەکتر..پڕ و خاڵی دەکەنەوە

* * * *

شەوی حەوتەم...
لە نێو دڵدا... گۆمەزێکیان بۆ عەشق خولقاند
مانگ هێلانەی لەسەر چنی...
((لەیل)) یەکەم ئەستێرە بوو...
خۆی تێ خزاند

* * * *

گوایە جاروبار..وێنەی ئەم و ئەو ئەداتەوە
لەوەتی هەم...
تەنها وێنەی ((تۆ))م تیا بینیوە

* * * *

تەنها هاورێی منداڵیمە...
وەکو خۆی ماوەتەوە

* * * *

نهێنییەکە...
هەموومان خۆشمان دەوێ و...
نازانێ بۆ؟!!

* * * *

نە من بێزار دەبم لە گۆرانی...
نە ئەو لە گوێراخستن





# چرایەک لەزام هەڵدەکەم و ماتەمێک بۆ فیراق دەگێڕم

## عەبدولڕەحیم سەرەڕۆ

بەگیانی فەرزەندی نووسەرو ئەدیبی هەمیشە کۆڵنەدەری گەلەکەمان، شادرەوان مەحمود زامداری نەمرو لەدڵانا زیندوو، وەک وەفادارییەک پێشکەشە.

ئێوارەیەو شەقام مات و .. مەرگ شپرزە
بەگەڕەکی نووسەرانا بەشەرمنی دێت و دەچێ
بە سواڵەتە پەرشنەکانی خۆیدا دەچێتەوەو
بەسەرسامی بەخۆی دەڵێ : چۆن دەبێ من
دەست بنێمە گیانی پاکی ئەو مرۆیەی
کە قەڵەمی هێندەی هەبوون خۆشویستووە ؟!
قەڵەم“ ئەو ئامرازە فەرزندەیەی بۆ یەکەمجار
سەری بۆ پەروەردگار دانواندوەو ..
یەکەم شتە کە یەزدانی پەرستوە.
********************
دەمەو بەیان ..ئاڵای پیرۆزی نیشتمان





دەبێتە کەژاوەی سەفەرو
مەحمود زامدار .. بە روویەکی گەشەوە
دەروانێتە چاخانەکەی مەچکۆو
یەکە یەکە دەستی ئەو کتێبانە دەگووشێ
کە ماوەیەکی دوورو درێژ ئەنیسی بوون.
دەستی قەڵاو ناوچەوانی منارە ماچ دەکاو
گەردن ئازایی لەگەڵ چرا بەچرای
شەقامەکانی شاردا دەگۆڕێتەوەو
قرتاڵەیەک تیشکی رەنگاو رەنگ
بەرەو سوڕاتی ئەبەدەیەت هەڵدەکاو
یەکەم هەنگاو بەرەو نەمری هەڵیدەگرێ.
ئەی سوارچاکە رۆح سووکەکەی
جارێکی تر ئاورمان لێ نادەیتەوە
لێت بەجێ ماین .. سەفەرت خێر،
ئەی ئەو کەسەی لەجیاتی مەرگ
ئەکسیری بەردەوامی ئەزەلیت نۆشی،
لێت بەجێ ماین .. ئۆغرت شاد
******************
سبەینێ خۆر بەر لەگەردوگوڵ
چاویلکەکەی مەحمود زامدار لەچاو ئەکا
دەیەوێ بزانێ..............
منارە لەبەرچی شیوەن دەگێڕێ و
قەڵا بۆ چووە بەتکا؟!
ئاسۆ ئەم هەموو زامەی
بۆ بە ئەمانەت لەخۆ گرتوە
ئەی ئەو هەموو کتێبە رەشپۆشە
ئەو هەموو قەڵەمە بۆ بەحورمەتەوە
دەست لەسەر سنگ راوەستاون.



که تێدەگا
قەڵەمێکی وەقووری تر، ئەم شارەی جێ هێشتوە
لە تاوی حورمەتی ئەو پیاوە
تارایەکی خۆڵەمێشی دەپۆشێت و
ئا ئەو رۆژە رەنگی ئاسمان لێڵ دەگەڕێ.
پیاوێک .. بە زامێکی رەنگ ئەبەدەییەوە
چۆن دڵی هات جێمان بێڵێ
***************

گەورەم نالی ..
ئێوارە خوانێک لەگوڵ چێکەو
شەرابێک لە گیراوەی رۆح
ئەمشەو زامدار میوانتە
خۆزگەم بەخۆت.
کام خوا پێداو .. کام بەختەوەر؟!
بەسیحری حەرفی نەوجوانی
بەکتوپڕ.
موریدی دیوانی کوردی دێتە میوانی.
ئەوە بەرزی سیحری حەرفە
کێ دیویە زام ؟!
لەجێی برین و خوێن وگوفەک
گوڵعەنبەرو گەزۆ بگرێ.
کێ دیویە زام بۆنی مازوو گوێزی لێبێ
ئەوە زامی رۆحی ئێمەیەو
بۆنی غوربەتی نیشتمانی لێ دەچۆڕێ.
زامدار ئەمرۆ جێمان دێلێ
بەڵام هەرگیز لەنیشتمان ناتۆرێ
لەو قەتماغانەی دەوری زامەکانی دابوون
هەرگیزاو هەرگیز ..ناگۆڕێ.
***************




گزنگ ٩١
شیعر
تەمووز - ئاب ٢٠١١

بە ئەسکەندەر بڵێ
بەو هەموو تیرو رم و قەڵغانەوە
هەر مەرگت چاند،
هەرچیت گێڕا بۆ سەرکەوتن،
لەئاکاما شەڕت دۆڕاند
مام مەحمودیش .. بە چەپکێ گوڵاڵەی زامەوە
وێرانە خاکی ئەلیۆتی بەسەرکردەوەو
هەر لەوێ را .. بەری عیشقی رنیەوەو
ژیانی رواند،
جا لە دادگا سەرمەدیەکەی گۆتەدا ..
توخوا کامتان قارەمانن ..
کامتان زیاتر تامی سەرکەوتن دەزانن؟!
*****************

هوراسم دی گالیسگەیەکی لەرەنگی شەبەنگی پێبوو
دوو ئەسپی زین یاقووتەی سەرکەش رایدەکێشا
دەیوت ئێستا مەحمود زامدار میوانمەو
بە بانیژی شیعرا بەرەو نهۆمی عیشق و
هەواری زیندووبوونەوەی سەردەخەم
رەشماڵێکی لە هەور بۆ هەڵدەدەم،
چرایەکی لە ئەستێرە بۆ هەڵدەکەم،
کورسیەکی لەنەمری بۆ دەگرم و
مەرەکەبێک لە گوشراوەی هەموو میوەکانی
بەهەشتی بۆ دەگرمەوەو ..
فەرشێکی لەنەمری بۆ راداخەم.
ئێستا زامدار لەدیوەخانە گەورەکەی هوراسدا
میوانێکی ئەبەدییەو
ئێمەش بەزەییمان بەخۆمان دێتەوەو
بۆ فیراقی ئەوە دەگرین.

٢٠١١/٩/٨




**عەبدولعەزیم فنجان**

# گۆرانی خۆم ..

**لە عەرەبییەوە : تەیب جەبار**

( خۆشەویستی تەواو ، وشەش کپ بوو ..
دڵ مەست : ئەستێرەیەکیش دانەچۆڕا )
فەیروز




کاتێ خەریک بوو لە نائۆمێدیدا بفڕم .
کاتێ بەلوعەی ئاوەکەم کردەوە ..
بۆ ئەوەی دەموچاوم لە پەشیمانی پاکبکەمەوە .
کاتێ گشت فرمێسکی نامرادان لە ناو لەپمدا کۆبوەوە .





کاتێ بە هەر چوار لامدا ( نەهاتن ) زرنگایەوە .
کاتێ سۆزی خۆم گرتە دڵی ئاوێنە .
کاتێ پۆتی ئەو پیاوەم شکاند کە مۆرەی لێدەکردم .
کاتێ هەموو مەعریفەم هەڵمژی ، هەموو کتێبم فرێدا .
کاتێ دەستم بۆ ئەو رێبوارانە راوەشاند ..
کە لە ناو بەلەمی سەر کراسەکەم رەسم کراون .
کاتی نوسخەی ئەسلیی نیگەرانی خۆمم دۆزیەوە .
کاتێ لەژێر گڵۆپەکانی کۆڵاندا خۆم لوولدا .
کاتێ زەمەنم راوەستاند .
کاتێ ئەوەی خۆشم دەوێ و ناوێ ، کوشتم .
کاتێ تفم لە بەرەبەیان کرد .
کاتێ پەلاماری روناکیمدا ، خۆم لە دۆزەخ هەڵکێشا .
کاتێ بە ( تیژبینی ) تێر بووم .
کاتێ دووەم لەدایک بوونی خۆمم لە منداڵدانی پشکۆدا دەرکێشا .
کاتێ لەگەڵ پەری سەمام کرد و ..



لەسەر مێزی شەیتان عارەقم لەگەڵ خواردەوە .

کاتێ دڵنیا بووم کە لەگەڵ ئەویندا بە پاکی یاریم کرد .

کاتێ بڕیارمدا بڕیاری هیچ شتێک نەدەم ،

جگە لەپاککردنەوەی جێ چەقۆیەک کە سەرچاوەکەی نازانم .

کاتێ هاوارم کرد : بۆچی ؟!

کاتێ هاوار گەڕایەوە و بە قوولی بڕیمی .




کاتێ سەیری دڵی خۆم کرد ، بینیم هەر وەکو جارانە .

کاتێ هەموو خەڵک گاڵتەیان پێ کردم ،

کاتێ وەک مەیدانی شەڕ ئاشکرا بووم .

کاتێ گۆرانیەک هاتە ژوورەوە ، سۆزی خۆی پێ بەخشیم ،

کاتێ ئاواز مەستی کردم ،

کاتێ وەک باڵندەی سەربڕاو ، سەمام کرد .

کاتێ باوەشم کردەوە و باوەشم بە گوللەی رەحمەتدا کرد .

کاتێ فرمێسکیک بە قەبارەی جیهان کەوت .

کاتی قەسیدەی خۆشەویستیم دڕاند .

کاتێ شڵەژام ،جار دوای جار شڵەژانم دەنوسیەوە ،.

کاتێ لە پەنجەرەکەوە تەریقیم بینی ،

کاتێ رووبەڕوو بینیم .

کاتێ دەرگام کردەوە ، بە هاوڕێتی ژوورەکە چومە دەرەوە .





کاتێ وازم لە میوانەکان هێنا ..

لەو چۆڵەوانیە گفتوگۆیان لەگەڵ ئازارەکانمدا دەکرد .

کاتێ هەستم کرد خەریکە قوربانی تەوقە لەگەڵ جەلادەکەیدا دەکا .

کاتێ ترس داگیری کرد ، دڵیش دەرگای خۆی داخست .

کاتێ کلیلەکەم بۆ هەڵدا .

کاتێ زانیم لەناو قفڵەکە دانیشتووم .

کاتێ بە شایەنی خۆم دۆڕاندنم .



کاتێ دڵنیا بووم من کەسم شەرمەزار نەکردووە .

کاتێ هەردوو دەستم خستە ناو گیرفانمەوە .

کاتێ بەهێواشی رێمکرد .

کاتێ کەمێ خێراتر بووم .

کاتێ چوومە ناو خەڵکەوە .

کاتێ لە ناو قەرەباڵغێکەدا دیار نەمام .

کاتێ لە کەژاوەی جیهاندا وەک دووکەڵ بڵاوبوومەوە .

---

عبدالعظیم فنجان : شاعیرێکی عیراقیە، ساڵی ١٩٥٥ لە شاری (ناسریە ) لە دایك بووە ، ئیستا لە شاری کەرکوك نیشتەجێیە ، یەك دیوانی بڵاوکردۆتەوە بە ناوی ( أفکر مثل شجرة)، ئەم شیعرە لە سایتی ( الحوار المتمدن )ەوە وەرگێراوە .



جابر محەمەد جابر

# دڕەختی دڵ

لە عەرەبییەوە:صلاح جلال




شاعیرەکان رادەوەستن
لەسەر چڵو چێوی درەختی دڵ
شڵەژاون..
وەک تیرە رمی سەرخۆش
هیچ شتێک دەم وچاویان داناپۆشێت
جگە لە سەر پەنجەی بیاباناوی و،
هاواری ئاوس بون
لە ترسێکی دێرینەوە
ئەی شەوەکە ..
ئەی شەوە جوانەکە





لێگەڕێ با بەیانیت تێپەڕێت
لەو دەمەی هەورو پایز و
شاعیرەکان بەخەمبارییەوە هاوارەکانیان دەدورنەوە
بە شیعر ئازارەکانیان وێنە دەکەن
زۆربەیان..
حەزەکانیان دەستەمۆ دەکەن
لەسەر روبارەکان
ئەوە خەمەکانیانە
شەویش بە چۆڵەکە ناگۆڕنەوە
دوا درهەمیشیان دابەش دەکەن
لەسەر تنۆکێک لە دڵتەنگی
لە گازینۆکانا خۆیان بزر دەکەن
سەریشیان تەوری شوێنەوارییە
بۆ کارەساتەکان ناگونجێن
خاوەنی چارۆکەی بێ بەلەمن
هەمیشەش بەلەمەکانیان بێ چارۆکەیە
شەویان سەر شارە بە هەرا و هوریا
وە بەیانیەکانیان بێ ئاورنگە
شەقامەکان بەخوێنیان وێنە دەکەن
کاتێک دەگرین..
لقی درەختی دڵ
بۆ پێکەنینەکانیان دەلەرزێت.




سەرچاوە:احلام مبللە/کۆمەڵە شیعر/چاپی یەکەم/١٩٩٧/بەغداد



**ڕەزا شوان / نەرویج**

# چۆن یەکەمین ژمارەی گۆڤاری « گزنگ »مان دەرکرد ؟

دوای ئەوەی کە زۆربەی نووسەرانی پارێزگای کەرکوك ، بەشداریمان لە کۆنگرەی یەکەمی یەکێتی نووسەرانی کورد کرد ، کە لە ساڵی« ١٩٧٠ »دا لە شاری بەغدا بەسترا. هەر لە هەمان ساڵدا، یەکێتی نووسەرانی کورد « لقی کەرکوك » مان دامەزراند من یەکێك بووم لە ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەر ..

لە ساڵی « ١٩٧١ »دا ، بە سەرپەرشتی دادوەری کوردمان خواڵێخۆشبوو « موعتەسەم محەمەد خەلیفە »..یەکەمین دەستەی بەڕێوەبەری« لقی کەرکوك »ی یەکێتی نوسەرانی کورد هەڵبژێرا .. ئەنجامی هەڵبژاردنەکە و دابەشکردنی بەرپرسێتی و کارەکارنیش بەسەر ئەندامانی هەڵبژێراوی دەستەی بەڕێوەبەر بەم جۆرە بوون :


ـ شێخ ڕەووف خانەقا ـ سەرۆکی لقی کەرکوك

ـ عوسمان مستەفا خۆشناو ـ جێگری سەرۆك

ـ شێخ عەبدولعەزیز خانەقا ـ سکرتێری







ڕۆشنبیری

ــ فوئاد تاهیر سادق ــ سکرتێری ئیداری

ــ ڕەزا شوان ــ بەرپرسی دارایی

ــ شێخ حوسێن بەرزنجی ــ ئەندام

من بزانم ژمارەی ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەرمان حەوت کەس بووین..بە داخەوە ناوی حەوتەمم لەیاد نەماوە ، بە تەلەفۆن لە برای بەڕێزم کاك شێخ حوسێن بەرزنجیشم پرسی بەڕێزیشیان لە یادی نەماوە . من تا ئێستاش دڵنیانیم ، ئایا هەر ئەو شەش کەسە بووین، یا حەوت کەس بووین ، چونکە دەستەی بەڕێوەبەر دەبێت ژمارەی ئەندامەکانی تاك بێت..

دوای هەڵبژاردنی دەستەی بەڕێوەبەر ، یەکەمین و دووەمین دانیشتنمان لە ماڵی خوالێخۆشبوو شێخ ڕەووف خانەقادا کرد .. بڕیارمان دا کە بچین بۆ لای پارێزگاری کەرکوك ، کە ئەو کاتە « شوکری سەبری حەدیسی » کە لە « ٢٥ / ١ / ١٩٧١» کەوە تا « ١٦ / ٨/ ١٩٧٣» پارێزگاری کەرکوك بوو ، پێشتریش پارێزگاری سلێمانی بوو. چووین بۆ لای و داوای یارمەتیمان لێکرد.. شوکری حەدیسی« ١٠٠ » دیناری داینێ . بەڵام دوو جاریش ئەم قسەیەی دا بە ڕووماندا و وتی :« من ئەدەبیکی شۆڤێنیم لێتان ناوێ، وەکو شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس و کامیل ژیر » هەردوو جارەکەش ئێمە بێدەنگ بووین و نەمان وت« باشە ».. وا دیاربوو کە کوردێکی ناپاك باسی شێرکۆ و بێکەس و کامیل ژیری بۆ کردبوون..ئەو سەت دینارە بۆ ئەو کاتەی ئێمە باش بوو..بارەگای یەکێتی نووسەرانی کورد ــ لقی کەرکوك ــ مان لە نهۆمی دووەمی بینای کۆمپانییای ڕۆن دا کردەوە و .. دەستمان بە چالاکییە ڕۆشنبیری و ئەدەبییە هەمەجۆرەکانمان کرد .. کۆڕێکیشمان لە تەلەفیۆنی کەرکوکدا دەربارەی « سابری » ی شاعیر.. پێشکەش کرد .. پێشکەشکەری کۆڕەکە برای شاعیرم کاك«سەلام محەمەد» بوو. کە ئێستا لە سوید دەژی.

بڕیارماندا کە گۆڤارێکی ئەدەبیی وەرزی دەربکەین کە ببێتە ئۆرگانی یەکێتی نووسەرانی کورد ــ لقی کەرکوك .. کۆمەڵێك ناومان بۆ پێشنیار کرد .. لەوانەش « شەفەق » و «مەشخەڵ » و « باوەگوڕگوڕ » بوو .. بەڵام من پێشنیاری« گزنگ »م کرد.. بە زۆرینەی دەنگەکان لەسەر ناوی گزنگ ڕێکەوتین .. ئەرکی ئامادەکردن و پوختنووسینەوەی بابەتەکانیش هەر بە منیان





سپارد .. لە ماوەیەکی کەمدا بابەتەکانمان وەرگرت و ، لە دانشتنێکدا گەڵاڵەمان کردن. دوای ئەوە من دوو دانەم بە دەسخەتێکی جوان لێ نووسییەوە.. ڕۆمانووس و شاعیر و هونەرمەندی ناسراوی گەلەکەمان ، مامۆستا « عەبدوڵڵا سەراج » کە ئێستا لە فنلەندا دەژی .. وێنەی بەرگی یەکەمی یەکەمین ژمارەی گۆڤاری گزنگی بۆ کێشاین.

« گۆڤاری گزنگ »م برد بۆ بەغدا، بۆ وەزارەتی ڕۆشنبیریی عێراق« دایرەی جاودێری چاپەمەنی و بڵاوکردنەوە » بۆ وەرگرتنی ڕەزامەندی بۆ چاپکردنی ، لە دوای هەفتەیەك مانەوەم لە بەغدا، ڕەتیان کردەوە کە بە ناوی « لقی کەرکوك »ی یەکێتی نووسەرانی کوردەوە ڕێی دەرهێنانی گۆڤارێکمان پێبدەن.. برای بەڕێزم ڕۆژنامەووس کاك « جەمال خەزنەدار » کە ئەو کاتە کاربەدەست بوو لە دزەگای ڕۆشنبیریی کوردی لە بەغدا ، هەوڵێکی زۆری دا، بەڵام دووبارە ڕەتیان کردەوە . دوواجار وتیان با بەناوی ئامادەکردنی کەسێکەوە بێت.. منیش تەلەفۆنم بۆ خوالێخۆشبوو شێخ ڕەووف خانەقا« سەرۆکی لقی کەرکوك » و شێخ عەبدولعەزیز خانەقا « سکرتێریّ ڕۆشنبیری » کرد ، کە ڕای هەموو ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەری لقی کەرکوك وەربگرێت..هەر بۆ ئێوارەی ئەو ڕۆژە شێخ عەبدولعەزیز تەلەفۆنی بۆکردم و وتی : « هەر بە ناوی ئامادەکردنی خۆتەوە ڕەزامەندی بۆ وەربگرە و ، ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەریش ڕازین .. سەرپەرشتی و ئەرکی چاپکردنیشی هەر بە تۆ دەسپێرین». گۆڤاری گزنگ لە ئامادەکردنی« ڕەزا شوان» ڕەزامەندی وەزارەتی ڕۆشنبیری عێراقم بۆ وەرگرت..لەگەڵ چاپخانەی« الشمال »دا لە کەرکوك ڕێکەوتین و هەزار دانەمان لێ چاپکرد..ئەو کاتە من مامۆستابووم لە قوتابخانەی « مەشخەڵ » لە کەرکوك .. لە هەمان کاتیشدا لە ساڵی « ١٩٧٠ تا ١٩٧٣» بە ناوی « هیوا شوان » وەوە ، پەیامێری ڕۆژنامەی « هاوکاری » بووم لە کەرکوك .. هەموو ڕۆژێك دوای دەوام دەچووم بۆ چابخانەکە و ، لەگەڵ هەردوو کرێکاری پیتچنی کوردمان لە چاپخانەی الشمال دا ، خوالێخۆشبوو کاك « ڕەشید زەنگەنە »و کاك « نازم کاکل»، کە شایانی ئەوەن زۆر بەڕێزەوە ناویان بێنم ، خەریکی پیت چنین دەبووم.. ئەو کاتە بۆ دارشتنی وشە و ڕستەکان و

پێکهێنانی لاپەڕەکان ، دەبوایە پیتەکان یەك یەك بە دەست بچنرانایە .. ئاوها وشە و ڕستە و لاپەڕەکان پێکدەهێنران و دەبەستران و چاپ دەکران. لە مانگی « گوڵانی / ١٩٧٢ »دا، یەکەمین ژمارەی « گۆڤاری گزنگ »مان بڵاوکردەوە.. هەستمان بە خۆشییەکی زۆر کرد..ئەگەرچی یەکەمین ژمارەی گزنگ لە ئاستی تموح و پێویستدا نەبوو .. بەڵام بۆ ئەو کاتە وەختە .. مژدە و سەرەتا و هەنگاوێکی باش بۆ داهاتوویەکی باشتر و گەشتر .. چونکە وەکو دەڵێن : بڕینی ماوەی دە هەزار کیلۆمەتر، لە هەنگاوێکی سەرەتاوە دەست پێدەکات .. بێگومان نەوەی ئەمڕۆمان لە نەوەی دوێنیمان .. وریاتر و زۆرزانترن .. هۆ و بواری پێشکەوتنی زیاتریشیان بۆ ڕەخساوە و دەشتوانن بە ئازادی گوزارشت لە هزر و ڕا و بۆچوونەکانیان بکەن .. کە واتە گۆڤاری « گزنگ »ی ئەمڕۆمان.. دەبێت خۆرێکی هەڵهاتووی ڕۆشنبیری بێت و لە سەر کەلەکانی « کانی دوومەڵان »و «سێکانیان »و « جەبەڵبۆر »ەوە و..تا دەگاتە لووتکەی سەرکەشی حەمرین .. بە تیشکی ڕۆشنبیری و ئەدەبیی نوێمان کەرکوك ڕووناك بکاتەوە ..

من لە لاپەڕەی پێشەکی یەکەمین ژمارەی گۆڤاری گزنگ دا ، ئاماژەم بەوە داوە، کە ئەو نووسین و وبابەتانەی کە لە « گۆڤاری گزنگ » دا بڵاوکراونەتەوە .. لە نووسینی ئەندامانی یەکێتی نووسەرانی کورد ـ لقی کەرکوك ـ ن .

بە هۆی تێکچوونی بار و دۆخەکە و.. گوشارخستنە سەر نووسەرانی کورد لە کەرکوك و نەبوونی دارایی پێویست .. نەمانتوانی ژمارەی دووەمی گۆڤاری گزنگ چاپ بکەین.. بە بڕیاریارێکی پارێزگای کەرکوکیش .. بارەگای یەکێتی نووسەرانی کورد ـ لقی کەرکوك داخرا و .. دەستیان بەسەر هەموو کەلوپەلەکانی ناو بارەگاکەشماندا گرت و بردیان.

من ئێستاش وەکو ئەندامێکی دڵسۆزی یەکێتی نووسەرانی کورد ـــ لقی کەرکوك..ئامادەم هەر ئەرکێك کە دەستەی بەڕێوەبەری ئێستای لقی کەرکوك پێم بسپێرێت .. بە ئەوپەڕی ڕێز و پێخۆشحاڵییەوە جێبەجێ بکەم ..هەر خۆشم بە ئەندامێکی دانەبڕاوی لقی کەرکوك دەزام.. هەردمیش خزمەتکارێکی گەلەکەمم .. ئەمەش بە منت و شانازی نازانم.. بەڵکو بە ئەرکێکی پێویست و پیرۆزی ئەستۆمی دەزانم.. ئەوەی تا ئێستا چی من و چی ئێوەش کردوومانە یا لەمەو دواش دەیکەین .. ناگاتە تنۆکە خوێنێکی ئەو شەهیدە نەمرانەمان ، کە گیانی خۆیان لە پێناوی ئەمڕۆدا، پێشکەش بە کورد و کوردستان کرد .. هیوای سەرکەوتن و پێشکەوتن و ڕەنگینتر و دەوڵەمەنتر بۆ گۆڤاری« گزنگ » ی ئەمڕۆمان دەخوازم.. چەند ژمارەیەکی « گۆڤاری گزنگ »م لە لایەن برای دڵسۆزمەوە ، نووسەر و خۆشنووس کاك « عەبدولستار جەباری »یەوە پێگەیشت .. زۆر سوپاسی دەکەم .. دوای خوێندنەوەیان .. پێشکەشم کردن بە « بەشی کوردی » لە کتێبخانەی شاری « بێرگن » لە « نەرویج ».. تا خوێنەری کوردمان سوود لە نووسینەکانی وەربگرن .. دەستانخۆش و دووبارە هیوای پێشکەتن و تەمەندرێژی و بەردەوامیتان بۆ دەخوازم.

## مۆزەخانەی لۆڤەر و دەقە شانۆییەکانی مۆلییێر

# لە دەستەڵاتداریەتیی لویس پادشای چواردەهەم دا

**شێرکۆ جەلال**

**- یەکێك لە خەسڵەتەکانی لویسی چواردەهەم ئەوە بووە، کە ئازادیی تەواوی بە ئەکتەرەکان داوە، تا هەموو سنوورەکانی ڕەخنەگرتن لە دەستەڵات ببەزێنن و لە دەقە شانۆییەکاندا بە شێوەی کۆمێدی و گاڵتەوگەپ باسی لێوە بکەن.**

ساڵانی ١٦٥٨، لویسی چواردەهەم دەستەڵاتداریەتیی کۆشکی لۆڤەر دەگرێتە دەست و شەرەفمەندیی سەرۆکایەتیی وڵاتی پێ دەسپێردرێ. هەر ئەوکاتیش (مۆلییێر)ی ڕۆشنبیر و نووسەر و ئەکتەر، پلەوپایەی هێژایی و بیرمەندیی پێ دەبەخشرێ، بەو هۆیەوەیش سەرنجی لویسی چواردەهەم ڕادەکێشێ و ڕێزی زیاتری لێ دەنرێ و لەلایەن پادشاوە گرینگیی زێدەتر بە کارە هونەرییەکانی مۆلییێر دەدرێ. هەر لەو کاتانەدا، کە لویسی چواردەهەم سەرقاڵی گرینگیدان دەبێ بە کارە هونەرییەکانی مۆلییێر، بڕیاری دروستکردنی کۆشکی ڤێغسای لە پاریس دەدات.







وەك دەگێڕنەوە: لویسی چواردەهەم تا بڵێی مرۆڤێکی دڵگەورە و بە دەرامەت و لێبوردە و لێهاتوو بووە، ئەگەرچی بەبێ پشوودان خەریکی کارکردن و خزمەتی هاووڵاتیانی وڵاتەکەی بووە، هاوکاتیش مرۆڤێکی تابڵێی هێمن بووە، بە هۆی ئەو خەسڵەتانەیشییەوە، بێ سنوور لەلایەن خەڵکی وڵاتەکەیەوە خۆشەویست بووە و بە یەکێك لە دەستەڵاتدارە بێهاوتاکانی ئەو سەردەمە ناوزەد کراوە.

یەك لە ئارەزووە گەورەکانی لویس پادشا، دووبارە دیدەنیی کارە شانۆییەکانی مۆلییێر بووە. وەك دەگێڕنەوە: بۆ بیستنی دەقە شانۆییەکانی مۆلییێر، پادشا لە پێشەوەی هۆڵ دانیشتووە، بەتایبەتیش بۆ شانۆگەریی (کۆغ بێل) و (نیکۆمێدی)یی. لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین، کە خودی مۆلییێریش حەزی بە دووبارەکردنەوەی ئەو دەقە شانۆییانەی خۆی کردووە، لەوانەیش (براکانی پادشا) و شانۆگەریی (دوکتۆری عاشق). وەك دەگێڕنەوە: لە کاتی نمایشکردنی شانۆگەریی (دوکتۆری عاشق) دا، لویسی چواردەهەم بە هەموو هێزی خۆی لە ناخی دڵییەوە لە قاقای پێکەنینی داوە، بە شێوەیەك، کە بینراوە لە هەردوو چاوەکانی پادشادا، دڵۆپە فرمێسکی شادی هاتوونەتە خوارەوە، ئەوەیش گەواهییێکە، کە لویس پادشا، تا چەند لەگەڵ دەقە شانۆییەکە تێکەڵ بووە و بە ناخی دەقەکەدا چۆتە ژوورەوە، یان تا چ پلەیەك شانۆگەرییەکان کاریگەریان خستووەتە سەر هەست و نەستی لویسی چواردەهەم، کە تەواوی دەوروپشتی خۆی لەبیر بکا و بەوپەڕی ئازادی لە قاقای پێکەنین بدا.

یەکێك لە خەسڵەتەکانی تری لویسی چواردەهەم ئەوە بووە، کە ئازادیی تەواوی بە ئەکتەرەکان داوە، هەموو سنوورەکانی ڕەخنەگرتن لە دەستەڵات ببەزێنن و لە دەقە شانۆییەکاندا بە شێوەی کۆمێدی و گاڵتەوگەپ باسی لێوە بکەن، هەر ئەو ئازادییەیش ئەکتەرەکانی خستبووە

ڕەوشێکی وەهاوە، کە تەواوی بەهرەمەندی و تواناکانی خۆیان بخەنە گەڕ، بۆ جۆشدان و سەرنجڕاکێشانی خەڵکی نێو هۆڵ، بۆیەیش زۆرجار داوا لە مۆلیێر کراوە، کە شانۆکان بۆ جاری دووەم و سێیەم پاتە بکرێنەوە، بە تایبەتیش ئەو شانۆگەرییانەی زۆر سەرنجی تماشاڤانی نێو هۆڵەکانیان ڕاکێشاوە، وەك نموونە: شانۆگەریی (قوتابخانەی مێردەکان) و (دوکتۆری داواکراو). بێگومان، ئەو دەقە شانۆییانە لەسەر داواکاریی بینەران، لە ڕۆژانی شەممەدا پێشکێش دەکرانەوە، کە ئەو ڕۆژەیشیان ناو نابوو: (ڕۆژی شانۆ).

ساڵی ١٦٦٣، لە ڕۆژێکی شەممەی نێو مانگی شەشدا، بە ئامادەبوونی خودی پادشا و خەڵکی زۆری نێو هۆڵەکە، شانۆگەریی (قوتابخانەی ئافرەتان) پێشکێش کراوە، ئەوەی لێرەیشدا شایەنی باسە، ئەوەیە کە لویسی چواردەهەم لە ڕیزی پێشەوەی هۆڵەکە دانیشتووە. وەك دەگێڕنەوە: گوایە لە کاتی نمایشکردنی ڕۆڵەکان، لە لایەن ئەکتەرکارانەوە، پادشا تەواو چووەتە نێو دەقی شانۆییەکەوە و پڕ بە دڵی خۆی پێکەنیوە، بۆیە بە دڵنیاییەوە دەکرێ بڵێین، کە لویسی چواردەهەم ئەوپەڕی سەرسام بووە بە ڕۆشنبیریی مۆلیێر و ڕێزیشی لە هونەرمەندەکان گرتووە، بە دەروونێکی پاکەوە تەماشای کردوون و بەوپەڕی خۆشەویستییەوە گوێی لێ گرتوون.

لویسی چواردەهەم، بایەخی بە کارە هونەرییەکانی هونەرمەندەکانی ئەوکات داوە، هەر بۆیە ئەمڕۆ ئەو مێژووە پڕشنگدارە دەخوێنینەوە، کە مەزنێتیی ئەو مرۆڤەمان بۆ دەردەکەوێ لە ئاستی بەرەو پێشڤەچوونی هەنگاوەکانی لۆڤەر، لەسەر دەستی ئەو کەسایەتییەدا. وەك دەگێڕنەوە: پادشا، دەستێکی زێڕینی هەبووە لە گەشەکردن و پێشڤەچوونی کارە هونەرییە باڵاکان. ئەو خاڵەی هەرە سەرنجڕاکێشە لە ژیانی لویسی چواردەهەمدا: هەر لە سەرەتای دەسەڵاتدارییەتی و بەڕێوەبەرایەتیی لۆڤەردا، خوازیار بووە لۆڤەر بە جێبهێڵێ و هەوڵی خۆی بخاتە گەڕ، بۆ دروستکردنی کۆشکی ڤێرسای و هەر لەوێیش نیشتەجێ بێ.

پێویستە ئاماژە بەوەیش بکەین، بە بۆچوونی ژمارەیەك لە مێژوونووسانی فەرەنسی، ئەو بیرکردنەوەیەی لویسی





چواردەهەم سەبارەت بە بەجێهێشتنی لۆڤەر، هەنگاوێکی هەڵە بووە و سەبارەت بەو بابەتە لە ساڵانی ١٦٧٨دا، خەڵکانی زۆر لە نێو بەڕێوەبەرایەتیی لۆڤەر، نموونەی بەرهەڵستکاری، واتە ئۆپۆزسیۆنێك بەرابەر بەو بڕیارەی لویسی چواردەهەم ڕاوەستاون و هەر لە سەرەتای گرتنەدەستەڵاتییەوە، ڕێیان بۆ هەنگاوێکی وەهای پادشا خۆش نەکردووە، بەڵام لە ڕۆژانی کۆتایی فەرمانڕەوایی وڵاتدا، لویسی چواردەهەم خەون و خەیاڵی پادشایەتیی هەر بەجێهێناوە و بە ئاواتی گواستنەوە گەیشتووە، بۆ نێو کۆشکی ڤێرسای.

وەك دەگێڕنەوە: لەو کاتەدا، کە لویسی چواردەهەم چووەتە نێو لۆڤەرەوە، ژمارەی تابلۆ و پەیکەر و پارچە هونەرییەکانی تر لە نێو لۆڤەردا، هەر دووسەد بەرهەمێك بوون، بێگومان ئەو کارە هونەرییانەیش، تەنیا تابلۆی هونەرمەندە ناسراوەکان بوونە، بەڵام پاش ماوەیەکی کەم لە دەستەڵاتداریی، بە هەوڵ و کۆششی خۆی، حەزی کۆکردنەوەی بەرهەمە هونەرییەکان پڕبایەخ دەبێ و (ئارەزووەکانی کۆکردنەوە)ی تا دێ زۆرتر دەبن، بە تایبەتیش بە یارمەتی و دڵسۆزیی پیاوێکی بیرمەند و ئازا، کە خاوەنی بەهرە و سەلیقەی بەرزی کۆکردنەوەی بەرهەمی هونەرمەندانی گەورە بووە، ئەویش (مازاغین)ی زانایە. هەر لەسەر دەستی مازاغینیش، ژمارەی تابلۆ و پەیکەر و سێرامیکی ئەو سەردەمە گەیشتووەتە ٢٠٠٠ دانە...

# هێرۆ مەولوودی:

## حەز لە کۆتایی زۆر شت ناکەم و وەک فروغ گوتەنی بیر لە کۆتایی ناکەمەوە و بەردەوام هەوڵ دەدەم برۆم و بگەمە ئامانج



**سازدانی /هەورین نەجات**



گزنگ ٩١
گفتوگۆ
تەمووز - ئاب ٢٠١١

**هێرۆ مەولوودی لە هەناسەکانی پاییزی ساڵی ١٩٨١ لە بۆکان لە دایک بووە و وەک هەموو منداڵێ چۆتە قوتابخان و تنا کوو دوا قۆناغی ئامادەیی لە بۆکان بوو و پاشان چوتە تاران و لە زانکۆی تاران بەشی کۆمەڵناسیی خویندوە و ساڵی ٢٠٠٣-٢٠٠٤ هاتۆتە باشووری کوردستان. بەردەوام بووەلە خویندنی بەشی کۆمەڵناسی لە زانکۆی سەلاحەددین و سەرقاڵی کاری راگەیاندنیش بووە، لە گەڵ ئەوەشدا جار وبار هەستێک داگیری دەکات و چەند وشەیەک دەخاتە سەر سینگی لاپەرەکان و لەگەڵیان دەکەوێتە گفتوگۆوە:**

**★ یەکەم بەرهەم کە نووسیبێتت و بڵاوت کردبێتەوە چی بوو؟ئەوکاتە هەستت بەچی دەکرد؟**

– یەکەم بەرهەمم بە زمانی فارسی بوو و هەستێکی زۆر خۆشم هەبوو، کە لە قۆناغی ئامادەی نووسیم و بۆ یەکێ لە مامۆستاکانم خویندەوە، لە ناو هۆڵی خویندن، مامۆستاکەم زۆری پێ باش بووم و هانی دام بە کوردی بنووسم و پاشان بە یارمەتی باوکم کە نووسەر و وەرگێرە، فێری کوردی نووسن بووم و لە گەڵ شاعیرانی کورد زیاتر ئاشنا بووم و بەرهەمەکانی ئەوانم دەخویندەوە و دەستم بە نووسین کرد و بوومە ئەندامی ئەنجومەنی ئەدەبی بۆکان و یەکەم نووسینم شیعرێکی کورت بوو بە ناوی ((گوڵی عەشق)) کە لە رۆژنامە یەکی ئەوکاتی بۆکان بڵاو کرایەوە و زۆر خۆشحاڵ بووم.

**★ تۆ بەشێکی کەمی شیعرەکانت، لە بڵاو کراوەکان و سایتە ئەلیکترۆنیەکاندا بڵاو کردۆتەوە،ئایا ئەم کەم بڵاو کردنەوەیە بەندە بەوەی کەوا کەمیش دەنووسیت؟ کاری راگەیاندنت تاچەند لەبەردەم پرۆسەی نووسینت بەربەستە؟**

– من لەو بروایە دام کوالیتی گرینگترە تاکوو زۆربوون. رەنگە هۆنراوەی زۆرم هەبێ بەلام حەز ناکەم بڵاو ببنەوە. هەست دەکەم پێویستە دووبارە کاریان لە سەر بکەم، ئەگەر بە نووسینی زۆر بێ چەند دەفتەرم نووسین هەبێت. حەز ناکەم دوای بڵاو کردنەوەی بەرهەمەکان پەنجی پەشیمانی بگەزم و رەنگە پرۆژی جیاوازترم هەبێ بۆ شێوازی بڵاو کردنەوەیان. کاری راگەیاندنیش بەڵێ زۆریش هۆکارە بۆ ئەوەی کاتێکی کەمتر تەرخان بکەم بۆ نووسین.

—

**★ لەشیعرەکانی تۆدا، چاوەڕوانیەکی غەمگین بوونی هەیە و زۆرجار ئاراستەی شیعرەکە بەرەو رەشبینی و خەمۆکی دەبات، ئایا ئەم چاوەڕوانییە چییە؟**

— بەڵێ راستە جۆرێك لە چاوەروانی بوونی هەیە و رەنگە لە بەشێکی زۆریان رەنگدانەوەی راستەو خۆی هەبێت، جا چ باسی ئەوین و خۆشەویستی بێت، یان هاتنی شۆرە سوارێکی خەیاڵی، یانیش چاوەروانیەکی نەتەوەایەتی و بەدی هاتنی ئاواتەکان و و هەڵاتنی خۆری رزگاری و بەختەوەری. بەڵام ئەوەی کە رەشبینی و خەمۆکی بێت، پێم وانییە هەوڵم داوە خۆم بپاریزم لەو دوو بابەتە، چ لە واقیع ، چ لە نووسیندا، رەنگە دڵ تەنگییەکی کورت خایەن بێت کە جار و بارە باڵی بە سەر هەموو کەس دەکاتەوە.

**★ تۆ لە چەند فیستیڤاڵی ئەدەبی بەشداریت کردووە؟**

— لە رۆژهەڵاتی کوردستان و قۆناغی ئامادەیی ٢ جار بە شداریم لە فیستیڤاڵی ساڵانە کردووە و لە ئاستی پاریزگایی پلەی یەکەمی چیرۆك و شیعرم بە دەست هێنا، لە ئاستی وڵاتیش بەشداریم کرد و خەڵاتم بە دەست هێنا. پاشانیش بۆ فیستیڤاڵی هەڵەبجە بە شداریم کرد لە تاران و کاری قوتابیانی زانکۆ بوو. لە باشوور یەك جار بە شداری فیستیڤاڵم کرد کە تایبەت بە هۆزانی لاوان بوو پلەی سێیەمم بە دەست هێنا. من حەزم لێ بووە بەشداری فیستیڤاڵی گەورەتر بم، بەڵام بە هۆی سەرقاڵی دەرفەتم نەبووە و دەتوانم بڵێم کە کەمتەرخەم بوومە لەم بارەوە.

**★ ئایا پلە دانان لە فیستیڤاڵی ئەدەبی مەرجە بۆ سەرکەوتنی شاعیر و نووسەر؟ یاخود فیستڤاڵەکان دەتوانن شاعیری راستەقینە و جواننووس دروست بکەن؟**

— ئەوە دەگەریتەوە بۆ ئەوەی تا چەند ئەم فیستیڤاڵە بە دوور بووە لە گەندەڵی و بە واقیعی بریاری لە سەر دراوە، کە ئەوان باشترین پلەیان بە دەست هێناوە و ئەو کەسانەی هەڵسەنگاندنیان بۆ کردووە، کێ بوونە و تا چەند ئەزموون و کەساییەتی ئەدەبیان هەبووە. ئەگەر بەو پەری راستی و دروستی کە کەمە لەم بارەوە تا رادەیەك لە ناو بەشداربووان دەتوانین بڵێین سەرکەوتوو بووە، بەڵام دیسان مەرج نییە چونکە زۆرن ئەو کەسانەی خاوەن قەڵەمی جوانن و بەشداریان نەکردووە، نەیانتوانیوە رکابەری بکەن و فیستیڤاڵ تا رادەیەك





دەتوانێ هاندەر بێ و ناسینی شێوازەکان و بیرکردنەوە و خەیاڵەکان بێت.

**★ لێرەدا دەمانەوێت ئەوەش بپرسین کە تۆ چۆن لە فیستیڤاڵەکانی ئەدەبی دەروانی؟**

— باس لە فیستیڤاڵەکان دەکەی و من بە کۆ نایبینم و لە باشوور و زۆر بەکەمی گرینگی بەم بابەتە دەدرێ و دەتوانم بڵێم بەشێکی زۆر لە هونەرەکان لە باشووری کوردستان بۆتە قوربانی گۆرانی. فیستیڤاڵی گەلاوێژم پێ باش بووە و ئەویش بەو رادەیە نییە، هەڵبەت و تەنیا دوو ساڵێ یەکەم کە لیرە بووم وەك میوان بەشداریم کرد و کۆمەڵێ کەسم ناسی.بەو هیوایەم کە زیاتر برەو بەم بابەتە بدرێ و لە بواری سازدانی فیستیڤاڵ لایەنی ئەدەب پەراوێز نەخرێ. بەڵام بە شێوەیەکی گشتی باش نییە و زۆریش لاوازە.

**★ جگە لەشیعر نووسین دەستت بۆ هیچ ژانەرێکی تری ئەدەبی نەبردووە؟**

— چەند جارێك بەرەو لای چیرۆك چووم و چەند کورتە چیرۆکێکم نووسی، بەڵام بەردەوام نەبووم و جار و بارە بە پەخشان نووسین خۆم سەرقاڵ دەکەم، رەنگە لە بواری نووسینی پەخشان باشتر بم و زیاتریش بنووسم.

**★ تۆ لە بنەماڵەیەکی نیشتمانپەروەر و ئەدەب دۆست گەورە بوویتە،ئایا ئەمانە چۆن کاریگەرییان بەسەر تەوە هەبووە؟**

— بنەماڵە وەك پێگەیەکی گرینگ و وەکو یەکەم مەکۆی منداڵ کاریگەری زۆری هەیە و بەڵێ منیش وەك کەسێ چونکە کتێب و قەڵەم هاورێی باوکم بوون کاریگەری زۆری هەبووە و راستەو خۆش بووە، بە تایبەت لە تەمەنی ١٥ ساڵیدا لە گەڵ باوکم وەك هاورێ بوون و زۆربەی نووسینەکانی باوکم دەخوینەدەوە سەرنجی رادەکێشام و هاندەر بوو بۆ ئەوەی منیش بتوانم قەڵەم بە دەست بگرم.

**★ چ وشەیەکت هەیە بۆ کۆتایی، ئایا لە کۆتاییەکان ناترسی؟**

— حەز لە کۆتایی زۆر شت ناکەم و وەك فروغ گوتەنی بیر لە کۆتایی ناکەمەوە و بەردەوام هەوڵ دەدەم برۆم و بگەمە ئامانج.گەیشتن بە ئامانجیش بۆ من کۆتایی نییە.بەڵام بۆ کۆتایی دیمانەکە بەختەوەری هەموو کوردێ ئاواتی منە و هەوڵ دەدەم وەك کەسێ بم خزمەت بکەم لەو بوارانەی تواناییم هەیە و ببمە جێگای شانازی بنەماڵەو نەتەوەکەم.

# کار و چالاکییەکانی

# لقی کەرکوکی یەکێتی نووسەرانی کورد

**ئا/ سابان ستار**




## گەڕانەوە بۆ ئامێزی جوانییەکان لە کۆڕێکی تەیب جەبار

کاتژمێر ٥ی ئێوارەی رۆژی شەممە رێکەوتی ٢٠١١/٦/٢٥ بەئامادەبوونی ژمارەیەك لەئەدیب وشیعر دۆستان و رۆشنبیرانی شاری کەرکوك لە (کورد و عەرەب و تورکمان) یەکێتیی نووسەرانی کورد - لقی کەرکوك ، هەستا بەسازدانی ئێوارە کۆڕێك







بۆ شاعیر (تەیب جەبار) بە ناونیشانی (گەڕانەوە بۆ ئامێزی جوانییەکان) .

سەرەتای کۆڕەکە بەوتەیەکی کورتی (بورهان ئەحمەد) سەرۆکی لق دەستیپێکرد ، تیایدا ئاماژەی بە ژیان وبەرهەمە چاپکراوەکانی شاعیری ناوبراو کرد.

پاشان نووسەری تورکمان (فاروق مستەفا) بە زمانی عەرەبی وتەیەکی لەبارەی شیعرەکانی تەیب جەبارەوە پێشکەش کردو خوێندنەوەیەکی کورتی بۆ دیوانە شیعری (سەردەمانیك تاریکی سپی بوو) کە نووسەر عەبدوڵلاّ تاهیر بەرزنجی وەریگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی کرد. دواتر شاعیری ناوبراو چەندین قەسیدەی لە کۆمەڵە شیعرە بڵاو کراوەکانی پێشو و قەسیدەیەکی نوێی و چەند پارچە شیعرێکی بەزمانی عەرەبی لە دیوانە شیعری ( (سەردەمانیك تاریکی سپی بوو) پێشکەش بە ئامادەبووان کرد.

لە پاشان نووسەری کەرکوکی دوورە وڵاّت (دکتۆر عەبدوڵلاّ ئبراهیم) وتەیەکە\ی کورتی پێشکەش کرد وئاماژەی بەجوانی سروشتی کوردستان وپێشکەوتنی ئەدەبی کوردی و یشعرەکانی تەیب جەبار کرد...

تەیب جەبار لە چەند دێڕێکدا:

---

– لە ساڵی ١٩٥٤ لەشاری کەرکوك لە دایکبووە.

– لە ساڵی ١٩٧٦ کۆلێژی ئەندازیاری لە زانکۆی سلێمانی تەواو کردووە.

– لە زۆربەی کۆڤار و رۆژنامەکانی کوردستان بەهەردوو زمانی کوردی وعەرەبی بابەت بڵاو دەکاتەوە خاوەنی چەندین کتێب

ودیوانە شیعرە و دوو کۆمەڵە شیعری وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی عەرەبی...........

## شاعیر گولاڵە نوری
## بە (شیعر لە گەڵ ویژدانی دونیا) کۆماندەکاتەوە

رۆژی پێنج شەممە رێکەوتی ۲۰۱۱/۷/۲۸ ولەهۆڵی (خەندان) یەکێتی نووسەرانی کورد / لقی کەرکوك ئێوارە کۆڕێکی بۆ شاعیر خاتوو (گولاڵە نوری) ساز کرد، سەرەتا بورهان ئەحمەد سەرۆکی لق وتەیەکی پێشکەش کرد تیادا ئاماژەی بۆ تواناکانی شاعیر ناوبراو کرد و خانمی شاعیری بە راهیبەی شیعر ناوزەد کرد، دوای ئەو رۆژنامەنووس سەردار زەنگنە بەزمانی عەرەبی کورتە باسێك لەبارەی ژیان وبەرهەم وچالاکییەکانی شاعیر بە ئامادەبووان ناساند،ئینجا شاعیر بە ئاوازی کەمانجەی ژەنیاری لاو (نەهرۆ سەردار) چەند دەقێکی شیعری خۆی بەزمانی عەرەبی خوێندەوە، پاشان خاتوو (بوشرا محەمەد زەکی) بە زمانی کوردی دەقەکانی خاتوو گولاڵەی خوێندەوە، کە لەلایەن بورهان ئەحمەد وەرگێڕدرابوونە سەر زمانی کوردی. لە کۆتایی کۆڕەکە بەهەردوو زمانی کوردی و عەرەبی لەلایەن ئامادەبووانەوە گفتوگۆی لە سەر دەقەکانی شاعیری ناو








براو کرا. ئەمەو کۆرەکە نزیکەی دوو دەمژمێری خایاند..

* رۆژی ۲۰۱۱/۸/۱ نووسەر وهونەرمەندی شانۆکار وئەندامی لقی کەرکوکی یەکێتیی نووسەرانی کورد (عەبدولعەزیز سابیر زەنگەنە) بەنەخۆشیەکی کوشندە کۆچی دوایی ، ئێمە وەك دەستەی کارگێڕیی یەکێتیی نووسەرانی کورد–لقی کەرکوك هاوخەمی خۆمان بۆ بنەماڵەی خوالێخۆشبوو دەردەبڕین و لە خوای گەورە داواکارین بە بەهەشتی بەرینی بسپێرێت. وێڕای نووسینی پرسە نامە شاندێکی لقی کەرکوکی یەکێتیی نووسەرانی کورد، بەشداریان لە پرسەی ناوبراودا کرد..

* رۆژی۲۰۱۱/۸/۱۷ رۆشنبیرو کەسایەتی ناوداری شاری کەرکوك مامۆستا(جەمیل ئەمین) کۆچی دوایی کرد، بە کۆچی دوایی ناوبراو کوردستان و کەرکوك کەسایەتییەکی جوان و نموونەیەکی بالآی مرۆڤدۆستی لەدەستدا، وەك مرۆڤێکی کەم وێنە درزێکی گەورەشی خستە نێو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییەوە، ئێمە وەك دەستەی کارگێڕیی یەکێتیی نووسەرانی کورد–لقی کەرکوك هاوخەمی خۆمان بۆ بنەماڵەی خوالێخۆشبوو دەردەبڕین و لە خوای گەورە داواکارین بە بەهەشتی بەرینی بسپێرێت. بەم بۆنە ماتەمیەوە وێڕای نووسینی پرسە نامە شاندێکی لقی کەرکوکی یەکێتیی نووسەرانی کورد، بەشداریان لە پرسەی ناوبراودا کرد.






## بڵاوکراوەی نوێ

* لە ژێر زنجیرەی (١١٩)ی چاپکراوەکانی لقی کەرکوکی یەکێتی نووسەرانی کورد، کتێبی (تەنیا لەبەر مەعاشەکەیە) کورتیلە چیرۆك، لە نووسینی (بەکر دەروێش) کەوتە بەر دیدی خوێنەران.

* لە ژێر زنجیرەی (١٢٠)ی چاپکراوەکانی لقی کەرکوکی یەکێتی نووسەرانی کورد، کتێبی (گەشەی زمانی منداڵ) زمانی منداڵ، لە وەرگێڕانی (د. ئازاد ئەمین باخەوان و ناسیح محەمەد) کەوتە بەر دیدی خوێنەران.

* لە ژێر زنجیرەی (١٢١)ی چاپکراوەکانی لقی کەرکوکی یەکێتی نووسەرانی کورد، کتێبی (لە لوتکەی ئەدەبی ئەڵمانەوە) لە نووسینی (عومەر عەلی شەریف) کەوتە بەر دیدی خوێنەران.

* لە ژێر زنجیرەی (١٢٢)ی چاپکراوەکانی لقی کەرکوکی یەکێتی نووسەرانی کورد، کتێبی (وازیەکانی ڕەشەگۆم) ڕۆمان، لە نووسینی (کاکەمەم بۆتانی) کەوتە بەر








دیدی خوێنەران.

* لە ژێر زنجیرەی (١٢٣)ی چاپکراوەکانی لقی کەرکوکی یەکێتی نووسەرانی کورد، کتێبی (شاری لەغەم ئاوسبوو) ڕۆمان، لە نووسینی (سالار ئیسماعیل سەمین) کەوتە بەر دیدی خوێنەران.

* لە ژێر زنجیرەی (١٢٤)ی چاپکراوەکانی لقی کەرکوکی یەکێتی نووسەرانی کورد، کتێبی (ململانێ لەگەڵ پرسیار) کۆدیدار، لە ئامادەکردنی (دانا عەسکەر) کەوتە بەر دیدی خوێنەران.

* لە ژێر زنجیرەی (١٢٥)ی چاپکراوەکانی لقی کەرکوکی یەکێتی نووسەرانی کورد، کتێبی (ئەو نامانەی بۆ پیرێتی خۆم دەیاننێرم) دەق، لە نووسینی (سوارە نەجمەدین) کەوتە بەر دیدی خوێنەران.